باوکان و کوڕان

ڕۆمان

باوکان و کوڕان

نووسینی

ئیڤان تۆرگنێف

وەرگێڕانی لەفارسییەوە

خالید فاتیحی

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **باوك و كوڕان**
- **نووسینی: ئیڤان تۆرگنێف**
- **وەرگێڕانی لە فارسییەوە:** خالید فاتیحی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **بەرگ:** رێمان
- **نرخ:** ٤٠٠٠ دینار
- **چاپی یەکەم** ٢٠١٤
- **تیراژ: ١٠٠٠** دانە
- **چاپخانە:** موکریانی (هەولێر)
- **لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(٢٩)ی ساڵی (٢٠١٤) پێدراوە.**

زنجیرەی کتێب (٧٩٧)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

(١)

ڕۆژی بیستی ئایاری ساڵی ١٨٥٩ بوو. پیرەمێردێکی سی وحەوت یان سی و هەشت ساڵە،کە پاڵتۆیەکی تەسك وخۆڵاوی و شەرواڵێکی دامەیی لەبەردابوو لەسەربالکۆنی پۆستەخانەیەك ڕاوەستابوو، بەسەری ڕووتەوە لە جادەکەی دەڕوانی.پاشان ڕووی بۆلای خزمەتکارەکەی وەرگێڕا، کە تاڵە مووەکانی ژێرچەناگەی سپی ببوون و دووچاوی وردوو گۆنا گۆشتن بوو، پرسی:

- چ بوو(پیووتەر) تا ئێستا هەواڵێك نیە؟

خزمەتکار بەگوارەی شۆڕابەوپرچی چەورکراویەوە، بە هەڵسووکەوتێك کە دەریدەخست کەسێکی بە ئەزموونە بە کورتی وای خۆدەواند کە بێ کەم و کوڕییە، بێ باکانە سەرنجێکی جادەکەی داو گوتی:

- نەخێر گەورەم، هەواڵێك نییە.

- هەواڵێك نییە؟

- نەخێر قوربان.

پیاوە دوای ئەوەی هەناسەیەکی هەڵکێشا، لەسەرنیوتەختێکی بچووك دانیشت و کەوتە بیرکردنەوە.خراپ نییە ئەوتان بەوحاڵەی کەهەیە بەخوێنەرانی خۆشەویست بناسێنم.پیاوە ناوی (نیکۆلای پترۆڤیچ کیرسانۆف) ە، زەویەکی باشی هەیە، دووسەد جوتیار کە هەموویان ڕەعیەتی ئەون، لەو زەویەدا کاردەکەن.زەویەکەی دەکەوێتە شەست کیلۆمەتری ئەو پۆستەخانەیە.بۆخۆشی دەڵێت ئەو دووهەزاردۆنم زەویەی کە بەپێکهاتن لەگەڵ جوتیارەکاندا توانیویەتی وەدەستی بێنێ.

باوکیشی لە ماوەی شەڕەکانی ساڵی ١٨١٢دا توانیبووی بە پلەی ژەنەڕاڵی بگات،لەگەڵ ئەوەی تەمەنێکی بەکوێرەوەری و بەدبەختی بەسەربردبوو، بە پیاوێکی بیرتیژو خوێندەوار دانەدەنرا، وێڕای ئەوەش بە بنیادەمێکی بەدفەڕ لە قەڵەم نەدەدرا.ئەو بەشی هەرە زۆری دەورانی ژیانی لە ئەیالەتە جۆراوجۆرەکاندا بە فەرمانبەری پلە گرنگ تێپەڕاندبوو،سەرەتا بە پلەی فەرماندەیی تیپ و پاشانیش بە فەرماندەیی لەشکر دیاریکرا.

شوێنی لە دایکبوونی نیکۆلای پترۆڤیچ باکوری ڕووسیا بوو.ئەویش وێڕای براگەورەکەی پاڤێڵ کە دواتر دەربارەی دەدوێین،شێوازی پەروەردەو فێرکردن تا چواردەساڵی لەماڵێ فێرببوو.بە گشتی

دەوروبەری لە سەرپەرشتیارانی کۆلکە خوێندەوار و ئەفسەری بەردەستی ماستاوکەرو بێشەرم و باقی کەسانی لیواو لەشکر پێکهاتبوو.دایکیشی کە تاپێش شووکردنی(گاتا) یان پێدەگوت،لە بنەماڵەی (کولیازینا) بوو،کە دواتر لەگەڵ باوکی زەماوەندی کرد ناویان نا(ئاگاتا کوزمینشوا کیرسانۆڤا).دایکی بەزۆری کلاوێکی تەنك و بچووکی لە سەردەنا،جلوبەرگی ئاوریشمی گرانبەهای دەپۆشی و لە کلێساش لە هەمووان زووتر لەخاچ نزیك دەبووەوە.بەدەنگی بەرز قسەی دەکردو کاتێك چەنەی گەرم دەبوو نۆرەی بەکەس نەدەدا.منداڵەکان هەموو بەیانییەك دەبوایە دەستی ماچ بکەن و هەموو شەوێکیش بەرلە نووستن گوێ لەدووعاکانی ڕابگرن.بەکورتی ژیان بەشێوەیەکی گشتی هەرئەوەبوو کە ئەو دەیویست.

نیکۆلای پترۆڤیچ کە بەکوڕی ژەنەراڵ لەقەڵەم دەدرا لەجیاتی ئەوەی کە ئازاو دلێربێ،بەلاّم بەترسنۆك و بێورە دەناسرا.ئەو کەدەبوایە وەکو براکەی (پاڤێل) بچێتەخزمەتی سەربازی،هەرکە نامەی چوونەسەربازیان دایە دەستی،بەهەر فرتو وفێڵێك بوو لاقی خۆی شکاند.بەرهەمی ئەو کارەشی دوومانگ کەوتن لەناو جێگاو شەل بوونی تا کۆتایی تەمەنی بوو. باوکی کە ئەوەی لێدیت لێی هیوابڕاو بوو،ڕێگەی دا لەجیاتی خزمەتی سەربازی بچێتەخزمەتی کاری دەوڵەتییەوە.کاتێك نیکۆلای پێی نایە تەمەنی هەژدەساڵی، باوکی بردی بۆ (پترۆس بۆرگ)و لە زانکۆ ناونووسی کرد.هەر لەهەمان کاتیشدا،پاڤێل قوتابخانەی سەربازی تەواوکرد و بەپلەی ئەفسەری گاردی لیوا دامەزرا. دووبرا پێکەوە لە خانوویەکدا نیشتەجێ بوون.

(ئیلیا کولیازین) کە مامی دایکیان بوو ، کاری گرنگیشی هەبوو،چاودێری ئەو دوو گەنجەی گرتە ئەستۆی خۆی. ژەنەڕاڵیش کە لەوبارەیەوە خەیاڵی ئاسوودە بوو گەڕایەوە شوێنی خۆی و لەگەڵ هاوسەرەکەی ڕۆژگاری دەبردەسەر.جارجاریش،نامەیەك لە باوکەوە دەگەیشتە کوڕەکانی،کە بە خەتێکی شکستە دەنووسراو لە کۆتایشدا واژۆ پڕ لەنەخش و نیگارەکەی (ژەنەڕاڵ پیوتەر کیرسانۆڤ) دەردەکەووت.

لە ساڵی ١٨٣٥نیکۆلای توانی بڕوانامەی دبلۆم لە زانکۆی پترۆس بۆرگ وەربگرێ.هەر لەهەمان ساڵیشدا ژەنەڕاڵ بەهۆی کەمتەرخەمی لە جێبەجێکردنی فەرمانەکاندا لە سووپا بەخشراو خانەنشین کرا. ژەنەڕاڵ دەستی ژنەکەی گرت و هاتە پترۆس بۆرگ، تا دواساتەکانی تەمەنی لە لای کوڕەکانی بەسەربەرێ،بەلاّم هێشتا کاری بەکرێ گرتنی خانووی تازەی یەکلایی نەکردبۆوە کە لە یانەی ئینگلیزەکان کۆچی دوایی کرد. دوای ماوەیەك هاوسەرەکەشی کە

نەیتوانی ژیان لەشارێکی قەرەباڵغی وەك پترۆس بۆرگ بەتەنیایی بەسەربەرێ وخەمی خانەنشین کردنی مێردەکەشی زۆری ئازار دەدا،هەر دوای مێردەکەی کۆچی دوایی کرد.

لە سەردەمی ژیانی ژەنەراڵ وهاوسەرەکەی،سەرەڕای دژایەتی توونـدیان،نیکۆلای عاشقی کچی (پریاڤیسکی) بوو. باوکی کچە کە خاوەنی خانووەکەیان بوو،لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتیشدا کاری دەکرد.خۆشەویستەکەی نیکۆلای،کچێکی جوان بوو کە بەخوێندنەوەی گۆڤارە زانستییەکان بە یەکێك لە کیژە ڕۆشنبیرو نوێخوازەکانی ئەو سەردەمە دەژمێردرا.هەرچەندە لەتازیەباریشدا بوون، دوو دڵدار پێکەوە زەماوەندیان کرد. دوای ئەوە نیکۆلای کە باوکی بەو هەموو تکاو ڕاسپاردانەوە کارێکی بۆ پەیدا کردبوو،بە جێی هێشت و لەگەڵ هاوسەرەکەی چووە ناوچەیەکی زۆزانی، لە دەورو بەری فێرگەیەکی پاراستنی دارستان.پاش ماوەیەك لەگەڵ (ماشا) گواستییەوە ئاپارتمانێکی بچووك کەمیوانخانەیەکی فێنك و پلیکانەکانی خاوێن بوون. ڕۆژگارێکی خۆشیان دەبردەسەر، بەڵام دوای ماوەیەك نیکۆلای ناچاربوو بگەڕێتەوە گوندەکەی و هەرلەوێ کوڕەکەی (ئارکادی) لە دایك بوو.نیکۆلای و هاوسەرەکەی ژیانێکی خۆش و ئارامیان هەبوو، زۆربەی کاتەکان بەیەکەوە بوون.پێکەوە کتێبیان دەخوێندەوە، بە چوار دەست پیانۆیان لێدەداو وێکڕا گۆرانیان دەگوت. ژنە زۆر حەزی لە باخەوانی و پەلەوەر بەخێوکردن بوو،پیاوەش بەزۆری خەریکی کشتوکاڵ و ڕاوکردن بوو، لەوکاتەدا ئارکادیش وردە وردە گەشەی دەکرد.

دەساڵ بەوشێوەیە بەخێرایی تێپەڕی. لەساڵی١٨٤٧ماشا کیرسانۆڤ، کۆچی دوایی کرد. ئەو خەمە هێندە گەورەبوو،کە زۆر زوو قژەکانی نیکۆلای سپی کرد، بڕیاریدا سەفەرێك بۆ دەرەوە بکات، تا هەرنەبێ کەمێك لەخەمەکانی کەم بکاتەوە، بەڵام ڕووداوەکانی ساڵی ١٨٤٨لە ئەورووپا وایکرد، لە سەفەرەکەی ژەوان بێتەوە. ناچاربوو بگەڕێتەوە گوندەکەی و دوای ئەوەی ماوەیەکی بە بێکاری بە سەربرد سەرەنجام دەستیکردەوە بەکاری کشتوکاڵی.

ساڵی ١٨٥٥ ئارکادی لەگەڵ خۆی برد بۆپترۆس بۆرگ و لەزانکۆی ئەوێ ناونووسی کرد.سێ ساڵ زستانەکانی تەرخانکرد بۆ کوڕەکەی.لە هاوڕێ کۆنەکانی دابڕاو تەنیا لەگەڵ کەسانێك هەڵدەستاو دادەنیشت کە هاوڕێی ئارکادی بوون، بەڵام ئەو زستانەی دوایی نەیتوانی بوو بچێتە پترۆس بۆرگ. ئێمە ئێستا ئەو، لە مانگی ئایاری ساڵی١٨٥٩لە حاڵێکدا دەیبینین کە بەقژی سپی و باڵای تەقریبەن چەماوە چاوەڕێی ئارکادی دەکات.

خزمەتکارەکەی بە نیشاندانی ڕێزو ڕەنگە لەبەر ئەوەش بووبێ کە دوور لەچاوی ئاغـای بـێ، چـووە پشـت دەرگـاو سـەبیلەکەی داگیرسـاند.نیکۆلای پترۆڤـیچ سـەری بـەردابۆوەو چـاوی لەپلیکانەڕزیوەکانی باڵکۆنەکەوە بڕیبوو. لە سەر پلیکانەکان جووجەڵەیەکی خـاڵ خـاڵی گـەورە بەئارامی دەسووڕایەوەو بە پێکووتە لەسەر پلیکانەکان، بێدەنگی دەشکاند.پشیلەیەکی کوڵکن و چڵکن بە نیگایەکی دووژمنانەوە خۆی گەیاندە پلیکانەکان.خۆرەتاو گەرم بوو، لـە نێـوان ڕاڕەوی خانووەکەدا بۆنی نانی جۆی دەهاتە بەرلووت.

نیکـۆلای کـەوتبووە دەریـای بـیرو خەیاڵـەوە. هەمیشـە بـیری لـەوە دەکـردەوە کـە (کوڕەکەم...خاوەن بڕوانامە...ئارکاشا...). هەوڵیدا بیر لە شتێکی دیکە بکاتـەوە، بـەڵام لـەو بیرەدا ڕێگای دەرباز بوون نەبوو، هەندێ جـار بـیری لـە هاوسـەری کۆچـکردووی دەکـردەوەو بـە پەژارەوە لە بەرخۆیەوە دەیگوت: (مخابن کە نەما، تا ئێستا ئارکاشای خۆی ببینێ.)

کۆترێـك لەسـەر زەوی نیشـتەوە و ڕووەو قووڵکـە ئاوێـك ڕۆیشـت کـە لـە پـەنا چـاڵاوەکە بوو.دەنگی چەرخان هات، نیشانەی ئەوەبوو کە گالیسکەیەك نزیك دەبێتەوە...

خزمەتکارەکە لەپشتی دەرگا، کەوتە جووڵەو هەرای لێکرد:

گەورەم، دەڵێی جەنابیان هاتن.

نیکۆلای پترۆڤیچ لە شوێنی خۆی دەرپەڕی و لە جادەوە ڕاما، گالیسکەیەکی سێ ئەسپی لـە دوورەوە دەرکەوت، قیافەی ئارکاشا بە کڵاو شەبقەی زانکۆییـەوە نیشـانەی کۆتـایی چـاوەڕوانی بوو.

کیرسانۆڤ بە خۆشحاڵییەوە هاواری کرد: ئارکاشا...ئارکاشا. دەستی ڕادەوەشاند.

دوای ماوەیەك لێوەکانی نیکۆلای پترۆڤیچ بەسەر ڕوومەتە لـووس و خۆڵاویـەکانی ئارکـادی یەوە چەسپان.

(٢)

ئاركادی بە هەناسە سوارییەوە و تێکەڵ بەشادمانی دیداری باوکی گوتی:

- باوکە،لانی کەم ڕێگەم بدە تۆزو خۆڵی جلکەکانم بتەکێنم.من کە سەرتاپای تۆشم پیس کرد!

بەڵام حەزی دیداری ڕۆڵە لەوە زیاتربوو کە نیکۆلای پترۆڤیچ لە بیری ئەوشتانەدابێ.

- گرنگ نییە کوڕم.هیچ گرنگ نییە.بە دەستیشی هەوڵیدەدا تەپووتۆزو خۆڵی یەخەو جلیقەی کوڕەکەی پاك بکاتەوە.پاشان کەمێك بۆ دواوە گەڕایەوەو گوتی:

- لێگەڕێ با تێر لەبەژن و بالاَت ڕامێنم.

بە پڕتاو بەرەو کاروانسەرا ڕۆیشت و لە هەمان کاتدا هاواریکرد:

- زووتر ئەسپەکان ئامادەبکەن.

نیکۆلای پترۆڤیچ زیاتر لە کوڕەکەی شڵەژابوو.دەتگوت دەست و پێی خۆی ونکردوون.ئارکادی هێنایەوە سەرخۆی و گوتی:

- باوکەگیان،با هاوڕێکەمت پێبناسێنم.ئەوە هەمان (بازارۆف)ە کە لەنامەکانمدا باسم کردبوو،میهرەبانی ئەو بە ڕادەیەکە کە داوەتی منی قبووڵ کردو قەرارە میوانمان بێ.

نیکۆلای پترۆڤیچ بە پەلە گەڕایەوە لای گەنجێك کە کراسێکی قۆڵ درێژی لەبەردابوو و خەریکبوو لە گالیسکەکە دادەبەزی،چوو دەستە ڕووت و سوورەکانی میوانەکەی لە ناو دەستەکانی خۆیدا ڕێککگووشین:

- لە دیدارت زۆر خۆشحاڵم.زۆرسوپاسی لووتفت دەکەم.سەربەرزت کردین،هیوادارم کە...ئیزن دەفەرموون ناوی تەواوتان بزانم؟

بازارۆف یەقەی جلیقەکەی نووشتاندەوەو بە ڕاوێژێکی پچڕپچڕەوە گوتی:

- (یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ)

نیکۆلای پترۆڤیچ سیمای میوانەکەی لەبەر چاوان گرت.بازارۆف دەم وچاوێکی ئێسقانی و پرچێکی لووس و ناوچەوانێکی پان و چاو سەوزو لووتێکی باریکی هەبوو.بەگشتی ڕووخساری نیشاندەری بڕوابەخۆبوونی خاوەنەکەی دەردەخست.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ خۆشحالی خۆی بۆدەربڕی وگوتی:

- هیوادارم کاتێکی خۆش لە ماڵەکەم بەریتەسەر.

لێوەکانی بازارۆف لێککرانەوە بەلاّم وەلاّمێك لەدەمی نەهاتەدەر.تەنیا بۆدەربڕینی ڕێز،کلاّوەکەی لەسەر داگرت.قژە خوورماییە پڕەکەی نەیتوانی ناوچەوانە پانەکەی بشارێتەوە.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ دووبارە گەڕایەوە لای کوڕەکەی وگوتی:

- دەڵێی چی؟حەزدەکەی کەمێك بحەسێیتەوە، یان هەرئێستا وەڕێدەکەوی؟

- هەرئێستا،هەرئێستا...ئەریٚ هۆی پیووتەر گوێت لێبوو یان نا؟زووتر پێیان بڵیٚ ئەسپەکان ئامادەکەن.ئێمە وەڕێدەکەوین،براله.

پیووتەر کەخزمەتکارێکی بەتەربیەت و تێگەیشتووبو بەمەبەستی نیشاندانی ڕێز بۆ کوڕی ئاغاکەی تەنیا لە دوورەوە دەستی بۆ بەسنگییەوە ناو بەوەندە ڕازیبوو و خۆی لە دەست ماچ کردن پاراست و لەپشت دەرگاوە بزربوو.نیکۆلاێ پترۆڤیچ کە هێشتا هەر شڵەژابوو گوتی:

- من بەداشقەی خۆم دەڕۆم بەلاّم بۆگالیسکەکەی تۆ سیٚ ئەسپی دابەستە لەو پۆستەخانەیە وەردەگرم.

کاروانسەرادار گۆزەئاوێکی دایەدەستی ئارکادی و ئەویش دەستیکرد بەخواردنەوەی.بازارۆفیش کە سەبیلەکەی داگیرساندبوو بەرەولای گالیسکەچییەکە ڕۆیشت کە خەریکی کردنەوەی ئەسپەکان بوو لە گالیسکەکە.نیکۆلاێ پترۆڤیچ درێژەی دایە:

- ئارکادی،ڕاستیت دەویٚ گالیسکەکەی من دوو کەسیەو هاوڕێکەشت...

ئارکادی هاتە ناو قسەکانییەوە:

- ئەو بە گالیسکە دێت.ئەوەندە خەمی ئەوت نەبیٚ.ئەو کوڕێکی زۆر باشە.بە هیچ شێوەیەك گوێی لەو شتانە نییە.بۆخۆشت دەیبینی.

گالیسکە چی نیکۆلاێ پترۆڤیچ ئەسپەکانی هێنان، بازارۆف بەرەولای چوو گوتی:

- واباشە بجووڵێی سمێڵ زل.

گالیسکە چییەکەی دیکە کە لەولاتر ڕاوەستابوو و دەستەکانی خستبوونە ناو گیرفانی پاڵتۆ چەرمییەکەی بەگاڵتەوە گوتی:

- گوێت لێبوو (میتا)؟ کە ئاغا نازناوێکی باشی لێنای،سمێڵ زل!

میتا وەڵامی نەدایەوە تەنیا بەداگرتنی کلاوەکەی بۆی سەلماندو تەنگەی ئەسپەکانی توندکردنەوە.نیکۆلای پترۆڤیچ بە خۆشحاڵییەوە هاواریکرد:

- واباشە پەلە بکەین.پارەی عەرەقەکەشتان دەدەمێ.!

دوای کەمێك ئەسپەکان ئامادەبوون.باوك و کوڕە لەناو گالیسکە دانیشتن.پیووتەر لەپاڵ گالیسکەچی دانیشت.بازارۆف چووە ناو گالیسکەکەو سەری خستە سەر سەرینە چەرمییەکە.هەردوو گالیسکە وەڕێکەوتن.

(٣)

- سەرەنجام تۆش خوێندنەکەت تەواوکردو گەڕایەوەماڵێ،تۆ گەڕایتەوە.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ بە شەوقەوە دەستی لەسەر شـان و ڕانـی ئارکـادی دادەنـاو ئەوقسـانەی دووبارە دەکردنەوە.خۆشحاڵیەکی منداڵانە ئارکادی داگرتبوو،بەڵام واش حەزی دەکرد بابەتەکە بگۆڕێ:

- مامم چۆنە؟ تەندرووستی باشە؟

- زۆر حەزی دەکرد لەگەڵ منداپێتە پێشوازیت بەڵام نازانم بۆ یەکسەر ڕایەکەی گۆڕی.

- زۆر چاوەڕوانیت کردم؟

- لانی کەم پێنج کاتژمێر.

ئارکادی بەپەلە بەرەولای باوکی وەرسووڕاو لەکاتێکدا ڕوومەتەکانی ماچ دەکرد، گوتی:

- باوکە،تۆچەندە میهرەبانی.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- خۆزگـە ئـەو ئەسـپانەی بـۆم دانـاوی دەتـدیتن.نازانی چـەندە ئەسـپی باشـن...دیواری ژوورەکەشت بەکاغەزی دیواری ڕەنگاوڕەنگ ڕازێنراوەتەوە.

- ئەدی بۆ بازارۆف؟ ژوورێکیشمان بۆ ئەوهەیە؟

- بۆ ئەویش ژوورێك پەیدا دەکەین.

- باوکە،تکات لێدەکەم زۆر بەباشی میوانداری لێبکە.نازانی هاوڕێیەتی ئەو بۆمن چـەندە بەنرخە.

- تازە یەکتریتان ناسیوە؟

- بەڵێ.

- هەربۆیەبوو کە زستانی پار نەمدیت.لە چ بەشێك خوێندوویەتی؟

- لە بەشی زانستی سرووشتی بەڵام لانی کەم سەر لەهەموو شتێك دەردەکا.قەرارە سـاڵی داهاتوو دکتۆرا وەربگرێ.

- کەوایە بۆ پزیشکی دەخوێنێ.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ ماوەیەك بێدەنگ بوو،پاشان لە کاتێکدا بەدەست شوێنێکی نیشـان دەدا گوتی:

- پیووتەر،ئەوانەی بەرەو ئێرە دێن،ڕەعیەتەکانی خۆمان نین؟

پیووتەر ڕووی بەرەو ئەولایە وەرسووڕاند کە ئاغـا ئیشـارەی بۆکردبوو.بەسـەر جادەیـەکی باریکدا کەبەرەو لای شاردەکشا، چەند گارییەك دەڕۆیشتن.گاریەکان ئەسپی بێ ڕێشـمە ڕایـان دەکێشا.لە هەرگارییەکدا دوو یان سێ جوتیاری بەرۆك ئاوەلاێ تێدابوو.

پیووتەر وەلاّمی دایەوە:

- بەلێ گەورەم.خۆیانن.

- بۆ کوێ دەچن؟بۆشار؟

- واپێدەچێ گەورەم.

پاشان ڕووی بەرەو گالیسـکە چـییەکە وەرگێڕا،واوێدەچـوو بۆسـەلماندنی قسـەکانی داوای کۆمەگ بکات، گوتی:

- دەچنە مەیخانە.

بەلاّم گالیسکەچی هیچ دژکردەوەیەکی نیشان نەدا.ئـەو هـیچ قسـەیەکی تـازەی خـەلکی پەسەند نەبوو.تەنیا ئەوشتانەی پەسەندبوون کەپەیوەندیان بە ڕابردووەوە هەبوو.

نیکۆلاێ پترۆڤیچ ئاوڕی وەسەر کوڕەکەی دایەوەو گوتی:

- ئەمسالێ دەبێ دم بەدمەی زۆر لەگەلێ ڕەعیەتـەکان بکـەین.ئامادەنین ئیجـارەی خۆیـان بدەن.ڕاستی نازانم چیان لەگەلێ بکەم.

- ئەدی کرێکارەکانت؟ لەوان ڕازی؟

نیکۆلاێ پترۆڤیچ لە بن لێوانەوە گوتی:

- بەلێ،کێشەی سەرەکی لێرەدایە کە ئەوانیش فریودەدەن...ئەوانیش وەك ئەوەی پێویستە کاربکەن،نایکەن و زین و لغاوی ئەسپەکان خراپ دەکەن.ئەگەرچی خواهەلناگرێ زەویـەکانیان زۆربـاش کێلاوە.بەشـێوەیەکی گشـتی کارەکـان دەچـنەپێش.نازانم،تۆش حـەزت لـەکاری کشتووکالییە؟

ئارکادی وەلاّمی ئەوپرسیارەی باوکی نەدایەوە بەلاّم گوتی:

- تەنیا نیگەرانی من لە ئێستادا ئەوەیە کەتۆ ساباتێکت درووست نەکردووە.
نیکۆلای پترۆڤیچ گوتی:
- پێویست ناکا خەمی بۆبخۆی،چونکە لەسەر باڵکۆنەکە ساباتێکی گەورەم درووستکردووە.ئێستاش دەتوانی نانی نیوەڕۆ لەو هەوا پاکەدابخۆی.
- بەوشێوەیەی باسی دەکەی،خانووەکە بۆتە خانوویەکی هاوینەهەواری...هەرچەندە ئەوبابەتە هێندە گرنگ نییە.چوونکە ئاوو هەوای ئێرە لە کەم شوێنان هەیە.چ ئاسمانێك!چ هەوایەك...
ئارکادی قسەکانی خۆی بە نیوەچڵی هێشتنەوو ئاوڕێکی دایەوە.
نیکۆلای پترۆڤیچ گوتی:
- بێگومان،چوونکە تۆلێرە لەدایك بووی،دەبێ هەموو شوێنێکی ئێرەت پێباشتربێ.
- نا،باوکە.شوێنی لە دایك بوون هێندە گرنگ نییە.
- لەگەڵ ئەوەشدا...
- نا باوکە.زێد بە هیچ شێوەیەك گرنگ نییە...
هەردووك بێدەنگ بوون.نیکۆلای پترۆڤیچ لە ژێرەوە سەیرێکی کوڕەکەی کرد.دوای نیو کیلۆمەتر ڕۆیشتن، گفتوگۆکان دەستیان پێکردەوە.
- نازانم بۆم نووسیبووی کە دایە(یۆگۆرنا) مردووە یان نا؟
- بەڕاست؟ پیرەژنی بێچارە!...(پرۆکۆڤیچ) چۆنە؟هێشتا هەرزیندوویە.؟
- زیندوو سەری حاڵە.هیچ نەگۆڕاوە.ئێستاش وەکو جاران هەر پرتەو بۆڵەیەتی .بەشێوەیەکی گشتی ئاڵوگۆڕێکی وا لە(مارینا) دا ڕوووینەداوە.
- سەرکارەکەت نەگۆڕیوە؟
- تەنیاکارێك کە ئەنجامداوە گۆڕینی سەرکارەکەم بوو.بڕیارم وایە کەتەنیا جوتیارە ئازادەکان و ئەوکەسانەش کە لە ماڵێ کاردەکەن بگێڕمەوە.یان لانی کەم بەوانە نەبێ، کار بەکەسی دیکە نەکەم.
ئارکادی بە تیلە نیگایەك پیووتەری نیشاندا.نیکۆلای پترۆڤیچ بە زمانی فەرەنسی گوتی:
- لە ڕاستیدا ئەویش ئازادە.
پاشان بەزمانی ڕووسی درێژەی دایە:

- ئەو بەردەستی تایبەتی منە.سەرکارەتازەکەشم،خاوەن زەویەکی بچووکە.لەڕواڵەتدا لە کارەکەیدا شارەزایە.ساڵانە دووسەدو پەنجا ڕۆبڵم بۆداناوە.

نیکۆلای پترۆڤیچ دەستی بە ناوچەوانیدا هێنا،کە ئەوکردارەشی نیشانەی نیگەرانییەك بوو پاشان درێژەی دایە:

- پێم گوتی کە لە مارینا ئاڵوگۆڕێکی وای تێدا ڕوونەداوە،بەلاّم باشتروایە ڕاستییەکانت پێ بڵێم...ئەگەرچی باشتر وایە....

بۆ ماوەیەك بێدەنگ بوو.دواتر بە زمانی فەرەنسی گوتی:

- بابای درێژدادڕ پێداگرە،کە ئەو پەیوەندییە گیانی بەگیانییەی منی بەلاوە زیادەو بە پێویستی نازانیَ...ئەگەر سەرکۆنەشم کەی کە بەو تەمەنەوە...بەکورتی بڵێم کە...ڕەنگە بزانی کەدەمەویَ دەربارەی کچێك لەگەڵت بدوێم ....حەتمەن هەندیَ شتت دەربارەی بیستووە....

ئارکادی زۆر بەڕاشکاوی گوتی:

- مەبەستت (فینیچکا) یە؟

نیکۆلای پترۆڤیچ کەمێك ڕەنگی هێنان و بردن و گوتی:

- تکات لێدەکەم بەدەنگی بەرز ناوی مەهێنە...بەلَیَ مەبەستم...ئەولەلای منە.لەماڵەکەی مندا دەژیت.لەویَ دوو هۆدەی بچووکی لێبوون کە...دیارە هەموو ئەوشتانە دەکریَ بیان گۆڕین.

- بۆچی باوکە؟

- ئاخر تۆ هاوڕێکەت داوەت کردووە بۆ ماڵیَ و باش نییە کە...

- نیگەرانی بازارۆف مەبە.ئەو زۆر لەوشتانە گەورەترە.

نیکۆلای پترۆڤیچ بە نیگەرانییەوە گوتی:

- لەلای تۆ...عەیبەکە لەوەدایە کە گۆشەیەکی ژوورەکە تەپیوە...

ئارکادی قسەکانی باوکی بڕی:

- تۆ بەردەوام داوای لێبووردن دەکەی.ئەوقسانەچین.!

نیکۆلای پترۆڤیچ لە جاران زیاتر سوور هەڵگەڕاو گوتی:

- بەلاّم من پێم شەرمە کە....

ئارکادی بە میهرەبانییەوە بزەیەکی هاتیٚ و گوتی:
- تکات لیٚدەکەم باوکە گیان.ئەوە شتیٚك نییە کە خۆتانی پیٚوە نیگەران بکەن.
لە بەر خۆیەوە بیری کردەوە: لەبەرچی داوای لیٚبووردن دەکات؟
پاشان هەستیکرد لە هەموو کاتیٚك زیاترباوکی خۆش دەویٚت و هەستیٚکی زیاتری بۆ ئەوهەیە کە دلّی خۆشدەکرد.وەك ئەوەی لەنقووم بوونی ئەوبیرکردنەوەیەدا چیٚژیٚکی تایبەت وەردەگریٚ،بۆیە جاریٚکی دیکە دووبارەی کردەوە:
- تکات لیٚدەکەم خۆتان نیگەران مەکەن.
نیکۆلاّی پترۆڤیچ کە بەردەوام دەستی بە ناوچەوانیدا دیٚنا،بەناو پەنجەکانیدا سەیریٚکی ئارکادی کرد، لەناکاو دلّی داخورپا بەلاّم وەسەرخۆی نەهیٚناو دوای کەمیٚك، بیٚدەنگی شکاند:
- لیٚرە بەدواوە زەویەکانی خۆمانن.
ئارکادی پرسی:
- دەلّیٚی دارستانەکە پیٚشتریش هی خۆمان بووە؟
- بوو،بەلاّم فرۆشتم.قەرارە هەموو دارەکان ببڕنەوە.
- بۆچی فرۆشتت؟
پیٚویستی زۆرم بەپارە هەبوو.ئەگەر ئەوەم نەکردبا ئەوا سەرەنجام ئەوزەویانە دەبوونە هی جوتیارەکان.
هەرئەو جوتیارانەی کە هەقی خۆت نادەنیٚ؟
- ئەوە ئیتر پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە.بەلاّم ڕۆژیٚك دیٚ کە بەشی ئاغاش هەربدەن.
ئارکادی سەیریٚکی دەورو بەری خۆیکردو لە بن لیٚوانەوە گوتی:
- حەیف بۆ ئەو دارستانە.
دیمەنەکانی دەوروبەر جوانییەکی ئەوتۆیان نەبوو.تا چاو بڕیدەکرد خڕودۆلّی پڕپیٚچ و گەوەبوو،دارستانی بچوك و دەشت و بیابان و لەناو دۆلّەکانیشدا سەوزەگیا سەریان دەرهیٚنابوو کە مرۆڤی بەیادی ئەوتابلۆیانە دەخستەوە کە لەدەورانی (کاترین) ی گەورەدا لەو مەلّبەندە ویٚنەیان کیٚشرابوو.
هەندیٚ جاریش جۆگایەك بە شیٚلەگەی سەرەو ژیٚرو ئەستیٚرۆك و بە بەنداوی بچوکەوە دەبینران.

هەندێ جاریش بەپەنا گوندی هەژار نشینەکاندا تێدەپەڕین کە بنمیچی زۆربەی کەوێڵـەکان تێـك تەپیبوون.سـەوەی سـەرئاوالاو خـێچ و خـواری ئەوگوندانـە کەلـە شـوولی درەختـەکان درووستکرابوون،بە بەتالی لـە پـەنا خەرمانـەکان دانرابوون.کلێسـای خشـتی وداری کـە یـان گەچەکانیان لێ ببوونەوە یان خاچە خوارە کانیان لە حالەتی کەوتندابوون،بە دەوری گۆڕسـتانە وێرانەکەوە دەبینران.ئارکادی دلی داخورپا.دەتگوت ئەو جوتیارانەی کە لەسەر ڕێگا ڕاوەستاون بە ئەنقەست ئاوا ڕووت و ڕەجالن گاوگۆلە مردەلۆژەکانیان بە زۆری هانداوە لـە گیـای کـەنار جۆگاکان بلەوەڕێن.دەتگوت جوتیارەکان و مالاتەکانیان تازە لە قاتو قڕیەکی گەورە ڕزگاریـان بووە.سەرگەردانی ئەومالاتانە لەو ڕۆژە خۆشەی بەهاردا،تارمایی و خەفەتی ڕۆژانـی زسـتانی دێناوە یاد.ئارکادی لەبەر خۆیەوە بیریکردەوە:

- نا،ئێرە سەرزەمینێکی پڕ لە بەرەکەت نییە.ئێرە ناتوانێ عەشـقی کـارکردن لـە نـاخی کەسدا بڕوێنێ...نابێ ئێرە هەروا پشت گوێ بخرێ...بەلام چۆن دەکرێ ئەوکارەبکەی و لەکوێوە دەستپێبکەی؟

ئارکادی بە قوولی کەوتبووە بیرکردنەوە...بەهاریش هێنـدە بێـدەنگ و هەسـت نەبوو.لـە دەورو بەر هەمـووشتێك لـە سـەوزیدا دەبریسـکایەوە.دەوەنەکان،گیاو درەختـەکان بـە شـنەبا ڕادەژان.چریکەی بالندان دەهات.چۆلەکەکان بەجریوەجریو لـەو تەپۆلکـەوە بـۆ ئـەو تەپۆلکـە هەلدەفڕین.لە ناو ئەو شیناوەردانەی کە لە پایزدا داچێنرابوون،قەلەڕشە دەهـاتن و دەچـوون و هەندێ جاریش لە ناو وێنجەکاندا بزردەبوون و بەدەگمەن سەریان لە ناو شـەپۆلی ئـەو سـەوزە زارەدا دەر دێنا.

ئارکادی لە سەیرکردن تێرنەدەبوو.هەرزوو بیرە خەمگینەکەی فەرامۆش کرد...جلیقەکـەی داکەندو بەنیگایەکی شادو مندالانە لەباوکییـەوە ڕامـا.نیکۆلای پترۆڤـیچ لـە باوەشـیگرت و گوتی:

- ڕێگایەکی زۆرمان نەماوە.کە گەیشـتینە سـەرگردەکە، مالەکـەمان دەبینی.ئارکاشـای ئازیزم،بەیەکـەوە ژیـانێکی خـۆش بەسـەر دەبـەین.تۆ لـەکارو بـاری کشـتوکالێدا هاوکـاریم دەکەی...دیارە ئەگەر ئەوکارە بێتاقەتت نەکا.ئێمە تەنیا کارێـك کـە دەبـێ بیکـەین ئەوەیـە دانیشین و یەکتری باشتر بناسین.تۆش پێت وانییە؟

- ڕازیم.بەلام ئەوڕۆ چەندە ڕۆژێکی خۆشە.

- پێوقەدەمی تۆیە کە هەوا ئاواخۆشە.بەڵێ،بەهار بەهەموو جوانییەکانییەوە خۆی دەنوێنێ.منیش ڕای پۆشکینم هەیە...لەبیرتە لە کتێبی ((یۆگنی ئەنگین)) دا دەڵێت:

((چ خەمهێنە دەرکەوتنت

ئەی بەهار...ئەی ڕۆژانی عەشق...))

دەنگی بازارۆف لە گالسکەکەی دیکەوە بیسترا کە هاواریدەکرد:

- ئارکادی شقارتەکەتم بۆ بنێرە تا جگەرەکەم داگیرسێنم.

نیکۆلای پترۆڤیچ بێدەنگ بوو،بەلاّم ئارکادی کە بەشێوەیەکی بەسۆزو سەیرەوە گوێی لە قسەکانی باوکی ڕاگرتبوو دەست بەجێ قووتوە زێوەکەی لە گیرفانی دەرهێناو دایە دەستی پیووتەر تا بیداتە بازارۆف.دووبارە دەنگی بازارۆف بەرز بوەوە:

- جگەرەت ناوێ؟

ئارکادی وەلاّمی دایەوە:

- دەمەوێ.

پیووتەر گەڕایەوە سەرەڕای قووتوە شقاتەکە،جگەرەیەکی گەورەو ڕەشی دایە. ئارکادی جگەرەکەی داگیرساند، دووکەڵی چڕی تووتن بەهەوادا بلاّو بۆوە.نیکۆلای پترۆڤیچ کە بە درێژایی تەمەنی لێوی لە جگەرەنەدابوو،بە هێمنی ڕووی وەرگێڕا،بەشێوەیەك کەئارکادی پێنەزانێ.

دوای چارەگێك،ئەسپەکان لە پێش خانوویەکی داری نوێی ڕەنگ خۆڵەمێشی ڕاوەستان کە شیروانییەکەی لە ئاسنێکی سوور دروستکرابوو.ئێرە هەمان مادینۆ یان(گوندە نوێ) بوو کە جوتیارەکان پێیان دەگوت(گوندی بێنەوا)

(٤)

بە پێچەوانەی پێشوو،هیچ یەك لە ڕەعیەتەكان یان خزمەتكارەكان بۆ پێشوازی میوانەكان نەهاتبوونە بەر دەرگاو تەنیا كیژۆڵەیەكی چواردەساڵەو لە پشت ئەویشەوە گەنجێكی مێرمنداڵ كە زۆربە پیوتەر دەچوو جل وبەرگی تایبەتی خزمەتكاری لەبەردابوو،وا وێدەچوو پێش خزمەتی تایبەتی پاڤێل پترۆڤیچ بێ،لە ژوور هاتەدەر. لاوەكە بێئەوەی قسەیەك بكا دەرگای گالیسكەكەی كردەوەو بەپارێزەوە كشایە دواوە.

نیكۆلای پترۆڤیچ وێڕای كوڕو میوانەكەی،لە هۆڵەكەوە چوونە ژووری میوانان،كەلە پشت دەرگاوە ڕووخساری ئافرەتێكی جوان دەبینرا.ژوورەكە بە سەلیقەیەكی جوان ڕازێنرابۆوە.نیكۆلای پترۆڤیچ كلاوەكەی لەسەرداگرت،سەرێكی ڕاوەشاندو گوتی:

- ئەوەش ماڵ،سەرەنجام گەیشتین.بەرلە هەمووشتێك لە ئێستادا،نان خواردن و پاشانیش پشوودان.

بازارۆف بە باوێشكدانەوە خۆی هەڵدایە سەركورسییەك و گوتی:

- بەڵێ،باشترین شت نانخواردنە.

نیكۆلای پترۆڤیچ لەخۆڕاپێی بە زەوی داداو گوتی:

- بەڵێ،بەڵێ،پێویستە نان بخۆین وهەرچی زووترە ئەوكارەبكەین...ئەرێ ئەوەش (پرۆكیف)ە.

پیرەمێردێكی شەست حەفتاساڵە بەقژی سپی وگەنم ڕەنگ ولەشولارێكی كزەوە هاتەژوور.پیرەمێرد جل وبەرگێكی قاوەیی دووگمەمسی لەبەردابوو،دەسماڵێكی پەمەیی لە ملی هاڵاندبوو.خەندەیەكی كردو چووەلای ئاركادی، دەستی ماچ كردو بەنیشاندانی ڕێزیش بۆ میوانەكەیان دەستی بەسنگییەوەنا.پاشانیش پاشەوپاش كشایەدواوە.دەستەكانی لە پشتەوە گرێدان ولە پەنا دەرگا ڕاوەستا.

نیكۆلای پترۆڤیچ گوتی:

- پرۆكیف،ئەوەش ئەو،سەرەنجام گەڕایەوە لامان...گۆڕاوە یان نا؟

پیرەمێرد دووبارە بزەیەکی هاتێ و وەڵامی دایەوە:

- زۆرباش بووە؟

بەڵام لە پڕێکدا برۆیەکانی وێکهێنانەوەو بە ڕاوێژێکی پچڕپچڕ پرسی:

- فەرمانتان لەسەرە، سفرە ڕاخەین.؟

- بێگومان،بێگومان،تکادەکەم.بەڵام یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ، تۆ حەزناکەی پێش نانخواردن،ژوورەکەت ببینی؟

- نا،سوپاست دەکەم.پێموایە پێویست ناکا.تەنیا زەحمەت نەبێ جانتا و جلکەکانم بۆ بەرنەئەوێ...

جلیقەکەی داکەند.

- زۆرباشە...پرۆکۆفیف جلیقەکەی لێوەرگرە.(پرۆکۆفیف بەسەرسووڕمانەوە دەتگوت ناتوانێ جلکەکە وەربگرێ بە دوودەست وەریگرت و بە لارەلار وەدەرکەوت.)

- تۆدەڵێی چی ئارکادی...دەتەوێ ژوورەکەت ببینی یان نا؟

- بەڵێ،منیش دەمەوێ خۆم خاوێن کەمەوە.

ئارکادی دەیویست لە ژووری بچێتەدەر کە دیتی پیاوێکی بەژن وباڵا مام ناوەندی کەجلوبەرگێکی مەیلەو ڕەشی شێوە ئینگلیزی لەبەر دابوو، بۆینباخێکی گرانبەهای بەستبوو و جووتێك پێڵاوی بریقەداری لە پێدابوو،هاتەژوور.ئەوکەسە پاڤێل نیکۆلایۆڤیچ کیرسانۆڤ بوو.ڕووخساری چل وپێنج بەهاری نیشاندەدا.پرچە سپییەکورتەکەی دەترووسکایەوە.ڕووخساری تووندتەبیات و بەڵام بێ گنج ولۆچی کەدەتگوت وەستاکارێکی ماهیر کاری لەسەر کردووە،جوانییەکی لە ڕادەبەدەری هەبوو.بەتایبەت چاوەڕەشەکانی سەرنجی هەموو کەسێکی ڕادەکێشا.مامی ئارکادی توانیبووی بەوتەمەنەوە هەروا خۆش زەوق وگڕووتینی دەورانی گەنجێتی ڕابگرێ.لە سەرتاپای ڕەسەنایەتی دەباری.پاڤێل پترۆڤیچ دەستە ناسکەکانی کە نینۆکەکانی درێژو پەمەیی بوون و ئەنگوستیلەیەکی گەورەپەنجەکانی ڕازاندبووەوە لە گیرفانی شەرواڵەکەی دەرهێناو خستییەدەستی برازاکەیەوە.دوای ئەوەی بەشێوەو دابی ئەورووپی تەوقەی لەگەڵ کرد،بەشێوەی روسەکانیش سێ جار ماچی کرد.یانی سێ جار گوێچکە بۆنخۆشەکانی خۆی بە ڕوومەتی ئارکادییەوەناو گوتی:

- بە خێرهاتی.

نیکۆلای پترۆڤیچ،میوانەکەی ئارکادی بە براکەی ناساند.پاڤێل پترۆڤیچ لەش و لارەچالاکو ناسکەکەی کەمێك خوارکردەوە،بزەیەکی هاتێ بەلاّم دەستی درێژنەکردو بە پێچەوانە لە گیرفانی هاویشتنەوە.دوای ئەوە شوێنەکەی گۆڕی و شانەکانی هەڵتەکاندو لە کاتێکدا ددانەسپیی و جوانەکانی دەرخستن گوتی:

- پێموابوو ئەمڕۆ ناگەیە ئێرە.خۆهیچ ڕووینەدابوو.؟

ئارکادی گوتی:

- نا،هیچ شتێك ڕووینەدابوو.تەنیا کەمێك وەدرەنگ کەوتین و بەپێچەوانە ئێستا وەکو گورگی برسین..باوکە گیان فەرمان بدە پرۆکۆفیف دەستو بردی بکا.من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە.

بازارۆف بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەسەر کورسییەکەی هەستاو گوتی:

- ڕاوەستە منیش دێم.

بە یەکەوە لە ژوورەکە چوونە دەرەوە.

پاڤێل پترۆڤیچ پرسی:

- ئەوە کێیە؟

- - هاوڕێی ئارکادییە.وەکو باسیدەکا کوڕێکی زۆر ژیرە.

- ئەویش لێرە دەمێنێتەوە؟

- بەڵێ.

- هەمان کابرا پرچنە؟

- بەڵێ،هیچ ناکرێ.

پاڤێل بە پەنجەکانی لە مێزەکەیداو گوتی:

- پێموایە ئارکادی لە جاران کاملتربووە.لە هاتنەوەی زۆر خۆشحاڵم.

لە کاتی نانخواردندا قسەوباسی زۆر نەکرا.بە تایبەتی بازارۆف هیچی نەگوت تەنیا خواردی.نیکۆلای پتۆڤیچ باسی کارو باری کشتووکاڵی وکێشەی ئیداری کرد.بە تایبەت سەندیکاکان و وەکیلەکان وپێویستی هێنانی ماشێن و ئاسنەواڵ.پاڤێل پترۆڤیچ لە ژوورەکە دەهات و دەچوو.(ئەو هیچ کات نانی شەوی نەدەخوارد) هەندێ جار قوومێکی لەشەرابەکە دەداو بەدەگمەن قسەی دەکرد،ئەو وشانەی لە دەم دەردەچوون وەك (ئاها-ئائا-ئەهە-هم).

لەگەڵ ئەوەی ئارکادی هەواڵی تازەی پترۆسبۆرگی بۆ باوکی ومامی دەگێڕایەوە،دیاربوو لە شتێك نیگەرانە.لەوجۆرە نیگەرانیانەی تایبەت بەو گەنجانەی کەدێنە ژینگەیەك کە کەسەکانی ئەوێ تا ئێستاش بە چاوی منداڵی سەیری دەکەن.تا ئەو جێگایەی کە دەیتوانی وشەکانی درێژ دەکردنەوەو لە وشەی (باوکە گیان) خۆی دەبوارد.تەنانەت یەکجاریش بە وشەی (باوکە) لێدەگەڕا.زۆر بە ڕووقایمی شەرابی لە پەرداخ دەکردو یەکسەر هەڵیدەدا.

پرۆکۆفیف چاوی لە سەر هەڵنەدەگرت و لێوی دەکرۆشت.یەکسەر دوای نانخواردن،هەرکەسەو چووە جێگایەك.بازارۆف کە جلی نووستنی لە بەرکردبوو لە پەنا ئارکادی لە سەر نیوتەختەکە دانیشت و پیپەکەی داگیرساند.

- چ مامێکی جوانت هەیە!لە گوندی بی وهێندەش بە خۆت ڕابگەی.!چ نینۆکێکی خاوێن وناسکی هەن،واباشە بیان بەیتە پێشانگایەك.

- ئەویش بۆ خۆی ڕۆژگارێکی هەبوو.شێرێك بوو بۆخۆی.کە هیچ ئاسکێکی چاوڕەش نەیدەتوانی لە دەستانی دەربازبێ.سەردەمانێك زۆر لە ژنان ئاشقی ببوون.

- ئاوا.بەڵام بەداخەوە ئێرە ژنێکی وای لێنییە کە بتوانێ دڵی ببا.ئەو یەخە توونەدو شەقانە،دەڵێی لە بەرد درووستکراون.ڕیشیشی سفت تاشیبوو.ئارکادی بە ڕای تۆ ئەوکارانە کەمێك گاڵتەجاڕی نین.؟!

- ڕەنگە!بەڵام لە ڕاستیدا ئەو مرۆڤێکی زۆرباشە.

- بەڵێ،وەك کەل و پەلی عەنتیکە...تەنیا عەیبێکی کە هەیەتی زۆر شیعردەخوێنێتەوە.پێموانییە زۆریش لە ملکداری و ئەوشتانە شارەزابێ،بەڵام لەسەریەك پیرەمێردێکی میهرەبانە.

- باوکم یەك پارچە گەوهەرە.

- پێتوانییە کەمێك شەرمنە.

ئارکادی سەرێکی ڕاوەشاند.بازارۆف گوتی:

- ئەوجۆرە مرۆڤانە بوونەوەرێکی سەیرن.مێشکی خۆیان بەوپەڕی شێتی وەکاردەخەن.بەهەرحاڵ واباشترە بڕۆم.تا لەبیرم نەچووە بڵێم لە ژوورەکەی مندا ئاودەستێکی غەربی لێیە،بەڵام دەرگاکە داناخرێ.بە هەرجۆرێکیش لێکی دەدەیتەوە بوونی ئاودەستێکی غەربی نیشانەی پێشکەوتن و شارستانەتە.

دوای ڕۆیشتنی بازارۆف هەستێکی خۆشی سەرتاپای ئارکادی داگرت.نووستن لـە ماڵێکـدا کە شوێنی لەدایکبوونت بێ و لەسەر قەرەوێڵەیەکی ئاشناو لێفەیەك کە دەسـتێکی میهرەبـان بۆخۆی ڕێکی خستبێ،چەندە چێژبەخشە.ئارکادی کەوتـەوە بـیری یگۆرنـاو لـەخودا پاڕایـەوە بیبەخشێ بەڵام بۆخۆی دووعای نەکرد.

ئارکادی و بازارۆف زوونووستن بەڵام باقی خەڵکەکەی دیکە تا درەنگان دانیشتن.گەڕانەوەی کورەکـەی،نیکۆلای پترۆڤیچـی وەهــەژان خســتبوو.بێئەوەی مۆمەکـە بکوژێنێتەوە،لەســەر جێگاکەی ڕاکشا،ئانیشکی داداو لەگژفکران ڕاچوو.براکەشـی پاڤێـڵ پترۆڤـیچ لـە نیوەشـەوی دوێنێوە لەژووره جوان وڕازاوەکەی خۆیدا لەسەر کورسییەکی گەورە دانیشتبوو.لەبەردەمیشـی سۆپا خەڵوزەبەردەکەی بە هێواشی و جوانی بڵێسەی دەسەند.پاڤێڵ پترۆڤیچ تەنیا پێڵاوەکـانی داکەندبوو لە جیاتیان سەرپایەکی سـووری لـەپێکردبوو.دواژمارەی گۆڤارێکیشـی بەدەسـتەوە گرتبوو،بەڵام لەجیاتی خوێندنەوە،لە بڵێسەی ئاگرەکەوە ڕامابوو.ئـاگرێکی شـین هەنـدێ جـار بڵێســەی دەســەندو هەنـدێ جـاریش کزدەبوو.تـەنیا خـودا دەیزانـی پاڤێـڵ پترۆڤـیچ بـیری لەچیدەکردەوە،بەڵام لە قیافەیڕا دەخوێندرایەوە کە تەنیا بیر لەڕابردوو ناکاتەوە،چوونکە شێوەی ئەوکەسانەی کەتەنیا بیر لە ڕابردوو دەکەنەوە هێندە گرژوو مۆن نین.

لە ژووره بچـووکەکەی دواوە،ژنێکـی جحێـڵ کـە چـاکەتێکی شـینی جـوانی لەبـەردابوو دەسماڵێکی سپی بە پرچە ڕەشەکانیدا دابوو لە سەر سـندووقێکی گـەورە دانیشتبوو.فینیچـکا هەندێ جار وەنەوزی دەداو هەنـدێ جـاریش سـەرنجی لـە دەرگایـەکی نیـوە کـراوە دەبڕی.لـە پشتیشیەوە لانکەیەکی بچووك دەبینرا کە لەناویدا دەنگـی هەناسـەی منـداڵێکی نووسـتووی لێدەهات.

(٥)

بەیانی،بازارۆف لە پێش هەموانـدا لەخـەو هەسـتاو لـە مـاڵ هاتەدەر.سـەیرێکی دەورو بەریکردو لە بەرخۆیەوە گوتی:

- ئێرەش تاریفێکی وا هەلناگرێ.

کاتی دابەشکردنی زەوی وزار لە نێوجوتیارەکاندا،نیکۆلاَی پترۆڤـیچ بـەزۆری چـوار دۆنمـی دێمـی بۆخـۆی دابڕیبوو.لـەوێ باڵەخانەیەیـەکی بۆخـۆی وخزمـەتکارەکانی درووسـتکردو باقیەکەشـی کردبـووە کشـتوکاڵ.باخێکی درووسـتکردو چـالاَوێکی لێدا.لـە گۆشـەیەکیش مەلەوانگەیەکی درووستکرد کە ئاوی زۆری ڕانەدەگرت.هەوڵی زۆری دابوو درەختی زۆر بڕوێنێ بەلاَم ئاوی چالاَوەکە زۆر سوێربوو لەبەرهەمی کارەکـەی تـەنیا سـاباتێکی باشـی هـەبوو کـە ئەقاقیاو یاسی بنەوش دایان پۆشیبوو،کە زۆربەی کات ئەندامانی خێزان بـۆ چـای خواردنـەوە لێی دادەنیشتن.

چەند ساتێکی زیاتر نەکێشا تا بازارۆف تەواوی دەورو بەرەکـە بپێـوێ.دوای گـەڕان بـەناو حەوشەکەدا سەرێکی لە تەویلەشدا.پاشان لەگەڵ دوومندالّی سەرو پێچـکەی مـالّێ ئاشـنابوو لەگەڵ ئەوان چووە گۆماوێـك کـە فرسـەخێك لەماڵەکـە دووربوو،تالـە ڕاوکردنـی بۆقەکانـدا لەگەڵیان شەریك بێ.یەکێك لە منداڵەکان پرسی:

- کاکە،چی لە بۆقەکان دەکەی؟

بـازارۆف کـە هەمیشـە بەچـاوێکی سـووك سـەیری خـەڵکی دەسـتکورتی دەکـرد بـەلاَم لەبەرامبەر هەلسووکەوتی ئەوان بەرامبەر بەخۆی هەستێکی قووڵی هەبوو،وەلاَمی دایەوە:

- گوێ بگرە دەڵێم چی.زگی بۆقەکان هەڵـدەدڕم تـابزانم ناوزگیـان چـی تێدایـە ئـەوجار تێدەگەم کە لەناو زگی مرۆڤیشدا چی هەیە.ڕاستیت دەوێ من و تۆ وەك بۆقەکان وایـن تـەنیا جیاوازییەك کە هەمانبێ ئەوەیە کە ئێمە لەسەر دووپێ دەڕۆین.

- ئەو کارە چ سوودێکی هەیە؟

- سوودەکەی ئەوەیە کاتێك تۆ نەخۆش دەبی،من بێئەوەی دووچاری هەڵەیەك بم،چارەسەرتدەکەم.

- بۆ چما تۆ دکتۆری؟

- بەڵێ.

- واسکا،گوێت لێیە.ئەفەندی دەڵێ من و تۆ وەکو بۆقەکان واین.بەڕای تۆ ئەوە سەیرنییە؟

واسکای حەوت ساڵە بە پێی پەتی وسەرو پرچێکی وەك بەفر،کە جل وبەرگێکی قۆزاقی لەبەردابوو،لەوەلآمدا گوتی:

- من لە بۆقەکان دەترسم.

- ناکا لەوەبترسی گازت لێبگرن؟

بازارۆف قسەی منداڵەکانی بڕی و گوتی:

زۆرباشە فەیلەسووفەکان،خۆتان لە ئاویَ باوێن.

لەو ماوەیەدا نیکۆلآی پترۆڤیچیش لە خەو هەستابوو،بەرەو لای ژووری ئارکادی چوو.کاتێك چووە ژوور،ئارکادی جلی لەبەرکردبوو.کوڕو باب چوونە هەیوانی ماڵێ و لەژێر هەورەبانەکە ڕاوەستان کە بەڕەنگێکی جوان نەخشێنرابوو.لە پەنا تانەکە مێزێك دانرابوو کە سەماوەرێك لە نێوان یاسە وەنەوشەییەکاندا دەکولآ.کیژۆڵەیەك کە شەوی پێشوو هاتبووە پێشوازیان هاتە پێش و بەدەنگێکی ناسك گوتی:

- حاڵی (فیدۆ سیانیکایۆنا))زۆر باش نەبوو منی ناردووە تالێتان بپرسم بۆخۆتان چای تێدەکەن یان (دوونیا) بنێریَ؟

نیکۆلآی پترۆڤیچ دەستبەجێ وەلآمی دایەوە:

- بۆخۆم ئەو کارە دەکەم...ئارکادی تۆ چای بەچی دەخۆیەوە،بەشیر یان بە لیمۆ؟

- بە شیر.

ماوەیك بێدەنگ بوو لەو کاتەدا سەرێکی لەقاندو گوتی:

- باوکەگیان؟

- بڵێ کوڕم.

ئارکادی کە هەروا چاوی لە پێش خۆیەوە بڕیبوو گوتی:

- بابەگیان ئەگەر پێتوایە پرسیارێکی نابەجێ دەکەم هیوادارم ببەخشی.بەڵام نیشاندانی دڵسۆزی تۆ، وام لێدەکا ئەوەت لێبپرسم...نیگەران نابی؟

- نا،قسەبکە.

- داوای لێبووردن دەکەم کە ئەوەت لێدەپرسم...ئایا ڤنیچ...ئەرێ ئەو لەبەر من لەوێیە و ئامادەنییە چای تێکا؟

نیکۆلای پترۆڤیچ کەمێك ئەولاو لای کردو پاشان گوتی:

- ڕەنگە...ئەو پێیوایەکە...شەرمێ دەکا.

ئارکادی سەیرێکی باوکی کردوو گوتی:

- ئەو لە خۆڕا شەرمێ دەکا.تۆ کەشێوەی بیرکردنەوەی من دەزانی(ئارکادی هەمیشە لە دەربڕینی ئەو وشەیە چێژی وەردەگرت)جیالەوەش،باوەڕبکە من هەتا بەئەندازەی سەرە دەرزییەکیش نامەوێ خۆم لە ژیانی تۆ هەڵقورتێنم. من دڵنیام تۆ لە هەڵبژاردنتدا بەهەڵە ناچی.ئەگەر تۆ ئەو بە شایستەی ئەوەدەزانی لەگەڵ تۆدا بژیت ئەویش حەتمەن شایانی ئەوەیە.من دڵنیام کە هیچ کوڕێ ناتوانێ ڕێگا بۆ باوکی دابنێ.ئەویش کوڕێکی وەکو من بۆ باوکێکی وەکوتۆ کە هیچ کات کوڕەکەی لە چوارچێوەیەکدا لە قالب نەداوەو ئازادی لێ زەوتنەکردووە.

ڕاوێژی دەنگی ئارکادی سەرەتا دەلەرزی.چوونکە ئەوخۆی وەك ڕابردوو دەهاتە بەرچاو و دەیزانی کە ئەو قسانە بۆ نیکۆلای پترۆڤیچ حاڵەتی ئامۆژگاریان هەیە.بەڵام لەوەی کە ڕاوێژی دەنگی کاریگەری لە ڕادەبەدەری هەیە،ڕستەکانی کۆتایی بە توندی دەربڕین.نیکۆلای پترۆڤیچ دووبارە پەنجەکانی بە ناو چەوانیدا هێناو بە هێمنی گوتی:

- سوپاست دەکەم ئارکادی.قسەکانت بەتەواوی لە ڕووی ویژدانەوە بوون.ئەو بە ڕاستی کچێکی لایقە... ئەوکارەم لەڕووی هەواو هەوەسەوە نەکردووە...من ناتوانم لەو بارەیەوە بە ئاسوودەیی لەگەڵت بدوێم بەڵام تۆ دەرکی پێدەکەی کە هاتنی ئەو بۆ ئێرە بەڕاستی سەخت و دژواربوو...ئەویش لەیەکەم ڕۆژی هاتنتدا.

ئارکادی لە شوێنی خۆی هەستاو بە بەخشندەییەوە گوتی:

- کەوایە من دەچمەلای و ڕازیدەکەم کە هیچ پێویست ناکات شەرم بکات.

- نا،ئارکادی...ئەوکارەمەکە...ڕاستیت دەویٚ...واباشتربوو کە پێشتر هەموو شتێکم پێگوتبای.

بەلاٚم ئارکادی گوێی لە قسەکانی نەبوو لە هەیوانەکە تێپەڕیبوو.

نیکۆلاٚی پترۆڤیچ ڕۆیشتنەکەی دیت و بەشەرمەوە لە جێگاکەی خۆی دانیشت.دلّی توونـد لێیدەدا...شتێك ئەوی دووچاری شلّەژان کردبوو بەلاٚم چ شتێك؟بەڕوونی دیـار نـەبوو.ئایا ئـەو بیری لە ئایندەی هەلّسووکەوتی خۆی و کوڕەکەی دەکـردەوە؟ ئایـا بـیری لـەوە دەکـردەوە کـە ئارکادی هەمووشتێك بە خۆشی و میهرەبانی وەردەگریٚ تـادوایی؟ ئایـا خـۆی بـۆ ئـەوکارەی کردبووی سەرزەنشت دەکرد؟ بەدژواری دەیتوانی وەلاٚمێك بۆ ئەوپرسیارە وەبینیٚ.چوونکە لـەو کاتەدا تەوای ئەوپرسیارانە بە مێشکیدا تێدەپەڕین.هێشتا لـە بیرکردنـەوەدابوو لێـدانی دلّـی خێراتر لە جاران لێیدەدا کە گوێی لە دەنگی پێیەکبوو بەدوای ئەویشدا ئارکادی لە هەیوانەکە دەرکەوت.لە ڕووخساریدا شادییەك دەخوێندرایەوە.

- باوکە،ئێمە بووینە ئاشنا.فدۆسیا نیکلاێونا بـە ڕاسـتی کـەمێك نەسـاغە بـەلاٚم چـاك دەبێتەوە.ئەریٚ بۆچی پێتنەگوتبووم کە برایەکم هەیە تا ئەویشم دوێنیٚ بەهەمان شێوەی ئەمڕۆ بە تامەزرۆییەوە ماچ کردباو لە باوەشم گرتبا.

نیکۆلاٚی پترۆڤیچ ویستی شتێك بلّیٚ.ویسـتی کوڕەکـەی لـە باوەشـبگریٚ بـەلاٚم ئارکـادی دەستپێشخەری کردو خۆی بەمللی باوکییەوە هەلّواسی.

- دووبارە چ باسە؟هەمیسان سەرگەرمی یەکتر ماچکردنن؟

ئەوە دەنگی پاڤێلّ پترۆڤیچ بوو کە لە پشـتیانەوە دەنگـی دەهـات؟ نیکـۆلاٚی پترۆڤـیچ و ئارکـادی هـەردووکیان لـە دیتنـی خۆشـحالّ بوون.هەنـدیٚ جـار وادێتـەپێش کـە بەهـەموو شیرینییەکانییەوە مرۆڤ حەزدەکا لێی دەربازبیٚ.نیکۆلاٚی پترۆڤیچ بە خۆشحالّییەوە گوتی:

- بۆ پێت سەیرە؟ من سالاٚنێکە چاوەڕوانی ئارکادیم.لە دویٚ شەوەوە تا ئێستا بۆم نەکراوە تێر تەماشای بکەم.

- نا،هیچ پێم سەیرنییە.منیش حەزدەکەم لە باوەشی بگرم.

ئارکادی بەرەولای مامی ڕۆیشت دووبارە عەتری سمێلّە بۆنخۆشەکانی لـە سـەرگۆنای خـۆی هەستپێکرد.

پاڤێلێ پترۆڤیچ لە پەنا مێزەکە دانیشت.بەشێوەی ئینگلیزەکان جل وبەرگێکی سپی خاوێنی لەبەرکردبوو کە تایبەت بوو بە نان خواردنی بەیانیان و کلاوێکی سووریشی لە سەرنابوو.لە بەرهەمی ژیانی لەو گوندەدا یەکێکیان ئەوکلاوە سوورەو ئەوی تریشیان ئەو بۆینباخە نارێکەبوو کە لە ملی بەستبوو،بەلاّم یەخەی کراسەکەی هەروا رەق وراست ژێرچەناگە تراشاوەکەی رێکدەگوشی. لەئارکادی پرسی:

- هاورێ تازەکەت لەکوێیە؟

- لەمالێ نییە. وارِاهاتووە بەیانیان زوو لە خەو هەستێ و بچێتەدەرەوە.هێندە بیری لێ مەکەوە چوونکە ئەو حەزی لەخولّق وخۆکردن و ئەوجۆرە شتانە نییە.

پاڤێلێ پترۆڤیچ کە خەریکی تێهەلّسوونی نان و رۆنەکەرە بوو گوتی:

- بەلێ،دیارە.بۆماوەیەکی زۆریش لێرە دەمێنێتەوە؟

- با بزانین چۆن دەبێ.نیازی وایە سەرێك لە باوکی بداو چەند رۆژێکیش لای ئێمە دەمێنێتەوە.

- مالّی بابی لەکوێیە؟

- لە هەمان پارێزگای خۆمانە.هەشتا فرسەخ لێرە دوورە.ئەویش گوندێکی بچووکی هەیە.پێشتر پزیشك بووە.

- سەیرە...لەخۆرانەبوو کە لەخۆمم دەپرسی پێشتر ئەوناوەم بیستووە...بازارۆف... نیکۆلای، دکتۆر بازارۆف کە لە فەرماندەیی باوکتداخزمەتی دەکرد لە یادتە؟

- وەك دەلّێی وایە.

- دلّنیام خۆیەتی.ئەو کورِی هەمان پزیشکە.

پاشان دەستی بە سمێلّەکانیدا هێناو بە راوێژێکی پچرپچرەوە گوتی:

- ئەو هاورێیەی تۆ چ جۆرە بنیادەمێکە؟

- یانی چی،چ جۆرە بنیادەمێکە؟مەبەستت لە شێوازی بیرکردنەوەیەتی؟

- بەلێ،گیانەکەم.

- ئەو یەکێکە لە (نیهلیست)[1]ەکان.

---

١ نەهلیزم: پووچ گەرا، پەیرەوی رێبازی نەهلیزم، ئەو رێبازە لە سەدەی نۆزدە سەری هەلّداو ئامانجی لە ناوبردنی برواوو رێوشوێنە کۆمەلاّیەتیەکان بوو.

نیکۆلاێی پترۆڤیچ بەسەرسوورمانەوە گوتی:

- چی؟

پاڤێل پترۆڤیچ کە هەرخەریکی نان و کەرە خواردنبوو ساتێك وەستا.ئارکادی دووبارەی کردەوە:

- بەڵێ،ئەو یەکێك لە نیهلیستەکانە.

نیکۆلاێی پترۆڤیچ پاش کەمێك بیرکردنەوە گوتی:

- تا ئەوجێگایەی من بزانم بنچینەی ئەو وشەیە (نیهل) بە مانای هیچ دێت.بەو پێیە نیهلیستێك نابێ بڕوای بە هیچ شتێك هەبێ.

پاڤێل پترۆڤیچ بۆ چاککردن و تەواو کردنی قسەی براکەی هەڵیدایە:

- بەڵێ:کە سێك کەڕێز بۆ هیچ شتێك دانانێ.

دەستی لە نانخواردن هەڵگرت.ئارکادی گوتی:

- مەبەستی ئەو وشەیە کەسێکە کە بۆ هەموو شتێك تەنیا لە دیدی ڕەخنەییەوە سەیری دەکات.

پاڤێل پترۆڤیچ پرسی:

- چما ئەوە لەگەڵ ئەویان جیاوازی هەیە؟

- بێگومان.یەك نیهلیستی لە بەرامبەر هیچ هێزێکدا کڕنۆش نابا.ئەو ئامادەنییە هیچ بنەمایەکی نا واقعی قبووڵ بکا ئەگەر تەواوی خەڵکیش قبووڵیان بێ.

پاڤێل پترۆڤیچ گوتی:

- بابزانین،دەتوانی پێمانبڵێی باشی ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لە کوێدایە؟

- تا بیرکردنەوە هەبێ.بەشێك لەو باوەڕدارانە پێیان خۆشەو بە شێکیشیان لێی بێزارن.

- بەڵێ،خاڵی سەرەکی لێرەدایە.دەبینم، ناتوانم ئەوبابەتە دەرك پێبکەم.ئێمەی خوێندەوارانی قوتابخانە کۆنەکان پێمانوایە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ بنەما(پاڤێل پترۆڤیچ ئەو وشەیەی بەشێوەی فەرەنسییەکان زۆر بەنەرمی دەربڕی لە کاتێکدا ئارکادی بە ڕاوێژی گەورەو درێژ دەری دەبڕی.) هەمان بنەمای کە تۆدەیلێی خەڵك باوەڕیان پێیەتی تەنانەت ناتوانی هەنگاوێکیش بۆ پێشەوە بنێی و هەناسەیەك بدەی.خودا ئێوە گەنجەکان بپارێزێ

وسەرکەوتووتان بکا.ئێمە خۆلەو کارانە هەڵناقوورتێنین.تەنیا لەدوورەوە تەماشاتان دەکەین.بەڕاست ئەو وشەیەی گوتت چی بوو؟

ئارکادی بە ڕاوێژێکی درێژ وەڵامی دایەوە:

- نیهلیست.

- بەڵێ،لە ڕابردوودا هگلیستەکان و ئێستاش نیهلیستەکان.زۆر حەزدەکەم بزانم ئێوە لە جیهانێکدا کە هەوایەکی تێدانییە چۆن دەژین.باشە،نیکۆلای پترۆڤیچی خۆشەویست برای ئازیزم واباشە زەنگ لێبدەی چوونکە ئێستا کاتی ئەوەیە کاکاوی خۆم بخۆمەوە.

نیکۆلای پترۆڤیچ زرینگەی لە زەنگەکە هێناو پاشان هاواریکرد:

- دوونیا.

بەلاّم لە جیاتی دوونیا،فنیچکا لە هەیوانەکە دەرکەوت.ئافرەتێکی گەنجی بیست وسێ ساڵ تەمەن،سپی پێست،ئەندام ناسك،چاووقژ خۆڵەمێشی،لێوئاڵ وپەنجە ناسك.کراسێکی چیتی قاوەیی گوڵداری لەبەربوو دەسماڵێکی ڕەشی بەسەرشانیدادابوو.فنجانێکی گەورەی کاکاوی لە پێش پاڤێڵ پترۆڤیچ دانا.پەشۆکاوو نیگەران بوو.خوێنێکی گەرم لە ژێر پێستە سپییەکەیدا دەگەڕا.سەری نەوی کردوو لە پێش مێزەکە ڕاوەستا.پەنجەکانی دەستی لەسەر لێوی مێزەکە داناو پالّی دایەوە.دەتگوت لەهاتنی هەستی بەپەشیمانی دەکردو لە هەمان کاتیشدا ئەوهەقەی بەخۆیدەدا کە بێتەئێرە.پاڤێڵ پترۆڤیچ نێوچەوانی تێکنا.نیکۆلای پترۆڤیچیش نیگەران دەهاتەبەرچاو.پاڤێڵ پترۆڤیچ لە سەرخۆگوتی:

- سلاّو،فنیچکا.

فنیچکاش بە دەنگێکی لەسەرخۆو ڕەوان وەلاّمی دایەوە پاشان بە تیلەنیگایەك سەیرێکی ئارکادی کرد کەدۆستانە بە ڕوویەوە پێدەکەنی،پاشان چووەدەر.هەندێك هەنگاوەکانی تێك ئالّقان بەلاّم ئەوە هیچی لەجوانی ولەنجەولارەکەی کەم نەکردەوە.

بۆماوەیەك بێدەنگی بالّی بەسەر هەیوانەکەدا کێشا.پاڤێڵ پترۆڤیچ دوای ئەوەی قوومێکی لە کاکاوەکەیدا،لەناکاو سەری بەرزکردەوەو گوتی:

- ئەوەش جەنابی نیهلیست تەشریفیان هێنا.

بازارۆف کە ڕووپۆشێکی کەتانی لەبەرکردبوو و شەرواڵێکی خۆلاّوی لەبەردابوو لەناو باخەکە دەرکەوت.قەوزەی گۆلاوەکە وەکو تۆڕێکی ناسك لە کلاّوەکەی هالاّبوو.بەدەستی

ڕاستی کیسەیەکی گرتبوو کە شتێك لەناویدا دەجوولا.بە هەنگاوی خێرا گەیشتە هەیوانەکە.سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی:

- سلاو برایان.هیوادارم لە دوا کەوتنم ببوورن.دەگەڕێمەوە.پێش هەمووشتێك دەبێ جێگایەك بۆ ئەو دیلانە بدۆزمەوە.

پاڤێل پترۆڤیچ پرسی:

- ئەوانەی هێناوتن زێروون؟

- نەخێر،بۆقن.

- ئەوانە دەخۆی یان بەخێویان دەکەی؟

بازارۆف کە بەرەو ژوورەکەی خۆی دەڕۆیشت بە خوێنساردییەوە گوتی:

- نا،تاقیکردنەوەیان لە سەردەکەم.

پاڤێل پترۆڤیچ بەگاڵتەوە بەڵام بەئارامی گوتی:

- دەیەوێ شیکاریان لەسەربکا.باوەڕی بە هیچ شتێك نییە بەڵام بڕوای بە بۆقانە.

ئارکادی لە ڕووی رەحم وسۆزەوە سەیرێکی مامی کرد.نیکۆلای پترۆڤیچیش شانەکانی هەڵتەکاند.پاڤێل پترۆڤیچیش هەستیکرد لاتاوێکی بێ جێی هاویشتووە هەربۆیە هەولیدا باسەکە بەبارێکی دیکەدا بگۆڕێ،باسی ملکداری کردو گوتی کوێخای تازە شەوی ڕابردوو هاتۆتەلای وشکایەتی لە(فووما) ی کرێکاریکردووە کە هەرای ناوەتەوەو لە کۆتاییدا ئەوەشی گوت:

- فووما لەهەموو جێگایەك خۆی بە بنیادەمێکی خراپ دەردەخات،ئاقیبەتی ئەو کافرە باش نابێ.ئەو سەرەخەریانەی ئەو، شتێکی خراپ بەدوای خۆیدادێنێ.

(٦)

پاش کەمێك بازارۆف گەڕایەوە دوای دانیشتنی لە پشتی مێزەکە بەپەلە دەستیکرد بەنانخواردن.دووبرا بێجوولەو بێدەنگ چاودێری هەڵسووکەوتی ئەویاندەکرد.ئارکادیش بە نهێنی سەیری باوك ومامی دەکرد.سەرەنجام بێدەنگی نیکۆلای پترۆڤیچ شکاندی وپرسی:

- دوور ڕۆیشتبووی؟

لەو نزیکانە گۆماوێکی لێیە...پێنج کەوی کێویم بۆ ئەوێ هەڵفڕاندن.ئارکادی تۆ زۆرباش دەتوانی ڕاویان بکەی.

- بۆچما ئەتۆش ڕاوچی نی؟

- نا.

پاڤێڵ پترۆڤیچیش پرسیاریکرد:

- گۆیا زۆر هۆگری فیزیای؟

- بەڵێ،بە فیزیاو تەواوی زانستی سرووشتی.

- وەك دەڵێن(ژەرمەنەکان) ئەڵمانەکان لەو ڕێگایەوە بە سەرکەوتنی زۆر گەیشتوون.

بازارۆف بەبێ بایەخییەوە گوتی:

- بەڵێ،ئەڵمانەکان لەورووەوە بە مامۆستای ئێمە دەژمێردرێن.

پاڤێڵ پترۆڤیچ بەئەنقەست زاراوەی ژەرمەنی بە سووکایەتی بەکارهێنابوو لە جێگای ئەڵمانەکان،بەلاّم کەس لە مەبەستی ئەو تێنەگەیشت.بەرەبەرە هەستی بە نیگەرانی و تووڕەبوون دەکرد بە ڕاوێژێك کە دەریدەخست لە داب ونەریت شارەزایە گوتی:

- تۆ بەو ڕادەیە ڕێز بۆ ئەڵمانەکان دادەنێی.

خوو و خدە خانەدانییەکەی ئەو لە ڕادەبەدەر بازارۆفی ئازار دەدا.دەروونی کینەیەك دایگرتبوو.ئەو پزیشك زادەیە بێ پەروا نەك هەر نەدەترسا،ڕێو ڕەسمی وتووێژکردنیشی لەگەڵ لە خۆ گەورەتری لەبیر چووبووەوە،بە ئاشکرا لە دەنگیدا تووڕەیی و ڕووهەڵماڵاوی دیاربوو.

بازارۆف گوتی:

- فەیلە سووفەکانی ئەویٚ،خەلٚکانی ماندوو نەناسن.

- بەلیٚ،ڕاستە.حەتمەن جەنابت دەربارەی فەیلەسووفەکانی ڕووس هەمان ڕات نییە.وانییە؟

- بەلیٚ،ئەگەر ڕاستیت دەویٚ وایە.

پاڤیٚلٚ پترۆڤیچ خۆی ڕاستکردەوە لە کاتیٚکدا سەری وەکورسییەکە دەدا گوتی:

- ئەو لە خۆبردووەی تۆ شایانی ڕیٚزە...بەلاٚم بەوشیٚوەویەی کە ئارکادی ماوەیەك پیٚش بەئیٚمەی گوت،تۆ بڕوات بە هیچ کەسیٚك و هیچ شتیٚك نییە.وایە؟

- بۆ دەبیٚ بڕوایەکم هەبیٚ؟ ئەگەر کەسیٚك قسەیەکی ڕاستیکرد قبوولیٚدەکەم،بیٚجگە لەوە شتیٚکی دیکەت دەویٚ؟

- بەوپیٚیە هەموو ئەلٚمانەکان قسەی ڕاست و درووستدەکەن؟

قیافەی پاڤیٚلٚ پترۆڤیچ حالەتیٚکی وای هەبوو کە دەتگوت هەرلیٚرە نییەو لە دنیایەکی دیکە دەڕوانیٚ.بازارۆف کە بە ئاشکرا لە دریٚژەی بابەتەکە خۆی دەبوارد،زاربلاٚویەکی کردو گوتی:

- هەموو ئەلٚمانەکان نا...

پاڤیٚلٚ پترۆڤیچ سەیریٚکی ئارکادی کرد،دەتگوت پیٚیدەلیٚ کە بەڕاستی هاوڕیٚیەکی بە ڕەوشتت هەیە.پاش کەمیٚك بە بیٚ بایەخییەوە گوتی:

- بەلاٚم من هیچ خۆشیم لە ئەلٚمانەکان نایەت.هەتا ئەلٚمانە ڕووسەکانیش کە هەرقسەیان لەگەلٚ ناکەم دیارە چ جۆرە جانەوەریٚکن.مەبەستم ئەلٚمانەکانی ئەلمانیایە.ڕەنگە لە کۆندا کەسانیٚکی وەك شیلەرو گۆتەیان هەبوویٚ.کە براکەم هۆگریانە بەلاٚم حالی حازر لەو سەرزەمینە زیاتر زانای مادیی وکیمیایی زان سەرهەلٚدەدەن.

بازارۆف قسەکەی پاڤیٚلٚ پترۆڤیچی بڕی وگوتی:

- لە حالٚی حازردا زانایەکی کیمایی لە سەد شاعیر بەنرخترە.

پاڤیٚلٚ پترۆڤیچ بە حالەتیٚکی وا کە دەیویست خۆی ڕابگریٚ گوتی:

- ڕاستە.دەلیٚی لەگەلٚ هوونەریش سەرو کاریٚکی وات نییە.

بازارۆف بە پیٚکەنینیٚکی گالٚتە ئامیٚزەوە گوتی:

- بۆچی،بەلاٚم نەك هەموو هوونەریٚك کە لەخزمەتی کۆکردنەوەی سەروەت وساماندابیٚ.

- بەڵێ،بــــەڵێ.دیارە ڕادەبوێری.دەردەکـــــەوێ کـــــە تــــۆ تــــەواوی ئەوانــــــە ڕەتدەکەیەوە...زۆرباشە.کەوایە تۆ تەنیا باوەڕت بە زانست هەیە؟

- پێمگوتی،باوەڕم بە هیچ شتێك نییە.بەتایبەت زانست....زانستی خالیس چ مانایــەکی هەیە.بە هەمانشـێوە کـە هوونـەر جۆراوجۆرە،زانسـتیش جۆراوجـۆرە. زانسـتی خـالیس بـە شێوەیەکی گشتی ناتوانێ وجوودی دەرەکی هەبێ.

- زۆرباشە.بەلاّم دەکرێ ڕای ئێوە دەربارەی بنەمایەك کە لەژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەی یاساو ڕێسای قانوونی داڕێژراون بزانم؟ ئایا ئەوانیشت قبووڵ نین؟

- ئەرێ جەنابت دەتەوێ دادگاییم بکەی؟

پاڤێل پترۆڤیچ ڕەنگی ڕووخساری تێکچوو،نیکۆلاّی پترۆڤیچ بە ئەرکی خۆی زانی بێتە نـاو گفتووگۆکەوە:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچی خۆشەویست.ئیشاڵلاّ لە کاتێکی دیکەدا دەبێ لـەو بارەیـەوە بـە شێوەیەکی کاملتر گفتووگۆ بکەین تا هەم بیرو ڕای تۆ بزانین و هەم تۆش لـە بـیروڕای خۆمـان ئاگادار بکەین.بە تایبەتی کە لەبەشی سرووشتیدا کاردەکەی زۆرخۆشـحاڵم.وام بیسـتووە کـە (لیێبیخ) لە بواری کشتوکاڵیدا داهێنـانی زۆری کردووە...تـۆ دەتـوانی لـەبواری کشـتوکاڵیدا یارمـەتییەکی باشمان بکەی و ڕێنوێنی باشمان بکەی.

- بۆ خزمەتکردن ئامادەم.بەلاّم دەربارەی لیێبیخ کەفەرمووتان ئێمە لەکوێو ئەو لەکوێ!لـە پێش هەمووشتێکدا دەبێ ئەلف وبێی کار فێربین تا پاشان بتوانین کتێبەکانی بخوێنینەوە.

نیکۆلاّی پترۆڤیچ لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە کە بە ڕاستی نیهلیسـتی پاشـان بـەدەنگێکی بەرز گوتی:

- لەگەڵ ئەوەشـدا،ڕێگا بـدەن کـە لەیارمـەتی ئێـوە کـەڵك وەربگرین...زۆرباشـە بـرای ئازیز،دەڵێی کاتی ئەوەیە سەرێك لە سەرکارەکەم بدەین.

پاڤێل پترۆڤیچ لەسەر کورسییەکە هەستا بێئەوەی تەماشای کەسبکا،گوتی:

- بەڵێ،بەڕاستی ئەوە بەدبەختییەکی گەورەیە کەماوەی پێنج ساڵ لەگوند بژی و لەبیروڕای گەوران بەدووربی،پێدەچێ لەوماوەیەدا بنیادەمێکی گێلت لێدەربچێ.مرۆڤ هەوڵدەدات ئـەوەی فێری بووە لە بیری نەچێتەوەو کاتێك تێدەگات ئـەوەی کـەفێری بـووە هـەمووی پـووچ و بـێ بایەخە.خەڵکانی تر لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تۆدا دەڵێن: (تـۆ بنیـادەمێکی هـیچ وپـووچ و

نەزانی.ئیتر هیچ کەسێك ئامادەنییە لەگەڵ بیرکردنەوەکانی تۆدا بژیت.)چی بکەین؟ گەنجەکان لەئێمە ئاقڵترن.

پاڤێڵ پترۆڤیچ لەسەر پاژنەی پێی وەرسووڕاو بە ئارامی چووەدەر...نیکۆلای پترۆڤیچیش هەردوای ئەو وەدەر کەوت.لەگەڵ داخستنی دەرگاکە دوای چوونە دەرەوەی دووبرا،بازارۆف لە ئارکادی پرسی:

- ئەو بەردەوام ئاوایە؟

- یۆگینی گوێ بگرە.تۆ لەبەرامبەر ئەودا زۆر زیادە ڕۆیت کرد. ڕەنجاندت.

- کەوایە چۆن بیرت دەکردەوە؟پێتوابوو دەبێ ئەوخانەدانانە لەوەی کەهەن پێیان هەڵبڵێم؟ تەواوی ئەو لەخۆ ڕازیبوون وعاداتی خانەدانانەیە،گەمژانەیە.ئەگەر بەدوای شتگەلێکی واوەبوو ،باشتروابوو هەرلە پترۆسبۆرگ مابایەوەو وەدوای کاری خۆی کەوتبا...لە ڕاستیدا چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟...بەڕاست دەمویست بزانی کە نموونەیەکی دەگمەنم لە قالۆچەی ئاوی ناسراوبە (دیتیس کوس مارژیناتووس) دۆزیوەتەوە کە دواتر نیشانت دەدەم.

ئارکادی درێژەی بە قسەکانیدا:

- قەولم پێدابووی داستانی ژیانی ئەوت بۆ بگێڕمەوە:

- داستانی ژیانی قالۆچە.

- واز لە گاڵتەکردن بێنە.مەبەستم ژیانی مامەو ئەوسا دەبینی ئەوەندەی شیاوی گاڵتەپێکردن بێ،شایانی ڕێزە.

- من هیچ قسەیەکم نییە.بەڵام پێم بڵێ بزانم تۆبۆچی هێندە لەبەرامبەر ئەودا دەمارگیری بەکاردێنی؟

- تۆزێك ویژدانت هەبێ.

- چ کەڵکێکی هەیە؟

ئارکادی داستانی ژیانی مامی گێڕایەوە کە خوێنەر لەبەشی داهاتوو دەیخوێنێتەوە.

(٧)

پاڤێڵ پترۆڤیچ کیرسانۆڤیش هەروەك براکەی،سەرەتا لەماڵێ شێوازەکانی پەروەردە فێربوو، دوای ئـەوە چـووە قوتابخانـەی سـەربازی .بـە منداڵی،جوان،بڕاوابەخۆ،شـۆخ وتووندەتـەبیات بوو.دوای وەرگرتنی پلەی ئەفسەری کەمتر کۆڕوکۆبوونەوە یەك هەبوو تێیدا بەشـدارنەبێ. لـە هەمووشوێنێکدا پێشوازی لێدەکرا.ئەگەرچی هەندێ جار هەڵسـووکەوتی منداڵانـەی دەنوانـد لەگەڵ ئەوەشدا لە خۆشەویستی کەم نەدەکردەوە.

ژنان شێت وشەیدای ببوون وپیاوان پاشەملە بە سووك وچرووك ناویان دەبرد، بەڵام لەناخـدا حەسوودیان پێدەبرد.هەروەکو پێشترباسمانکرد،لەگەڵ براکەی لە ماڵێدا دەژیان و لەناخی دڵەوە نیکـۆلای خۆشدەویست.هەرچـەندە ئـەو دوانـە هـیچ وێکنەدەچـوون.نیکۆلای لـە ڕۆیشـتندا دەلەنگی،هەرچەندە لەبەردڵان بوو بەڵام کەمێك پەشێو خـەمگین بوو.دووچـاوی گـەرەو ڕەش وپرچێکی نەرم و ناسکی هەبوو.تەمبەڵ بوو هۆگرییەکی زۆری بە خوێندنەوە هەبوو.هەوڵیدەدا کەمتر لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا دەرکەوێ.بەڵام پاڤێڵ پترۆڤیچ ڕێك بە پێچەوانەی ئـەوبوو.هیچ کاتێك شەوانە لە ماڵێ نەدەمایەوە بە چووست وچالاك ناسراوبوو.ڕەنگە بەوهۆیـەوەبووبێ کـە جوومناستیکی لە نێوگەنجاندا ڕەواج پێدابوو.لە تەواوی تەمەنیدا زیاتر لـە پێـنج یـان شـەش کتێبی بە زمانی فەرەنسی نەخوێندبووەوە.لە تەمەنی بیست وهەشـت سـاڵیدا پلـەی نـەقیبی بەدەست هێنا،ئەوەش ئەوەی دەردەخست کـە ئایندەیـەکی پڕشـنگداری لـە پێشـە کەلـەناکاو دۆخەکە گۆڕا.

لەو سەردەمەدا شازادە خانمێك بەناوی (ڕ) کە تا ئێستاش لە بیری خەڵك نەچۆتەوە،ناوبەناو لـەناو خـەڵکی پترۆسـبۆرگدا دەردەکەوت.مێردەکەشـی پـەروەردەکراوبوو بـەڵام تـا ڕادەیـەك گێلۆکـەبوو و بـێ پاشـەواربوون.هەندێجار کتـوپڕ شـازادەخانم سـەفەری دەرەوەی دەکـردو هەربەهەمان کتوپڕیش دەگەڕایەوە.بەشـێوەیەکی گشـتی ژیـانێکی پـڕ لـە نهێنـی و سـەیری

هەبوو.بە هەوەسبازو سەرسەری ناسرابوو،بەشەوقەوە حەزی لەچی بایە دەیکرد.وەك شـێتان تـا لە پەلوپۆ دەکەوت سەمایدەکرد.

پێش نیوەڕۆیان کوڕانی گەنجی لە میوانخانە تا ڕادەیەك تاریکەکەی دەهێشتنەوەو گەمـەی نا بەجێی لەگەڵ دەکردن و قاقا پێدەکەنی. بەڵام شەوانە لەگەڵ دووعا خوێندندا دەگریا.بەزۆری تا بەیانی ئارام و قەراری نەبوو.بە ناو ژوورەکەیـدا دەهـات ودەچـوو دەسـتی خـۆی دەگەسـت وهەندێجاریش پەرێشانانە بەسەرکتێبی پیرۆزدا دەچەمایەوە.بەڵام هەرلەگەڵ سـپێدەی بـەیانی دووبـارە دەسـتی پێدەکردەوە.دەچـووە میوانی.پێدەکـەنی و چـەنەی لێـدەداو هەرشـتێك کـە دەیتوانی سـەرگەرمی بکـا،خۆی پـێ سـەرگەرم دەکرد.لەشـوولارێکی لـە ڕادەبـەدەر جـوانی هەبوو.تاڤگـەی زێڕینـی کەزیـەکانی تـا سـەر ئـەژنۆیانی دەهات.جلوبـەرگی تـەنکوجوانی لەبـەردەکرد بـەڵام لەسـەریەك ڕووخسـاری هێنـدەجوان نـەبوو تـەنیا چـاوەکانی دڵـڕفێن بوون.چاوەگچکەو کاڵەکانی،هەموانی گیرۆدەی خۆیدەکرد.نیگا قووڵ و بێباکەکانی تا ڕادەیەك خەمگین و تێڕامان بوون.نیگاکانی سیحراوی بوون.کە دەربـارەی بابـەتێکی بـێ مانـاو پـووچ قسەیدەکرد چـاوەکانی تیشـکێکی سەرنجڕاکێشـیان هـەبوو.پاڤێل پترۆڤـیچ بـۆ یەکـەمجار لـە میوانییەك دیتی و گەڕێك سەمای مازوورکـای لەگەڵـدا کردبـوو لەگـەڵ ئـەوەی لـە تـەواوی سەماکردنەکەدا جگە لەقسەی حەللەق مەللەق هیچی دیکەی لێنەبیستبوو،سەرەڕای ئەوانـەو لەهەمان کاتدا،زۆرسەیر گیرۆدەی بوو، بەو بڕوایەی کەبەخۆی بوو هەرزۆر زوو توانی بە ئامانج بگا.بەڵام زووڕامبوونی یار ئاگری دڵی ئەوی خامۆش نەکرد بە پێچەوانە بڵێسەی ئەو عەشـقە زیاتر کڵپـەی سـەند.لەگەڵ خـۆ بەدەسـتەوەدانی ئەوژنـەش وەك پارچـەیەك لـە لەشـی خـۆی پاکوبێگەرد ڕایگرتبوو.لە دەروونی ئەو ئافرەتەدا چ ڕازێـك حەشـاردرابوو،خوادەزانێ.دەتگوت هێزێکی نادیار ئەوی ئەسیری خۆیکردووە کە تەنانەت خۆیشی شـتێکی وای دەربـارەی هێـزی ئەوسڕە نەدەزانی.تەواوی هەڵسووکەوتی سەیر دەهاتە بەرچاو.

تەنیا شتێك کە گومانی لای مێردەکەی پەیداکردبوو ئەو نامە نهێنیانەبوون کە شازادەخانم بۆ کەسێکی نادیاری دەنووسین.کەسێکی نادیار کـە خۆیشـی نەیدەناسی.عەشـقی ئـەو پڕبـوو لەخەم.لەگەڵ ئەوکەسە جۆرێکی دیکەبوو نەلەگەڵی پێدەکەنی و نە سووحبەتی لەگـەڵ دەکـرد تەنیا بە سووکایەتییەوە گوێی لێدەگرت و لـەو کاتانـەدا قیافـەی دڕندانـەی دەنواند،دەچـووە ژوورەکەی خۆی دەرگای دادەخسـت و ئەگەرخزمەتکارەکـەی گـوێی بـەدەرگاوەنابا،دەیتوانی

دەنگی هەنیسکی ببیستێ.چەندین جارو بەردەوام،هەرکاتێك کیرسانۆف دەگەڕایەوەماڵێ،لە دەروونی خۆیدا هەستی بە تاڵییەکی لە ڕادەبەدەر دەکرد کە تەنیا دوای شکانە حەتمییەکان لەمرۆڤدا دەردەکەون.لەخۆیدەپرسی:بۆ مەگەر چیم دەویست کە پێی نەگەیشتووم،کە هەستێکی ئاوا لەوشێوەیەم هەیە؟بەلاّم نەیدەتوانی خۆی ڕازیبکا.

ڕۆژێك ئەنگوستیلەیەکی جوان کە سەری(ئیسفەنکس)ی لە سەر هەڵکەندرابوو بە دیاری دای بە شازادەخانم.شازادەپرسی:

- ئەوە چییە؟ئیسفەنکسە؟[1]

- بەڵێ،ئەو ئیسفەنکسە تۆی.

شازادە بە هێمنی سەیرێکی کردو گوتی:

- من؟

پاشان بەهەمان نیگای سەیرو بزەیەکی تەوساوییەوە گوتی:

- تۆ زیادەڕۆیی دەکەی.

هەرکاتێك شازادەخانم هۆگری خۆی پێدەبەخشی واش پاڤێل پترۆڤیچ هەستی بەنیگەرانی و عەزابی رووحی دەکرد.پاش ماوەیەکی کەم،شازادەخانم بەرامبەری ساردبوو ئەو بابەتەش کاری پاڤێل پترۆڤیچی گەیاندە ڕادەی شێت بوون.خۆی ئازاردەدا،زۆر ئیرەیی پێوەدەبرد.بۆ هەمووشوێنێك بەدوایەوە بوو بۆ ساتێکیش جێی نەدەهێشت.سەرەنجام شازادە لەدەستانی وەزاڵەهات و بڕیاریدا بۆ دەرەوەی ولاّت سەفەربکات.کیرسانۆف سەرەڕای ئەوەی هاوڕێ و گەورەکانی هەوڵیاندا لە بڕیارەکەی ژەوانی بکەنەوە،دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و وەدوای دڵدارەکەی کەوت.چوارساڵی ڕەبەق لەولاّتی بێگانانداژیا.هەندێجار وەکوسێبەر بەدوایەوەبوو هەندێجاریش ونیدەکرد.لەو هەڵسووکەوتەی خۆی بێزاربوو...بەلاّم هیچ شتێك نەیدەتوانی لەو داوەی کە تێیکەوتبوو ڕزگاریبکا.

هیچ شتێك نەیدەتوانی ڕووخساری لەبەردلاّن و لە هەمانکاتدا شاردراوەی ئەوژنەی لەبیر بەرێتەوە.سەرەنجام لە شاری (بادن) دووبارە لە خۆشەویستەکەی نزیککەوتەوەو وەکو دەڵێن شازادەخانم هیچ کاتێك ئەوی هێندە خۆشنەویستووە....بەلاّم دوای مانگێك تەواوی ئاگری سۆزو خۆشەویستی شازادەخانم کوژایەوە.پاڤێل پترۆڤیچ کە هەستی بەبێوەفایی یارەکەی

١- گیاندارێکی ئەفساتەییە کە لە ئەفسانەکانی یۆنان و میسردا باسی کراوە.

کردبوو هەولێدا لانیکەم هاوڕێیەکی باشبێ بۆی.بێئاگا لەوەی کە هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکی وادا بێسوودە... شازادەخانم بەشێوەیەکی کتوپڕ شاری بادنی جێهێشت و دوای ئەوە بەردەوام لەدەست کیرسانۆف ڕایدەکرد.

پاڤێڵ پترۆڤیچ گەڕایەوە ڕووسیاو هەولێدا ژیانی ڕابردوو لەبیر بەرێتەوە بەلاّم لەوکارەیدا سەرکەوتوونەبوو.وەك شێتان سەری بە هەمووجێگایەکدا دەکرد.بەردەوام سەفەری دەکرد هەولێدەدا تا، داب ونەریتی ئاغاواتییەك بەکاربێنێ.دەیتوانی بەدووسێ سەرکەوتنی سنوورداری خۆی بنازێ بەلاّم ئیدی نەلەخۆی و نەلە هیچ کەسێکیش داواو چاوەڕوانی نەبوو.

بە تێپەڕینی ڕۆژگارو سپی بوونی قژی،پیری دەرکەوت.شەوانە لەیانەکان لەگەڵ ڕەبەنەکان دادەنیشت (کە دیارە چەندەکارێکی خراپە) گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ ئەوانە ببووە پیشەی هەمیشەیی.دیاربوو بەهیچ شێوەیەك بیرلە ژنهێنان ناکاتەوە.دەساڵی بەوشێوەیە بردەسەر.دەسالێك کەبە چاوقووچانێك دەچوو.لە هیچ کوێی دنیادا کات زووتر لەڕووسیا تێناپەڕێ،ئەگەرچی واباوە کە تێپەڕینی کات لەزیندانەدا خێراترە.ڕۆژێك لە یانەیەکدا لە سەرمێزی نانخواردنی نیوەڕۆ هەواڵی مەرگی شازادە خانمی بیست.لەسەر مێزەکە هەستاو ماوەیەك لە هەمان ژووردا هات و چوو پاشان لەپێش کۆمەڵێك ڕاوەستا کە خەریکی یاری وەرەق بوون.دەتگوت وشکبووە.تا ئەوکاتەی یاری بەردەوام بوو،لە هەمان جێگا ڕاوەستاو نەجوولاّ،پاشان کەمێك درەنگتر لەوادەی خۆی گەڕایەوە ماڵێ.دوای چەند ڕۆژێك زەرفێکی بە دەست گەیشت کە لەناویدا ئەنگوستیلەیەکی بینی هەمان ئەنگوستیلەبوو کە بە دیاری دابوویە شازادەخانم.شازادەخانم لەسەر ئیسفەنسەکە وێنەی خاچێکی کێشابوو ویستبووی بە پاڤێڵ پترۆڤیچ بڵێ کە ڕازی ئیسفەنسەکە،خاچە.ئەو ڕووداوە دەگەڕێتەوە بۆساڵی١٨٤٨یانی هەمان ساڵی کە نیکۆلاّی پترۆڤیچ هاوسەرەکەی لەدەستدابوو و گەڕابووەوە بۆ پترۆسبۆرگ.

پاڤێڵ پترۆڤیچ ئەوکاتی براکەی گەڕابۆوە بۆگوند،نەیدیتبوو.زەماوەندی نیکۆلاّش لە زەمانێکدابوو کە ئەو ڕۆژانەی ئاشنابوونی لەگەڵ شازادەخانمدا تێدەپەڕاند.پاڤێڵ پترۆڤیچ چووەلای براکەی تا دوومانگێك میوانی بێت،بەلاّم لە هەفتەیەك زیاتر نەیتوانی لەلای وەمێنێ.هەمووشتێکی ئەودوو برایە لەیەك جیاوازبوون.

بەلاّم لەساڵی١٨٤٨ئەو نێوانە ڕووی لەکەمی کرد.نیکۆلاّی پترۆڤیچ هاوسەرو شەریکی ژیانی خۆی و پاڤێڵ پترۆڤیچیش بیرەوەری شیرینی ڕابروویان لەدەستدابوو.پاڤێڵ پترۆڤیچ

هەوڵیدەدا بیرلەشازادە خانم نەکاتەوەو نیکۆلای پترۆڤیچیش سەرەڕای ئەو هەموو خەم وئەندێشەیە زۆردڵخۆشبوو.پێیوابوو ژیانێکی خۆشی هەبووەو کوڕەکەشی ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبێ.لە کاتێکدا پاڤێل ڕێك بە پێچەوانەی ئەو،تەنیاو بێکەس پێیدەنایە دەورانی تاریکی ژیانی خۆی.ئەو دەورانە بۆ پاڤێل پترۆڤیچ لە وانیدیکە سەختتربوو چوونکە ئەو بە لەدەستدانی ڕابردووی،هەمووشتێکی خۆی لەدەستدابوو.ڕۆژێك نیکۆلای پترۆڤیچ بە براکەی گوت:

- من ئێستا بۆ مارینۆ بانگهێشتت ناکەم (ئەو بەیادی هاوسەرەکەی مارینا،ناوی گوندەکەی نابوو مارینۆ.) چوونکە لەسەردەمی ژیانی هاوسەرەکەمدا لەوێ بێتاقەت دەبووی بەلاّم ئەگەر ئێستا بێیەوێ شێت دەبی.پاڤێل پترۆڤیچ بە هێمنی وەلاّمی دایەوە:

- ئەوکات گەنجێکی سەرکێش بووم و لەو کاتیشەوە تا ئێستا ئەگەر ژیرتر نەبووبم لانیکەم هێمنترم.ئەگەر ئیزن بدەن دەمەوێ بۆ هەمیشە لە ماڵەکەی تۆدا بمێنەوە.

لەجیاتی وەلاّم،نیکۆلای پترۆڤیچ براکەی لەباوەشگرت.بەوشێوەیە ساڵ ونیوێکی پێچوو تا پاڤێل پترۆڤیچ بڕیارەکەی خۆی گەیاندەسەر.بەلاّم کاتێك لە گوند گیرسایەوە هیچ کات ئەوێی جێنەهێشت.تەنانەت ئەوسێ زستانەش کە نیکۆلای پترۆڤیچ لە پترۆسبۆرگ لەلای کوڕەکەی بوو،ئەو لەجێگای خۆی نەبزووت.بەردەوام خۆی بەخوێندنەوەی کتێبی ئینگلیزیەوە خەریکدەکردو هەوڵیدەدا تا لەژیانیدا پەیڕەوی دابو ڕەسمی ئینگلیزەکان بکات.

کەمتر سەری لە دراوسێکان دەدا تەنیا هەندێجار بۆ کاتی هەڵبژاردن لەماڵ دەهاتەدەر.لەکاتی هەڵبژاردندا بێدەنگ ڕادەوەستا.هەندێ کاتیش ئاغاپیرەکانی بەکردارەسەیرەکانی خۆی نیگەراندەکردو ئەوانی دووچاری سەرسامی دەکرد.لەگەڵ نوێنەرە گەنجەکاندا هیچ چەشنە تێکەلاّویەکی نەبوو.هەم وەچەی کۆن وهەمیش وەچەی نوێ خۆشیان نەدەویست و لەهەمان کاتیشدا بە خاتری ڕەفتاری ئەشرافیانەی و پۆشینی جل وبەرگی جوان و نانخواردنی لە باشترین چێشتخانەکانداو بەیادی ئەوینەکەی و لێهاتوویی لە قووماری(ویست)دا پێیان هەڵدەگوت،هەرچەندە زۆربەی جارەکانیش دەدۆڕا.هەتا دەنگۆهەبوو کە لەماڵی لووئی فلیپ لەگەڵ ولینگتۆن نانیخواردووە.ژنان چەشنەخەمێکی سەرنجڕاکێشیان تێدابەدی دەکرد،بەلاّم ئەوگوێی نەدەدانێ.

* * *

ئارکادی لەکۆتایی چیرۆکی ژیانی مامیدا گوتی:

- یۆگینی،قبوولّتە کـە دەربـارەی مـامم بەویژدانـەوە داوەریـت نـەکرد؟من هێشـتا پـێم نەگوتووی کەئەو چۆن وچەندین جار سەروەت وسامانی خۆی خستۆتە بەردەستی بابم تانـەجاتی بدات...تەنانەت ناشزانی کەئەو دووبرایە هێشتا میراتیان بەشنەکردووە.مامم لەیارمەتیـدانی خەڵکی دریغی ناکا هەتا ڕەعیەتەکانیش،ئەگەرچی لە کاتی قسەکردن لەگەڵیانـدا ناوچـەوانی تێکدەنێو بۆنی ئۆدکلۆن لە خۆیدەدا...

بازارۆف هاتەناو قسەکانی هاوڕێکەیەوەو گوتی:

- هەڵبەتە ئەوکارانە دەکات چوونکە مێشکێکی ئاڵۆزی هەیە.

- ڕەنگە قسەی تۆبێ.بەلاّم بەڕاستی مرۆڤێکی دڵپاکە.بنیادەمێکی بەئەزموونـەو نـازانی دەتوانێ چ ڕاسپاردەوپێشنیارێکی باش بکات.بەتایبەتیش دەربارەی ئافرەتان...

- ڕاستە،ئەو کەسێکی کامڵەو هەوڵدەدات خەڵکانی دیکـە لـە سـووتانی ژنانـدا وەئاگـا بێنێتەوە.

- بەهەرحاڵ،باوەڕبکە کەسێکی بەدبەختەو ڕق لێبوونەوەی بەڕاستی گوناهە.

بازارۆف ناڕازیبوو:

- کەس ڕقی لێنابێتەوە.من تەنیا دەڵێم مرۆڤێك کە تەواوی تەمـەنی بـەدوای عەشـقێنی لەگەڵ ژنێکدا بەسەربردبێ و چوونکە نەتوانێ درێژەی پێبدا،خۆی بەبێچـارە بزانـێ ئەومرۆڤـە پیاو نییەو تەنیا دەکرێ لە ڕیزبەندی گیانلەبەرە نێرینەکان بژمێردرێ.تۆپێتوایە ئەو مرۆڤێکـی بەدبەختە،ڕەنگەحەقت بێ.بەلاّم هێشتاش هەندێك تایبەتمەنـدی خراپـی لـە ناخداهەن.بـەهۆی ئەوەی کە گۆڤاری زانستی دەخوێنێتەوەو هـەرمانگی جاێـك جووتیارێـك لـە شـەللاق لێـدان دەبەخشێ،خۆی بەگەورە دەزانێ.

- بەلاّم دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگری ئەو لە چ دەورانێکدا پەروەردە کراوە.

- پەروەردە!...هەرکـەس پێویسـتە مامۆسـتای خـۆی بێـت.بۆ مەگـەرمن چـۆن خـۆم دروســـتکرد؟...ئەوانیدیکەش دەتـــوانن و پێویســـتە ئەوکارەبکەن.بـــەلاّم بەنســـبەت زەمەنەوە،بۆدەبێ گرفتار و ئەسیری زەمەن بین؟ واباشترە زەمەن بەئارەزووی ئێمە بسووڕێ نەك ئەوەی ئێمە بە ئارەزووی ئەو .نا هاوڕێ ئەوانە هەمووشـتێك نـین بێجگـە لـە فەسـادو هـیچ وپووچی.دەربارەی پەیوەندی نێوان پیاوو ژنـیش کەباسـیدەکەی،ئێمە باشـتر دەزانـین کـە ئـەو

پەیوەندییە چ جۆرە پەیوەندییەکە.تۆ پێکهاتەی چاو لەبەرچاوبگرە،لەکوێ دەتـوانی لـەو نیگـا سیحراویانە ئەسەرێك وەبینی.بابڕۆین سەرێك لە قالۆچەکانی خۆمان بدەین.

دووهاوڕێ بەرەو ژووری بازارۆف وەڕێکەوتن.

ژوورێك کە تێیدا بۆنی دەرمانی پزیشکی و تووتنی هەرزان بەهای لێدەهات.

(٨)

پاڤێڵ پترۆڤیچ ماوەیەك بێدەنگ ڕاوەستاو گوێی لە براکەی دەگرت کە لەگەڵ سەرکارەکەی دەدوا.سەرکارەکەی پیاوێکی باڵابەرزی داڵەگۆشت بوو کە دەنگێکی شیرین وچاوێکی فێلاوی هەبوون و بە وشەگەلی وەکوو(بەڵێ قوربان) (فەرماندەکەی قوربان) (ئاشکرایە قوربان) وەڵامی دەدایەوە.هەوڵیدەدا تا ڕەعیەتەکان بە دزوو ئارەق خۆر لەقەڵەم بداو هەموو خەتاکان بخاتە ئەستۆی ئەوان.کاری کشتووکاڵی کە ماوەیەکبوو بەشێوازی نوێ کەوتبووەگەڕ وەکوو چەرخێك دەچوو کە باش چەورنەکرابێ، یان وەك قەنەفەیەك کەلە داری تەڕ درووستکرابێ باش نەدەچووەپێش.

نیکۆلای پترۆڤیچ هەستی بەنیگەرانیدەکردو خەمی دەخوردو ئاخی هەڵدەکێشاو لە گژفکران رادەچوو.هەستیدەکرد ژیانی بەبێ پارە ناڕواتەپێش وپاشەکەتەکەشی بەرەو تەواوبوون بوو.ئارکادی ڕاستیدەکرد کە پاڤێڵ پترۆڤیچ چەندین جار بە پارەکانی یارمەتی براکەی داوە.چەندین جار کاتێك نیکۆلای پترۆڤیچ لە سەروکەللەی خۆیدەدا تا ڕێگاچارەیەك وەبینێ،پاڤێڵ پترۆڤیچ دەهاتە بەرپەنجەرەو بەزمانی فەرەنسی پێیدەگوت: من دەتوانم قەرزت لەگەڵدابکەم.پارەی دەدایە.بەڵام ئەمڕۆ ئەویش هیچی بە بەرەوە نەمابوو هەرلەبەر ئەوەشبوو هەوڵیدەدا تا لەو بارەیەوە خۆ تێهەڵنەقورتێنێ.کێشەی زەویوزار هەمیشەماندووی دەکرد پێیوابوو کە نیکۆلای پترۆڤیچش بە باشی ناتوانێ ئەوکارە ڕاپەڕێنێ.بەڵام ئەگەر لێیان پرسیبا نیکۆلای پترۆڤیچ لەکوێدا بەهەڵە چووە،وەڵامێکی نەبوو بیداتەوە لەبەر خۆیەوە بیریدەکردەوە کە:

- کاکم هێندە لە کارەکاندا شارەزانییە...فێڵی لێدەکەن.

بەڵام نیکۆلای پترۆڤیچ ڕێك بە پێچەوانەی براکەی پێیوابوو کە پاڤێڵ پترۆڤیچ مرۆڤێکی زیرەك و شارەزایەو لە تەواوی کارەکانیدا پرس و ڕاوێژی پێدەکردو دەیگوت:

- من بنیادەمێکی لاوازم کە زۆربەی تەمەنم لە دێداگوزەراندووە لە کاتێکدا تۆ لەگەڵ خەڵکدا ژیاوی و ئەوان باشدەناسی.تۆ وەك هەڵۆیەکی چاوتیژوای.

پاڤێلێ پترۆڤیچ لەبەرامبەر قسەکانی براکەیدا تەنیا سەری وەردەگێڕاو هەوڵینەدەدا بیروڕای بگۆڕێ.

پاڤێلێ پترۆڤیچ دوای ئەوەی لە ژوورەکەی نیکۆلای پترۆڤیچ چووەدەر،لە ڕاڕەوەکە، کە هەیوانەکەی لە پاشخانەکە جیادەکردەوە دەڕۆیشت و کاتێك گەیشتە بەردەم دەرگایەکی بچووك ڕاوەستاو لەفکرەوەچوو.پاشان دەستی بەسمێڵەکانیدا هێناو لە دەرگایدا.

دەنگی فنیچکا لەودیو دەرگاکەوە بیسترا:

- کێیە؟ فەرموو وەرە ژوورێ.

پاڤێلێ پترۆڤیچ گوتی:

- منم.

دەرگاکە کرایەوە.فنیچکا کە لەسەر کورسییەك دانیشتبوو منداڵەکەی بە باوەشەوەبوو لە جێگاکەی هەستا.منداڵەکەی دایەدستی قەرەواشەکەو قژەکانی خۆی ڕێککرد.

پاڤێلێ پترۆڤیچ بێئەوەی تەماشای بکا گوتی:

- لەوەی کاتم گرتووی دەمبووری.بیستوومە قەرارە کەسێك بچێتەشار.تکادەکەم بفەرموون هەندێك چای سەوزم بۆ بکڕن.

- لە خزمەتدام.بفەرموون چەندی بکڕن؟

- پێموایە نیوکیلۆ بەسە.

چاوێکی بەدەوروبەردا گێڕاو دواتر بەرەولای فنیچکا گەڕایەوەو گوتی:

- دەڵێی ئێرەگۆڕانی بەرسەرداهاتووە.

کاتێك زانی فنیچکا لەمەبەستەکەی نە گەیشتووە،گوتی:

- پەردەکان دەڵێم.

- بەڵێ،ڕاستە،مەبەستی جەنابت پەردەکانن.ئەوانە نیکۆلای پترۆڤیچ کڕیونی.ماوەیەکە هەڵمواسیون.

- بەڵێ،ماوەیەکیشە من نەهاتوومە ئێرە.لێرەڕازی؟

- لە سۆزی نیکۆلای پترۆڤیچەوە،خراپ نییە.

پاڤێلێ پترۆڤیچ بەڕێزەوەو بێ پێکەنین پرسی:

- ئێرەت باشترە یان ئەوجێگایەی کە پێشتر لێیدەژیای؟

- بێگومان،ئێرە.

- ئێستا کێ لەوێ دەژی.

- جل شۆرەکان.

- ئاوا.

پاڤێل پترۆڤیچ بێدەنگ بوو،فنیچکا لەو بیرەدابوو کە هەر ئێستا دەڕوات بەلاّم پاڤێل پترۆڤیچ نەڕۆیشت و فنیچکا لەشوێنی خۆی وەستابوو یاری بەپەنجەکانیدەکرد.

پاڤێل پترۆڤیچ دووبارەپرسی:

- بۆ منداڵەکەت دانێ بیبەن.من منداڵم خۆشدەوێن.ئیزن دەدەن بیبینم.

فنیچکا لەخۆشیان و لەشەرمان سوورهەڵگەڕا.ئەو لە پاڤێل پترۆڤیچ دەترسا،بۆیە کەمترقسەیدەکرد.

- دوونیا،میتیای بێنە(فنیچکا هەموانی،بەئێوە ناودێنا)...نا پەلەی مەکە با جلوبەرگی لەبەربکەم.

هەرلەوکاتەدا چووە دەرەوە.

-پێویست ناکا تۆبڕۆی.پێویست ناکا منداڵەکە بگۆڕی.

فنیچکا بەپەلە چووە دەرەوەوگوتی:

- هەرئێستا دەگەڕێمەوە.

پاڤێل پترۆڤیچ بەتەنیا مایەوەو ئەوجار بەدیقەتەوە لە دەورووبەرەکەوە ڕاما.ژوورەکە بچووك وخاوێن بوو،بۆنی گوڵە بابوونەی لێدەهات.دەوران دەوری ژوورەکە بەکورسی گیرابوو کە پشتە کەیان بەشێوەی کەوانەیی دروستکرابوون.ئەو کورسیانە مەرحومی ژەنەراڵ لە کاتی هێرشەکەی سەرپۆڵۆنیا لەوێی هێنابوون.لە سووچێکی ژوورەکە سندووقێکی ئاسنی سەرئاوالاّی لێبوو تەختەیەکی بچووك کە ڕووپۆشێکی حەریریان بەسەر هەڵکێشابوو لە سووچێکی تر دانرابوو.لەبەردەم وێنەی نیکۆلاّی بۆ چاوەزار هێلکەمریشکێکی ڕەنگ کراوی پێداهەڵواسرابوو،مۆمێکیش دەسووتا.

لەسەر پەنجەرەکان مرەبای ساڵی پار بەشێوەیەکی ڕێکوپێك هەڵچنرابوون کە تیشکێکی سەوزیان تێدا دەبینرا.لەسەر شووشەکان فنیچکا بەخەتی خۆی و بەئیملایەکی هەڵە نووسیبووی:هەنگوینی فەرەنگی.نیکۆلاّی پترۆڤیچ زۆری حەز لەومرەبایەبوو.قەفەسێك بە

پەتێکی درێژەوە هەڵواسرابوو کە(سەیرەباڵسوورەیەك)ی بچوك لەناویدابوو دەیخوێندو هەڵبەزو دابەزی دەکردو قەفەسەکەی دەجولاند.لەمابەینی نێوان پەنجەرەکاندا،لەسەروی دۆلابەکە چەند وێنەیەکی نیکۆلای پترۆڤیچ دەبینران ئەو وێنانە وێنەگرێکی گەڕۆك کێشابوونی.وێنەیەکی فنیچکاش لەوێ دەبینرا کە ئەویش زۆرخراپ کێشرابوو.لە سەرووی ئەو وێنەیەشەوە وێنەیەکی ژەنەراڵ یەرمۆلۆف دەبینرا کە پاڵتۆیەکی بە شانیدا دابوو،نیگا تووڕییەکەی لە کێوەکانی قەفقازوە بڕیبوو.لە سەرووی وێنەی ژەنەراڵ پێلاوێکی بچووکی ئاوریشمی هەڵواسرابوو کە فنیچکا وەکو دەرزیدان کەڵکی لێوەردەگرت.پێلاوەکە وێنەی ژەنەراڵ یەرمۆلۆفی داپۆشیبوو.

دوای تێپەڕینی پێنج شەش دەقیقە،دەنگی خشەخشی جلوبەرگ و دوای ئەویش ورتەورتێك هات.پاڤێل پترۆڤیچ لەسەر دۆلابچەکە کتێبێکی تۆزاوی و بەرگدڕاوی دەستدایە.کتێبەکە لە کتێبەچەند بەرگیەکانی(نیشانە شکێنەکانی مالسکی)بوو.پاڤێل پترۆڤیچ کتێبەکەی هەڵدایەوە....دەرگا کرایەوەو فنیچکا وەژوورکەوت.منداڵەکەی بە باوەشەوەبوو.منداڵە کراسێکی سووری یەخەگوڵوزی کراوی لەبەردابوو.منداڵەکە پرچی داهێنرابوو،ڕووخساری خاوێن و هەناسەکانی قوورسبوون.بەشێوەیەك هەرکاتێك هەناسەی دەدا لەشیدەجولا،وەك تەواوی منداڵە ساغەکان،ئەویش ئارام وقەراری نەبوو بەردەوام دەست وپێی ڕادەوەشاند.جلوبەرگی جوان ونوێ دەوری خۆیان هەبوو،لەبەرئەوەی منداڵەکە لەوەی کەهەبوو جوانتر دەهاتەبەرچاو.فنیچکا لەگەڵ ئەوەی پێویستی بەوەنەبوو،پرچی شانەکردبوو دەسماڵێکی نوێی بەسەری خۆیدا دابوو.ئەرێ دەکرێ لە دنیادا شتێکی جوانتر لەو دایکە ببینی کە منداڵێکی لەش ساغی لەباوەشدایە.؟

پاڤێل پترۆڤیچ بەپەنجەی دۆشاومژە،گەرووی منداڵەکەی ختووکە داو گوتی:

- ئەی،خەپەتۆڵە.

منداڵەکە چاوێکی لە باڵندەکەکردوو پێکەنی.

- ئەوە مامەگیانە.

لەوکاتەدا دوونیا مۆمێکی داگیرساندبوو لەپەنا پەنجەرەکەی داناو بۆئەوەی بەرنەبێتەوە شتێکی لەژێردانا.

پاڤێل پترۆڤیچ پرسی:

- چەند مانگەیە.

- شەش مانگە.یازدەڕۆژی دیکە دەبێتە حەوت مانگ.
دوونیا بێئەوەی هەست بەشەرم بکا هاتەناو قسەکانیانەوەو گوتی:
- خانم،وەك ئەوەی دەبێتە هەشت مانگە.
- نەخێر،حەوت مانگە.
منداڵە دووبارە پێکەنی و ئەوجار سەیری سندووقەکەیکرد پاشان بەهەر پێنج پەنجەکانی چنگی لە دەمولێوی دایکی گیرکرد.فنیچکا بێئەوەی ڕووی وەرگێڕێ گوتی:
- ئەی شەیتان.!
- زۆر وەك کاکم دەچێ.
فنیچکا لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:
- ئەدی دەبێ وەك کێی دیکەبچێ.
پاڤێڵ پترۆڤیچ وەك ئەوەی لەگەڵ خۆی بدوێ:
- بەڵێ،زۆر وەویدەچێ.
پاشان بەنیگایەکی خەمگینانە سەیری فنیچکایکرد.فنیچکا دووبارە ورتەورتی دەکرد:
- ئەوەمامە گیانە.
دەنگی نیکۆلای پترۆڤیچ دەهات:
- پاڤێڵ.تۆلێرەی؟
پاڤێڵ پترۆڤیچ بەپەلە گەڕایەوەو نێوچەوانی تێکنا بەڵام ڕووخسای براکەی هێندە درەوشاوەبوو کە ئەویش ناچاربوو خەندەیەك بکاو لەگەڵ تەماشاکردنی کاتژمێرەکەی دەستی گوتی:
- منداڵێکی زۆرباشت هەیە...بۆ ڕاسپاردنی چای سەوز هاتبوومە ئێرە.
دەست بەجێ چووەدەر.نیکۆلای پترۆڤیچ لە فنیچکای پرسی:
- بۆخۆی هاتبوو یان بانگت کردبوو.
- بۆخۆی هات.لە دەرگایداو هاتەژوور.
- زۆر باشە.بزانم ئارکادی نەهاتۆتەوەئێرە.
- نەخێر...نیکۆلای پترۆڤیچ ئایا باشترنییە من بچمەوە جێی پێشووم.
- بۆچی؟

- ڕەنگە ئەویٚ باشتربیٚ ئەوچەند ڕۆژەش هەرلەویٚبم.

نیکۆلاٚی پترۆڤیچ دەستیٚکی بەناوچەوانیدا هیٚناو ماوەیەك لەگژفکران ڕاچوو:

- ن...نا...دەبیٚ پیٚشتر...

لەناکاو بەخۆشحالٚییەوە بەرەو لای مندالٚەکەی ڕۆیشت.ماچیکردو گوتی:

- سەلام خرتۆلٚە.

دواتر کەمیٚك داهاتەوەو دەستەکانی فنیچکای ماچ کرد،کە لەسەر کراسەسوورەکەی میتیا وەك شیر سپی دەچوون.

فنیچکا بەشەرمەوە گوتی:

- نیکۆلاٚی پترۆڤیچ چیدەکەی؟

پاشان نیگاکانی شۆڕکردنەوە.کاتیٚك سەری بەرزکردەوە چاوەکانی هەروا جوان و سەرنجڕاکیٚشی تایبەتی خۆیان هەبوو.

* * *

داستانی ئاشنایی نیکۆلاٚی پترۆڤیچ و فنیچکا بەوشیٚوەیە.

سیٚ سالٚ لەمەوبەر،ڕۆژیٚك نیکۆلاٚی پترۆڤیچ بە ناچاری شەویٚك لە میوانخانەی شاریٚکی بچووك ڕۆژی کردەوە.لە پاکوخاویٚنی ژوورەکەو ئەو نویٚنو بانەی کە دابوویانیٚ سەری سووڕمابوو لەبەرخۆیەوە گوتبووی کە خاوەنی میوانخانە حەتمەن دەبیٚ ژنیٚکی ئەلٚمانی بیٚ،بەلاٚم بەپیٚچەوانەی ئەوەی کەپیٚیوابوو،خاوەنەکەی ژنیٚکی پەنجاسالٚەی خەلٚکی ولاٚتەکەی خۆی بوو کە زۆر پاکوخاویٚن جلی دەپۆشیو خاوەن بیریٚکی باش و هەلٚسوکەوتیٚکی سەنگین بوو.نیکۆلاٚی پترۆڤیچ لە کاتی چای خواردنەوەدا باسەکەی لەگەلٚ کردەوەو دلٚی گرتی.بەڕیٚکەوت ئەو ڕۆژە ڕیٚك ئەو ڕۆژەبوو کە نیکۆلاٚی پترۆڤیچ کەلوپەلی بۆ ژوورەکەی دەگواستەوەو حەزیشی نەدەکرد کەس لەخزمەتکارەکۆنەکانی لەلای خۆی بگیٚڕیٚتەوە،بڕیاریدابوو کەسیٚکی تازە دامەزریٚنیٚ.لەلایەکی دیکەشەوە خاوەن میوانخانەکەش گلەیی لە بیٚ مشتەری و کزی کارەکەی هەبوو، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە نیکۆلاٚی پترۆڤیچ پیٚشنیار بەژنەبکا بۆ بەڕیٚوەبردنی مالٚەکەی،ژنەش ئەو پیٚشنیارەی پەسەندکرد چوونکە ماوەیەك بوومیٚردەکەی مردبوو تەنیا یادگاری کچیٚك بوو ئەویش فنیچکابوو.

دوای سێ هەفتە،خانمی پەنجاوچوارساڵە،ئارینا ساڤیشنا لەگەڵ کچەکەی گواستیانەوە بۆ مارینۆ.نیکۆلای پترۆڤیچ هەڵبژاردنێکی باش و بەجێیکردبوو.ئارینا ماڵەکەی بەڕێوەدەبردو کیژەحەڤدە ساڵەکەشی کەمتر دەهاتەبەرچاو و هیچ کات باسینەدەکرا.کیژە ژیانێکی سادەوئارامی هەبوو.تەنیا هەندێجارو ڕۆژانی یەکشەممە نیکۆلای پترۆڤیچ کاتی دووعاکردن لە کلیسا بە تیلەی چاو دەیبینی کەجوان ولەبارە.ساڵێك بەوشێوەیە تێپەڕی.ڕۆژێك بەیانییەکەی ئارینا هاتەژووری نیکۆلای پترۆڤیچ دوای سلاوکردن داوای لێکرد یارمەتی کچەکەی بدات.کە لەگەڵ هەڵکردنی سۆپادا زیلکی ئاگر کەوتبووە چاوی فنیچکاوە.نیکۆلای پترۆڤیچیش وەك تێکڕای ئاغاکان خۆی ئەرکی چارەسەرکردنی خزمەتکارو ڕەعیەتەکانی لە ئەستۆ دەگرت،هەربۆیە داوودەرمانی تایبەتی لەماڵێ هەڵدەگرت. فەرمانیدا هەرچی زووترە کیژەی ئامادەبکەن.فنیچکا لە ئامادەبوونی بەرامبەر ئاغاکەی ترسا بەلام بەناچاری لەگەڵ دایکی ڕۆیشت.نیکۆلای پترۆڤیچ بردیە بەردەم پەنجەرەکە،سەری بەرز کردەوەو لەناو دەستی خۆیگرتن دوای تەماشاکردنی چاوەسوورو ئاوساوەکەی فەرمانیدا مەڵحەمێك ئامادەبکەن.دەستبەجێ بۆخۆی خەریکی دروستکردنی بوو.دوای دروستکردنی مەڵحەمەکە دەستەکانی خاوێنکردنەوەو شێوازی دەمانکردنی چاویشی فێرکرد.فنیچکا فەرمانەکانی نیکۆلای پترۆڤیچی بە سەرنجەوە گوێ لێگرت ویستی لەژوورەکە بچێتەدەر کە دایکی پێیگوت:

- دەستی ئاغات ماچکە،گێلە.

نیکۆلای پترۆڤیچ ڕێگای پێنەدا ئەو کارەبکاو لەبەرامبەردا کە کیژە سەی بەردابۆوە،سەری ماچکرد.زۆرزوو چاوی فنیچکا چاکبووەوە بەلام یادی ئەوڕۆژە تا درەنگ مێشکی ئاغاکەی بەخۆیەوە خەیککرد.ڕووخساری ناسك و سپی فنیچکا بەردەوام لەیادی نیکۆلایدا مایەوە.قژەخاوەکەی لەناو دەستانیدا هەستپێدەکردو ددانەکانی کەلەژێر تیشکی خۆردا وەکومرواری دەدرەوشانەوە هیچ کات لەبەر چاوی لانەدەچوو.لەوە بەدواوە،نیکۆلای پترۆڤیچ لە کلیسا کەمتر چاوی لەسەر هەڵدەگرت و هەوڵیدەدا سەری قسەی لەگەڵبکاتەوە.

سەرەتا فنیچکا لێیدەترساو تەنانەت ڕۆژێك نزیکی خۆرئاوابوون لە ڕێگایەکی تەنگەبەردا لەگەڵ نیکۆلای پترۆڤیچ تێکهەڵنگوت و بۆئەوەی ئاغا نەیبینێ،لە پشت گوڵەشینەکان و گژوگیادا خۆی حەشاردا.کیرسانۆف کەسەری ئەوی لەودیو هێشوە زەردەکانەوە دیتبوو بەدەنگێکی دڵگیرەوە گوتی:

- سلاّوفنیچکا،مەترسیّ ناتگەزم؟

فنیچکا بێئەوەی لەجێگای خۆی بجولّیّ بەهێمنی وەلاّمی سلاّوی دایەوە.

بەرەبەرە کیژە خووی بە نیکۆلاّی پترۆڤیچەوە دەگرت بەلاّم لە ئامادەبوون لـە بەرامبەریـدا دەترسا تا ئەوەی کە ئارینا بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی کۆلێرا گیـانی لەدەسـتداو کیـژەی لەودنیایە بەتەنیّ جێهێشت.فنیچکا دەیتوانی بچێتەکویّ وپەنا بۆکـویّ بـەریّ؟ هـەموو خـوو ئاکارێکی جوانی لە دایکیەوە بۆ مابۆوە،تاکو تەنیا...گـەنج وجوان...نیکـۆلاّی پترۆڤیچـیش زۆرمیهرەبان بوو...پاشماوەی داستانەکەش ئاشکرایە.

* * *

نیکۆلاّی پترۆڤیچ دووبارە پرسیاریکرد:

- کاکم بیّ ئاگاداری هاتەلات و لە دەرگای داو هاتەژوور.

- بەلّیّ قوربان.

- زۆرباشە.ئێستا میتیام بدەیە با کەمێك یاری لەگەلّدا بکەم.

نیکـــۆلاّی پترۆڤـــیچ منداڵەکـــەی لـــە دایکـــی وەرگـــرت و هەلّیداویشت.منداڵەشـــادو خۆشحالّبوو.لە کاتێکدا دایکە زۆر نیگەرانبوو لەگەلّ هەر هەلاّویشتنێکی لەخۆڕا دەسـتەکانی بەرەولای منداڵەکە درێژدەکرد کەنەکا خوای نەکردە بکەویّ.

* * *

پاڤێلّ پترۆڤیچ هاتەژوور.ئەوژوورەی کە بەکاغەزی شینی جوان دیوارەکەی ڕزابۆوە.بەسـەر دیوارەکـــەوە قالیچـــەیەکی جـــوانی ئێرانـــی هەلّواسرابوو،چـــەند چـــەکێکیش بـــەوێوە هەلّواسرابوون.مۆبلّێکی لەداری گوێزو مەخمەرێکی سەوزو کتێبخانەیەکی لەداربەڕووی ڕەش لە شێوەی دەورەی ڕێنسانس لەژوورەکـەدا دەبینران.پەیکـەرێکی بچـووکی برۆنـز لەسـەر مێـزی نووسـین وسۆپایەکیشـی لێبوو....پاڤێـلّ پترۆڤـیچ هەرکـە هاتـەژوور،خۆی هاویشـتە سەرکورسییەکەو دەستەکانی وەبن سەریداو بێجولّە لەبنمیچـی ژوورەکـە ڕاما.پـاش کـەمێك هەستاو دوای ئەوەی پەردە قورسەکانی کێشان دووبارە لەسەرکورسییەکە دانیشـتەوە.دەتگوت دەیەویّ بیرکردنەوەکانی کەلە ڕووخسایدا دەردەکەوتن،هەتا لەدیوارەکانیش بشارێتەوە.

(٩)

بازارۆفیش هەمان ڕۆژ لەگەڵ فنیچکا یەکتریان ناسی.لەگەڵ ئارکادی لە ناوباخەکەدا، دەگەڕان بازارۆف هۆکاری بەرنەگرتنی هەندێ لەداربەڕوەکانی بۆ شیکردەوە.دەبوایە سەرەتا هەندێ کودی کیمیاییان بە زەویەکە وەر کردباو دوای ئەوە لەجیاتی داری بەڕوو،سپیدارو کاجیان چاندبا.ئەگەر دەبینی ساباتەکە باش ماوەتەوە بەو هۆیەوەیە کە ئەقاقیاو یاسی وەنەوش مندالّی باشن و هێندەیان پێویستی بەئاگا لێبوون نییە،بڕوانە،دەڵێی کەسێك لەساباتەکە دانیشتووە.

فنیچکا لەگەڵ دوونیاو میتیا لەوێ دانیشتبوون.بازارۆف ڕاوەستاو ئارکادی وەك هاوڕێیەکی کۆن سەرێکی بۆ فنیچکا ڕاوەشاند.کاتێك لەساباتەکە دوور کەوتنەوە،بازارۆف پرسی:

- ئەوژنە کێیە؟چەندەش جوانە.

- کامەیان دەڵێی.

- دیارە کامەیان دەڵێم.ئەوەیان کە زۆرجوانبوو.

ئارکادی بەکەمێك شەرمەوە چیرۆکی فنیچکای بۆ باسکرد.

- بەو پێودانگە دەردەکەوێ کە بابێکی سەلیقەخراپت نییە.بێ هۆنییە کە خۆشمدەوێ.

بازارۆف لە کاتێکدا بەرەوساباتەکە دەگەڕایەوە گوتی:

- دەمەوێ بیناسم.

ئارکادی بەسەرسووڕمانەوە پاڕایەوە:

- توخوا ئاگاداربە.

- مەترسێ.من مرۆڤێکی دنیادیدەم ولەشار گەورەبووم.

کاتێك گەیشتەلای فنیچکا کلاّوەکەی داگرت،کەمێك داهاتەوەو بەرێزەوە گوتی:

- ئیزن بفەرموون خۆمتان پێبناسێنم.من بازارۆفم هاوڕێی ئارکادیم کە هیچ کەسێك ئازارنادەم.

فنیچکا لەجێی خۆی هەستاو بێئەوەی قسەیەك بکا تەماشایکرد.بازارۆف درێژەیدایە:

- چ منداڵێکی جوانە!نیگەران مەبە چاوپیس نیم...بۆ هێندە ڕوومەتەکانی سوورن؟ ددانی دێن؟

- بەڵێ قوربان،تا ئێستا چواردانی هاتوون و ئێستاش پووکی ئاوساوە.

- باسەیری بکەم.مەترسێ من دکتۆرم.

بازارۆف منداڵەکەی لە باوەشکرد،فنیچکاو دوونیا بەسەرسووڕمانەوە سەیریان دەکرد.منداڵە هیچ هەستی بە نیگەرانی نەدەکرد.

- بەڵێ...بەڵێ...هیچ شتێکی وای نییە.ددانەکانی باشن.ئەگەر هەستی بەنارەحەتیکرد ئاگادارم بکەوە.بۆخۆتان باشن؟

- بەڵێ،وایە.هەرلەبەرئەوەیە میتیا ناچێتە باوەشی هەمووکەسێك.

- سوپاس بۆخوا.خراپنیم.

بازارۆف بەرەولای دوونیا وەرسووڕاو لە هەواڵی ئەویشی پرسی.دوونیا هەمیشە لەماڵێ ڕەفتاری سەنگین بوو تەنیا لەچۆڵێدا قاقای دەکێشا.لەجێگای وەلاّم تەنیا بزەیەکی هاتێ.بازارۆف گەڕایەوەلای فنیچکاو گوتی:

- باشە،ئەوەش پاڵەوانەکەی تۆ.

فنیچکا منداڵەکەی وەرگرت و لەسەرخۆگوتی:

- لەباوەشی تۆدا چەندەئارام بوو.

- هەموومنداڵەکان لەباوەشی مندا هێمنن.ئاخرمن شتێك لەو بارەیەوە دەزانم.

دوونیا گوتی:

- منداڵەکان زۆرباش دەزانن کێ خۆشیدەوێن.

فنیچکاش قسەکەی بۆسەلماند.

- بەڵێ،وایە.هەربۆیە میتیا ناچێتە باوەشی هەمووکەسێك.

ئارکادی تا ئێستا تەنیا لەدوورەوە سەیریدەکرد،نزیکبۆوەو گوتی:

- ئەدی باوەشی من؟

باوەشی بۆ میتیا کردەوە.بەلاّم میتیا خۆی کێشایەوەو زریکاندی.ئارکادی بە ساردییەوە گوتی:

- جارێکی دیکە کە باشتر لەگەڵ یەك ڕاهاتین،بۆخۆی دێت.

پاشان هەردووك هاوڕێ دوور کەوتنەوە.بازارۆف گوتی:

- ناوی چیبوو؟

- فدۆسیا نیکلاێۆنا.

- لەبەرئەوەی زۆرشەرمێون نەبوو خۆشمویست.ڕەنگە کەسێکیدیکە ئەوە بەعەیب بزانێ بەلاّم هەڵەیە.بۆدەبێ شەرمێ بکا.ئەودایکەو هەقیەتی.

- بێگومان ئەوهەقیەتی...ئەدی باوکم...

بازارۆف قسەکەی پێبڕی وگوتی:

- ئەویش هەقیەتی.

- نا،من وابیرناکەمەوە.

- بەوپێیە شەریکی لەمیراتدا شتێکی باش نییە.

ئارکادی تووڕەبوو.

- دەبێ شەرم لەخۆت بکەی کەبەوشێوەیە دەربارەی من دەدوێی.من لەبەرئەوەنییە کەدەڵێم باوکم هەقی نییە،بەڵکو هەق وابوو لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هاوسەرگیری کردبا.

- ڕاستە،دەردەکەوێ زۆرلێبووردەی.تۆ ئێستاش بۆ هاوسەرگیری ڕێزی تایبەتت هەیە،لە کاتێکدا من چاوەڕوانی زیاترم لەتۆهەیە.

دووهاوڕێ بەبێدەنگی چەند هەنگاوێك چوونەپێش.

بازارۆف گوتی:

- تەواوی مولّکی باوکتم پێوا.مالاّت و ئەسپەکانی بەکەڵك نایەن.خانووەکانی ڕووبەوێرانین.جوتیارەکانی خۆیان لەکار دەدزنەوە.سەرکارەکەشی یان زۆرگێلە یان زۆر زیرەکە،ئەوەیان باش تێنەگەیشتووم.

- ئەمڕۆ زۆر بەجدی قسەدەکەی،ئاغای بازارۆف.

- دێهاتییە بێنەواکانیش کلاّو لەسەری باوکت دەنێن.ئەوە تەقریبەن پەندێکیشە کەدەڵێ دێهاتی ڕووس هەتاخوداش هەڵدەخەڵەتێنن.

- منیش بەرەبەرە لەگەڵ مامم هاوڕادەبم.دەڵێی تۆش لەگەڵ هەموو ڕووسەکان بەڕقداچووی.

- ئەوەندەگرنگ نییە،چوونکە تایبەتمەندی کەسێکی ڕووسی ئەوەیە کەبڕوای بەخۆیشی نییە.تەنیا شتێك گرنگە،کە دوو دوو دەکاتەچوار ئەوەیدیکە قسەی هیچە.

ئارکادی چاوی لە ئاسۆ و ئەوچیمەنە پڕو سەرسەوزە بڕیبوو کە تیشکی خۆر بەسەریدا دەڕژا دوای کەمێك ڕاوەستاو گوتی:

- ئایا سرووستیش قسەی هیچە.

- سرووشتیش بەو مانایەی کەتۆ بیری لێدەکەیەوە لەشتێکی گاڵتەجاڕ زیاترنییە.سرووشت جێگەی پەرستن وپەرستگا نییە.سروشت کارگەیەکە مرۆڤ کاری تێدادەکات.

لەوکاتە ئارامەدا دەنگی ویڵۆنێك هاتەبەرگوێ.کەسێك بەهەستەوە بەڵام ناشیانە پارچەی(چاوەڕوانی) بەرهەمی شۆبەرتی دەژەنی.ئاوازی دڵگیری مۆسیقا بەهەوادا بڵاو ببوەوە.بازارۆف بەسەرسووڕمانەوە پرسی:

- چ کەسێکەدەیژەنێ؟

- باوکم.

- باوکت ویڵۆن لێدەدا.

- بەڵێ.

- بۆباوکت تەمەنی چەندە؟

- چل وچوارساڵ.

بازارۆف پێکەنی.

- بۆ پێدەکەنی.

- بۆ پێنەکەنم؟ ئایا ئەوە بەڕای تۆ سەیرنییە پیاوێکی چل وچوارساڵەی کە سەرۆکی خێزانێکیشە،لە گوندێکدا ویڵۆن لێبدا؟

بازارۆف هەروا پێدەکەنی و قاقای دەکێشا.بەڵام ئارکادی کە هەمیشە وەك مامۆستایەك سەیریدەکرد،ئەوجارە تەنانەت بزەیەکیشی نەهاتێ.

(١٠)

دووهەفتە تێپەڕی.لەوماوەیەدا لە مارینۆ ژیانی ئاسایی تێدەپەڕی.بازارۆف کاری دەکردو ئارکادیش دەسووڕایەوە.تەواوی خەڵکانی ماڵێ بە هەڵسووکەوت و قسەکورت و ئاڵۆزەکانی بازارۆف ڕاهاتبوون.فنیچکا بە ڕادەیەك لەگەڵیدا هەستی بەدۆستایەتیدەکرد کەشەوێك بەخاتری میتیا کە قوڵنجی هاتبوو، دەستووریدا وەخەبەری بێنن.بازارۆف بە باوێشکدانەوە بەڵام هەروا دەم بەبزەوە دووسێ کاتژمێر لەلای فنیچکا دانیشت و هەوڵیدا یارمەتی منداڵەکەی بدات.بەڵام پاڤێل پترۆڤیچ چارەی نەدەویست.چوونکە ئەوی بەئازاو،بەهانەگیرو لەچینی خوارەوەی کۆمەڵگای دەزانی.گومانی نەبوو کە بازارۆف لە هەڵسووکەوتکردن لەگەڵیدا ڕێزی بۆ دانانێ.بۆئەو.یانی بۆ پاڤێل پترۆڤیچ کیرسانۆف.نیکۆلای پترۆڤیچ لەوگەنجە نهلیستە کەمێك دوودڵبوو دەترسا کاریگەری خراپ لەسەر ئارکادی دابنێ.بەحەزەوە گوێی لەقسەکانی ڕادەگرت وهەندێجاریش لە تاقیگەی کیمیایی یان فیزیاییەکەی ئامادە دەبوو.بازارۆف میکرۆسکۆبێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو کەچەندان کاتژمێر کاری پێدەکرد.لەگەڵ ئەوەی بازارۆف گاڵتەی بەخزمەتکارەکان دەکرد،واش خۆشیان دەویست.ئەویان وەکو ئاغای خۆیان سەیردەکرد.دوونیا کە قسەی لەگەڵ دەکرد لەناخی دڵەوە پێدەکەنی و دەتدیت وەك پشیلەیەك بەتەنیشتیدا تێدەپەڕی و تیلەنیگایەکی تێدەگرت.پیووتەری لەخۆڕازی و گێلیش کە بەردەوام ناوچەوان گرژبوو جیالە نیگایەکی ڕێزدارانە هیچ هوونەرێکی دیکەی نەدەزانی و لەکاتی خوێندنەوەدا بەزەحمەت و بەحینجە دەیتوانی شت بخوێنێتەوەو بەردەوام جلوبەرگی بەپەڕەمووچ پاکدەکردەوە،هەرکە تەماشای بازارۆفی دەکرد بزەیەك دەکەوتە سەرلێوانی.کوڕوکاڵەکە هەمیشە لە دەورەیبوون.تەنیا پراکفیچی پیربوو کە وێڕای پاڤێل پترۆڤیچ خۆشی نەدەویست و لەسەرسفرە بەمۆنییەوە فەرمووی دەکرد.ئەو بازارۆفی بەسووك وچرووك و زیانبەخش دەزانی و بەو ڕیشەیەوە پێیوابوو ئەو بەرازەیە کەلەبن دەوەنەکاندا خۆی پەناداوە.پراکفیچیش لەڕووی خانەدانییەوە خۆی لەڕیزی پاڤێل پترۆڤیچ دادەنا.

لەخۆشترین ڕۆژەکانی ساڵدا،یانی ڕۆژەکانی سەرەتای تەمووز هەوا زۆر خۆشبوو،ئەگەرچی خەتەری نەخۆشی کۆلێرا لە دوورەوە خەڵکی هەراساندەکرد لەگەڵ ئەوەشدا،خەڵکی ئەوپارێزگایە لەگەڵی ڕاهاتبوون.بازارۆف بەیانیان زۆرزوو لەخەو هەڵدەستاو دووسێ کیلۆمەتر بە پێیان دەڕۆیشت.بۆهەڵمژینی هەوای پاك ئەوەی نەدەکرد چوونکە مەبەستی لەو سەفەرەدا،پەیداکردن و کۆکردنەوەی ڕووەك و جرووجانەوەربوو.هەندێجاریش ئارکادی لەگەڵ خۆی دەبرد.لەکاتی گەڕانەوەشدا وەك هەمیشە لەنێوانیاندا گفتوگۆ دەستیپێدەکرد ئەگەرچی ئارکادی زیاتر لە بازارۆف قسەی دەکرد سەرەڕای ئەوەش لە کۆتاییدا تەسلیم دەبوو.

ڕۆژێك لە ڕۆژان کەمێك دواکەوتن.نیکۆلای پترۆڤیچ بەدوایانداچوو بۆ ناوباخەکە.هەرکە گەیشتە ساباتەکە هەچەندە ئەوانی نەدەدی بەلاَم گوێی لە دەنگیانبوو.ئارکادی گوتی:

- تۆ،باوکم وەکوخۆی ناناسی.

نیکۆلای پترۆڤیچ خۆی لەپشت دەوەنێکدا شاردەوە.

بازارۆف گوتی:

- باوکت پیاوێکی زۆرباشە بەلاَم ئیدی پیروخانەنشین بووە.

نیکۆلای پترۆڤیچ بەسەرنجەوە گوێی ڕاگرت...ئارکادی وەلاَمێکی نەدایەوە.

پیاوە پیروخانەنشینەکە ماوەیەك بێجووڵە لەشوێنی خۆی وەستاو پاشان ڕێگایماڵەوەی گرتەبەر.

بازارۆف گوتی:

- دووسێ ڕۆژپێشتر دیتم بەرهەمێکی پۆشکینی دەخوێندەوە.تکات لێدەکەم پێیبڵێ ئیتر ئەوجۆرە شتانە بەکەڵك نایەن.پێویستە هەموو ئەوشتە پڕووپووچانە وەلابنێ.ئاخربۆچی تا ئەوڕادەیە ئەو بەرهەمە هەستیارانەی پێخۆشن؟ شتێکی وای بدەیە بەکەڵکی بێت تا بیخوێنێتەوە.

ئارکادی پرسی:

- بۆنموونە چ کتێبێك؟

- پێموایە بۆسەرەتای دەستپێکردنی کتێبی(ماددەو وزە)ی نووسینی (بووخنەر)[1] کتێبێکی باشبێت.

١- بوخنەر: فەیلەسوف و پزیشکی ماتریالیستی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە.

ئارکادی ئەوبیرۆکەیەی پەسەندکرد:

- منیش پێموایە ماددەو وزە لە بەرئەوەی بەزمانێکی سادە نووسراوە کتێبێکی باشبێت بۆدەستپێکردن.

*   *   *

هەمان ڕۆژ دوانیوەڕۆیە،نیکۆلای پترۆڤیچ لە ژوورەکەی پاڤێڵ پترۆڤیچ دانیشتبوو قسەی لەگەڵ دەکرد:

- ئیدی زەمانی من و تۆ تێپەڕیوە.هیچیش ناکرێ.ڕەنگە بازارۆف لەو بارەیەوە هەقی بێت،بەلاّم شتێك کە نیگەرانم دەکات ئەوەیە دەمەوێ پەیوەندی نێوان من و ئارکادی لە ئایندەشدا هەروا باشبێت.بەلاّم تازەتێگەیشتووم کە لە کاروانی پێشکەوتندا دواکەوتووم،لە کاتێکدا ئەو زۆر لەمن لەپێشترەو بۆمن زۆردژوارە بیگەمێ.

پاڤێڵ پترۆڤیچ هاواریکرد:

- کێ ئەوقسەیەی کردووە؟ بەچی ڕادیارە کە لەئێمە لە پێشترە؟ هەموو ئەوقسانە کابرای نیهلیست لە مێشکی ئەوی هاویشتوون.من لەوکوڕە (بەچکەپزیشکە) بێزارم.من دەڵێم ئەو کابرایەکی فێڵبازە.من دڵنیام ئەو بەوهەموو بۆقانەوە هەتا ئەندازەی سەرە دەرزییەکیش لە زانستی فیزیا سەرکەوتوو نەبووە.

- نا،برای خۆشەویست،ئەوقسانەمەکە.بازارۆف پیاوێکی ژیروئاقڵە.

- ئەو بنیادەمێکی لەخۆبایی و روح زلە.

- بەڵێ،لەوبارەیەوە هەقتە.ناتوانێ لەوەی باشتربێ.بەلاّم شتێك کە نایزانم ئەوەیە زۆر هەوڵمداوە تالە دەورانی خۆم دوانەکەوم.بە کاروباری جوتیارەکان ڕادەگەم زەویەکم پێکەوەناوە کە لەپارێزگای خۆماندا نازناوی سووریان داومێ،کتێب دەخوێنمەوە،بەکورتی هەوڵدەدەم تا لەگەڵ خەڵکانی تربچمەپێش بەلاّم ئەوان دەڵێن من دواکەوتووم.دەبێ چیبکەم برای ئازیز؟! بۆخۆشم کەم کەمە خەریکە باوەڕدەکەم کە لەزەمانە دابڕاوم.

- بۆچی؟

- چوونکە ئەمڕۆدانیشتبووم کتێبێکی پۆشکینم دەخوێندەوە...پێموابێ (قەرەجەکان)بوو...لە ناکاو ئارکادی هاتەپێش و بزەیەکی هاتێو کتێبەکەی لەدەست دەرهێنام

و لەجیاتیان کتێبێکی ئەڵمانی دامێ..پاشانیش بەخەندەوە کتێبەکەی پۆشکینی لەگەڵ خۆی برد.

- بەڕاست،چ کتێبێکی دایەی؟

- ئەوە.

نیکۆلای پترۆڤیچ لەبن هەنگڵیدا چاپی نۆیەمی بەشە بەناوبانگەکەی بووخنەری دەرهێنا.پاڤێل پترۆڤیچ لەناو دەستانیدا هەڵگێڕو وەرگێڕیکردو گوتی:

- بەوشێوەیە ئارکادی دەیەوێ تۆ ڕێنوێنی بکا.تۆچیت لەکتێبەکەکرد؟ دەستتکرد بەخوێندنەوەی؟

- بەڵێ.

- چۆن بوو.

- یان ئەوەیە من سەر لەوکتێبە دەرناکەم یان ئەوەی کە نووسراوە بەتەواوی پڕوپووچە.بەلاّم دەڵێی عەیب لەخۆمە.

- ئەڵمانیت لەبیرنەچۆتەوە؟

- نا،هێشتا ئەوەی نازانم.

نیکۆلای پتۆڤیچ دووبارە کتێبەکەی ئەو دەستاو دەستکردو تەماشایەکی براکەی کرد.هەردووکیان بێدەنگ بوون.نیکۆلای پترۆڤیچ دیاربوو دەیەوێ باسەکەبگۆڕێ:

- ئەرێ لە کۆلیازینەوە نامەیەکم بۆهاتووە.

- لە ماتۆی ئیلیچ؟

- بەڵێ،هاتۆتەوە شار تا سەرلەمەڵبەندەکەی خۆیبدات،ئێستا ئەو بۆخۆی بۆتە کەسێکی گرنگ.نووسیویەتی حەزدەکا من و تۆو ئارکادی ببینێ.بانگهێشتی کردووین بچین بۆشار.

- ئەرێ بانگهێشتەکەی قبووڵ دەکەی؟

- نا،ئەدی تۆ؟

- منیش ناچم.دەیەوێ بەوکارەی خۆمان لێنزیك بکاتەوە.هەمان ئەو ماستاوچیانەی لە دەوروو بەرنی بەسنی،لەوەزیاتر پێویست ناکا.ڕاوێژکاری نهێی هێندەشتێکی گرنگ نییە.ئەگەرمنیش لەوکاتەی کە لە سووپابووم ویستبام ببمەشتێك تا ئێستا لانیکەم سەرتیپ دەبووم.لەوەبەدواش،من وتۆ ئیدی لەکار کەوتووین وخانەنشین بووین.

نیکۆلای پترۆڤیچ هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی:

- وەك ئەوەی کاتی هاتووە ڕاسپێرین تابووتمان بۆبکەن وخۆشمان دەستەونەزەر چاوەڕوانبین تابمانخەنە ناوتابووتەوە.

- من یەکێکم لەوانەی کە بەو زوانە مەیدان چۆڵناکەم.بڕیامداوە کەلەگەڵ ئەوپزیشکە منداڵە یەکلای بکەمەوە.

یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوە هەمان ڕۆژ ئێواریٚ ڕوویدا.پاڤێلٚ پترۆڤیچ بەحاڵەتی ئامادەو بڕیاردەرانە بۆچایخواردنەوە چووە ژووری پێشوازی.تەنیا لە بیانوویەك دەگەڕا تا هەرایەکە دەستپێبکا بەلاٚم ئەو بەهانەیە زۆردرەنگ وەدەستیکەوت چونکە بازارۆف وەك هەمیشە لە بەرامبەر کیرسانۆفەپیرەکاندا هێندەی قسەنەدەکرد.ئەوڕۆژە هەندیٚ هەستی بە نەخۆشیدەکردو لێکدا لێکداش چایدەخواردەوە.پاڤێلٚ پترۆڤیچ زۆر بەبیٚ سەبری چاوەڕێما تا سەرەنجام بەئاواتی گەیشت.کاتێك باسی یەکێك لەزەوی دارەکانی دراوسیٚ هاتەگۆڕیٚ،بازارۆف ئەوی لەپترۆسبۆرگ دیتبوو بەبیٚ گرنگی پێدانەوە گوتی:

- پیاوێکی هیچ وپووچە...خانەدانانە خۆیدەنوێنیٚ...

پاڤێلٚ پترۆڤیچ کە لەتووڕەییان لێوی خۆیدەکرۆشت گوتی:

- ئیزن دەفەرموون لێتان بپرسم کە ئایا بەڕای ئێوە وشەی هیچ وپووچ وخانەدان مانایەکی یەکسانیان هەیە؟

بازارۆف بەهێمنی قوومێکی لەچایەکەداو وەلاٚمی دایەوە:

- من گوتم ئەوانەی واخۆیان دەنوێنن کەخانەدانن.

- بەڵیٚ،فەرمووت ئەوانەی خۆیان وەك خانەدان دەنوێنن.بەلاٚم من پێموایە تۆ خانەدان و ئەوانەی خۆیان پێخانەدانە وەکویەك سەیردەکەی.بەئەرکی خۆمی دەزانم بیروڕای ئێوەپەسەند نەکەم.دەبیٚ بزانی کەهەموان من بەپێشکەوتووخوازو لایەنگری پێشکەوتن دەزانن و هەرلەبەر ئەوەشە،من ڕێزی تایبەت بۆخانەدانەکان دادەنێم.کاکی بەڕێز...

بازارۆف سەری بەرزکردەوەو چاوی لەچاوی پاڤێلٚ پترۆڤیچەوە بڕی.پاڤێلٚ پترۆڤیچ بەڕاوێژێکی زبرترەوە درێژەیدایە:

- کاکی بەڕێز،خانەدانەکانی ئینگلستان لەبەرچاوبگرە کە تۆزقاڵێك لەهەقی خۆیان خۆشنابن و هەروەها ڕێز لەهەقی خەڵکانی دیکەش دەگرن.ئەوان بەهەمانشێوە کە چاوەڕوانیان

لەخەڵك هەیە تا كارێكیان بۆبكا،ئەركی خۆشیان بەتەواوی ئـەنجام دەدەن.ئـازادی ئینگلسـتان خانەدانەكان پەست دەكا كەچی پشتیوانیشی لێدەكەن.

بازارۆف گوتی:

- ئێمە زۆرمان لەوبارەیەوە بیستووە...ئێستا مەبەستی تۆ لەوقسانە چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە كەبەبێ ڕێزگرتن لەخۆت و لەنەفسی خـۆت هـیچ پایەیـەكی پتـەو بـۆ كۆمـەڵگاو ئاسایشـی وڵات دانانرێ...كـاكی پایەبـەرز تێبگـە كەسـایەتی لـە هەمووشـێك گرنگترە.كەسایەتی هەركەسێك دەبێ وەك بەردی نەقارِ قایمبێ چوونكە هەمووشتێك لەسەرئەو پایە بنیات دەنرێ.من زۆرباشدەزانم هەمووشتێكی من لـەپاكوخاوێنی ڕابگـرە تـا چـۆنییەتی پۆشینی جلوبەرگیش بەگاڵتە وەردەگری، بەڵام من ئەوكارانەدەكـەم چـوونكە ڕێزلەكەسـایەتی خۆمدەگرم...بەڵێ،كاكی بەڕێز،ئەگەرچی لە گوندێكی دوورە دەستیش دەژیم لەگـەڵ ئەوەشـدا لەبیری ناكەم كە دەبێ ڕێز لەكەسایەتی خۆت بگری.

بازارۆف گوتی:

- ئیجازە بفەرموون پاڤێڵ پترۆڤیچ.تۆ ڕێز بۆخۆتان دادەنێیـو كارێـك ناكەی.ئاخرئـەوە چ كەڵكێكی دەتوانێ بۆخەڵكی هەبێ.تۆ دەتـوانی ڕێـز لـەخۆتان بگـرن و بـۆ دەوروو بەریشـتان سوودمەندبن.

پاڤێڵ پترۆڤیچ ڕەنگی بزركاو گوتی:

- ئەوەشتێكی دیكەیە.ئەوە ئەركی مـن نییـە بەجـەنابتان بڵـێم خۆتـان گوتـەنی دەسـتم لەسەردەست داناوە.تەنیا ئـەوە دەڵـێم كـە لـەزەمانی ئێمـەدا خانەدانـەكان هێشـتاش وەكـو ڕەچەڵەكێكی گرنگ سەیردەكرێن و تەنیا كەسانێك كە ژیانێكی باشیان نییە ڕەچەڵەك دەخەنـە ژێرپێیان.هەرئەو ڕۆژەی كەهاتن ئەوەم پێگوت.وانییە نیكۆلای؟

نیكۆلای پترۆڤیچ بەنیشانەی سەلماندن،سەری ڕاوەشاند.بازارۆفیش درێژەی بەقسەكانیدا:

- من تێناگەم ریزكردنـی وشـەگەلی خانەدان،ئازادیخوازی،پێشـكەوتن و... چ فایدەیـەكی هەیە.بۆ تاكە كەسێكی رووسی ئەوانە هیچ بەهایەكیان نییە.

- كەوایە بەڕای تۆ كەسێكی ڕووسی پێویستی بەچی هەیـە؟ تۆپێتوایـە رووسـەكان دوورن لەیاساكانی پێشكەوتن،ئەو یاسایانە ئەوان ناگرێتەوە.ئەگەر بەراوردی مەنتیقی مێژووش...

- ئێمە هیچ پێویستیمان بەمەنتیقی مێژوویی نییەو بەبێ ئەویش دەتوانین کارەکانمان ئەنجام بدەین.

- چۆن شتێکی وادەکرێ.؟

- بابەتەکە زۆر ئاشکراو ڕوونە.ئایا بووە تا ئێستا لەحاڵەتی برسێتیدا بۆ قووتدانی پارووە نانێك پێویستیت بەو مەنتیقە هەبێ؟ ئێمە پێویستیمان بەو فەلسەفە بازیەنییە.

پاڤێل پترۆڤیچ لە تووڕەییان دەستەکانی ڕاوەشاندو گوتی:

- من لەقسەکانی تۆ تێناگەم.تۆ ئیهانە بەڕووسەکان دەکەی. تێناگەم چۆن کەسێك ناتوانێ یاساوڕێساکانی قبوڵنەبێ.کەوایە چ شتێك وات لێدەکا خەبات بکەی؟

ئارکادیش هاتە ناو باسەکەوە:

- مامە گیان پێشترگوتبووم کە ئێمە باوەڕمان بە بنەماکان نییە.

بازارۆف لێی زیادکرد:

- ئێمە بە پێی پێویستی و ئەوەی کەچ شتێك بەسوودە کارەکانمان ئەنجام دەدەین.پابەندبوونتر لە هەرشتێك لەحاڵی حازردا ئەوەیە کە تێکڕای بنەما بێ کەڵکەکان ڕەتبکەینەوە.ئێمەڕەتی دەگەینەوە.

- هەمووشتێك؟

- بەڵێ،هەمووشتێك.

- چۆن؟ نەتەنیا شیعرو هونەر تەنانەت....گوتنی سەختە...

بازارۆف بەخوێنساردییەوە دووبارەی کردەوە:

- هەمووشتێك.

پاڤێل پترۆڤیچ زەق تێیەوەڕاما.چاوەروانی قسەیەکی دیکەی نەدەکرد.ئارکادی ڕەنگی ڕووخساری لەخۆشیان کرابۆوە.

نیکۆلای پترۆڤیچیش هاتە ناوباسەکەیانەوەو گوتی:

- ئێوە هەمووشتێك ڕەتدەکەنەوە یان بەگوتەیەکی تر هەموو شتێك خراپدەکەن...بەلاَم تەنیا خراپکردن نابێتەکار.دەبێ شتێکیش درووستبکەی.

- ئەوەیان ئیدی ئەرکی ئێمەنییە.ئێمە تەنیا ڕێگا هەمواردەکەین.

ئارکادی کەپێیوابوو قسەیەکی گرنگ دەکات گوتی:

- ئێمە کارەکانمان لەسەر بنەمای نیازێك کە گەلی رووس هەیەتی ئەنجامدەدەین.ئێمە هەقمان نییە وەدوای ئارەزووی تایبەتی خۆمان کەوین.

بازارۆف دەربڕینی ڕستەی ئاخری پێخۆش نەبوو چونکە بۆنی ئیحساساتی لێدەهات.بەلاّم بە پێویستی نەزانی وتەی مریدە گەنجەکەی ڕەتبکاتەوە.

پاڤێلّ پترۆڤیچ بە تووڕەییەوە هاواریکرد:

- نا،نا،من باوەڕناکەم ئێوە گەلی رووسیتان ناسیبێ..ئێوە ناتوانن نوێنەری خواستەکانیان بن...نا،گەلی رووسیا بەوجۆرەنییە کەئێوە ناسیوتانە.رووسەکان ڕێز لەدابونەریتی باوکانی خۆیان دەگرن و ئەوانە بەپیرۆز دەناسن.رووسیا ناتوانێ بەبێ پابەندبوون بە بنەماکان بژیت....

بازارۆف هاتە ناو قسەکانییەوەو گوتی:

- من نامەوێ لەو بارەیەوە دم بەدمەت لەگەلّ بکەم ئەگەر ڕای منت دەوێ لەو بارەیەوە دەلّێم هەقی تۆیە.

- ئەگەروایە من هەقم هەیە...

- لەگەلّ ئەوەشدا شتێك جێگیرنابێ....

ئارکادی وەك شەترەنج زانێکی ماهیر کە دەستی بەرامبەرەکەی خوێندبێتەوەو لەجوولّەی مۆرەکانی سەری سووڕنامێنێ بەڕاوێژێکی دلّنیاییەوە قسەی هاوڕێکەی دووبارەکردەوە:

- بەلّێ،جێگیرنابێ.

پاڤێلّ پترۆڤیچ بە سەرسووڕمانەوە پرسی:

- چۆن هیچ شتێك جێگیرنابێ؟ لە قسەکانی ئێوەدا دەکرێ بەوئەنجامە بگەین،کەئێوە بەدژی داواکانی گەلی رووسیا هەنگاو هەلّدێننەوە.

بازارۆف هاوایکرد:

- گریمان وابێ.بۆچما چ گرفتێکی تێدایە؟ ئەوە هەمان گەلە کەزەمانێك لەگەلّ بیستنی دەنگی هەورەتریشقەدا پێیان وابوو پێغەمبەرێك بەگالیسکەکەی بەئاسماندا دەگەڕێت.تۆدەلّێی چی؟ ئایا پێتوایە دەبێ منیش ڕێز لەهەمان بیروباوەر بگرم؟ ئەگەر ئەوانەی بەوشێوەیەی بیردەکەنەوە گەلی رووسن کەواتە من چیم؟

- لە رووسی بوونی تۆ دەبێ بەگومان بین.من باوەڕناکەم تۆ رووسی بی.

بازارۆف بە ئەنقەست و ڕاوێژێکی لە خۆباییانەوە گوتی:

- باپیرانم لەسەر ئەوزەویە کاریانکردووە.لەهەر رەعیەتێکی خۆتان بپرسن کاممان لـەخۆیان بەنزیکتردەزانن.من یان ئێوە؟ تەنانەت تۆ ئامادەنی قسەشیان لەگەڵدابکەی.

- تۆش ئەگەرچی قسەیان لەگەڵ دەکەی بەلاّم بەسووك و چروکیان دەزانی.

- ئەگـەر بەڕاسـتی ئەوانـە سـووك وچروکن،چـیدەکریّ؟ تـۆڕای مـن ڕەتدەکەیـەوە بـەلاّم چۆندەتوانی لافی ئەوەلێبدەی کـە ئەوڕایـە خـۆی لەخۆیـدا وەك کـارگ هـەڵتۆقیوەو دەربـڕی خواستەکانی گەلی رووسی نییە.

- بەوپێیە ئێوە نیهلیستەکان زۆرلەخۆتان ڕادەبینن.

- ئەوباسـە کەڕووسـیا پێویسـتی بەئێمـە هەیـە یـان نا،داوەریەکـەی لـە دەسـتەلاّتی ئێمەدانییە،بەلاّم بۆچی ئێوەی خانەدانیش بوونی خۆتان بۆ کۆمەڵگا زۆربە پێویست دەزانن.؟

نیکۆلاّی پترۆڤیچ لەشوێنی خۆی هەستاو هاواریکرد:

- برایان،تکاتان لێدەکەم هێرش مەکەنەسەر تایبەتمەندیەکانی خۆتان.

پاڤێلّ پترۆڤیچ بزەیەکی هـاتیّ و دەسـتی لەسەرشـانی براکـەی دانـاو داوایلێکـرد لەسـەر جێگاکەی دابنیشێتەوەو گوتی:

- نیگەران مەبە براکەم من بەهای خـۆم دەزانم.بەتایبـەت هـەمان هەسـتی لێوەشـاوەیی کەکاکی دکتۆر هەیەتی منیش لەخۆمدا هەستی پێدەکەم.

پاشان بەرەولای بازارۆف گەڕایەوەو گوتی:

- ڕەنگە تۆپێتوابیّ کە بیرو باوەڕی تۆ ئایدۆلۆژیایەکی تازەیە.ئەوماتریالیزمەی کەجەنابت بانگەشەی بۆدەکەی زۆرلەوەی پێش باسکراوەو ڕەتکراوەتەوە.

- دووبارە قسەی حەللەق مەللەق...

بازارۆف کە بەتووڕەیی قسەکانی بەرامبەرەکەی خۆی بڕیبوو درێژەیدایە:

- سەرەتا ئێمە بانگەواز بۆهیچ شتێك ناکەین چوونکە خومان پێوەنەکرتووە.

- کەوایە چیدەکەن؟

- چیدەکەین؟ ئەگـەر لـەبیرتان بێـت ماوەیـەك لەمەوبـەر دەربـارەی بـەرتیل وەرگرتنـی کارمەندانی دەوڵەتی و نەبوونی جادەی باش و،کەموکوڕی لەکەلو پەلی بازرگانی و بارووددۆخی خەفەتباری دادوەری و....قسەمانکرد.

- بەڵێ،لەبیرمە.کاری ئێوە تەنیا بلاّوکردنەوەیە.منیش لەگەڵ زۆرلەو تانانەی دەیانڵێی هاوڕام.بەلاّم...

- دوایی تێگەیشتین کەتەنیا بەگوتە هیچ دەردێك دەرمان ناکرێ.دەرخستن تەنیا کارێکە لەڕادەی خۆنواندن و هیچی تر.ئێمە تێگەیشتین کە گەورەکانمان،هەمان ئەوانەی کە زۆرهۆشمەندن هیچ کارێکی باشیان لەدەست نایەو تەنیا خۆیان لەگەڵ کۆمەڵێك هەڵێتوپەڵێت سەرگەرم کردووە.هەمووشی لەهوونەر،لە پارلەمانتاریزم ولەشت گەلێکی واکە سەری لێدەرناکەن وخوادەزانێ لەچیتریش قسەدەکەن.لەکاتێکدا کەباسوخواسی دەردە ئەساسەکانی خەڵك لەئارادایە.قسەلەسەر نانی شەوی خەڵکەو ئەوەش کە ئێمە تابینە قاقا لەگێژاوی خورافات ڕۆچووین.داموودەزگا هاوبەشەکانی بازرگانیمان بەهۆی نەبوونی کەسی شیاو لەحاڵی دارِماندان.ئێمەش لەوئازادیەی کەحکومەت دەهۆڵی بۆدەکوتێ هیچ لێی سوودمەندنین.هۆکارەکەی دەزانی؟چوونکە جووتیاری رووسی بۆسەر بەمەیخانەداکردن و هەڵدانی یەك پەرداخ عەرەق حازرە لەماڵی خۆشی بدزێ...

پاڤێڵ پترۆڤیچ قسەکەی بازارۆفی بڕی وگوتی:

- ئاوا...تۆ لەتێڕوانینی ئەو بارووداۆخە بەوئەنجامە گەیشتووی کەنابێ دەست لەهیچ کارێك بدەی.

بازرۆف بە ناوچەوان گرژییەوە دووبارەیکردەوە:

- بەڵێ،بڕیارمانداوە دەست لەهیچ کارێك نەدەین.

پاشان ڕقی لەخۆی هەستا کە تا ئەوڕادەیە هەولّدەدا بیروباوەڕی خۆی بۆئەو خانەدانزادەیە شیبکاتەوە.پاڤێڵ پترۆڤیچ قسەکانی بازارۆفی تەواوکردو گوتی:

- بەردەوامیش قسەی ناشایستە بلێن.

- بەڵێ،قسەی ناشایستە بڵێین.

- ئەوکاتیش ناوی ئەوکارە دەنێن نیهلیسم؟

بازارۆف دووبارە بەڕووقایمیەوە گوتی:

- بەڵێ،ناوی ئەوکارەش دەنێین نیهلیسم.

پاڤێڵ پترۆڤیچ چاوی لەسەریەکداناو بەدەنگێکی ئارامەوە گوتی:

- ڕاستە،نیهلیسم دەرمانی هەموودەردێکی بێدەرمانەو ئێوەش پاڵەوانانی ڕزگارکەری ئێمەن.بەلاّم بۆچی ئێوەش وەك ئەوانیدیکە تەنیا قسەدەکەن؟

بازارۆف بەهێمنییەوە گوتی:

- هەمووشتێکمان پێوەدەلکێ تەنیا ئەوەنەبێ.

- یانی دەتەوێ بڵێی دەست بەکاریش دەبن؟

بازارۆف بێدەنگ بوو،پاڤێل پترۆڤیچ لە تووڕەییان خەریکبوو بتەقێ بەلاّم دانی بەخۆیداگرت و گوتی:

- بەڵێ،...کاری ئێوە تەنیا تێکدانە...بەلاّم مووۆڤ دەیەوێ بزانێ کە چ شتێك تێکدەدەن و لەناوی دەبەن و بۆ وادەکەن...

ئاکادی گوتی:

- ئێمە تێکدەشکێنین،چوونکە بەهێزین.

پاڤێل پترۆڤیچ سەیرێکی برازاکەی کردوو بزەیەکی هاتێ.ئارکادی ڕێك ڕاوەستاو گوتی:

- بەڵێ،ئێمەبەهێزین.هەرکارێك پێمان خۆشبێ دەیکەین و هیچ کەسێکیش ناتوانێ پێشمان پێبگرێ.

پاڤێل پترۆڤیچ نەیتوانی دان بەخۆیدابگرێ وهاواریکرد:

- بێچارە!خۆزیا بیرت دەکردەوە کە کوێی ئەوبیرە چەپەڵەت بەکەڵکی ئەو سەرزەمینە دێ؟ هەرکەسێك لەجێی من با بەبیستنی ئەوقسانە دەرهەڵدەبوو.نەتەوە دڕەندەو مەغۆڵەکانیش زەبروو زەنگو هێزیان هەیە،بەلاّم ئەو زەبروو زەنگوهێزە بەچ کەڵکی مرۆڤایەتی دێت؟ ئێمە تەنیا پێویستیمان بە دەرەنجامەکانی شارستتانیەت هەیە. بەڵێ، بەڕێزەکان.شارستانییەت بۆ ئێمە بەنرخترین شتە.بەمن مەڵێن ئەوانە بێ بەهان. دەستکورترین کەس،تەنانەت ئەو گۆرانی بێژە گەڕۆکەی لەبەرخاتری چەند دراوێك گۆرانی دەڵێت بەبڕوای من زۆرلەئێوە بەنرخترە.ئەولانیکەم نوێنەری شارستانیەتە ئێوەش نوێنەری تۆقین و بەربەریەتن.ئێوەخۆتان بەمرۆڤی پێشکەوتوو دەزانن لەکاتێکدا شوێنی ڕاستەقینەی ئێوە کوڵێتی وەحشییەکانە.هێز!کەوایە باش گوێبگرن ئەفەندییە ملهووڕەکان! ئێوە چوار پیتوو لەتێك زیاترنین بەلاّم لەبەرامبەرتان ملیۆنان کەس بەڕیز ڕاوەستاون،ئێوە لەژێرپێی ئەواندا پان دەبنەوە.

بازارۆف گوتی:

- ئەوەگرنگ نییە.هەرچەندە ئەوکارەش هێندە ئاسان نییەو ژمارەی ئێمەش ئەوەندەنییە کە تۆ پێتوایە.

- بەڕاستی ئێوەپێتان وایە دەتوانن لەبەرامبەر تەواوی خەڵکی رووسیەدا بووەستنەوە؟

- دەزانی مۆسکۆیان بەیەك مۆم گڕتێبەردا؟

- بەڵێ،بەڵێ،سەرەتا لەخۆبایی بوون و شەیتانی وپاشانیش دەستتێوەردان و گاڵتەپێکردن.کاری ئێوە تەنیا ئەوەیەوبەس.ئەوە تاکە شتێکە کە ئێوە گەنجەکان دڵتان پێی خۆشەو هەربەو ڕێگایەشەوەیە کە گەنجەکان بەلاڕێدا،یانی بەڕێگای خۆتاندا پەلکێش دەکەن،یەکێکیش لەوانە هەرئێستا لەپەنای تۆ دانیشتووە.تۆ پەرستتوی ئەوی و ئەویش ئامادەیە لەبەرامبەرتۆدا کڕنۆش بەرێ ولاقت ماچ بکا.(ئارکادی ڕووی وەرگێڕاو ناوچەوانی تێکنا). بۆگەنیوی قسەکانتان لەزۆر شوێنان هەستپێدەکرێ.دەنگۆیە کە نیگارکێشانی رووسی لە ڕۆما ئامادەنین بچنە ڤاتیکان.ئەوان ڕافائیلیان پێ کەسێکی گێل و نەزانەو تەنیا لە بەرئەوەی کەسێکی هەڵکەوتوو بووە.لە کاتێکدا ئەوان بوونەوەرێکی تەمبەڵ و سستن کە هیچ جۆرە سەلیقەیەکی هونەریان نییەو هونەرەکەشیان لەسنووری (کیژان لەسەرکانی)یە یانی لەسەرەتایی ترینی تابلۆکان زیاترنین.خۆزیا ئەو کارەشیان باش ئەنجام دابا.تۆ چ ڕایەکت دەربارەی ئەوکۆمەڵە خەڵکە هەیە؟

بازارۆف گوتی:

- بەڕای من نەڕافائێل و نەهیچ یەکێك لەو نیگار کێشانەی باسیان دەکەی هیچ بەهایەکیان نییە.

- زۆرباشە!ئافەرین!ئارکادی گوێت لێیە هاوڕێکەت دەڵێ چی؟لاوەکانی ئەمرۆش دەبێ ئاوا بیربکەنەوە!ئەوانە ڕێنوێنی کەری گەورەن!لە دەورانی ڕابردوودا ئەو گەنجانەی بۆ ئەوەی بە نەخوێندەوارو نەزان لەقەڵەم نەدرێن ناچاربوون کۆشش بکەن و دەرس بخوێنن بەلام ئەمڕۆ پێویست بەوە ناکا،چونکە تەنیا بەڕەتکردنەوەی هەمووشتێك و گوتنەوەی ئەو وشەیە کە هەمووشتێك هیچ وپووچە،دەگەنە گەورەترین ڕادەی زانیاری.لەڕابردوودا لاوەکان گەمژەبوون و ئێستاش بوونەتە نیهلیست.لە چاوە توورەییەکانی ئارکادییەوە بریسکەیەك هەڵدەستا بەلام بازارۆف بە ئارامی وەلامی دایەوە:

- دیتت ئەوخۆپەرستییە،تۆی گەیاندە کویێ...واباشترە واز لەو بگرەوبەردەیە بێنین.
لەکاتێکدا لەجێگاکەی خۆی هەڵدەستا،گوتی:
- کاتێـك دەتـوانم بیروبـاوەڕی ئێـوە قبوولبکـەم کـە لـەژیانی ڕۆژانـەدا ڕێساویاسـایەکم نیشانبدەی کە بەتەواوی ڕەتنەکرابێتەوە.
پاڤێڵ پترۆڤیچ هاواریکرد:
- ملیۆنان نموونەت نیشاندەدەم...بۆنموونە هەمان ئەنجوومەنی گوندەکەی خۆمان.
بازارۆف بزەیەکی هاتێ وگوتی:
- دەربارەی ئەنجوومەنی گوندەکەتان واباشترە لەگەڵ براکەتان قسەبکەی.چوونکە پێویسـتە بەکردەووە تێبگەی کەئەو ئەنجوومەنانەو گردبوونەوانـە تـاچ ڕادەیـەك گرەنتـی کۆمەڵایـەتیان هەیە...
- زۆرباشە،خێزانەکان لەبەرچاوبگرە.هەمان یاساوبنەمای کە لەنێوان خێزانـەکانی دێدایـە ڕمێنی هەیە.
- پێموایە هەرچی کورتووپووختتری پرسیارەکەتان وەڵام بدەمەوە لەهەمووی باشترە،ڕەنگە تۆش باسی ئەو خەزوورانەت زانبیبێ کـە لەگـەڵ بووکـەکانیان دەسـت تێکەڵاودەکەن.واباشـە بەونموونەیە کۆتایی پێبێنم...ئاغای کیرسانۆف تۆ دووڕۆژی تەواو بیربکەیەوەو تـەواوی چـینی کۆمەڵایـەتی و ڕێسـا باوەکـانی نێـوان ئەوانـە وەبیرخۆبێنیـەوەو پاشـان نموونـەیان بـۆمن بێنیەوە.ئێستا من وئارکادی دەڕۆین و...
- گاڵتە بەهەمووشتێکدەکەن.
- نەخێر قوربان.ئێمە ورگی بۆقـەکان هەڵـدەدڕین...ئارکادی وەرە بابڕۆین.بـەڕێزان خـودا ئاگادارتان بێ.
دووهاوڕێ ڕۆیشتن و دووبراش بەیەکەوە مانەوەو تێکەوە ڕامان.سـەرەنجام پاڤێـڵ پترۆڤـیچ گوتی:
- لاوەکانی رووسیەت بینی؟ ئەوانە دەبنە جێگرەوەی ئێمە.
نیکۆلای پترۆڤیچ کە دەتگوت لە تەواوی گفتوگۆکەدا لەسەر ئاگردانیشتووە نیگـەران بـوو تەنیا لە ژێرەوە سەیرێکی ئارکادی دەکردوو هەناسەی هەڵدەکێشا،لە وەڵامی براکەیدا گوتی:

- جێگرەوانی ئێمە!دەزانی چیم وەبیرهاتۆتەوە؟ڕۆژێك لەگەڵ دایکی خوالێخۆشبوومان هەرامان بوو.ئەو هاواریدەکردو ئامادەنەبوو گوێ لەقسەکانی من بگرێ...منیش لەکۆتاییدا پێمگوت کەئەو ناتوانێ لەمەبەستەکانی من تێبگات ئێمە دوو وەچەی جیاوازین.ئەوقسەیەی منی زۆرپێناخۆشبوو.چی دەکەی؟ دەرمان هەرچەندە تاڵبێ ناچاری دەبێ بیخۆیەوە.جێنشینانی ئێمەش پێماندەڵێن کە لەوەچەی ئێوەنین.هیچ چارەیەك نییە،دەبێ دەرمانەکە بخۆینەوە.

- تۆ لەڕادەبەدەر سادەو دڵسافی.من بەپێچەوانەی تۆ پێموایە کە لەوانە زیاتر دەزانین.ڕەنگە ئەو دەربڕینەی بەکاری دێنین کەمێك کۆن بن و ئەوجەسووریەی گەنجەکان هەیانە ئێمە نەمانبێ بەلاّم بەهەرحاڵ لەوان زیاتر سەرمان لێدەردەچێ...ئەو وەچە نوێیە چەندە پڕخواستن...ئەگەر لە یەکێکیان بپرسی لە شەرابی سووروسپی کامەیان هەڵدەبژێری،وا خۆی نیشاندەدا کە دەڵێی تەواوی دنیا سەیری دەکات وەلاّم دەداتەوە کە(من بەشێوەیەکی گشتی شەرابی سوورهەڵدەبژێرم)

فنیچکا تائەوکاتەی کە دەنگوهەرای لەژوورەوە گوێ لێبوو نەیویست بێتەژوورو هەربۆیە سەرێکی بەژووریداکردوو پرسی:

- حەزتان لەچای نییە؟

نیکۆلاّی پترۆڤیچ لەشوێنی خۆی هەستاو بەرەولای ڕۆیشتو گوتی:

- نا،پێیان بڵێ سەماوەرەکەی بەرنەوە.

پاڤیڵ پترۆڤیچ بەزمانی فەرەنسی ماڵئاوایی لە براکەی کردوو ڕۆیشت.

(١١)

نیوکاتژمێر دواتر نیکۆلاَی پترۆڤیچ چووە ناوباخەکەی تاسەرێك لەساباتەکەی بدات کە زۆری خۆشدەویست.هێرشی بیرێکی خەمناك لە هەمووڵاوە سەری هەڵدابوو.بۆیەکەمین جاربوو پەی بەنێوانی خۆی وئارکادی دەبرد.مەودایەك کە هەررۆژ زیاتر بەربلاَودەبوو.چ زستان گەلێکی سەختی لە پترۆسبۆرگ بێهوودە بەخوێندنەوەی کتێبی تازە بەسەربردبوو.چەندە کاتی لەرادە بەدەری لەگەڵ گەنجەکان بەسەربردبوو گوێی بۆ قسەکانیان شلکردبوو لەگەڵ تێکەڵبوون بە گفتوگۆکانیان هەستی بەشادی وشەوق کردبوو.لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە کە:

- کاکم دەڵێ ئێمەلەسەر هەقین.منیش ڕاستگۆیانە بیردەکەمەوە کە هەقی ئێمەیە.بەلاَم ئەوان شتێکیان هەیە کە ئێمەنیمانە...ئایا ئیمتیازی ئەوان گەنجێتییە؟ نا تەنیا گەنجێتی نییە.ڕەنگە لەسەرووی ئەوەشەوە، ئەوەبێ کە ئەوان کەمتر پابەندی داب ورەسمی خانەدانین.

نیکۆلاَی پترۆڤیچ دەستێکی بەناوچەوانیداهێناو دووبارە لەگژفکران ڕاچوو:

- ئەرێ بنیادەمێك چۆن دەتوانێ ئینکاری شیعربکا؟چۆن دەتوانێ هوونەر ڕەتبکاتەوە؟

سەیرێکی دەورووبەری خۆیکرد.حەزیدەکرد بزانێ چۆن گەنجەکان ئەو هەموو جوانییەی سرووشت ڕەتدەکەنەوە.شەو بەئارامی نزیکدەبۆوە.خۆر دەچوو لەپشت باخچەسپیدارە کانەوە کە نیوکیلۆمەتر ئەولاتربوو،خۆیبشارێتەوە.سێبەری درەختەکان هێدی هێدی بەدوای خۆر دەکەوتن.کابرایەکی دێهاتی هەولێدەدا بارگینە مردەلۆخەکەی لەکوێرە ڕێگا تاریکەکە،وەچوار ناڵەبخا.لەگەڵ ئەوەی ئەوپیاوە دێهاتییە بەبن سێبەردا دەڕۆیشت بەلاَم تەواوی ئەندامی و هەتا پینەکانی سەرشانیشی بەجوانی دەبینران.هەنگاوەکانی بارگینەکە بەروونی دەبینران.تیشکی خۆر لەلا بەلای سپیدارە کانەوە تێدەپەری و توێکڵەکانی ڕەنگی داربەروویان دەنواند.گەلاَی درەختەکان شین شین دەدرەوشانەوە.ئاسمان بەڕەنگی شینی ئەرخەوانییەوە لە سەرووی باوە وەستابوو.پەرەسێلکەکان هەڵدەفڕین.سروەی با وەستابوو،هەنگەکان کە درەنگتر بۆ پوورەکانیان دەگەڕانەوەو هێشتا هەر لەناو گولاَندا دەهاتن و دەچوون.مێشوولەکان لەسەر درەختێکی تەریك نیشتبوونەوە.

- خودایە،سرووشت چەندەجوانە.

بۆ ماوەیەك حەزیکرد تا ئەوشیعرانەی لەبەری کردبوون وخۆشیدەویستن بخوێنێەوە،بەلاّم کەوتەوە بیری ئارکادی و کتێبی ماددەو وزە،بێدەنگ بوو.لەهەمان شوێن ڕاوەستاو لە بێدەنگیدا بەناو خەمەکانیدا شۆڕبۆوە.

نیکۆلاّی پترۆڤیچ لەخەیاڵ پلاّوان چێژی وەردەگرت و ژیانی گوندی ئەوبەهرەیەی زیاتر کردبوو.هەرئەو چەند ڕۆژەی پێشێ کەچاوەڕوانی ئارکادی دەکرد لە حەساری کاروانسەراکە ڕاوەستابوو دووچاری هەمان خەیالاّت ببوو.بەلاّم لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ زۆرشت گۆڕابوون.ئێستا زۆر لەخالّە تاریکەکان،ڕووناك ببوونەوە.ئەویش بەچ حالّێك؟ دووبارە کەوتەوە بیری هاوسەرە کۆچکردووەکەی بەلاّم نەك وەك ئافرەتێکی مالّدارو کەیبانوو.ئەوی وەك کچێکی جوانی لەش و لار ناسك و نیگا پاك هێنایەوە بەرچاوی خۆی.یەکەم ڕۆژی دیتنی هاتەوەیاد.ئەوسەردەمە نیکۆلاّی پترۆڤیچ قوتابی زانکۆبوو.لە پلیکانەی ئەوخانووەی تێیدا دەژیا،لەگەلّی ڕووبەڕووبوو نەیزانی چۆن بوو شانی وەشانی کەوت.گەڕایەوەو بەزمانی فەرەنسی داوای لێبووردنی لێکردو گوتی: ببوورە.بەلاّم کیژە تەنیا زەردەخەنەیەکی هاتێ وپاشان دەتگوت ترساوە تیژ تێپەڕی بوو لەپێچکردنەوەی پلیکانەکاندا ئاوڕێکی لە نیکۆلاّی پترڤیچ دابۆوەو سوورهەلّگەڕابوو...دوای ئەوە کەوتەوە یادی دیدارەخۆشەکان و گفتوگۆ کورت و خەندەکان،شادی،خەمەکان، شلّەژانەکان و بەکورتی تەواوی ئەودنیا شیرینە...ئەوانە بۆکوێ چووبوون؟ دوای ئەوە نیکۆلاّی پترۆڤیچ زەماوەندی لەگەلّداکردبوو.ئەو یەکێك لە خۆشبەختترین کەسانی دنیابوو.ئێستاش بیری لەوە دەکردەوە بۆچی ئەوکات و بیرەوەریە شیرنانە ئەمرۆ ئەبەدی نین.هەولّینەدەدا تەواوی ڕابردوو وەبیربێنێتەوە بەلاّم حەزی دەکرد کاتە لەدەست چووەکان بەهێزلە مێشکیدا بەزیندوویی بهێلّێتەوە.حەزیدەکرد دووبارە ماریا لەدەوری خۆیببینێ و هەست بەگەرمای لەشی بکات.وەك ئەوە وابوو لەپشت سەری خۆیەوە دەیدیت...گوێی لەدەنگی فنیچکابوو:

- نیکۆلاّی پترۆڤیچ لەکوێی؟

لەشی کەوتەلەرزین.نە هەستی بەئازارێك دەکردو نە شەرمیشی دەکرد...هەتا حەزیشی نەدەکرد فنیچکا لەگەلّ ماریادا بەراورد بکات.بەلاّم دەنگی ئەوژنە ئەوی بەیادی پیری وسپی بوونی قژەکانی خستەوە.بۆچی فنیچکا بانگی کردبوو؟خۆزیا وای نەکردبا.ئەو دنیایەی لەناویدا دەژیا لەگەلّ ئەودنیایەی ئێستادا زۆجیاواز بوون.

نیکۆلاَی پترۆڤیچ هەستا سەرپێ و وەلاَمی دایەوە:

- لێرەم.تۆبڕۆ ئێستا دێم.

بیریکردەوە:

- ئەوانە هەمووی ئاسەواری خانەدانین.

فنیچکا سەیرێکی دەورووبەری ساباتەکەی کردو بێئەوەی قسەیەك بکا دووركەوتەوە.نیکۆلاَی پترۆڤیچ پێی سەیربوو.تێگەیشت کە لەو ماوەیەی لەخەیاڵدابووە شەو داهاتووە.تاریکی هەموولایەکی داگرتبوو.ڕووخساری فنیچکا لەبەرچاوی بچووك و ڕەنگ بزڕکاو دەهاتە بەرچاو.هەستا سەرپێ دەیویست بچێتەوە ماڵێ بەلاَم لە دەروونیدا شتێك ئارامی لێهەڵگرتبوو.کەوتە پیاسەکردن بەناو باخەکەدا.جارێك لە خوارێ وجاێکیش لەسەرێی دەڕوانی.ئاسمانی دەبینی کە ئەستێرەکان لەبەرچاوی چاوشارکێ دەکەن.هێندەڕۆیی تا هەستی بەماندووبوون کرد بەلاَم تا ئێستا ئارام نەببۆوە.ئای ئەگەر بازارۆف پێ بزانێ کە چی لەدەروونیدا ڕادەبرێ بێگومان سەرکۆنەی دەکات.لەوانەیە ئارکادیش سەرزەنشتی بکات.فرمێسك بە مژۆڵەکانی ئاغای چل وچوارساڵە دەهاتنەخوار.فرمێسکێك کە خراپتر لەو ئەشکانەبوون کەیۆڵۆن لەچاوەکانی دەباراند.نیکۆلاَی پترۆڤیچ هەروا پیاسەی دەکردو لەگەڕانەوەی بۆلانەکەی کەپەنجەرە ڕووناکەکان بانگیان دەکرد دوودڵبوو.

نەیدەتوانی لەباخەکەو لەتاریکی ولەو هەوا فێنکەی کە لەرووخساریدەداو لەو خەمەی کەلە دەروونیدابوو جیابێتەوە...

لە پێچی باخەکە،لە پاڤێڵ پترۆڤیچ هەڵەنگوت،براکەی لێی پرسی:

- چی بووە؟ بۆوا ڕەنگت پەڕیوە؟ ناکا نەخۆشبی؟ بۆ ناچی کەمێك پشوبدەی؟

نیکۆلاَی پترۆڤیچ بەچەند وشەی کورت وپووخت حاڵی خۆی تێگەیاندو ڕۆیشت.

پاڤێڵ پترۆڤیچ کە گەیشتە کۆتایی باخەکە کەوتەوە بیرکردنەوە.لە ئاسمان ڕاما،بەلاَم لە چاوەکانیدا جگە لەرووناکی ئەستێرەکان هیچی دیکە نەدەبینرا.ئەو خەیاڵاتی نەبوو.روحی وشك و پرلەکێشەو هەوەسبازو پەروەردە فەرەنسییەکەی نەیدەتوانی خەیاڵاتی بێت.

هەمان شەو بازارۆف،بە ئارکادی گوت:

- بیرێکی باشم بۆهاتووه.ئەمڕۆ لە باوکتم بیست کە ئەو دۆستە بەناو بانگەتان بانگی کردووی بچی بۆشار بۆلای...باوکت ومامت ناچن.کەوایە با من و تۆبچین.هەوای ئێرە زۆر ناخۆشبووە.دەچین سەرێکی شار دەدەین و دووسێ ڕۆژان لەوێ دەمێنینەوە.

- تۆ جارێکی دیکەش دێیتەوە بۆئێرە؟

- نا،لەوێوە دەچمە سەردانی دایکم و باوکم.ئەوان لەسی کیلۆمەتری شاردا دەژین.ماوەیەکی زۆرە نەمدیتوون.دەبێ بیرێکیش لەوان بکەمەوە.بنیادەمی باشن.بەتایبەتی باوکم پیاوێکی ڕووخۆش و قسەخۆشە جگەلەوەش،من تاقانەی ئەوانم.

- زۆرلەوێ دەمێنیەوە؟

- پێموانییە.چوونکە زۆرمانەوەم لەوێ،ماندووم دەکات.

- لەگەڕانەوەتدا دێیەوەلامان؟

- نازانم.بزانین چی دێتەپێش...باشە،نەتگوت.دێی بچینەشار.

ئارکادی بەئارامییەوە گوتی:

- هەرچی تۆپێت باشبێ.

ئارکادی لەناخەوە بڕیارەکەی بازارۆفی پێخۆشبوو بەلاّم ئەدەب وای دەخواست کە هەستی خۆی بشارێتەوە.بۆ چما ئەویش نیهلیستێك نەبوو.

ڕۆژی دوایی،دووهاڕێی گەنج بەرەوشار کەوتنەڕێ.لاوەکانی ئاوایی لە ڕۆیشتنی ئەوان نیگەران بوون.تەنانەت دوونیاش گریا...بەلاّم پیرەمێردەکان خۆشحالّ بوون.

(١٢)

ئەوشارەی هـاورێ کانمـان دەیچـوونێ،وەك تێکـڕای شـارەکانی تـری رووسـیا،قایمقامێکی گەنج،پێشەوتووخوازو سەرەڕۆی هەبوو.کە لەهەمان ساڵی قایمقامێتی خۆیدا نەك تەنیا لەگـەڵ شارەوانی و بەڕێوەبەرانی شار تێکی دابوو،لەگەڵ کارمەندانی قایمقامیەتیش نێوانێکی هێنـدە خۆشی نەبوو.تەنانەت لەگەڵ نوێنەری پەرلەمانی شاریش تێککگیران.نوێنەری پەرلـەمانی شـار سەروانێکی خانەنشین کراوبـوو، کەلەمیوانداریـدا بـەناوبانگ بـوو بەهـەمان هـۆوە بریـاردرا بـۆداوەریکردن لـە نێـوان ئـەو و قایمقامـداو چارەسـەرکردنی کێشـەکان،نوێنەرێکی تایبـەت ،بەدەستەلاتێکی بالاوە بنێردرێتەشارو ئەونوێنـەرەش کەسـێك نـەبوو جگەلـە مـاتۆی ئیلـیچ کۆلیازین کە ڕۆژگارێك باوکی بەرپرسـیارێتی چـاودێری کردنـی نیکـۆلای وپاڤێـل پترۆڤیچـی بەئەستۆوە بوو.ماتۆی گەنجێکی چل ساڵەبوو کە ئایندەیەکی درەخشانی لەکاری دەوڵەتیدا لـێ چاوەڕوان دەکرا.بەهەرلایەکی سینەی ئەستێرەیەکی پڕشنگدار هەڵواسرابوو ئەگەرچـی یـەکێك لەئەسـتێرەکان هـی یـەکێك لـە دەوڵەتـە بێگانـەکان بوو.لەڕاستیشـدا ئەسـتێرەیەکی بـێ بەهابوو.ئەویش وەك قایمقام پێشکەوتوو خوازبوو ئەگەرچـی بـە کەسـێکی گـرنگ دەژمێـردرا لەگەڵ ئەوەش هیچ وەك مرۆڤە گرنگەکان نەدەچوو.سەرەڕای ئەوەش زۆرلەخۆی ڕازیبـوو بـەلام رەفتاروئا کاری سادەوخۆمانەبوو.گوێی لەقسەی خەڵکی دەگرت و هەندێجار هێندە پێدەکـەنی کەلەیەکەم دیتنیدا بەمرۆڤێکی رووخۆش و قسەخۆش دەهاتەبەرچاو لەگەڵ ئەوەشدا لەهەنـدێ کاتدا هێندە سەختگیرو دڵڕەقبوو کە لێی چاوەڕوان نەدەکرا.بەزۆری دەیگوت:

- دەبێ وزە وەربگری.

پاشان بەفەرەنسی لێی زیاد دەکرد:

- وزە وەرگرتن گرنگترین تایبەتمەندی کەسێکی سیاسەتمەدارە.

سەرەڕای ئەوانەش زۆربـەیان فریویـان دەداو هەرکارمەنـدێکی بەئـەزموون زۆر بەئاسـانی دەیتوانی کلاوی لەسەربنێ.زۆربەچاکە باسی((گیزۆ))ی نووسەری فەرەنسی دەکردو هەوڵیـدەدا

لەهەموان بگەیەنێ کە ناکرێ ئەولەڕیزی ئەوکارمەندە ئاسـاییانەی وڵات بـژمێردرێ چـوونکە هیچی لەبەرچاو ون نابێ و تەنانەت ئەگەر ئەو ڕووداوە بچووکیش و بێ بایەخیش بێ.تەنانـەت خۆی لەسەرووی ئەوانەش نیشانددداو دەیگوت تەواوی ئەوکتێبانە دەخوێنێتـەوە کـە لـەبواری ئەدەبیاتی هاوچەرخدا بلاّودەکرێنەوە.ڕێك وەك ئەو پیاوە سەرخۆشەدەچوو کە لەکۆلاّندا دەبینێ مندالاّن یاری دەکەن و تێکەلێیان دەبێ.بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەسیاسەت مـەدارانی دەوانـی ئەلکساندەر دەچوو کە هەرشەوێك بەر لەڕۆیشتن بۆشەونشینی سوورچیناخانم بەیانی زووەکـەی لاپەڕەیـەکی لـە کتـێبی (کنـدیاك)[١] دەخوێندەوە.بەوجیاوازیانـەوە لـەوان سـوورترو جـدی تربوو.ئەگەرچی لە زۆرکاراندا سەری دەرنەدەکردو ئاوەزێکی درووست و حیسابیشی نەبوو بەلاّم ئەوکارانەی پەیوەندیان بەخۆیەوە هەبوو بە وەستاییەکی باش ئەنجامی دەدان.

ماتۆی کۆلیازین بەروویەکی خۆشەوە کەشیاوی سیاسـەت مـەداران و مرۆڤـە گەورەکانـە پێشوازی لەئارکادی کرد.بـەلاّم هەرکـە زانـی بـاقی کیرسـانۆفەکان بانگهێشـتەکەیان قبـووڵ نەکردووەو لە ئاوایی ماونەتەوە،قۆڵی کراسەجوانەکەی تەکاندوو گوتی:

- ئاکاری بابت هەمیشە سەیروسەمەرەن.

پاشان ئاراستەی قسەکانی بۆلای کارمەندە گەنجەکە گۆڕی وگوتی:

- دەڵێی چی؟

کارمەندە گەنجەکـە بەوپـەڕی سەرسـامییەوە سـەیریدەکرد دیـارە مـاتۆی کۆلیـازین کـە توانیبووی کارمەندەکەی خۆی نیگەران وسەرسام کردووە ئیدی هیچ گرنگیەکی پێنەدا.

بەشێوەیەکی گشتی هەریەکێك لە سیاسییەکانمان،بۆ ئازاردان و ترساندنی بەردەسـتەکانیان شێوەیەکی تایبەتیان هەیە لەو ڕێگایە بەرپرسەکە لە بەردەستەکەی دەپرسێ:

- ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟

بەردەستەکە بەوپەڕی ڕێزەوە دەڵێ:

- ئەمڕۆ هەینی یە گەورەم.

کەسە گەورەو گرنگەکە بەتوڕەییەوە دەپرسێ:

- گوتت چی؟

- عـەرزم کردی هەینی یە گەورەم.

١- زانایەکی فەرەنسی بوو.

- هەینی؟ چ هەینی یەك؟
- هەینی یەکێك لەڕۆژەکانی هەفتەیە.
- چۆن چۆنی؟ ئێستا تۆ دەتەوێ شتم فێرکەی.
ماتۆی کۆلیازین ئەگەرچی خۆی بە ئازادیخواز دەزانی لەگەڵ ئەوەشدا هەر لەپێڕی ئەو سیاسیانە دەژمێردرا.بەئارکادی گوت:
- ئامۆژگاریت دەکەم کە حەتمەن دەبێ سەر لە قایمقام بدەی.ئەو قسەیەم نەدەکرد چونکە پابەندی دابونەریتی کۆنم.نا،لەبەرئەوەیە ئەوەت پێدەڵێم کە ئەو پیاوێکی تێگەیشتوو خوێندەوارە...بۆیەپێموایە تۆش لەدیداری کەسانی پێشکەوتوخواز خۆشحاڵ دەبی...هیوادارم لە مەبەستەکەم بگەی.دووسبەی شەوێ،ئاهنگێکی گەورە وەڕێدەخا.
- تۆش لەو ئاهەنگە بەشداری دەکەی؟
ماتۆی کۆلیازین بە ئاهێکی دەستکردەوە گوتی:
- ئەو ئاهەنگەی بەشانازی منەوە ڕێکخستووە...تۆ سەما دەزانی؟
- بەڵێ،بەڵام زۆرخراپ سەمادەکەم.
- زۆر بەداخەوە.ئێرە کچی زۆر جوان و لەباری لێن و ئەوەش مایەی داخەکە گەنجێکی وەکو تۆ سەما باش نەزانێ.ئەوەی ناڵێم چونکە باوەڕم بەبنەما کۆنەکان هەیە.منیش پێم وانییە عەقڵی بنیادەم لەوەدابێ بەڵام ئیتر دەورانی (بایرۆنیزم) و گوێ نەدان بە دنیاو نەفرەتکردن لە یاساکان تێپەڕیوە.
- مامەگیان،بەهۆی باوەڕبوون بە بایرۆنیزمەوە نییەکە...
کۆلیازین چووەناو قسەکانی ئارکادییەوەو گوتی:
- بە کەسایەتییە گرنگەکانی ئێرەت دەناسێنم و لەبن باڵی خۆمت دەگرم.
پاش بزەیەکی لەخۆباییانە،درێژەیدایە:
- پێت ناخۆش نیە؟وانییە؟
لەوکاتەدا،خزمەتکارەکەی هاتنی سەرۆکی دارایی شاری ڕاگەیاند،کە پیرەمێرلادێکی دەم ولێو چرچ بوو.پیرەمێرد خۆی بەعاشقی هاوین دەزانی،ئەوهاوینەی کە هەنگەکان شیلەی گوڵەکان دەمژن.دوای هاتنی ئەو،ئارکادی چووەدەرەوە.

بازارۆف لە میوانخانەکە چاوەڕوانی بوو،دوای گفتوگۆیەکی زۆر ڕازیکرد کە بەیەکەوە بچنەلای قایمقام.بازارۆف گوتی:

- دەڵێی چارەیەکی دیکەمان نییە.ناکرێ لەنیوەی ڕێیە بەجێتبێڵم.ئێمە هاتووین پیاوە گەورەکان ببینین.کەوایە دەچین و دەیانبینین.

قایمقام بە ڕووخۆشییەوە بەخێرهاتنی کردن.بەلاّم نە فەرمووی دانیشتنی کردن و نەبۆخۆشی دانیشت.بەهەڵپەهەڵپ دەهاتە بەرچاو هات و هاواریدەکرد.لە بەیانییەوە کە جلوبەرگێکی تەسکی لەبەرکردبوو لێکدا لێکدا فەرمانی دەدا،هیچ کات تا دوای هەموان نانی خۆی نەدەخوارد.هەرئەو کارەش ببووە هۆی ئەوەی کە نازناوی (بووردا) یان لێنابوو.ئەو کیرسانۆف و بازارۆفی بانگهێشت کردبوون کە بێنە ئاهەنگەکەو دوای ماوەیەك داوەتەکەی دووبارەکردەوەو ئەوانەی بەبرایانی کایسارۆف بانگ کرد.لاوەکان لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەلای قایمقام پیاوێکیان بینی جلوبەرگێکی لەشێوەی پان ئیسلاویەکانی لەبەردابوو،هاواریکرد (یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ) لەو گالیسکەیەی کە تێیدابوو بەرەولای بازارۆف بازیدا.بازارۆف کە هەروا بەرێگادا دەڕۆیشت گوتی:

- کاك سیتنیکۆف تۆ لەکوێ و ئێرەلەکوێ؟

- هەرگیز نەمدەتوانی بیریشی لێبکەمەوە کە تۆ لێرە دەبینمەوە.

کابرا بەدەست ئاماژەی بۆگالسکە چییەکەکرد کە بەدوایدا بێت لە کاتێکدا کە لەقوڵکەیەك بازیدەدا گوتی:

- باوکم لێرەکاری هەبوو منیش هاتم تا کارەکەی بۆ ڕاپەڕێنم و بیستم تۆش لەوشارەی.بۆیە هاتمە مزڵەکەت تا بتبینم.(کاتێك دووهاوڕێ گەڕانەوە میوانخانەکە کارتێکی بچووکیان دیت کە بەفەرەنسی و رووسی وشەی ستینیکۆڤی لەسەر نووسرابوو) هیوادارم نەچووبنەلای قایمقام.

- هێندە هیوادارمەبە چوونکە ئێمە ئێستا ڕاستەڕێ لەلای ئەو دەگەڕێنەوە.

- کەوایە دەبێ منیش بچمەلای ئەو.یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ ...من بە هاوڕێکەت... ناناسێنی؟

بازارۆف بێ ڕاوەستان لەبن لێوانەوە گوتی:

- ستینیکۆف، کیرسانۆف.

ستینیکۆف دەستکێشەکانی لەدەست دەرهێنان،بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- بەدیدارتان خۆشحاڵم.دەربارەی تۆ زۆرشتم بیستوون...من لەهاوڕێیان یان باشترە بڵێم لە قوتابیانی کۆنی یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچم.تەواوی ئەندێشەو بیرکردنەوەم بەقەرزداری ئەو دەزانم.

ئارکادی سەیرێکی قوتابیەکەی بازارۆفی کرد.کاریگەری شڵەژان و ساویلکەیی بەرووخسارە بچووکەکەیەوە دیاربوو.نیگاکانی کەمێك تێڕامان و نیگەرانی پێوە دیاربوو.ستینیکۆف درێژەیدایە:

- باوەڕناکەی کاتێك بۆ یەکەم جار یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ پێی گوتم کە نابێ قسەی فەلسەفی هێندە بەگرنگ وەربگری،زۆرخۆشحاڵ بووم...دەتگوت ژیانێکی تازەم دۆزیوەتەوە.بەخۆمم گوت سەرەنجام ئەوکەسەی کە دەمویست دۆزیمەوە.تا لەبیرم نەچووە پێت بڵێم کە یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ دەبێ حەتمەن سەردانی یەکێك لەخانمەکانی ئێرەبکەی.چوونکە ئەو ئامادەیە گوێ لەقسەکانی تۆبگرێ.بەکەڵکی تۆدێت پێموایە ناویشت بیستووە.

بازارۆف پرسی:

- کێیە؟

- کولشینا خانم.خانم یۆدۆ کیسیا کولشینا.ئافرەتێکی تێگەیشتوو پێشکەوتووخوازە.ڕاستیت دەوێ پێم باشە هەرئێستا بچینەلای.ماڵەکەی لەو نزیکانەیە.دەچینە ماڵەکەی و قاوەڵتیش هەرلەوێ دەخۆین.خۆ نانی بەیانیت نەخواردووە؟

- هێشتا نا.

- باشتر.تا لەبیرم نەچووە ئەوەش بڵێم لەمێردەکەشی جیابۆتەوەو ئێستا بۆخۆی ئازادە.

بازارۆف پرسی:

- ژنێکی جوانە؟

- نا،ناکرێ کە بڵێم جوانە....

- کەوایە شێتی دەمبەیەماڵەکەی؟

- گاڵتەیەکی خۆشبوو...بتڵێك شامپانیامان بۆدادەنێ.

- ئاوا.لەوێ هەمووشتێك دەردوکەوێ ...ئێستا باسی باوکتم بۆبکە.ئایا ئێستاش بەدوای قازانجی مڵکانەو ئەوجۆرە شتانەوەیە؟

ستینیکۆف بەشڵەژان و بزەوە گوتی:

- ئێستاش وەدوای ئەوشتانەدەکەوێ...باشە لەگەڵم دێن یان نا؟

- ڕاستیتدەوێ نازانم.

ئارکادی بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

- تۆ هاتووی خەڵکی ئێرەببینی.باشە بڕۆبیبینە.

- کیرسانۆفی بەڕێز،بۆچما تۆش نایەی؟

- ئاخر ئەوە باشنییە هەموومان وەسەرسەری گەڕێین.

- ژنێکی زۆرباشە...

بازارۆف پرسی:

- بتڵە شامپانیاکە مسۆگەرە؟

- بەڵێ،زەمانەتی ئەوەیان دەکەم.

- بەچ شتێك زەمانەتی دەکەی؟

- بەسەری خۆم.

- ئەگەر بەکیسەی باوکت زەمانەتت کردبا باشتربوو.کەوایە بابڕۆین.

(١٣)

ئاڤدۆ ڤیتا نیکی تیشنا لەباڵەخانەیەکدا دەژیا کەلەشێوەی خانووەکانی مۆسکۆ درووست کرابوون.ماڵەکەی لەیەکێك لەشەقامە تازەسووتاوەکاندا هەڵکەوتبوو.هەموودەزانن کە شارەکانی پارێزگا هەرچەند ساڵ جارێك دووچاری سووتان دەبنەوە.لەسەرووی کارتی سەردانی دەرگاکە،زەنگێکی پێوەبوو.لە ڕاڕەوی ژوورەکە ژنێك کە دیارنەبوو قەرەواشە یان هاودەمە،پێشوازی لێکردن.

سیتینکۆف پرسی:

- ئاڤدۆڤیتا نیکی تیشنا لەماڵەوەن؟

دەنگێکی ناسك لەژوورەکەی تەنیشتیانەوە هاتەبەرگوێ:

- ڤیکتۆر تۆی؟ فەرموو.

ژنەکەی پێشێ خێرا ونبوو.سیتنیکۆف خێرا بالاپۆشەکەی داکەند.لەژێرەوە چاکەتێکی درێژی لەبەردابوو،دوای ئەوەی سەرنجێکی ئارکادی و بازارۆفیدا بەدەنگێکی بەرز وەڵامی ژنەی دایەوە:

- بەتەنیا نیم.

هەمان دەنگە ناسکەکە وەڵامی دایەوە:

- کێشەنییە.

گەنجەکان چوونەژوورێکەوە کەزیاتر بەژووری کار دەچوو تا ژووری پێشوازی.کۆمایەك ڕۆژنامەو گۆڤاری رووسی و نامەی هەڵنەپچڕاو لەسەر مێزێکی خڕ هەڵڕژابوون و ئاغزوونە جگەرە بەژوورەکەدا فڕێدرابوون.خاتوون تاڕادەیەك گەنج بوو قژی بۆرو لوول بوو دەسماڵێکی تەنکی بەسەر سەریەوەبوو لەسەر کورسییەکی چەرمی پاڵی دابۆوە.جلکێکی ئاوریشمی نارێکی لەبەردابوو بازنەیەکی گەورەی لەدەست دابوو.لەگەڵ هاتنەژوورەوەی میوانەکان لەجێی خۆی هەستاو پاڵتۆ مەخمەرە زەردەکەی بەسەر شانیدادا.دەستی سیتنیکۆفی گوشی و لەسەرخۆ گوتی:

- سلاو،ڤیکتۆریا.

سیتنیکۆف بە لاسایی کردنەوە لەبازارۆف بە ڕاوێژێکی تووندو پتەو گوتی:

- بازارۆف،کیرسانۆف.

کوکشینا گوتی:

- بەخێربێی.

پاشان چاوەخڕەکانی لەپشت لووتە بچووکە کەیەوە هەڵکێشان و لەبازارۆفەوە ڕاماو گوتی:

- بەڵێ،بازارۆف.زۆرباش دەتناسم (ئەویش وێڕای زۆر لـەخانمانی مۆسـکۆ عـادەتی وابـوو کەپیاوان هەر لەیەکەم دیداری ئاشنابووندا بەناوی نازناویانەوە بانگ بکا) جگەرەدەکێشی؟

ستینیکۆف کە لەوبەینەدا خۆی هەڵدابووە سەرکورسییەکی چەرمییەوە گوتی:

- جگەرە بەجێی خۆی بەلاّم پێشتر باشتێك بخۆینەوە.ئێمە زۆربرسیمانە.تکایە فەرمانبـدە قاپێك شامپانیامان بۆ بێنن.

یۆدۆ کسیا پێکەنی و گوتی:

- ئەی ئاسانخواز.ئەو زۆر بەخۆوە ژیووە،وانییە بازارۆف؟

کاتێك پێدەکەنی پووکی سەرەوەی وەدەرکەوت.

بازارۆف هەرلەگەڵ وەژوور کەوتنی تا ئێسـتا چـووبووە ناوقـاوغی خۆیـەوە.هیچ شـتێکی سـەرنجڕاکێش لـە رووخسـاری ئەوژنـەدا نەدەبینرا.بـەلاّم قەلاّفـەتی حاڵـەتێکی تایبـەتی هەبوو.هەڵسووکەوت و گفتوگۆی سادەوخۆمانەبوون بەلاّم بەئاسانی تێدەگەیشتی کە کارەکانی دەستکردن.ستینیکۆف حاڵەتێکی جدی بەخۆوە گرت وگوتی:

- من ئەوجۆرەژیانەم پێخۆشەو هیچ جۆرە جیاوازییەك لەنێوان ئاسانخوازی و ئازادیخوازیـدا نابینم.

یۆدۆ کسیا هاواریکرد:

- نا،ئەو دووشتانە لێك جیاوازن.

لەگەڵ ئەوەی دەستووری بەخزمەتکارەکەیدا تا خواردن و شامپانیا بێنێ ڕووی لە بـازارۆف کردو گوتی:

- من دڵنیام کە لەجیاوازی ئاسانخوازی و ئازادیخوازیدا لەگەڵ ڕای مندای.

بازارۆف رەتیکردەوە:

- بەداخەوە،نا.تەنانەت لە ڕوانگەی زانستی کیمیایشەوە پارچەگۆشتێك باشترە لە لەتکەنانێك.

- تۆ لەگەڵ کیمیاش سەروکارت هەیە؟منیش عاشقی کیمیام.تەنانەت چەسپێکی تایبەتم درووستکردووە.

- تۆ؟چەسپ؟

- بەڵێ...دەزانی بۆ ئەوکارەم کردووە؟ ئەوچەسپەم تایبەت بۆ بووکەشووشان درووستکردووە.ئاخر منیش ئەهلی کارو کردەوەم.حەیف داهێنانەکەم هێشتا تەواونەبووە...پێویستە دووبارە کتێبی (لیبیخ) بخوێنمەوە...بزانم تۆ وتاری کیسلاکۆفت خوێندۆتەوە کە دەربارەی کاری ژنان نووسیویەتی و لە (هەواڵی مۆسکۆ) دا بلاۆکراوەتەوە.ئەگەر نەت خوێندۆتەوە تکات لێدەکەم بیخوێنەوە،دەربارەی ژنان و باسوخواسی تایبەت بەوان نێوانت چۆنە؟ هاوڕێکەت چ کارەیە؟ ناوی چییە؟

خاتوو کوکشینا لێکدا لێکدا پرسیایدەکرد بێئەوەی چاوەڕوانی وەلاٚمی پێشووی بێ پرسیارێکی ئاراستە دەکرد.ڕێك وەك منداڵەزمان لووس و لەخۆباییەکان ،کە هەڵسووکەوت لەگەڵ دایکیان دەکەن.

ئارکادی خۆی ناساند:

- ئارکادی نیکۆلاٚیۆڤیچ و بێکار.

یۆدڤ کسیا پێکەنی و گوتی:

- باشترا!جگەرە دەکێشی؟ ڤیکتۆریا ئەریٚ دەزانی لێت تووڕەم؟

- بۆچی؟

- چوونکە دەڵێن دووبارە تاریفی جۆرج ساند دەکەی.ئەو ژنێکی دواکەوتووە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەمرسۆن بەراورد ناکرێ.ئەوهیچ بڕواو فکرێکی لەبواری توێکاری و بابەتگەلی لەوشێوەیە نییە.من دڵنیام کەهیچ شتێك دەربارەی زاوزێ ناسی نازانێ ئێستا چۆندەبێ لە دەورانی ئێمەدا لەوشتانە بێ ئاگابی؟(یۆدڤ کسیا بەشلەژانەوە دەستەکانی ڕادەوەشاند) وتارێکی نایابی یەلیسۆڤیچ لەوبارەیەوە نووسراوە.ئەوکاکە بەڕاستی بێوێنەیە.(یۆدڤ کسیا بەشێوەیەکی ئاسایی وشەی کاکی لەجێی کەسەکە بەکاردێنا) بازارۆف وەرە ئێرە لەلای من دانیشە...ڕەنگەنەزانی چەندەت لێدەترسم.

- بۆ؟

- تـۆ زۆر توونـد ڕەخنەدەگری...خوایـەگیان پێکـەنینم دێـت منـیش وەك ئاغاژنـەکان قسەدەکەم..

ئەگەر ڕاستیت دەوێ منیش ئاغام.ئاغای زەویەك کە خۆم بەڕێوەی دەبەم.سەرکارێکم هەیە ناوی یەرۆفییە بنیادەمێکی سەیرە...بەڵام بڕیارمـداوە بـۆ هەمیشـە لێـرە وەمێنم.ئەگەرچـی شارێکی باشیش نییە بەڵام...دەڵێی چی؟

بازارۆف بەخوێن ساردییەوە گوتی:

- ئەوشارەش شارێکە وەك هەموو شارەکانی دیکە.

- بەڵێ،خۆشییەکانی ئێرە هێندە بچووکن کەمرۆڤ دووچـاری سەرسـووڕمان دەکەن.پێشـتر زستانان لەمۆسکۆ دەمامەوە...بەڵام ئێستا مێردەکەم لەوێ دەژی.سەرەڕای ئەوەش مۆسکۆش وەکو مۆسکۆی جاران نییە.نیازم وایە سـەفەرێکی دەرەوەبکەم.سـاڵی پـار هێنـدەی نـەمابوو وابکەم.

بازارۆف پرسی:

- دەچی بۆپاریس؟

- پاریس و هایدلبێرگ.

- بۆچی هایدلبێرگ؟

- چوونکە (بۆنزەن)[1] لەوێیە؟

بازارۆف قسەی نەکرد.کوکشینا دووبارە پرسیاریکرد:

- پیرسا پژینیکۆف دەناسی؟

- نەخێر.

- چۆن نایناسی...ساپژینیکۆف بەزۆری دەچێتەلای لیدیا خوستاتۆڤا.

- ئەویشیان ناناسم.

- بەڵێ،ئەوپێشنیاری کرد لەگەڵم بێتەماڵێ...سـوپاس بۆخـوا کـە گرفتـاری هـیچ کـۆت وبەندێك نیم و منداڵیشم نییە...گوتم سوپاس بۆخوا...بەهەرحاڵ چ فەرقێکی هەیە؟

١- داهێنەرێکی ئەڵمانیە.

یـۆدڤ کسـیا پەنجـەکانی لـە ئـەنجامی زۆرجگەرەکێشـان زەرد هەڵگەڕابوون.جگەرەیـەکی پێچایەوەو پێیکرد.لەو کاتەشدا خزمەتکارەکە بەسینیەکی گەورەوە هاتەژوور.

- ئەوەش قاوەڵتی.فەرموون نۆشی گیانتان بێ.ڤیکتۆر تۆسەری بتڵەکە بکەوە.تۆ وەسـتای ئەوکارانەی.

- بەڵێ،لەوکارانەدا وەستام.

دووبارە دەنگی پێکەنینە ناقۆڵاکەی ستینیکۆف بەرزبۆوە.بازارۆف دوای هەڵدانی سێیەمین پێك گوتی:

- ئەریٚ لێرە ئافرەتی جوان دەست دەکەون؟

یۆدڤ کسیا وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ،بـەڵام ئەوانـە هـەموویان بـێ مێشـك و پووچـن.بۆنموونە هـەمان ئەوهاوڕێیـەم ئادینسۆڤا لەشـولاریکی نـاڕێکی نییـە هەرچـەندە ناوبانگەکەشـی...بەهەرحاڵ ئەوەشـتێکی زۆرگرنگ نییە.بەڵام ئەو ئازادیخوازو...نییە.دەبێ دووبـارە درووسـت بکرێتـەوە.من دەمێکـە لەوبڕوایەدام کە ئافرەتانی ئێمە پێویستە سەرلەنوێ درووست بکرێنەوە.

سیتنیکۆف بەدوای قسەکانی ئەودا گوتی:

- ئەوژنانە چاك ناکرێن.ئەوانە شایستەی سووکایەتی پێکردنن.(سـیتنیکۆف لـە هەسـتی بێزاری بەرامبەر بەهەرکەسێك کەویسبای چێژی وەردەگرت.هیچ کات حسابی بۆئەوە نـەدەکرد کە ماوەیەکی دیکە دەبێ لەبەرامبەر ژنەکەی،کە تـەنیا لەبەرئـەوەی شـازادەیە دەمـی خـۆی ببەستێ و خۆی بەکەم بنوێنێ) هیچ ژنێك ناتوانێ لەوتەکانی ئێمە تێبگات.هیچ یەکێك لەوانە شایستەی ئەوەنین کە ئێمەی پیاوان بەشێوەیەکی جدی دەربارەی ئەوان وتوویژ بکەین.

بازارۆف گوتی:

- ئەوان پێویستیان بەتێگەیشتنی وتەکانی ئێمە نییە.

یۆدڤ کسیا خۆی دەنێو گفتوگۆی دووهاوڕێکە هاویشت و پرسی:

- باس لەچ کەسانێك دەکەن؟

- لە ئافرەتە جوانەکان.

- بۆ چما لەلایەنگرانی (پرۆدۆن) ن؟

بازارۆف دانیشت و بەکورتی گوتی:

- پەیڕەوی لە بیرو باوەڕی هیچ کەسێك ناکەم.پەیڕەوی لە بیرو بۆچوونەکانی خۆم دەکەم.
سیتنیکۆف کە لەوهەلەی هاتبووەپێش لە بەرامبەر مامۆستاکەی خۆشحاڵ دەهاتەبەرچاو هاواریکرد:
- مردن بۆتەواوی یاساوڕێساکان.
کوکشینا ویستی بەرگرییەك بکات:
- بەلاّم ماکالی[1]...
سیتنیکۆف قسەکەی پێبڕی:
- بمرێ ماکالی.تۆ پشتیوانی لەژنان دەکەی.
- من سوێندم خواردووە تا دواساتەکانی ژیانم پشتیوانی لەمافەکانی ژنان بکەم.
- مردن بۆ...
سیتنیکۆف قسەکانی گۆڕین:
- نا،منیش پشتیوانی لەمافەکانی ئەوان دەکەم.
- بەلاّم دەڵێی یەك ئیسلاّوی.
- نا،ئیسلاّوی نیم،ئەگەرچی...
- نا تۆئیسلاّوی.تۆ لایەنگری لە کۆیلەبوونی ژنان دەکەی و پێت ناخۆش نەدەبوو قامچیەکییان وەدەست دابای.
بازارۆف گوتی:
- قامچیش شتێکی خراپ نییە.بەلاّم کێشەی ئێمە لە ئێستادا ئەوەیە کە گەیشتووینە دوادلۆپە.
- دوادلۆپەی چ شتێك؟
- دوادلۆپەی شامپانیا.نەك بە دوادلۆپی خوێنێك کە دەتەوێ لە ڕێگای ئافرەتاندا بەختی بکەی.
- من ناتوانم بەبێ مووبالاتی چاودێریکی بێ ڕێزی ژنان بم.ئەوکەسەی کە هێرش دەکاتە سەرژنان باشترە لەجیاتی ئەوکارە کتێبی (مێشێل) بخوێنێتەوە. (لەبارەی عەشقەوە) بەڕاستی کتێبێکی گەورەیە.

١- مێژوونووس و فەیلەسوفی ئینگلیزی.

لە کاتێکدا بەنازەوە دەستی بەسەر سەرینەکەی دادێنا گوتی:

- بەڕێزان وەرن با لەبارەی عەشقەوە قسەبکەین.

بێدەنگییەك باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا بەلاّم سەرەنجام بازارۆف بێدەنگیەکەی شکاندو گوتی:

- نا،لە جیاتی قسەکردن دەربارەی عەشق،وەرن با باسی خانمێك بکەین کە بەهەڵەنەچووبم ناوی ئادینسۆڤایە.

سیتنیکۆف بەهەمان ئاوازی ناسازگاری خۆیەوە گوتی:

- ژنێکی زۆرجوانە.بێوەژنێکی دەوڵەمەندەو جوانە.ئەوت پێدەناسێنم ئەگەرچی خاوەنی ئەندێشەیەکی بەرزیش نییە.خۆزیا لەگەڵ یۆدڤ کسیای خۆمان پەیوەندی زیاتری هەبوایە تا بەڵکو ئەوعەیبەشی نەمابا.یۆدڤ کسیا من بەخۆشی تۆ دەخۆمەوە.

- ڤیکتۆر،زۆرکەڵەك بازی.

ناخواردنی قاوەڵتی درێژەی کێشا،دوای بتڵی یەکەم،بتڵی دووەم و سێیەم و چوارەمیش هەڵپچڕان.

یۆدڤ کسیا بێ پسانەوە قسەی دەکرد.سیتنیکۆفیش بەهەوای وی دەڕۆیشت.قسەی زۆریان دەربارەی هاوسەرگیری و شتگەلی خەیاڵی و تاوان کرد.قسەلەسەر ئەوەبوو کەئایا مرۆڤەکان لەگەڵ لەدایك بوونیان یەکسانن و کەسایەتی لەچ کاتێکدا بەرجەستەدەبێ.سەرەنجام یۆدڤ کسیا بەرووخساری سوورهەڵگەڕاو لەخواردنەوەی شامپانیا چوو لەپشت پیانۆکەی دانیشت نینۆکە درێژەکانی لەسەر نۆتەکان داناو بەدەنگێکی نووساو سەرەتا بەگوتنی گۆرانییەکی قەرەجەکان و پاشانیش بەگۆرانی(چاوی خەواڵوو دەکوژێتەوە) دەستپێکرد.

سیتنیکۆفیش سەری خۆی بەملپێچەکەی بەست و وەك عاشقێك خۆی دەنواندو ئەوەی دەگوتەوە:

(با لێوەکانم

لەگەڵ ماچی گەرمدا،پێوەند بکرێن)

ئارکادی لەوە زیاتر تاقەتی نەما.لەشوێنی خۆی هەستاو هاواریکرد:

- ئیدی بەسە.ئێرە وەك شێتخانەی لێهاتووە.

بازارۆف کە زۆر بەکەمی قسەی دەکردو زیاتر شامپانیای دەخواردەوە،بە باوێشکدانەوە هەستاسەرپێ و بێ ماڵئاوایی کردن لەخاوەن ماڵ لەگەڵ ئارکادی وەدەرکەوتن.سیتنیکۆفیش بەدوای ئەواندا دەرپەڕی و بەمەراییکردنەوە گوتی:

- ئێستا ڕاتان چۆنە؟ گوتم کە ژنێکی زۆرباشە.خۆزگە هەمووژنەکان وەکو ئەوبان....لەرووی ڕەوشتەوە بیۆێنەیە.

- ئەو دامەزراوەیەی بابیشت نموونەیەکی ڕەوشت بەرزییە.

سیتنیکۆف دووبارە پێکەنی.شەرمی لەئەسڵ ونەسەبەی خۆی دەکرد.بەلاّم نەیدەزانی لە ئێستادا لەو قسەیەی بازارۆف پێویستە بڕەنجێ یان شانازی پێوەبکا.

(١٤)

دوای چـەند ڕۆژێـك قایمقـام ئاهـەنگێکی لەماڵەکـەی خۆیـدا سـازکرد.دیارترین کەسـی ئەومیوانییە ماتۆی ئیلیچ بوو.خاوەن مـاڵ تووشـی هەرکەسـێك بـا دەیگـوت مـاتۆی تـەنیا لەبەرخاتری ئەو هاتۆتە ئێرە.قایمقام تەنانەت لەکاتی میوانداریەکەشدا هەردەستووری دەدان.لە ئاهەنگەکەدا رووخۆشی و میهرەبانی ماتۆی ئیلیچ بەشکۆو گەورەییەوە دیاربوو.دڵی هەموانی دەدایەوە بۆهەندێکیان لەناخی دڵەوەو بۆ هەنـدێکانیش لـەڕووی ناچـارییەوە.لەگەڵ ژنەکانـدا وەکو شەوالییەکان هەڵسووکەوتی دەکرد بەردەوام بەهەمان بزەی جوانی خۆیەوە دەخەنی.لەروو بەرووبوونەوەی لەگەڵ سێ هاوڕێکەدا چەند جارێـك دەسـتی لەپشـتی ئارکـادی داو بـەبرازای خۆشەویستی خۆی ناوی هێنا.بازارۆف کە کۆت وشەرواڵێکی کۆنی لەبەردابوو بەتیلەنیگایـەك لێی ڕوانی و بەمیهرەبانییەوە چەند وشەیەکی لەوانە(زۆر زۆر) و(من)ی لەدەم هاتنەدەر.تۆقەی لەگەڵ سیتنیکۆف کرد بەڵام خێرا رووی وەرگێڕا.لەگەڵ دیتنی خاتوو کوکشینا کە چـاکەتێکی سادەی لەبەردابوو دەستکێشێکی چڵکنی لەدەست دابوو پەڕەتاوسێکی لە پرچەکانی دابوو بـە سۆزەوە تەوقەی لەگەڵ کردو بەزمانی فەرەنسی گوتی:

- لەدیدارتان خۆشحاڵم.

خەڵکەکە لە ڕادەبەدەر زۆربوون و ژمارەی پیاوانیش لەژنان زیاتربوون.پیاوە مەدەنییـەکان لەپەنا دیوارەکان کۆببوونەوە،بەڵام پیاوە سـووپاییەکان و بەتایبـەت یـەکێك لـەوان کەشـەش هەفتەی لەپاریس گوزەراندبوو بەشـۆق وزەوقـەوە سـەمای دەکرد.ئـەو ئەفسـەرەی باسمـانکرد لەکاتی سەماکردندا وشەی ناشرینی بـەزمانی فەرەنسـی دەگـوتن بـەڵام لـەکاتی قسـەکردندا فەرەنسی زۆرخراپ و بەلەهجەی رووسی بەکار دێنا کـە ئـەوجۆرە قسـەکردنە هـەر فەرەنسـی زانێکی دێناپێکەنین.

ئارکادی کەلەسەما کردندا شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو بـازارۆفیش کـە هـەرگیز سـەمای نـەدەکرد لــە سووچــێك وەســتابوون ســیتنیکۆفیش هاتەلایان.لەرووخسـاریدا حاڵــەتێکی گاڵتەپێکردن دەبینراو شتگەلی وڕووشـێنەرو هەسـت بیرینـدارکردنی دەردەبڕی.بەڕووقایمیـەوە سەیری هەمووولایەکی دەکرد بەڵام لەناکاو ڕەنگی گۆڕاو بەئارکادی گوت:

- ئادینسۆڤا هات.

ئارکادی ژنێکی بالآبەرزی بینی کەجلێکی ڕەشی لەبەردابوو لەنزیك دەرگا ڕاوەستابوو.ڕواڵەت وشکۆی ژنە،ئارکادی سەرسام کرد.دەستە رووتەکانی کە بەولاولایدا شۆڕببوونەوە جوان دەهاتەبەرچاو.کەزیەکانی کەبەسەر شانەرووتەکەیدا هاتبوونەخوار چەند گوڵێکی جوانی پێدا شۆڕکردبوونەوە.چاوەگەشەکانی بەئارامی لەخەڵکەکە بڕیبوون.لەچاوەکانیدا شوێنەواری بیرکردنەوە بەروونی دیاربوو.بەگشتی رووخساری بەوحاڵەتەگوماناویەی کەهەی بوو،لەگەڵ ئەوەشدا هێمنی و ناسکیەکی تایبەتیان لێ دەبینرا.ئارکادی لە سیتنیکۆفی پرسی:

- دەیناسی؟

- بەڵێ،حەزدەکەی پێت بناسێنم؟

- بەڵێ...بەلآم دوای سەماکردن.

بازارۆفیش سەیرێکی ئادینسۆڤای کردو پرسی:

- ئەوەیان کێیە؟ هیچ وەك ژنەکانی دیکەناچێ.

دوای تەواوبوونی سەما،سیتنیکۆف ئارکادی بردەلای ئادینسۆڤا بەلآم دەرکەوت ئاشنایەتییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوژنەدا نییە،چوونکە لەکاتی قسەکردندا دەمی تەتەڵەی دەکرد.ژنەش بەسەرسوورمانەوە لێیدەڕوانی.لەگەڵ بیستنی ناوی خێزانی ئارکادی،ڕەنگی رووخساری ژنەگۆڕاو بەشەوقەوە لەئارکادی پرسی:

- ئایا تۆ کوڕی نیکۆلآی پترۆڤیچی؟

ئارکادی وەلآمی دایەوە:

- بەڵێ،وایە.

- دووجار باوکتم بینیووە شتی زۆرباشم دەربارەی ئەوبیستووە.لە ئاشنایەتیتان خۆشحاڵم.

لەوکاتەدا ئەفسەرێك هاتەلایان و ژنەی بۆسەماکردن بانگکرد ژنەش بانگهێشتەکەی قبووڵ کرد.ئارکادی پرسی:

- بۆچما تۆش سەمادەکەی؟

- بەڵێ.ناکا پێتوابێ بۆسەماکردن زۆرپیربم؟

- نا،تەنیا دەمویست شانازی ئەوەمان بدەنێ سەمای مازوورکات لەگەڵ بەم .

ئادینسۆڤا بەمیهرەبانییەوە بزەیەکی هاتێ و گوتی:
- فەرموو.

سەیرێکی کرد.ئەونیگایە زیاتر وەك ئەونیگایانە دەچوو کە عادەتەن ئەوخوشکانەی شوویانکردووەو سەیری برابچووکەکانیان دەکەن.ئەگەرچی ئادینسۆڤا جیاوازی تەمەنی لەگەڵ ئارکادیدا زۆرنەبوو تازە دەبووە بیست ونۆ ساڵ لەگەڵ ئەوەشدا ئارکادی لەبەرامبەر ئەودا خۆی وەك قوتابییەکی قوتابخانە یان خوێندکارێکی گەنجی زانکۆ هەست پێدەکرد.

ماتۆی ئیلیچ بەرێزو شکۆوە هاتەلای ئادینسۆڤا.ئارکادی بۆماوەیەك دوورکەوتەوە بەلاّم هیچ کات چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت.تەنانەت کاتی سەماکردنیش پڕبەچاوان سەیری دەکرد.ئادینسۆڤا چ لەگەڵ پیاوە بەتەمەن و دیارەکان وچ لەگەڵ ئەوکەسانەش کە سەمای لەگەڵ دەکردن هەڵسووکەوتی یەکسان وخۆمانەبوون.بە هێمنی سەرێکی بەدەوروو بەریدا گێڕاو دووجار بەئارامی پێکەنی.لووتی وەك لووتی زۆربەی رووسەکان پان بوو،لەناو پێستی رووخساریدا وردەگنج دەبینرا بەلاّم ئارکادی پێیوابوو کە تائێستا ئافرەتێکی واجوانی نەدیوە.هێشتا ئاوازی دەنگی ئەوی لە گوێیدا دەزرنگایەوەو هەتا گنجی جلکەکانی ئەوی جوانتر لەگنجی جلوبەرگی ژنانی دیکە دەدیت.لەبنەڕەتدا تەواوی جووڵەی ئەو بۆئارکادی جوان و دڵگیربوون و بەشێوەیەکی سەیرو دوور لەهیچ لەخۆکردنێك دەردەکەوت.

لەکاتی مازوورکادا کاتێك ئارکادی لای ژنە ترسێکی زۆری ڕێنیشت.تەواوی ئەوقسانەی کەپێشتر بۆ هەمان دەم ئامادەی کردبوون لەبیری چوونەوە.بەلاّم ئەوترس ولەرزە هێندەی نەکێشاو هێمنی ئافرەتەکە ئەویشی گرتەوەو بەئاسوودەیی دەستی کرد بەقسەکردن.باسی زۆرشتی لەگەڵ ئادینسۆڤا کرد.باسی باوکی،مامی،ژیان لە پترۆسبۆرگ ولەگوند.ژنەش بەڕێزەوە گوێی لەقسەکانی ڕادەگرت و باوەشێنەکەی دەکردەوەو دایدەخستەوە.هەرجارێك یەکێك داوای سەمای لە ئادینسۆڤا دەکرد زنجیرەی قسەکانی ئارکادی بۆ ماوەیەك دەوەستاو دوای ماوەیەك درێژەی بەقسەکانی دەدایەوە.لەو ماوەیەدا دووجار سیتنیکۆف داوای سەمای لێکرد.دوای تەواوبوونی هەرسەمایەك ئادینسۆڤا بێ ئەوەی هەست بەماندوویەتی بکات دەگەڕایەوە شوێنی خۆی و باوەشێنەکەی ڕادەوەشاند.تەنانەت هەناسەکانیشی ئاسایی بوون.ئارکادی دووبارە وەقسە هاتەوە.ئەو لەوەی کەلەپەنا ئادینسۆڤا دابنیشێ و قسەی لەگەڵدابکاو سەیری چاوەجوانەکانی بکا لەڕادەبەدەر چێژی وەردەگرت.

ئەگەرچی ئادینسۆڤا زۆرکەم قسەی دەکرد لەگەڵ ئەوەشدا دیاربوو کەژنێکی کامڵە ئارکادی لە هەڵسەنگاندنی ئەورستەیە بۆی دەرکەوت کە ساردو گەرمی زۆری ڕۆژگاری چێشتووە.ئادینسۆڤا پرسی:

- کاتێك سیتنیکۆف تۆی هێنایە لای من،کێ بوولەلات بوو.

ئارکادی وەڵامی دایەوە:

- بۆچما تۆش ئەوت دیت؟ڕووخسارێکی جوانی هەیە،وانییە؟ ئەوە بازارۆفە،یەکێك لە هاوڕێکانمە.

تاریفی لایەنەباشەکانی هاوڕێکەی کرد.هێندەی باسی بازارۆف کرد تا ئادینسۆڤا ئاوڕێکی دایەوەو سەیرێکی بازارۆفی کرد.دووبارە کاتی جیابوونەوەهات.ئارکادی هەرگیز حەزی نەدەکرد لەلای ئەوژنە دوورکەوێتەوە.چەند کاتژمێرێکی خۆشی لەگەڵ بردبووەسەر.لە تەواوی ئەوماوەیەدا لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە کە ئادینسۆڤا بەقبوولکردنی لەلای خۆی گەورەییەکی زۆری لە بەرامبەردا نواندووە.دوای تەواوبوونی مۆسیقاو کۆتایی سەما،ئادینسۆڤا گوتی:

- وەرە سەردانم و هاوڕێ گەنجەکەشت بێنە.بەڕای من دیدار لەگەڵ کەسێکدا کە بوێری ئەوەی هەبێ بڕوای بەهیچ شتێك نەبێ زۆرگرنگە.

قایمقام لێیان نزیك بۆوەو بە ئادینسۆڤای گوت:

- نانی ئێواە ئامادەیە.

دەستی گرت ولەگەڵ خۆی برد.ئادینسۆڤا کە دوور دەکەوتەوە ئاوڕێکی دایەوەو بۆ دواجار بزەیەکی هاتێ.ئارکادی ئیکلامێکی کێشاو تێەوە ڕاما.(چەندە لەش ولاری ئادینسۆڤا لەژێر ئەوجلکە ڕەشانەوە جوانن) لەبەر خۆیەوە گوتی:

- هەرلە ئێستاوە ئەوژنە هەست وهۆشی لێ بڕیوم.

لەدڵی خۆیدا هەستی کرد کە تاچ ڕادەیەك سووك وبچووکە.لە سووچێکی سالۆنەکە،ئارکادی گەیشتەلای بازارۆف.بازارۆف پرسی:

- کەیفت کرد؟چەندساتێ بەرلە ئێستا کابرایەك پێیگوتم ئەوژنە بەلایەکە بۆخۆی.تۆدەڵێی چی؟ بەڕاستی بەلایە؟

ئارکادی وەڵامی دایەوە:

- لە مەبەستت تێناگەم.

- سەیرە،چەندەمنداڵی!

- بەڵێ،ئەوکەسەی ئەوقسەیەی بە تۆ گوتووە لە مەبەستەکەی حاڵی نابم.بەڵام ئەوەی دەزانم کە ئادینسۆڤا ژنێکی زۆرباشەو هەڵسووکەوتی هێمن و لەسەرخۆیەو...

بازارۆف چووە ناوقسەکانییەوەو گوتی:

- بۆمەگەر نەتبیستووە (ئاوێک کە ئارام ئارام دەڕوا باشتر دەچێتە قولایی زەویەوە)...تۆدەڵێی لەسەرخۆیە.ناسکیەکەی هەر ئەوەیە.ئەرێ تۆحەزت لە بەستەنی نییە؟

ئارکادی لەبن لێوانەوە پرتەیەکی کرد:

- ڕەنگە هەقی تۆبێ.من ناتوانم لەو بارەیەوە هیچ بڵێم.بەڵام داوای لێکردم تۆی پێبناسێنم.

بازارۆف بەگاڵتە پێکردنەوە گوتی:

- دەزانم لای ئەو تاج ڕادەیەك تاریفی منت کردووە.بەڵام کارێکی باشت کردووە.بمبەلای. هەرچی دەیەوێ باوابێ،مانگایەکی شیردەر یان ژنێکی پێشکەوتووی وەك کوکشینا،بەڵام بەهەرحاڵ شان و قۆڵی جوانن کەمن کەمتر دیتوومن.

ئارکادی لە رووهەڵمالاوی بازارۆف توورەبوو بەڵام ئەوتوورەییەی لەسەرشتێکی دیکەبوو.ئارکادی بەئارامی لەبازارۆفی پرسی:

- تۆ بۆچی ئازادی بیرکردنەوەی ژنانت قبوڵ نییە؟

- چوونکە ئەزموون نیشانیداوە تەنیا ئەو ژنانە دەتوانن بیری ئازادیان هەبێ کەلە نیعمەتی جوانی بێ بەش بن.

باسەکە لێرەدا کۆتایی پێهات دووهاورێ دوای نانخواردن کۆڕەکەیان بەجێ هێشت.کوکشینا توورەو ڕق هەستاو لەپشت سەریانەوە پێکەنی بەڵام هیچیان گرنگیان پێنەداو بەوکارەشیان هەستی لەخۆبایی بوونەکەیان بریندارکرد.کوکشینا زیاتر لەئامادەبوان لە کۆڕەکەدا مایەوەو تا کاتژمێر سێی نیوەشەو لەگەڵ سیتنیکۆف سەمای کرد.سەرەنجام کۆڕی میوانی جەنابی قایمقام بەودیمەنە سەرنجڕاکێشەوە کۆتایی هات.

(١٥)

ڕۆژی دواتر،کاتێك ئارکادی و بازارۆف لەپلیکانەی ئەو میوانخانەیەی کە ئادینسۆڤا تێیدا دەژیا سەرکەوتن،بازارۆف گوتی:

- دەمەوێ بزانم ئەوژنە لەکام دەستەی مەمکدارەکانە.دڵم نالێ ئێرە هەمووشتێکی باش ورێکو پێك بێ.

ئارکادی بەپەرێشانیەوە گوتی:

- من سەرسامم لەڕەفتارەکانی تۆ.زەمانێك خۆت لە تەنگژەی بنەماکانی ئەخلاقی دوایی و...

بازارۆف بەخوێنساردییەوە قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- تۆش بنیادەمێکی سەیری.بۆ چما نازانی کە لەڕوانگەی ئێمەوە مرۆڤە باشەکان خراپن ومرۆڤە خراپەکانیش باشن.بۆ هەرئەمرۆ نەتگوت مێردی بەپیاوێکی دەوڵەمەندکردووەو ئەوکارەش بەڕای تۆ سەیرە.لەکاتێکدا ئەگەر ڕای منت دەوێ ئەوکارە هەرگیز خراپ نییەو کارێکی ژیرانەیە.من یەکەبارێ خۆم گوێم لەقسەو قسەلۆکی خەڵکی ئەوشارەنییە.بەلاّم پێشم وانییە کە هەموو ئەوقسانە بێ بنەمابن.

ئارکادی وەلاّمی نەدایەوە.لەدەرگای ژوورێکی دا.خزمەتکارێك کە جلکێکی ڕەسمی لەبەردابوو دووهاوڕێکەی بۆ ژوورێکی گەورە ڕێنوێنی کرد.لەگەڵ ئەوەی چەند دەستەگوڵێك لەدەوروو بەری ژوورەکە دەبینران بەلاّم ئەو ژوورەش وەك هەموو ژوورەکانی رووسیا خراپ ڕێکخرابوون.

دوای ماوەیەکی کەم ئادینسۆڤا بە جلکێکی سادەی بەیانی هاتەژوورێ.لە ژێرتیشکی خۆردا لەشەوی ڕابردوو جوانتر دەهاتەبەرچاو.ئارکادی،بازارۆفی پێناساند.ئادینسۆڤا لە دەستەپاچەیی بازارۆف سەری سووڕما.ئادینسۆڤا وەك شەوی ڕابردوو هێمنی خۆی کۆنترۆڵ کردبوو.بازارۆفیش لە نیگەرانی و دەستەوستانی خۆی سەرسام بوو.لەبەرخۆیەوە گوتی:

- تۆش بۆیەکەم جار لەژنێك ترسای!

پاشـان وەك سـیتنیکۆف خـۆی هەڵدایـە سەرکورسـییەك و زیـاد لەپێویسـت هەسـتی بەخۆمانەبوون دەکرد.ئادینسۆڤا بۆچرکەیەك چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت.

ئانا سرگیۆنا ئادینسۆڤا کچی سێرگی نیکۆلاێۆڤیچ لۆکنێف بوو.بـاوکی لـەقومار زانـی و سەربەگێچەڵی ناوبانگێکی زۆری هەبوو کە دوای پارە بەفیڕۆدان و عەیش و نۆشـێکی زۆر لـە مۆسکۆو پترۆسبۆرگ سەرەنجام کەوتەسەرساجی عەلی و ناچاربوو بێتەوە گوندو دابنیشێ.بەڵام لەدێ هێندە خۆی ڕانەگرت و پاش ماوەیەکی کەم کۆچی دوایی کردو میراتێکی زۆرکـەمی بـۆ دووکچەکەی ئانای بیست ساڵەو کاترینی دوازدەساڵە بەجێهێشت.دایکی دووکچەکە یەکێك لە شازادە دەست کورتەکان بوو کە لەوسالانەی مێردەکـەی لەوپـەڕی دەوڵەمەنـدی دابوو،کۆچـی دوایی کردبـوو.دوای مردنـی بـاوکی ژیـانێکی ناخۆشـی دەگوزەراند.ئـەو کـەوەك خانـەدانان پـــەروەردەببوو نەیـــدەتوانی چەرمەســـەریەکانی ژیـــان لەگونـــدو کێشـــەی زەوی وزار تەحەموولبکا.لەدەورو بەری خۆی ئاشنایەکی نەبوو،لەگەڵ کەسیش هاموشۆی نەبوو چوونکە باوکی تێکەلاوی لەگەڵ دراوسێکانی لـێ قەدەغەکردبوو،ئـەوانی بەسـووك وچـرووك لەقەڵـەم دەدان.دراوسێکانیش لەلای خۆیانەوە سووکایەتیان بەوان دەکرد.هەربۆیە ئانا دەستەپاچە نەبوو دەست بەجێ پوورەکەی خـاتوو ئاڤـدیۆتا سـتیپانۆ،کە پیرەژنێکـی خوێنتـاڵ بـوو هێنایـەلای خۆی.ئەویش هەرکـە گەیشـت باشـترین ژووری بۆخـۆی تـەرخانکردو لـە بەیانیـەوە تاشـەوێ پرتەوبۆڵەی بوو.هەتا ئامادەنـەبوو بـۆ گـەڕانیش بەناوباخەکـەدا بـەبێ خزمەتکارەکـەی کـە نۆکەرێکی تووڕەوتۆسن و خوێنتاڵ بوو لـەماڵ بچـێتەدەر،جلێکی کـۆنی لەبـەردەکردو کـلاوە سێگۆشەکەشی لەسەردەنا.ئانا لەگەڵ هەمـوو خوو ئاکارەخراپەکانیدا هـەڵیکردو هەوڵیـداخۆی تەرخان بکا بۆ پەروەردەکردنی خوشکە بچووکەکەی.بڕیاریدابوو بۆ هەمیشە لەگوند بمێنێتـەوە کە لەناکاو دۆخەکە گۆڕا.

پیاوێکی چل وپێنج ساڵە،دەوڵەمەند،ڕەزاگران،خەمگین و بەدڵ بەرێکەوت چاوی پێکـەوت وعاشقی بوو،داوای لێکرد زەماوەندی لەکەڵ بکات.ئانا زوو شـووی پێکرد.بـەڵام دوای شـەش ساڵ مێردەکەی مردوو تەواوی سەروەت وسامانی بۆ هاوسەرەکەی بەجێهێشت.تا ساڵێك دوای مردنی مێردەکەی،ئانا لەگوندەکەی مایەوە.بـەڵام دوای ئـەوە چـووەدەرەوەو ماوەیـەکی کـەم لەگەڵ خوشکەکەی لە ئەڵمانیا مایەوە.بەڵام لەوێ هەسـتی بەدڵتـەنگی دەکـردو بۆزەویەکـەی یانی نیکلسکۆی گەڕایەوە کە لە چل کیلـۆ مـەتری شـاربوو...لەوێ باڵەخانەیـەکی زۆرجـوان

وخاوێن و باخێك كە گوڵخانەی زۆری تێدابوون هی ئەوبوون.ئادینسۆڤا بۆ ئارامی و ئاسوودەیی خۆی هیچی لەبیر نەكردبوو.ئانا زۆر كەم دەهاتە شارو زۆر نەدەمایەوە.بۆچی،خەڵكی شار لەپاشەملە ئەومێردەی كە كردبووی قسەی زۆریان دەكرد.قسەوباسی زۆریان لەبارەوە دەكردو دەیانگوت ئەویش لە قۆڵبڕینەكانی باوكیدا بەشداربووەو هەربۆیەش بووە چۆتە دەرەوە تا پێش بەهەندێ ڕووداوی نەخوازراو بگرێ.لە پاشەملە دەیانگوت:

- ئەو دەزانێ كوێ نیسكان دێنێ.

قسەخۆشێكیش بە هێماوە دەیگوت:

- لە زۆر ئاوانی داوە؟

هەمووئەو قسانە بەگوێی ئادینسۆڤا دەگەیشتنەوە بەلاّم ئەو بەهەندی نەدەگرتن.ئازاو بەئیرادەبوو.ئادینسۆڤا لەسەر كورسیەك دانیشت.دەستی لەسەردەستی داناو گوێی لە قسەكانی بازارۆف ڕاگرت.بازارۆف بە پێچەوانەی هەمیشە سەرگەرمی چەنەلێدان بوو.لەو نێوەدا شتێك كە ئاركادی سەرسام كردبوو ئەوەبوو كە بازارۆف دەیویست گوێگرەكەی سەرگەرم بكا.نەیدەتوانی تێبگا كە ئایا هاوڕێكەی بەمەبەستی خۆیگەیشتووە یان نا.لەلایەكی دیكەشەوە،ئەندێشەو هەستی ئاناش نەدەتوانرا لەقیافەیدا بخوێنرێتەوە.ڕووخساری لەو كاتەدا هەم جوان و میهرەبان و هەم جدی ومكوڕبوو،چاوەجوانەكانی دەدرەوشانەوە بەلاّم تیشكی شادی تێدا نەدەبینرا.سەرەتا هەڵسووكەوتی بازارۆف لەبیری ئانادا ئاسەوارێكی ناسازگاری بەجێهێشت.بەلاّم هەركە لەشەرمی بازارۆف تێگەیشت خۆشی ویست.ئانا تەنیا نەیدەتوانی شتێك تەحەمووڵ بكا ئەویش هەستی بچوكی و بەكەم نەزانین بوو كە ئەوهەستە هەرگیز لەبازارۆفدا بوونی نەبوو.

ئاركادی لەوڕۆژەدا هیچ كات نەیتوانی لەسەرسام بوون بێتەدەرەوە.بیری كردەوە بازارۆف لەگەڵ ئادینسۆڤاشدا بەهەمان شێوەی كە لەگەڵ تێكڕای ژنە پێشكەوتووەكان قسەی دەكرد،هەروا قسەدەكا.یانی ئەو بیرو ئەندێشانەی خۆی بۆ بەرامبەرەكەی ڕوون دەكردەوە.بەتایبەتیش كە ئادینسۆڤا داوایكردبوو لەگەڵ كەسێك ئاشنابێ كە هەموو شتێك ڕەتدەكاتەوەو بڕوای بەهیچ شتێك نییە.

بەلاّم بە پێچەوانە بازارۆف باسەكەی بۆ پزیشكی و گیاناسی كێشا.لێرەدا دەركەوت كە ئادینسۆڤاش بێ ئیشی خۆی بەهەدەرنەداوەو كتێبی باشی خوێندوونەوە.ئەو ڕایەڵی باسەكەی

بـۆلای مۆسـیقا وەرچـەرخاند بـەلاّم کاتێـك تێگەیشـت بـازارۆف هـیچ هۆگریـەکی بـۆ هونەرنییە،لەگەڵ ئەوەی ئارکادی لەبەهای مۆسیقی فۆلکلۆری قسەی دەکرد،بابەتی قسەکانیان دووبارە بەرەولای سروشت وەرگێڕا.

ڕەفتـاری ئادینسـۆڤا لەگـەڵ ئارکادی،ڕەفتـاری خوشـکی گـەورە لەگـەڵ بـرای بچـووك بوو.دەرکەوت کە لەودا تەنیا گەنجی و میهرەبانی سـەرنجی ڕاکێشـاوەو هیچـی دی.دوای سـێ کاتژمێر گفتوگۆ دەربارەی بابەت گەلی جۆراوجۆر،سـەرەنجام دووهـاوڕێ هەسـاتان و ویسـتیان بڕۆن.ئانا بەمەبەستی ماڵئاوایی کردن دەستی بەرەولای ئـەوان درێژکرد،بەسـەرنجێکی بەسـۆزو پاش ڕاوێژێکی دڕدۆنگانە گوتی:

- بەڕێزان ئەگەر لەلای من ماندوو بێزارنەبن،بانگهێشتان دەکەم بێنەنیکلسکۆی.

ئارکادی بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

- ئێمەزۆر خۆشحاڵین کە...

- ئەدی تۆ بازارۆف؟ مسیۆ بازارۆف.

بازارۆف لەجیاتی وەلاّم ئیکلامێکی کێشـا.ئارکادی دووبـارە سـەری سووڕما.ڕووخسـاری هاوڕێکەی سوور هەڵگەڕابوو.کاتێك گەیشتنە شەقامەکە ئارکادی پرسی:

- تۆ هێشتاش لەسەرهەمان بڕوای پێشووتی بەرامبەر بەئەو؟

- نازانم.ناسینی ئەو کارێکی ئاسان نییە.

دوای بێدەنگییەکی کەم،بازارۆف گوتی:

- شازادەخانمی ملّکدار...ئەو تەنیا بەکەڵکی ئەوەدێت جلوبەرگی ئاودامان لەبەربکاو تاج لەسەرنێ.

ئارکادی بەنارەزاییەوە گوتی:

- شازادەخاتوونەکانی ئێمە ،رووسی ئاوا بەرەوانی نازانن.

- ژنێکی کامڵە.نان ونمەکی رووسەکانی حەرام نەکردووە.

- لەگەڵ ئەوەشدا ژنێکی جوانە.

- بەڵێ،لەش ولارێکی گۆشـتن وجـوانی هەیـە.مرۆڤ حـەزدەکا هەرئێسـتا بیباتـە هـۆلّی توێکاری.

- یۆگینی توخوا وازبێنە.هەمووشتێك سنووری خۆی هەیە.

- زۆرباشە،هێندەزوو هەڵمەچوو.مەبەستم ئەوەبوو کەشتێکی وایە بخورێ...واباشە دووبارە سەری لێبدەینەوە.

- چ کاتێك؟

- دووسبەی چۆنە؟ئێمە هیچ کارێکمان نییە جگە لەسەردانی دۆست وئاشنایان و کەللەزلەکان و شامپانیا خواردنەوە لەگەڵ کوکشینا.هەر دووسبەی وەڕێدەکەوین.جگەلەوەش زەوی باوکیشم هێندە لەوێ دوورنییە.نیکلسکۆی دەبێ لەسەر ڕێیەبێ؟

- بەڵێ،نیکلسکۆی لەسەر ڕێگای زەویەکانی باوکتدایە.

- کەوایە تەواوە.تەنیا شێتەکان و ئاقڵەکانن کە لەکارەکانیاندا دوادەکەون...لەگەڵ ئەوشدا دووبارە دەڵێم لەش ولارێکی جوانی هەیە.

دوای سێ ڕۆژان،دووهاورێ بەرەو نیکلیسکۆی وەڕێکەوتن.هەوا هەتاوی بوو بەلاّم زۆرگەرم نەبوو.ئەسپەتێرەکان گالسکەکەیان تاوەدا.ئارکادی بێ ئەوەی بزانێ بۆچی،سەیری جادەی دەکردوو پێدەکەنی.بازارۆف لەپڕێکدا هاواری کرد:

- واباشە پیرۆزباییم لێبکەی چوونکە ئەمڕۆ بیست و دووی حوزەیرانە یانی ڕۆژی ناولێنانمە.ئەمڕۆ چ تاجێکم لەسەردەنێن؟!

پاشان دەنگی خۆی نزم کردەوەو گوتی:

- ئەمڕۆ لەماڵێ هەموان چاوەڕوانم دەکەن...با چاوەڕوانبن.هێندە گرنگ نییە.

(١٦)

شوێنی نیشتەجێبوونی سرگیۆنا لە سەرەو ژێری تەپۆلکەیەك هەڵکەوتبوو کە دەوروو بەرەکەی تەقریبەن ئاوالآبوو.لەنزیك ماڵە کەشییەوە کلیسایەکی لێبوو کە لەبەردی زەرد دروستکرابوو،سەرەکەی سەوزو بە ئەستوونی سپی نەخشێنرابوو.لە سەرووی دەرگای چوونەژوورە وێنەی هەستانەوەی مەسیحی لێ کێشرابوو.لە هەمووی سەرنجڕاکێشتر هێڵی چەماوەی جەنگاوەرێکی لە سەرزەوی کەوتوو لەو تابلۆیەدا دەبینرا.لە پشت کلیساوە دووگەرەك ماڵی گوندی بوون لەسەربانە حەسیرەکان دووکەڵکێش دەبینران.باڵەخانەکە بە شێوازی ئالکساندرێن دروستکرابوو.خانووەکەش وەك کلیساکە بە بەردی زەرد دروستکرابوو سەربانەکەشی ڕەنگی سەوزو ئەستووندەکانیش سپی و ڕازابوونەوە.ئەندازیاری ئەومەڵبەندە،هەردوو باڵەخانەکەی لە سەرداوای ئادینسۆڤای کۆچکردوو دروستکردبوو،کەرقی لە شێوازی تازەبوو.کۆنەباخێك کە بەداری بی زۆر لە دوولاوە گەمارۆدرابوو،بەناو سنەوبەرەکاندا ڕێگایەك بۆ خانووەکە کرابۆوە.

لەبەر دەرگا،دووخزمەتکار بەجلی ڕەسمییەوە هاتنەپێشوازی دووهاوڕێ گەنجەکە.یەکێك لەوان دەست بەجێ ڕۆیشت بەدوای سەرکاردا.دوای کەمێك سەرکار بەجلکێکی ڕەشەوە دەرکەوت و میوانەکانی بەسەر ئەوپلیکانانەدا برد کە فەرشیان لەسەر ڕاخرابوو چوونەسەرێ،پاشان ئەو ژوورە تایبەتەی کەپێشتر بۆ میوانەکان ئامادەکرابوو ڕێنوێنی کردن، کە دووقەرەوێڵەو کەلوپەلی پێویستی تێدابوو .دیاربوو لەو ماڵەدا ڕێکوپێکی و خاوێنی تێدا بەرقەرارە.هەرشتێکی ژوورەکە بۆنێکی خۆشی لێدەهات کە تایبەتی ژووری پێشوازی وەزارەت خانەکان بوو.

سەرکار گوتی:

- ئانا سرگیۆنا داوای لێکردم بەجەنابتان ڕابگەیەنم کە دوای نیوکاتژمێر دێتەلاتان.ئایا خزمەتێکی دیکەتان نییە؟

بازارۆف وەلآمی دایەوە:

- نەخێرکاکە.هیچ کارێکمان نییە...تەنیا کەمێك عەرەقمان دەوێت.
سەرکار بەسەرسامییەوە گوتی:
- فەرمان دەکەن قوربان.
بەخشەخشی پێڵاوەکانییەوە دوورکەوتەوە.بازارۆف بەگاڵتەکردنەوە رووی لە ئارکادی کردو گوتی:
- عەجیب شکۆو گەورەییەك...پێموایە بەقسەی تۆبێ دەبێ هەمان دەستەواژە بەکاربێنم.بەڕاستی شازادەخانمێکی تەواوە.
ئارکادی بەناڕەزاییەوە گوتی:
- بەڵێ شازادەخانمێکی گەورەیە کە بۆیەکەمجار دوو کەسایەتی پایەبەرزی وەك ئێمەی بۆ ماڵەکەی بانگهێشت کردووە.
- بەڵێ،بەتایبەتیش من کە کوڕی دکتۆرێك و نەوەی قەشەیەکم ڕێك وەك (ئیسپرانسکی)...
دوای کەمێك بێدەنگی،بازارۆف لێوەکانی بەنیشانەی بەهەند نەگرتن خوارکردەوەو گوتی:
- دەتزانی نەوەی قەشەیەکم،وانییە؟...باواز لەوانەبێنین خاتوو ئادینسۆڤا ژنێکی بەخۆژیوە.ڕەنگە باشترین کار ئەوەبێ جلکەڕەسمیەکانمان بپۆشین و بچینەلای.
ئارکادی تەنیا شانی هەڵتەکاند...ئەویش تووڕە دەهاتە بەرچاو.
دوای نیوکاتژمێر ئارکادی و بازارۆف چوونە ژووری پێشوازی.ژوورێکی گەورەو شاهانە کە دەتگوت بۆ ڕازاندنەوەی سەلیقەیەکی ئەو تۆی تێدا بەکار نەهاتووە.کەناری دیوارەکان بەڕەنگی قاوەیی و،قەنەفەی قورس و گرانبەها بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێکخرابوون.مەرحومی ئادینسۆڤا ئەو کاغەزانەی لەلای هاوڕێیەکی خۆی کە دەلاڵی شەراب بوو لە مۆسکۆوە هێنابوونی.لەپشت کورسییەك،وێنەی پیاوێکی قژبۆر هەڵواسرابوو کە دەتگوت بەچاوێکی دوژمنکارانە لەمیوانەکان دەڕوانێ.بازارۆف بەگوێی ئارکادیدا چپاند:
- پێدەچێ خۆی بێت.
لەکاتێکدا ناوچەوانی گرژدەکرد درێژەی دایە.
- چۆنە ڕاکەین؟

بەڵام لەو کاتەدا خاوەن ماڵ هاتەژوور.جلکێکی سپی تەنکی لەبەردابوو قژەلووسەکەی لەپشت گوێی خڕکردبوونەوە رووخساری بەحاڵەتێکی پاك و کیژانە دەرخستبوو.

- لەوەی بانگهێشتەکەی منتان قبووڵ کردووە زۆرخۆشحاڵم.ئێوە پێویستە ماوەیەك لێرە وەمێنن.ئێرەش جێگایەکی هێندە ناخۆش نییە...لەگەڵ خوشکەکەشم پێکتان دەناسێنم.زۆرباش پیانۆ لێدەدا.ئەگەرچی بەڕێز بازارۆف تۆ هێندە گرنگی بەهونەرنادەی بەڵام دەڵێی مسیۆ کیرسانۆف حەزی لەمۆسیقابێ.جیا لەخوشکم پووریشم لەگەڵمان دەژیت.ناوەناوەش یەکێك لە هاوسێکان دیێتەسەردانمان و بەیەکەوە یاری وەرەقە دەکەین.ئەوە هەموو کۆبوونەوەی ئێمەیە.بۆ دانانیشن؟

دەتگوت ئادینسۆڤا ئەو وتارە کورتەی پێشتر لەبەرکردووە.پاشان گەڕایەوە لای ئارکادی و چەند قسەیەکی لەگەڵ کرد.گۆیا دایکیان یەکتریان دەناسی و کاتێك دایکی ئارکادی عاشقی نیکۆلای پترۆڤیچ بووە تەواوی ڕازەکانی بەدایکی ئانا گوتووە.ئارکادی بەگەرمی دەربارەی دایکی دەستی بەقسەکردن کرد،بازارۆفیش بە تەماشاکردنی ئەلبوومەکان خۆی خەریککردبوو لەو کاتەدا لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- من چەندە گوێ لەمست بووم!

بەدوای تاژیەکی جوان کە قەلادەیەکی لەملدابوو کچێکی هەژدەساڵەی پرچ ڕەش،زەردباو بەڵام دڵگیرو چاوڕەش هاتەژووری پێشوازی.کیژە بەرچنەیەکی پڕلەگوڵی بەدەستەوەبوو.ئادینسۆڤا لە کاتێکدا بەئاماژەی سەر ئەوی نیشاندەدا گوتی:

- ئەوەش کاتیای خوشکم.

کاتیا بەخاکە ڕاییەوە لەپەنا خوشکەکەی ڕاوەستاو سەرگەرمی جیاکردنەوەی گوڵەکان بوو.تاژیەکە کەناوی (فی فی) یان لێنابوو بەنۆرە لەمیوانەکان نزیك کەوتەوەو لمۆزی بەدەستیاندا هێنا.ئادینسۆڤا لەکاتیای پرسی:

- ئەو گوڵانە هەموو بۆخۆت چنیوتن؟

- بەڵێ.

- پوورم بۆچایخواردنەوە دێتە ئێرە؟

- بەڵێ،هەرئێستا دێت.

لەکاتی قسەکردندا،لێوەکانی کاتیا بزەیەکی دڵگیریان لەسەربوو.نیگایەکی ساردی هەبوو دەتگوت بەبێ موبالاتی لە هەمووشتێك دەڕوانێ.تەواوی وجودی هەر لەدەنگی و گەندەمووەکانی ژێرچەناگەی و ئەو پەڵە سپیانەی لە لەپی دەستەسووربوەوە کانیدابوون تازەو توورت خۆیان دەنواند.تەنانەت شانەکانیشی هەمان حاڵەتیان هەبوو کەمێك تێك تەپیو دەهاتنە بەرچاو.سەرەڕای ئەوانەش کاتی قسەکردن ڕەنگی ڕووخساری سوورهەڵدەگەڕاو هەناسەی سواردەبوو.

ئادینسۆڤا ڕووی لەبازارۆف کردو گوتی:

- یۆگینی ڤاسلیۆڤیچ تۆ لەبەر شەرم و شکۆت، خۆت بەسەیرکردنی ئەو وێنانەوە خەریککردووە لەکاتێکدا ئەوکارە ناتوانێ سەرگەرمت بکا.کەمێك نزیکتربەوە تا بتوانین دەربارەی بابەتێك قسەبکەین.

بازارۆف لە تەنیشتی دانیشت و پرسی:

- لەبارەی چ بابەتێك پێتخۆشە قسەبکەین؟

- هەرچی بێ گرنگ نییە بەڵام پێشتر بائەوەت پێبڵێم من لە گفتوگۆکردندا دژیارێکی سەرسەختم.

- تۆ؟

- بەڵێ،من.دەڵێی لەوقسەیەم سەرسام بووی.دەکرێ هۆکارەکەی بپرسم؟

- ئەگەر ڕای منت بوێ.دەڵێم بەبڕوای من تۆژنێکی هێدی و لەسەرخۆی لە کاتێکدا بۆ بگرەوبەردەی گفتوگۆکردن حەزوگوڕووتین پێویستە.

- چۆن توانیوتە وازوو بمناسی؟ دەتوانی لە کاتیا بپرسی کە تاچ ڕادەیەك کەللەڕەق و بێ سەبرم دەتوانی لێشی بپرسی کە چەندەزوو هەڵدەچم.

بازارۆف سەیرێکی ئانای کردوو گوتی:

- ڕەنگە تۆ باشتر بزانی...کەوایە دەتەوێ گفتوگۆ بکەین...کاتێك تەماشای ئەلبوومەکەتم دەکرد مەنزەرەگەلێکی جۆراوجۆری کوێستانەکانی سویسرام دیتن و تۆش گوتت کە ئەوکارە ناتوانێ سەرگەرمت بکا چونکە هۆگیریم بۆهونەرنییە.بەڵێ،هیچ حەزێکم لەهونەرنییە بەڵام سەیرکردنی ئەو دیمەنانە لەدیدگای زەوی ناسییەوەو بۆنموونە شێوەی باڵەخانە کوێستانییەکان بەلامەوە سەرنجڕاکێش بوون.

- دەمبووری بەلاّم پێموایە بۆزانینی زەوی ناسی لەجیاتی سەیرکردنی ئەو وێنانە باشتروایە ئەو کتێبانە وەخوێنی کەلەو بوارەدانووسراون.

- بەلاّم ئەو وێنانە دەتوانن بەڕادەی دەلاپەڕە روونکردنەوەت بدەنێ.

ئاناسرگیۆنا ماوەیەك بێدەنگ بوو لەکاتێکدا خۆی بەسەرمێزەکەدا شۆڕدەکردەوە رووخساری خۆی لە بازارۆف نزیککردەوەو گوتی:

- بانگەشەی ئەوە دەکەی کە هیچ هۆگریەکت بۆ هونەر نییە.پێمبڵێ چۆندەکرێ بەبێ زەوقی هونەری،بژی؟

- دەکرێ بپرسم کە ئەو حەزە دەتوانێ چ دەردێك دەرمان بکا؟

- لانیکەم بەکەڵکی ناسینی خەڵك و خوێندنەوەیان دێت.

بازارۆف پێکەنی و گوتی:

- سەرەتا دەڵێم بۆ ئەوکارە ئەزموونی ژیان لە گۆڕێیەو دووەمیش لەرووی جەنابتان بڵێم کە ئەوکارە ئەوە ناهێنێ.تەواوی خەڵك لە ڕوانگەی بەدەنی و رووحییەوە وەکویەکن.تەواوی مێشکەکان،دڵەکان،گەدەکان و ڕیخۆڵەکان وەکو یەکن.لە ڕوانگەی بنەماکانی ئەخلاقیشەوە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە نێوان خەڵکەکاندا نییە.هەڵبەتە جیاوازیە لاوەکیەکان باس ناکەین و وەلایان دەنێین.بۆ دەرخستنی ڕاوبۆچوون لە بارەی مرۆڤەکانەوە لێکۆڵینەوە لەسەریەك کەس بەسە.مرۆڤەکانیش لێکچووی زۆریان وەکو ڕوەکە کانەو هیچ گیاناسێك یەك بەیەك لە گیاکان ناکۆڵێتەوە.

کاتیا کەخەریکی جیاکردنەوەی گوڵەکان بوو سەری بەرزکردەوەو نیگا سەرسامییەکەی خۆی لە بازارۆفەوە بڕی و کاتێك سەرنجەکەی بەنیگا ساردو بێموبالاتەکەی ئەو تێکگیران سەرتاپا سوور هەڵگەڕا.

ئانا سرگیۆنا سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی:

- گیاکان و مرۆڤەکان...بەوپێودانگەبێ هیچ جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤی ئاقڵ و گێل و یان لە نێوان بنیادەمی زۆردارو زۆرلێکراودا نییە.

- بۆچی،ئەوانە لێك جیان...هەمان جیاوازی کە لە نێوان مرۆڤێکی ساغ و مرۆڤێکی نەخۆشدا هەیە.ڕیخۆڵەکانی سیلدارێك لەگەڵ ڕیخۆڵەکانی من و تۆدا جیاوازن ئەگەرچی شێوەی پێکهاتەکانیان لە بنەڕەتدا هیچ جیاوازیەکیان نییە.ئێمە تا ڕادەیەك لە نەخۆشییە جسمییەکان

ئاگادارین بەلاّم نەخۆشییەکان بەهۆکاری پەروەردەی هەلّەوە دەردەکەون.بـەهۆی هـەمان ئـەو گالّتەجاڕیەی کە لە دەورانی مندالّی دەیانخەنە مێشکمانەوە،بە هۆکاری بـاروودۆخی ناشـرینی کۆمەلاّیەتی...بەکورتی دەبێ کۆمەلّگا درووست بکەی تا دەردەکان بۆخۆیان لەناوبچن.

لـەکاتی گـوتنی ئـەو وشانەدا،رووخسـاری بـازارۆف حالّـەتێکی وای دەنوانـد کـەدەلّێ: (حەزدەکەی باوەڕ بەقسەکانم بکە،حەزدەکەی باوەڕمەکە).پەنجە درێـژەکانی بـەناو ڕیشـەکەیدا دێناو چاوەکانی بەولاولادا دەگێڕان.

- کەوایە بەچاکسازی کۆمەلّگا،ئیترمرۆڤی گێل یان زالّم نامێنن.

- لە کۆمەلّگایەکدا کە بنەمایەکی درووستی هەبێ دیارە جیاوازی باش و خراپ،نـەزان و زاناو...بوونی نییە.

- بەلّێ،هەموو مرۆڤەکان خاوەنی یەك سپلّن.

- بەلّێ خاتوون،وایە.

ئادینسۆڤا گەڕایەوە لای ئارکادی و پرسی:

- ئارکادی نیکۆلاّی پترۆڤیچ،ڕای تۆچییە؟

- من لەگەلّ یۆگینی هاوڕام.

کاتیا لەبنەوە سەیرێکی ئارکادی کرد.

ئادینسۆڤا گوتی:

- بەڕێزان ئێوە دووچاری سەرسامیم دەکەن...زۆر لە قسەکانی ئێوە تێناگەم بەلاّم دووبارە قسەدەکەین.ئێستاش پوورم دەلّێی بۆچایخواردنەوە دێتەلامان.ئێمەنابێ سەری بێشێنین.

پووری ئاناسرگیۆنا،شازادەخاتوون...هاتەژوور.ژنێکی ئەنـدام وردیلـەبوو بەرووخسـارێکی بچـووك کـە تیشـکی شـەڕەنگێزی لەچـاوەکانی دەباری.شـازادە چـاوەکانی بەپرچەسـپیەکەی داپۆشیبوو.کە هاتەژوورێ بە ئاماژەی سەر ڕێزی لەمیوانەکان ناو پاشـان لەسـەر کورسـییەك دانیشت کە هیچ کەسێك جگەلەخۆی هـەقی نـەبوو لەسـەری دابنیشێ.دەسـت بـەجێ کاتیـا کورسییەکی بچووکی لەژێرپێی دانا.پیرەژن نەسوپاسی کردو نەهـەتا چاویشـی لـەو کیژۆلّەیـە کرد،تەنیا دەستی لەژێر ئەو دەسمالّەزەردەی کە تەواوی لەشی داپۆشیبوو وەجولّەخستن.شـازادە عاشقی ڕەنگـی زەردبـوو تەنانـەت ئـەو کـلاّوەش کـە لەسـەریدەنا بـەداوی ئاوریشـمی زەرد نەخشێنرابوو.

ئادینسۆڤا بە دەنگێکی بەرزپرسی:

- پووریێ گیان ئاسوودە نووستی؟

شازادە خاتوون لەجیاتی وەڵامدانەوە لەبن لێوانەوە بۆڵەیەکی کرد:

- ئەوسەگە دیسان لێرەیە.

کاتێك هەستیکرد فی فی یەك دوو هەنگاو لێی نزیك کەو تۆتەوە هاواریکرد:

- چەغە،چەغە.

کاتیا بانگی فی فی کردو دەرگاکەی کردەو.فی فی بەشەوق و کلکەسووتە لەژوورەکە چووەدەر بەڵام کە دیتی دەرگاکەیان لەسەرداخست دەستی کرد بەقرووسکە قرووسك و چنگی لە دەرگاکە گیردەکرد.شازادە خاتوون رووی ترش کردو داوای لە کاتیاکرد بچێتەدەرەوە.

ئادینسۆڤا گوتی:

- لەکاتی خۆیدا چایەکە ئامادەیە.بەرێزان فەرموون.پووریێ گیان فەرموو.

شازادەخاتوون بەبێ دەنگی هەستاو وەپێشیان کەوت،ئەوانیدیکەش لە ژوورەکە چوونەدەرەوەو چوونە ژووری نیوەرۆخواردن.خزمەتکارێك کەجلکێکی تایبەتی لەبەردابوو،کورسییەك کەچەند باڵنجێکی لەولاولا دانرابوون کێشایە دواوەو شازادەخاتوون بەشکۆوە لەسەری دانیشت.کاتیا کەچا تێکردنی لەئەستۆبوو فنجانێکی تایبەتی پڕلەچای کردو لەپێش پووری دانا.پووریێ هەنگوینی لەچایەکەی خۆیکرد (ئەو پێیوابوو کە خواردنەوەی چای بەقەند یەکەم زیانبەخشەو دووەمیش زیادە خەرجیە.ئەگەرچی بۆخۆی لەوماڵەدا هەتا وردە پارەیەکیشی خەرج نەدەکرد) لە ناکاو پرسی:

- شازادە (ئیوان) چی دەنووسیێ؟

کەس وەڵامی نەدایەوە.بازارۆف و ئارکادی زوو تێگەیشتن ئەو هەموو رێزەی کە لێی دەنێن،کەچی کەس گرنگی پێنادا.بازارۆف لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- بۆخۆنواندن رایان گرتووە،هەر لەبەرئەوەی شازادەیە.

دوای چایخواردنەوە،ئاناسرگیۆنا پێشنیاری کرد پیاسەیەك بەناو باخەکەدا بکەن بەڵام بارانێکی نەرم دەستیپێکرد و هەموویان بێجگە لەشازادە خاتوون چوونەوە ژووری پێشوازی.دراوسێیەکیان کە یاری وەرەقەی لەگەڵدا دەکردن هاتەلایان،پارفیری پلاتۆنیچی بەشەرم و قسەخۆش،قەڵەوو سەر سپی و کورتەباڵابوو.ئاناسرگیۆنا کە تەواوی هۆشی لای

بازارۆف بوو لێی پرسی کە ئایا حەزدەکات دەستێك یـاری (پرفـرانس) بکـات، کـە یاریـەکی لەمۆد کەوتووبوو یان نا.

بازارۆف لە کاتێکدا کە دەیگوت بەوزوانە دەبێتە دکتۆر لەشار،ئامادەیی خۆی نیشاندا.

ئاناسرگیۆنا گوتی:

- دەبێ هەست و هۆشتان کۆکەنەوە دەنا لەگەڵ پافێری پلاتۆنیچ لێتان دەبەینەوە.

پاشان ڕووی لەخوشکەکەی کردوو گوتی:

- کاتیا تۆش شتێك بۆ ئارکـادی نیکۆلاێـۆڤیچ لێبدە.حـەزی لەمۆسـیقایە.ئێمەش گـوێ دەگرین.

کاتیا بەناچاری لە پیانۆکە نزیك کەوتەوە.ئارکادیش هەرچەندە حەزی لەمۆسـیقابوو بـەڵاَم بەبێ وازی وەدوای کەوت.پێیوابوو ئانا دەیەوێ لەکۆڵ خـۆی کاتەوە.لەکاتێکـدا لـە دەروونـی خۆیدا هەستێکی هەبوو کەئەویش بەعـەشق نەدەچوو.کاتیا پیانۆیەکەی هەڵدایەوەو لە ئارکادی پرسی:

- چ ئاوازێکت پێخۆشە بۆتان لێبدەم؟

ئارکادی بەبێ تاقەتی گوتی:

- هەرچی بۆخۆت پێت خۆشە.

کاتیا بەهەمان حاڵەتی پێشوو پرسی:

- تۆحەزت لەچ جۆرە مۆسیقایەکە؟

ئارکادیش بەهەمان بێ تاقەتی پێشووەوە گوتی:

- مۆسیقای کلاسیك.

- مۆرتساتت پێخۆشە.

- بەڵێ.

کاتیـا سـۆناتەی فـانتزی دۆزیـەوەو بـەجوانی ژەنی.هەرچـەندە کـەمێك ئیشـك وجـدی لێیدەدا.کاتی ژەنـین کاتیـا چـاوی لەسـەر نۆتەکـە هەڵنـەدەگرت.ڕەق دانیشـتبوو لێوەکـانی لەسەریەك دانابوون.لەکۆتایی سۆناتەکە ڕەنگی رووخساری سوور هەڵگەڕابوو کەمێك لەپرچـە بلاَوەکەی کەوتبوونە سەر برۆپڕەکانی.ئارکادی زۆر بەقوڵی کـەوتبووە ژێرکاریگـەری دوابەشـی سۆناتەکە.هەمان بەشـی کەلەپڕێکـدا ناڵەوخـەم جێگـای شـادی دەگرنەوە.بـەڵاَم ئـەو هەسـتە

دەرکەوتووە هیچ پەیوەندیەکی بەکاتیاوەنەبوو.ئارکادی کاتێك سەیری دەکرد لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوە:

- باش پیانۆ لێدەدا.بۆخۆشی خراپ نییە.

دوای تەواوکردنی سۆناتەکە،کاتیا بێ ئەوەی پەنجەلەسەر پیانۆکە هەڵبگرێ پرسی:

- بەسە؟

ئارکادی گوتی ئیجازە بەخۆی نادا لەوەزیاتر ماندووی بکاو دەرگای گفتوگۆی کردەوە لەبارەی مۆسیقاو مۆتسارت پرسی کە ئایا ئەوسۆناتانە بۆخۆی هەڵیبژاردوون یان بۆیان هەڵبژاردووە.وەڵامەکانی کاتیا کورت و پووخت بوون.دیاربوو کە هەوڵیدەدا هەستەکانی خۆی بشارێتەوە.کاتێك ئەوحاڵەتەی بەسەر دەهات دووچاری ترس دەبوو.تەنانەت قیافەشی حاڵەتێکی گێلانەی بەخۆوە دەگرت.هێندە شەرمێون نەبوو بەلاّم بەهۆی پەروەردەی خوشیکیەوە کەمێك ترسنۆك بارهاتبوو.ئانا ئاگای لەوباس و خواسانە نەبوو.ئارکادی بۆدەربازبوون لەوحاڵەتە،بانگی ڤی ڤی کرد کە هاتبووەژووری و خەریکی یاری کردن بوو لەگەڵیدا.کاتیاش چۆوەلای گوڵەکانی.لەو نێوەشدا بازارۆف بەردەوام دە دۆڕا.ئانا سرگیۆنا وەستایانە یاری دەکردو پافێری پلاتۆنیچیش تاڕادەیەك دەیتوانی پارێزگاری لەخۆی بکات،بەوشێوەیە بازارۆف دۆڕابوو هەرچەندە بڕێکی زۆرنەبوو لەگەڵ ئەوەشدا شێواوو نیگەران دەهاتەبەرچاو.دوای نانخواردنی شەو،ئانا سرگیۆنا دووبارە باسەکەی بەرەو گیاناسی بردو لەبازارۆفی پرسی:

- ئەگەر حەزت لێبێ بەیانی زوو دەچینە گەڕان تا ناوی لاتینی گوڵە کانی دەشتێ و تایبەتمەندیەکانی هەریەکێك لەوانەت لێ بپرسم.

بازارۆف پرسی:

- ناوی لاتینی گوڵەکانت بۆچییە؟

ئانا وەلاّمی دایەوە:

- بێگومان زانینی هەرشتێك سوودی خۆی هەیە.

* * *

کاتێك دووهاوڕێ له ژوورەکەیاندا بەتەنێ مانـەوە.ئارکادی بـەدەنگێکی نزیـك لـە هـاوار گوتی:

- ئەو ئاناسرگیۆنایەش ژنێکی سەیرە.

بازارۆف وەلاّمی دایەوە:

- بەڵێ،ژنێکی خاوەن بیرەو ئەزموونێکی زۆری کۆکردۆتەوە.

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ مەبەستت چییە؟

- مەبەستێکی خراپم نییە.تەنیا ویستم تاریفی بکەم....ئارکادی نیکۆلاێۆڤیچ دڵنیام کـە کاروباری زەوی و زاریش بەشێوەیەکی باش ڕادەپەڕێنێ...بەلاّم کەسێك کە لێرەدا بۆتـە جێـی سەرسامیم،خوشکەکەیەتی نەك خۆی.

- چۆن؟...ئەوگەنم ڕەنگیەی؟

- بەڵێ،هەمان گەنم ڕەنگیەکەی.ئەو هێشتا تازەو سڵ و بێدەنگ و...بەکورتی هەچی بڵێی وایە.مرۆڤ دەبێ کاتی بۆتەرخان بکات.چۆنت بوێ دەتوانی وای درووست بکـەی بـەلاّم ئـەوەی دیکەیان کامڵەو لەکلْ هاتۆتەدەر.

ئارکاری وەلاّمی نەدایەوە هەردووکیان چوونەناو جێگاکانیانەوە.

* * *

ئانـا سـرگیۆنا ئەوشـەوە لـەبیری میوانەکانیـدابوو.بازارۆفی بـەخاتری بوێریەکـەی خۆشدەویست.شتێکی تێدا بەدی دەکرد کە لەلای ئەو تازەبوو ژنێك بوو کە دەیویسـت سـەرلە هەموو شتێك دەربێنێ.

ئاناسرگیۆنا ژنێکی سەیربوو کە بێ بڕوابوون بەشتی خەیالاّتی یان بڕواداری،تەسلیمی هیچ شتێك نەدەبوو و ئامانجێکی تایبەتیشی نەبوو.زۆرشتی بەباشی وەردەگرت و زۆریش لەشتەکان سەرنجیان ڕادەکێشا،بەلاّم هیچ شتێك نەیدەتوانی تەواو ڕازیبکا.لەو ڕوانگەیەوە بیرێکـی وردوو هێمنی هەبوو.شکوگومانەکانی نەهێندە دەهاتنەخوار لەبیری بچنەوەو نەهێندەش هەڵدەکشـان کە دووچاری تـرس و دڵـەڕاوکێی بکەن.ڕەنگـە ئەگـەر دەوڵەمەنـد نـەبا،بووبا بـە کەسـێکی سەربەگۆبەند...بەلاّم ژیانێکی ئاسـوودەی هـەبوو ڕۆژگـاری بـەهێمنی دەگوزەراند.هەنـدێجار دووچاری خۆشحاڵی دەبوو خەیالْ پلاّوی دەکردن بەلاّم ئەو هەسـتە هێنـدە دەوامـی نـەدەکردو

دەست بەجێ هێمنی جێگای هەموو شتێکی دەگرتەوە.هەندێجار خەیاڵەکانی لە بازنەی بنەما ئەخلاقیەکان دەردەچوون،بەڵام لەهەمان کاتیشدا تێك نەدەچوو لیێدانی دڵی ئاسایی بوو.هەندێجار کە لە گەرماوە بۆنخۆشەکەی،گەرم وخومار دەهاتەدەر دەکەوتە بیری بێهودەبوون لەژیان و لەخۆیدا هەستی بەئازایەتی و لێوەشاوەیی دەکردو حەزی دەکرد کاری چاکە ئەنجام بدات،بەلاّم هەڵکردنی بچووکترین شنەبا کەلەپەنجەرەکەی دەدا ئاناسرگیۆنا خۆی کۆدەکردەوەوخاڵی دەبووەوە هەمووشتێکی لەبیردەکردو حەزی دەکرد کەئیدی ئەوشنەبا نەفرەتییە بیخات.

وەك تێکڕای ژنانی بێبەش لەعەشق ئەویش بەدوای شتێکدا دەگەڕا کەخۆیشی نەیدەزانی چییە.لەڕاستیدا خوازیاری هیچ شتێك نەبوو لە کاتێکدا بیری دەکردەوە کە هەمووشتێکی دەوێت.

لەگەڵ مێردە کۆچکردوەکەی لەڕووی ناچارییەوە ژیابوو. (بەپێی ڕێ و ڕەسم ببووە هاوسەری.ئەگەرچی مێردەکەی پیاوێکی میهرەبان نەبوو هەرگیزشتی واشی نەدەکرد) نەفرەتی لەهەموو ئەوپیاوانەدەکرد کە لەخەیاڵی خۆیدا بە بوونەوەرێکی تەمبەڵ،ناپاك و بێهێزی دەزانین.سەردەمێك کە لەدەرەوەبوو تووشی گەنجێکی جوانی سویسری بوو کەچاوەجوانەکانی زۆر کاریان لە ئاناسرگیۆناکرد.ئەوەش نەیتوانی بیێتەهۆی نە گەڕانەوەی بۆرووسیا.

ئاناسرگیۆنا لەنێو جێوبانە ڕازاوەکەیدا درێژببوو.سەری وەسەر سەرینەکەی کردبوو لێفە ئاوریشمیە کەی تاژێر چەناگەی هەڵکێشابوو.هۆگری ڕازاندنەوەی لەباییەوە بەمیرات بۆ مابۆوە. باوکە تاوانبار بەلاّم میهرلاەبانەکەی لەڕادەبەدەر خۆشدەویست باییشی لەبەرامبەردا ئەوی دەپەرست و هاوڕێیانە گەمەی لەگەڵ دەکردو ڕازەکانی خۆی لاباس دەکرد...بەلاّم شتێکی ئەوتۆی لەبارەی دایکییەوە لەبیرنەمابوو.

ئانا لەبەرخۆیەوە گوتی:

- ئەو دکتۆرە شتێکی سەیرە.

پاشان باوێشکێکی داو،بزەیەکی هاتێ.دەستی وەبن سەریداو دووسێ لاپەڕەی لە ڕۆمانێکی لە مۆدکەوتووی فەرەنسی خوێندەوەو پاشان کتێبەکەی هەڵدایە گۆشەیەك.لەشە ناسك وساردو هێمنەکەی لەجوڵەکەوت و خەوی لێکەوت.

بۆبەیانی دەست بەجێ دوای نانخواردن ئاناسرگیۆناو بـازارۆف بـۆ دیتنـی گیـاوگۆڵ لـەماڵ وەدەرکەوتن و لای نیوەڕۆیـە گەڕانـەوە.ئارکادی نەڕۆیشـت تـەنیا کاتـژمێرێك لەگـەڵ کاتیـا مانەوە.کاتیا پێشنیاری کرد کە سۆناتەی شەوی ڕابردووی بۆ بژەنێتەوە.بەڵام کاتێك ئادینسۆڤا گەڕایەوەو چاوی لەچاوی ئارکادی بڕی دڵـی تێکڕابوو...ئانـا بەهـەنگاوی مانـدوو لەباخەکـە دەگەڕا.گۆناکانی سوورهەڵگەڕابوون و تیشـکی چـاوەکانی لـەجاران درەوشـاوەتربوون.بەپەنجان لاسکی گوڵێکی هەڵدەسووڕاند.سووخمەکەی کـەوتبووە سەرئانیشـکی و داوێکـی خۆڵەمێشـی کڵاوەکەی تاسەر سنگی شۆڕببووەوە.بازارۆف بەهەمان بێ پـەروایی خـۆی پـێ بـەپێی دەهـات هەرچەندە سـەری حـاڵیش نەبوو.بـەڵام بـەدڵی ئارکـادیش نـەبوو.بازارۆف سـڵاوێکی کـردوو چووەژوور.ئادینسۆڤاش بەشپرزەیی دەستی ئارکادی گوشی و ڕۆیشت.

ئارکادی لەبەرخۆیەوە گوتی:

- سڵاو ئیدی چ مانایەکی هەیە؟ بۆ چما ئەمڕۆ یەکتریمان نەبینیووە؟!

(١٧)

وەك دەڵێن زەمان هەندێ جار وەك بایەكی توونـد تێدەپەڕێ و هەندێ جاریش وەك كرمێـك بەهێواشی دەخزێ،مرۆڤ ئەو كاتەشادمانە كە لە تێپەڕینی زەمان تێنەگات.ئاركادی و بازارۆف پازدە ڕۆژیان بەو شێوەیە لە ماڵی ئادینسۆڤا تێپەڕاند.ئەوان ئەوخۆشیەیان بە لەبەرچاو گرتنی ئـەو دسـپلینە دەزانـی كـە ئاناسـرگیۆنا لەماڵەكەیـدا نـەك هـەرخۆی پابەنـدی بـوو بـەڵكو ئەوانیدیكەشـی ناچـاركردبوو كـە پـەیڕەوی بكەن.هـەر كـارەو لـەكاتی خۆیـدا جێیـەجێ دەكرا.كاتژمێر هەشتی بـەیانی،كاتی چـایخواردنەوەبوو تـا كـاتی نیـوەڕۆ هەركـەس ئـازادبوو بچـێتەهەرجێگایەك و لـەو ماوەیـەداخاوەن مـاڵ لەگـەڵ سـەركارەكەی دەربـارەی چـۆنیەتی بەڕێوەبردن گفتوگۆی دەكرد...ئێوارانیش ئەندامانی خێـزان لـە دەوری یـەك كۆدەبوونـەوە تـا بەكۆمەڵ كتێبێك بخوێننەوە یان باسوخواسێك بكەن.شەویش كاتی گوێگرتن بوو لەمۆسیقا یان قوماركردن.كاتژمێر دەونیو، ئاناسرگیۆنا دەستووریدەدا بۆڕاییی كردنی كارەكانی بەیانی .پاشان دەچووە ژوورەكەی خۆی و دەنووست.بازارۆف ئەو دسپلینەی هێندەپێخۆش نەبوو.پێیوابوو كـە ئـــەوجۆرە ژیانــە یەكڕێتمییـــەو بـــێ ڕۆحـــە. ڕێـــك وەك ئـــەوەی مـــرۆڤ لەسەرســـكەی شەمەندەفەربڕوات.خزمەتكارەكان بەوجلو بەرگە فەرمی و ڕێكەكەیان هەسـتی دیموكراتیانـەی ئەویان بریندار دەكرد.پێیوابوو ئەگەر قەراربێ وەك ئینگلیزان بژین واباسترە كـاتی نـانخواردنی نیوەڕۆ بەجلی ڕەسمی و بۆینباخی سپییەوە لەپشت مێز ئامادەبن.سەرەنجام ڕۆژێك ئەو باسـەی لەگەڵ ئاناسرگیۆنا هێناگۆڕێ.هەڵسووكەوتی ئاناسـرگیۆنا وابـوو كـە هەمووكـەس دەیتـوانی بیروڕای خۆی لەگەڵ باسبكا.ئاناسرگیۆنا دوای بیستنی قسەكانی بازارۆف وەڵامی دایەوە:

- ڕەنگە هەقی تۆبێ و ڕەنگە هەست بەئاغایەتی بكەم بەڵام ژیان لەگوند بەجۆرێكی دیكە ناكرێ.ئەگەرجۆرێكی دیكەبژی جگەلەخەم وپەژارە زیاتر بەرهەمێكی دیكەی نابێ.

دووباره هەمان رەفتاری پێشووی گرتەوەبەر.بازارۆف هەروا ناڕازی و بەگلەیی بوو بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەوو ئارکادی لەژیان لەوماڵەدا کە وەك ئەوەی وابوو بەسەرسکەی شەمەندەفەردا دەڕۆی،چێژیان وەردەگرت.

هەر لەگەڵ یەکەم ڕۆژی مانەوەیان لە نیکلسکۆی،شوێنەکە کاریگەری خۆی لەسەر هەردوو گەنجەکە دانا.بازارۆف کەوا دەردەکەوت کەوتۆتە بەردڵی ئاناسرگیۆنا،هەرچەندە لە هەندێ بابەتیشدا جیاوازیان هەبوو،هەندێجار وا دووچاری شڵەژان و دڵەخورپەدەبوو کەپێشتر ڕووی نەدابوو.زۆر زوو هەڵدەچوو.بەنابەدڵی قسەی دەکرد.تووڕەو تۆسن بوو نەیدەتوانی لە شوێنێك بەندبێ.

ئارکادیش کەخۆی بەعاشقی ئادینسۆڤا دەزانی کەوتبووە ناو خەمێکی قوڵەوە بەو هەموو خەمەوە نەیتوانی پێش بەنزیکبوونەوەی لەگەڵ کاتیا بگرێ ڕێك بەپێچەوانە هەمان هەست ئەوی زیاتر لە کچەجوانەکە نزیکتر کردەوە.ئارکادی لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- ئەو قەدرم نازانێ...بەلاّم لەبەرامبەردا ئەو بوونەوەرە میهرەبانە لەخۆیم ناتۆرێنێ...چی دەکەی؟

بەو هەستەوە شادی دەچووە ناو دڵیەوە.کاتیا تێگەیشتبوو کە ئارکادی لەدیتنی هەست بەئارامی دەکات هەربۆیە نە ئەوی لەو ئارامیە بێ بەش دەکردو نەخۆیشی لەو هاوڕێیەتیە بەدوور دەگرت. لەبەردەم ئاناسرگیۆنادا زۆرکەم بەیەکەوە قسەیان دەکرد چونکە کاتیا لە بەرامبەر خوشکەکەیدا بێدەنگ دەبوو ئارکادیش هەروەکو کەخووی عاشقانە لەبەرامبەر خۆشەویستەکەیدا نەیدەتوانی بێجگە لەو بیرلە هیچ شتێکی دیکە بکاتەوە.بۆیە کاتێك ئارکادی و کاتیا بەتەنیا دەمانەوە کاتێکی خۆشیان بەسەردەبرد.ئارکادی دەیزانی ناتوانێ ئاناسرگیۆنا سەرگەرم بکات.کاتێك پێکەوە دەمانەوە ترس هەڵیدەگرت و دەستەپاچەی دەکرد.ئادینسۆڤاش قسەیەکی نەبوو تا لەگەڵ ئارکادی دا بیکات.ئارکادی زۆر پێ لەوشتانە بچوکتربوو.بەلاّم ئارکادی لە بەرامبەر کاتیادا هەستی بەئارامی دەکردو کچەش ڕاوبۆچوونەکانی دەربارەی چیرۆك،مۆسیقاو...لەگەڵدا باسدەکرد.بەبێ دەنگی گوێی لەوقسە حەللەق مەللەقانە ڕادەگرت بێ ئاگا لەوەی کەهەمان ئەوقسە بێ بنەمایانە سەرگەرمیان دەکرد.کاتیاش بەتەنیا جێیدەهێشت تا بکەوێتە ناوخەم و پەژارەی خۆیەوە.

ئادینسۆڤا لەگەڵ بازارۆف دڵخۆش بوون ئارکادیش لەگەڵ کاتیادا.هەرکاتێك کە هەرچواریان پێکەوە دادەنیشتن.دوای ماوەیەکی کەم دوو دووجیا دەبوونەوەو بۆلایەك دەڕۆیشتن.کاتیا وەك شێتان عاشقی سرووشت بوو بەلاّم دەترسا ئەوهەستەی ئاشکرابکات لەسەیرکردنی سرووشت چێژی وەردەگرت.لە کاتێکدا سرووشت نەلای ئادینسۆڤاو نەلای بازارۆف ئەو گرنگییەی نەبوو.دوورکەوتنەوەی ئەو دووهاوڕێیەلە یەکتری سەرەنجام کاریگەریەکانی دەرکەوتن.بازارۆف ئیدی لە گفتوگۆکردن لەگەڵ ئارکادیدا باسی سرگیۆنای نەدەکردو رەخنەی لەخەسڵەتە خانەدانییەکەی نەدەگرت هەرچەندە دەبارەی کاتیا بەهەمان بۆچوونی جارانی قسەی دەکردو پێیوابوو کە دەبێ ئەوکچە درووستبکرێ و لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی سەرزارەکی بوون و لە دڵەوە نەبوون.بەشێوەیەکی گشتی لەجاران کەمتر قسەی لەگەڵ ئارکادی دەکرد...دەتگوت لێیدەپرینگێتەوە...یان لێیدەترسێ.ئارکادی ئەوەی بۆ دەرکەوتبوو بەلاّم قسەی نەدەکرد.

هۆکاری ڕاستەقینەی ئەو دوو ئاڵوگۆڕەش لەپەیوەندی نێوان دووهاوڕێ کەدا،هەستێك بوو کە ئاناسرگیۆنا لە بازارۆفیدا درووستکردبوو...هەستێك کە مایەی ڕەنج و تووڕەیی بازارۆف بوو. هەستێك کە ئەگەر کەسێك پێیگوتبا ڕەنگە ڕۆژێك یەخەی تۆش بگرێتەوە لەوەلاّمدا پێدەکەنی و گاڵتەی بەکابرا دەکرد.بازارۆف ژنی خۆشدەویستن بەلاّم عەشقی ڕۆمانسیانەی پێ گێلانەو گاڵتەجاڕی بوو چەندان جار گوتبووی کە پێویستەشاعیرانی ڕۆمانتیکی فەرەنسی بەرنە شێتخانە. هەمیشەدەیگوت:

- ئەگەر حەزت لە ژنێك بوو هەوڵبدە وەدەستی خەی.ئەگەر نەکرا بەدوای یەکێکی دیکەدا بگەڕێ. زەوی خودا گەورەیەو پڕیشەلەژن.

بازارۆف ئادینسۆڤای خۆشدەویست و ئەو قسانەی دەربارەی ڕای سەربەخۆ و بیروڕای ئازادو...لە ئاناسرگیۆنای بیستبوو و ئەو ڕێزەی کە لێینابوو ئەو وێنەی لادرووستببوو کە خاوەن ماڵ ژنێکی دەستەمۆیە بەلاّم ڕاستی شتێکی دیکەبوو.کەواتە بەگوێرەی بیروڕای بازارۆف،دەبوایە واز لەو ژنە بێنێ و وەدوای ژنێکی دیکە بکەوێ.کە دەیبینی ناتوانێ وازلە ئادینسۆڤا بێنێ تووڕە دەبوو. هەستێکی تازەی لەخۆیدا دەدیت.هەستێك کە تاپێش ئێستا پێی پێدەکەنی و ئێستاش ئەو هەستە تەواوی لەخۆبایی بوون و متمانە بەخۆبوونەی تێکوپێك دەدا.کاتی قسەکردن لەگەڵ ئاناسرگیۆنا هەمیشە گاڵتەی بەهەست و سۆزی ڕۆمانسیانە دەکرد

بەلاّم کاتێك تەنیا دەبوو بەترس و لەرزەوە دەیدت بۆتە کەسێکی ڕۆمانسی.بۆ دەربازبوون لـەو هەستە بەپڕتاو لەناو دارستانەکە دەستی دەکرد بەپیاسەکردن.لکی دارەکانی دەشـکاندو تانـەو تەشەرو قسەی ناشرینی بەخۆی و ئاناسرگیۆنا دەدا.هەندێجاریش لەعەمبارەکە لەسـەرکا لێـی درێژدەبوو بەڵکوخەوی لێبکەوێ و لەو هەستەدوور بکەوێتەوە.بەلاّم زۆر بەکـەمی سـەرکەوتوو دەبوو.

هەندێجار بەخەیاڵ دەستە ناسکەکانی ئاناسرگیۆنای لەگەردنی خۆیدا دەدی و لێوەکانی بـە لێویەوەو چاوەتیژەکانی لەچاویەوەدەبری.سەری لە گێژەوەدەهات و خۆی لەبیردەکرد تـا کاتێـك خـۆی لـەو هەسـتە بێـزارە دووردەخسـتەوە بـەو حاڵەدەمایـەوە.دەتگوت شـەیتان چـۆتەکەوڵیەوە...هەندێجاریش پێیوابـوو کـە ئادینسـۆڤاش دووچـاری ئاڵوگۆڕێـك بووە....لەرووخساریدا هەنـدێك شـتی تـازە دەبینـران کـە ڕەنگـە ئـەو نیشـانەیە...بازارۆف هەرکاتێك دەگەیشتە ئێرە بەتووڕەییەوە پێی بـەزەوی دادەدا.ددانـی لەچـیڕەوەدەبردوو مشـتی خردەکردوو جنێوی بـەخۆی دەدا.بـەلاّم بـا ئـەوەش لەبیرنەکـەین کـەبیری بـازارۆفیش هێنـدە لەخۆڕاییی نەبوو.ئاناش زۆرزۆر بیری لە بازارۆف دەکردەوە.

هەرچەندە کە ئەویش دیارنەبا هەستی بە دڵتەنگی نەدەکرد بـەلاّم هەرکـە بـازارۆفی دەدی هەستی بەخۆشحاڵی دەکرد.هەوڵیدەدا بەتەنیا لەگەڵی وەمێنێ و باس لەزۆرشت بکەن.تەنانەت ئەگەر بازارۆف سەرزەنشتی قسەو رەفتارەکانیشی دەکرد ئادینسۆڤا نیگەران نەدەبوو.دەتگوت دەیەوێ بەو کارەی خۆی و بازارۆف تاقی بکاتـەوە.ڕۆژێك لـە کاتێکـدا لـە ناوبـاخ پیاسـەیان دەکرد،بازارۆف لەناکاو درکاندی کە دەیەوێ بچێتەلای باوکی.بەبیستنی ئەو وشەیە ئادینسۆڤا ڕەنگی رووخساری پەڕی.دەتگوت سووژنێیان لەدڵی ڕاکردووە.هێندە نیگەران بوو کە ماوەیەك ناچاربوو بیرلە ئاڵوگۆڕی حاڵەتی خۆی بکاتەوەو هەوڵبدا تا هۆکاری ئەونیگەرانیە بزانێ.بـەلاّم بازارۆف لە درکاندنی ئەوشتە مەبەستی تاقی کردنـەوەی ئادینسـۆڤای نەبوو.بـەپێی عـادەتی خۆی نەیدەتوانی درۆبکا.ڕاستیەکەشی ئەوەبوو کە بەیانی هـەمان ڕۆژ سـەرکارەکەی بـاوکی و سەرپەرشـتی دەورانـی منـداڵی خـۆی دیتبـوو.پیرەمێردێکی چـالاك و قژزەرد،رووخسـاری تاوەسووت و چاوی بەقوڵداچووبوون، جلکێکـی خـوری شـینی لەبـەردابوو پشـتێنێکی دڕاوی بەسـتبوو پێلاوەکانیشـی دەتگـوت بۆیـاخێکی سـووریان لێـدراوە لـەناکاو لـەپێش بـازارۆف قوتبۆوە.بازارۆف بەسەرسوڕمانەوە هاواریکرد:

- سلاّوپیرەپیاو.

پیرەمێرد لەخۆشیان پێکەنی کە تەواوی ڕووخساری بوونەگنج.

- سلاّو یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ،چۆنی بابەگیان.؟

- بۆچ کارێك هاتووی؟ بەدوای مندا ناردوویانی؟

پیرەمێرد دەمی تەتەڵەی کرد.

- ڕێزت هەیە.ئەوقسانەچن دەیانکەی قوربان...(ئەوفەرمانەی کە ئاغا لەکاتی هاتنیدا پێیدابوو وەبیری هاتەوە) بۆڕاپەڕاندنی کارەکانی ئاغا دەچوومەشار کەبیستم جەنابت لێرەی...بۆ دیتنی تۆ...ڕێگاکەم گۆڕی...دەناچۆن دەکرێ ببمەهۆی نارەحەتی جەنابتان.

- پێویست ناکا درۆیان ڕێکخەی.بۆچما ڕێگای شار لەولایەیە؟

پیرەمێرد کەمێك خۆی هێناوبرد.

- باوکم چۆنە؟

- باشە.

- دایکم چۆنە؟

- سوپاس بۆخواحاڵی ئارینا ڤاسیلیۆناش زۆرباشە.

- چاوەڕوانم دەکەن؟

پیرەپیاو ملی خوارکردەوەو گوتی:

- چۆن دەکرێ چاوەڕوانت نەبن؟سوێندبەخوا بنیادەم بە دیتنی ئەوان دڵی داغان دەبێ.

- زۆرباشە هێندە چەنەبازی مەکە.پێیان بڵێ بەوزوانە دێمەلایان.

- فەرمان دەکەی قوربان.

هەرکە ڕۆیشت کلاّوەکەی لەسەرناو سواری گالیسکەکەبوو ئەسپە کزەکە کەوتەڕێ بەلاّم بەرەولای شار نەڕۆیشت.

* * *

ئێوارەی هەمان ڕۆژ،ئادینسۆڤاو بازارۆف لە ژوورەکەی ئادینسۆڤا دانیشتبوون.ئارکادیش لە ژووری پێشوازی،دەهات و دەچوو گوێی لەمۆسیقای کاتیا ڕاگرتبوو.شازادەخانمی پیریش

چووبووه ژوورەکەی خۆی.ئەو بەهیچ جۆرچاوی دیتنی میوانانی نەبوو بەتایبەتیش لەو دوو تازە هاتووە شێتانە دەهری ببوو.کاتێك لەژووری پێشوازی دوولاوەکەی دەدیت تەنیا ناوچەوانی تێکدەنا،بەڵام کاتێك لەگەڵ خزمەتکارە تایبەتەکەی پێکەوە دەمانەوە هێندەی جنێوو سووکایەتی پێدەگوتن کە لە قوتووی هیچ عەتارێکدانەبوون.

ئادینسۆڤاش ئاگای لەوبەزمەهەبوو.

ئانا گفتوگۆی دامەزراند:

- چۆن بوو بڕیارتدا بەجێمان بێڵی؟ مەگەر بەڵێنەکەت لەبیرچۆتەوە؟

بازارۆف بەپەشۆکاویەوە گوتی:

- چ بەڵێنێك؟

- لەبیرت چۆتەوە؟ چما قەولت نەدابوو چەند وانەیەکی کیمیام پێ بڵێی؟

- دەڵێی چی؟ باوکم چاوەڕوانەو ناتوانم لەوە زیاتر وەمێنم.جیالەوەش کتێبێکم داویەی کە بەزمانی سادەنووسراوەو بۆخۆشت دەتوانی بیخوێنیەوە.

- بۆخۆت پێتگوتم کە کتێب ناتوانێ جێگای..ڕستەکەی تۆم تەواولەبیرنەماوە بەڵام بۆخۆت دەزانی دەڵێم چی.

- بەڵێ،بەڵام چی بکەم؟

ئادینسۆڤا پرسی:

- بەڕاست بۆ دەبێ لێرەبڕۆن؟

بازارۆف سەیرێکی کرد.ئادینسۆڤا بەئەنقەست سەری وەسەر کورسییەکە کردو قۆڵە ڕووتەکانی لەسەرسنگی لێك گرێدان.تیشکی چرایەك لەکاغەزێکی موشەببەکی کون کونەوە دەهاتەدەر.ڕووخساری ڕەنگ بزرکاو دەهاتە بەرچاو.کراسە سپییەچین چینەکەی تەواوی لەشی داپۆشیبوو تەنیا سەری پەنجەکانی دیاربوون.

بازارۆف وەڵامی دایەوە:

- بۆچی بمێنمەوە؟

ئادینسۆڤا بەهێمنی سەری وەرگێڕاو گوتی:

- بۆ ئەوپرسیارەدەکەی؟ بۆ مەگەر ئێرەت پێخۆش نییە؟ڕەنگەپێتوابێ کەس لەڕۆیشتنی تۆ نیگەران نابێ؟

- لەو ڕووەوە دڵنیام.

ئادینسۆڤا ماوەیەك بێدەنگ بوو پاشان گوتی:

- وانییە.پێموانییە ئەوقسەیەت بەدڵ کردبێ.

بازارۆف بێدەنگ بوو.

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ بۆ هیچ نالێی؟

- بڵێم چی؟ کەس شایانی بەزەیی نییە منیش وەك ئەوانیدیکە.

- بۆچی؟

- چونکەمنیش ئەگەر لەوانیدیکە خراپترنەبم باشترنیم.مرۆڤێکی وشکم و هیچ شتێکی سەرنجڕاکێشیشم نییە.

- ڕەنگە مەبەستت ئەوەبێ تاریفت بکەم؟

- نا،من هیچ کاتێك ئەوشتانەم پێخۆش نین.بۆچی بۆخۆشت نازانی من لەوشتانەی کە تۆخۆشتدەوێن من هێندەم خۆش لێنایەن.

ئادینسۆڤا گۆشەیەکی دەسماڵەکەی بەددان گرت و گوتی:

- چۆنی پێتخۆشە وابیربکەوە بەلاّم ئەوەی بزانە کە لەڕۆیشتنی تۆ خەمباردەبم.

- ئارکادی لێرە دەمێنێتەوە.

ئادینسۆڤا شانێکی هەڵتەکاندوو گوتی:

- زۆردڵتەنگ دەبم.

- بەڕاستی؟ بەهەرحاڵ خەم وپەژارەی تۆ هێندە ناخایەنێ.

- بۆ وا دەڵێی؟

- بۆخۆت گوتبووت تەنیا کاتێك دڵتەنگ دەبی کە ڕێکوپێکی کارەکان تێك بچن.ژیانی تۆ بەشێوەیەکی واڕێکخراوە کە نەجێگای دڵتەنگی تێدادەبێتەوەو نەجێگای هەرجۆرە هەستێکی ئازاردەر.

- تۆ پێتوایە کە لەژیانی مندا هەمووشتێك واڕێکخراوە کە ئیدی جێگایەکی خاڵی بۆهیچ شتێك تێدانەماوەتەوە؟

- بە دڵنیاییەوە دەڵێم بۆچی.دوای چەند دەقیقەیەکی دیکە لەگەڵ لێدانی زەنگی کاتژمێر دە،لەژوورەکەت وەدەرمان دەنێی.

- نا،یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ.واناکەم.دەتوانی هەرلێرە بمێنیتەوە...پەنجەرەکان بکەوە.واهەست دەکەم دەخنکێم.

بازارۆف هەستا.دەستی لەپەنجەرەکەداو پەنجەرەکە کرایەوە.بازارۆف پێیوانەبوو پەنجەرەکە وا بەئاسانی بکرێتەوە...دەستی دەلەرزین.شەوێکی تاریك و هەوایەکی بۆنخۆش، درەختەکان بەئارامی ڕادەژان،ئادینسۆڤا گوتی:

- پەردەکان دابدەوەو دانیشە.دەمەوێ پێش ڕۆیشتن کەمێك دەربارەی خۆت قسەم بۆبکەی.تۆ بەدەگمەن باسی خۆت دەکەی.

- ئاناسرگیۆنا،من هەمیشە هەولدەدەم باس لەشتێك بکەم کە بەکەلك بێت.

- تۆ زۆر لەبەردلانی...بەلام پێم خۆشبوو لەبارەی باوك و دایکت کە بەجێتهێشتوون شتێکم لەزمانی خۆتەوە گوێ لێبووبا.

بازارۆف لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە کە بۆچی شتێکی وای دەوێ بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- ئەوانیش شتێکی واسەرنجڕاکێشیان نییە،بەتایبەتی بۆتۆ،ئێمە خەلکانێکی ونبووین کە...

- بەبڕوای تۆ من خانەدانم؟

بازارۆف گەڕایەوە لای ئاناسرگیۆناو بە دەنگێکی زبرەوە وەلامی دایەوە:

- بەلێ.

ئادینسۆڤا پێکەنی و گوتی:

- هەرچەندە پێدادەگری کە بۆناسینی هەمووخەلك تەنیا بەسە یەکێکیان بناسی لەگەل ئەوەشدا دەلێم کە زۆرکەم، منت ناسیوە.کاتێك چیرۆکی ژیانی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە...بەلام حەزدەکەم سەرەتا تۆ باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەی.

بازارۆف پەسەندی کرد:

- ڕەنگە هەقی تۆبێ نەمتوانیبێ وەك ئەوەی پێویستە بتناسم.دەشێ بەڕاستیش هەر کەسەو ڕازێکی سەربەمۆربێ بۆنموونە تۆ،کە لەکۆمەلگا ماندوویت و لەبەری ڕادەکەی بەلام دووقوتابیت بانگهێشت کردوون بۆ مالەکەت.ڕاستی دەمویست بزانم کە بۆچی تۆ بەوهەموو زیرەکی و جوانییەتەوە لەگوند دەژی.؟

- دەلێی چی؟...جوانی؟

بازارۆف برۆی تێکنان و گوتی:

- ئەوە هێندە گرنگ نییە...تەنیا دەمویست هۆکاری مانەوەت لە گوندی بزانم.

- تۆ ئەوەیان نازانی...بەلاّم دلّنیام ئەو مەسەلەیەت بەشێوەیەك بۆخۆت لێکداوەتەوە.

- بەلّێ...گومانی من ئەوەیە کە هۆکاری ژیانت لێرە شتێك نییەجگە لە بە نازپەروەردەبوونت.تۆ لە ڕادەبەدەر حەزت لە ئاسوودەیی و هێمنیەو زۆریش بەحەوسەلەی.

ئادینسۆڤا دووبارە بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- بەڕاستی ئەوەت قبوولّ نییە کە منیش ڕەنگە شتێکی دیکەم خۆشبوێ؟

بازارۆف بەتیلە نیگایەکەوە سەیرێکی ئادینسۆڤای کردوو گوتی:

- ڕەنگەوابێ.بەلاّم تەنیا لە ڕووی کونجکاویەوەیە کەدلّت بەشتێکی دیکەوە بەستبێتەوە.

- بەڕاستی؟ کەواتە ئێستا هۆکاری گیانی بەگیانی خۆمان دەزانم.چونکە تۆش وەکومنی.

بازارۆف بەدەنگێکی نووساوەوە گوتی:

- ئێمە بەو هۆیەوە بووینەگیانی بەگیانی...

- بەلاّم لەبیرم چووبوو کە تۆ نیازی ڕۆیشتنت هەیە.

بازارۆف هەستا.چراکە لەژووره تاریك و بۆنخۆشەکە کزدەسووتا.هەوای پاك بەهەمهەمەیەکی پڕلە نهێنیەوە ڕێگایەکی بۆخۆی دەکردەوە.ئادینسۆڤا بچووکترین جولّەی نەکرد بەلاّم لەناکاو دلّەخورپەیەك کەوتە دەروونییەوە.هەمان هەست کە لە دەروونی بازارۆفیشدا دەکولاّ.بازارۆف ئەوەی بۆدەرکەوت کە لە ژوورێکدا لەگەلّ ژنێکی جواندا بەتەنیایە.

ئادینسۆڤا پرسی:

- دەتەوێ بچیەکوێ؟

بازارۆف وەلاّمی نەدایەوەو خۆی هاویشتە سەرکورسییەك.ئانا بەهەمان ڕاوێژو بێ ئەوەی چاولەپەنجەرەکە بگوازێتەوە گوتی:

- بە بۆچوونی تۆ من بوونەوەرێکی نازپەروەردەو خۆشگوزەران خوازو خۆڕەپێش خەرم.بەلاّم من خۆم بە بەدبەخت دەزانم.

- تۆ و بەدبەختی؟ ڕەنگە گوێ لەقسەی بێ سەرەوبەرەی خەلّك بگری؟

ئادینسۆڤا ناوچەوانی تێکنا، لەوەی بازارۆف کـە لەمەبەسـتی نەگەیشـتبوو،نیگەران بـوو گوتی:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ،من هیچ کاتێك گوێ بەوقسانە نادەم کەلە پاشەملەم دەیانلێن.من زۆرلەوە زیاترم کە گوێم لێدەبن.من لەو ڕوانگەیەوە بەدبەختم...کە هیچ زەوق وهیچ ئامانجێکم بۆ ژیان نییە.ئاوالێم مەڕوانە.ڕەنگەپێتوابێ ئەو ژنەی کە ئێستا قسەدەکات خانەدانێکە.ژنێکە کە لەسەرکورسـی مەخمـەری دانیشـتووەو سـەرتاپای خـۆی ئارایشـت داوە.نایشـارمەوە کـە ئەوشتانەی تۆ ناوت لێناون ئاسوودەخوازی پێم خۆشە بەلاّم لەهەمان کاتدا حـەزێکم بـۆ ژیـان نییە.ئێستا چۆن دەکرێ ئەو دوو هەستە دژبەیەکە لە کەسێکداهەبن نازانم...هەرچەندە دلّنیـام کە تەواوی ئەو قسانە بەڕای تۆ گالّتەجاڕی و ڕۆمانسین.

بازارۆف سەری باداو گوتی:

- تۆ تەندرووستیت باشە،سەربەخۆو دەولّەمەندی.ئایا شتێکی ترتدەوێ.؟

ئادینسۆڤا هەناسەیەکی هەلّێشاو گوتی:

- شتێکی دیکەشم دەوێت؟ ماندووپیربوو وم.دەلّێی زۆر ژیاوم.

پاشان لەکاتێکدا ڕۆبەکەی بەسەرقۆلّە ڕووتەکانیدا دەداگوتی:

- بەلّێ،زۆر پیربووم.

چاوی لەچاوی بازارۆف هەلّەنگوت.کەمێك سوورهەلّگەڕا:

- بیرەوەری زۆرم هەن،لە ژیـان لەپترۆسبۆرگ،سـەروەت،هەژاری،مردنی باوك،شـووکردن و پاشـان سـەفەری دەرەوە...بـەلّێ،بیرەوەری زۆرم هـەن بـەلاّم لـە یـادەوەری هیچـیاندا چـێژ وەرناگرم... لەبەر دەمیشمدا ڕێگایەکە زۆر درێژەو بێ ئامانج...حەزیشم لە ڕۆیشتن نییە.

بازارۆف پرسی:

- ئایا بەڕاستی هێندە لە ژیان بێ هیوای؟

ئادینسۆڤا بەشێنەیی گوتی:

- نا،بەلاّم هێندەش ڕازینیم،ڕەنگە ئەگەر دەمتوانی دلّ بەکەسێك یان شتێك ببەستم...

بازارۆف قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- تۆ دەتەوێ عاشق بی بەلاّم ناتوانی ئەو کارەبکەی.ئەوە گرێ کوێرەی بەدبەختی تۆیە.

ئادینسۆڤا کەچاوی لەڕۆبەکەی بڕیبوو گوتی:

- مەگەر ناتوانم خۆشەویستی بکەم؟

- دەبێ بڵێم نا،من بەهەڵە ناوم نا بەدبەختی.کەسێك کە دووچاری ئەوحاڵەتەبێ زیاتر لە هەرشتێك شایانی دڵسۆزی و رەحمە تا گیرۆدەبوون...

- گیرۆدەبوونی چ شتێك؟

- گیرۆدەبوونی عەشق.

- چۆن دەزانی؟

بازارۆف بەتووڕەییەوە هاواری کرد:

- لە قسەی خەڵکی.

لە بەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- ئەی بەناز،تۆ نازدەکەی چوونکە لەبێ ئیشیان بێتاقەت بووی بەڵام من...

دڵی بەتووندی لێیدا.پاشان داهاتەوەو بەڕیشوەکانی کورسییەکەوەخۆی خافلاندو گوتی:

- سەرەڕای ئەوەش تۆ زۆر توندی.

- ڕەنگەا!بە بڕوای من یان دەبێ هەمووشتێکت هەبێ یان هیچ...گیان لە بەرامبەرگیان و ژیان لە بەرامبەر ژیان...لەو دۆخەدایە کە ئەو کەسە بڕیاری کۆتایی داوەو خەفەت لە هیچ شتێکیش ناخوات.بەپێچەوانەی ئەوە، واباشە دەست لە سەردەست دابنێی و هیچ کارێك نەکات.

- زۆرباشە،قبوڵمە.شەرتێکی تەواوبەجێیە...بەڵام تۆچۆنە تا ئێستا ئەوکەسەی کە دەتەوێت پەیدات نەکردووە؟

- ئەگەر مرۆڤ وردبێتەوەو ڕێزلە بەهاکانی خۆی بگرێ،ئەوکارە هێندە کارێکی سادەوئاسان نییە...بەڵام ئەگەر کارەکە بێ تێڕامانبێ دیارە هێندە کارێکی سەخت نابێ.

- بەڵێ،ئەگەر لەو جۆرە کارانەدا مرۆڤ بیەوێ زۆر تێڕامێنێ و خۆی بگنخێنێ بێگومان کارێکی هێندە ئاسان نییە بەڵام بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەندێك لە شتەکان نابێ کارێکی سەخت بێ.

- چۆن مرۆڤێك دەتوانێ ڕێزلە بەهاکانی خۆی نەنێ.ڕابردوو و خۆڕاگری مرۆڤێکی بێ بەها، بە کەڵکی چی دێت.

- ناتوانم ئەومەسەلەیە شیبکەمەوە.هەڵسەنگاندنی کاری مرۆڤەکان لە توانای من بەدەرە.پووختەی مەبەست ئەوەیە کە مرۆڤ بتوانێ لە هەندێ دۆخدا لە ڕادەبەدەر نەرم ونیان بێ.

- تۆجۆرێك قسەدەکەی کە دەڵێی تەواوی ئەو قۆناغانەت تێپەڕاندوون.

- ئەو قسانەم هەرواکردن.تۆخۆت باشتر دەزانی کە لەو باسانەدا من هەرگیز ناتوانم خاوەن ڕابم.

- بەڵاّم ئەگەر تۆ لەجێگای من بای دەتتوانی هەمان نەرمیت هەبێ کەخۆت گوتت لەهەندێ مەسەلەشدا خۆ ببوێری؟

- نازانم.من ناتوانم تاریفی خۆم بکەم.

ئادینسۆڤا قسەیەکی دیکەی نەکرد.بازارۆفیش بێدەنگی پێ باشتربوو.دەنگی پیانۆ لەژووری پێشوازییەوە دەبیسترا.ئادینسۆڤا پرسی:

- چی بووە کاتیا تا ئەو نیوەشەوە پیانۆ لێدەدا.؟

بازارۆف هەستاوگوتی:

- بەڵێ،کات درەنگە.کاتی نووستنی تۆیە.

- کەمێك بووەستە.بۆهێندە پەلەتە؟...دەمویست شتێکت پێ بڵێم.

- چ شتێك؟

- سەبرکە.

ئادینسۆڤا لەچاوەکانی بازارۆفەوە ڕاما.دەتگوت دەیەوێ بیرکردنەوەکانی بخوێنێتەوە.بازارۆف لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو گەڕایەوە لای ئادینسۆڤاو بەپەلە گوتی:

- ماڵئاوا.

دەستی خاوەن ماڵی واڕێکگوشی هێندەی نەمابوو خاوەن ماڵ زیڕەبکا،دەست بەجێ چۆدەرەوە.ئاناسرگیۆنا پەنجەکانی ڕیگوشین و بەرەولای دەمی بردن و فوی لێکردن پاشان بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت.وێدەچوو نیازی گەڕاندنەوەی بازارۆفی هەبێت...

خزمەتکارەکە هاتەژوورەوە سینییە زیوینەکەی لەسەرمێزەکە دانا.دۆلکەئاوێك لەسەر سینیەکە دانرابوو.ئادینسۆڤا لەشوێنی خۆی مایەوە.خزمەتکارەکەی ئیزنداو لە فکرەوەچوو.پرچەڕەشە شێواوەکانی وەکو ڕەشمارێك بەسەر شانانیدا کەوتبوون.تا کاتێکی

درەنگ چرای ژووری ئادینسۆڤا دایساو بۆخۆشی بەبێ دەنگی دانیشتبوو تەنیا جارجار دەستەکانی ڕێکدەگوشین کە سەرمای شەو تەزاندبوونی.

*　*　*

بەلاّم بازارۆف دووسێ کاتژمێر دواتر گەڕایەوە ژوورەکەی.شەونم پێلاّوەکانی تەڕکردبوون.ئارکادی لەپشت مێزێك دانیشتبوو کتێبی دەخوێندەوەو هەموو دووگمەی کۆتەکەی کردبوونەوە.

بازارۆف بەڕاوێژێکی خەمناك پرسی:

- تۆ هێشتا نەخەوتووی؟

ئارکادی بێ گوێدان بەپرسیارەکەی گوتی:

- تۆ ئەمشەو زۆرزیاد لەلای ئاناسرگیۆنا مایەوە.

- بەڵێ،لەوماوەی کە تۆو کاتیا سەرگەرمی مۆسیقالێدان بوون،من لای ئاناسرگیۆنا بووم.

- من پیانۆم نەدەژەنی...

ئارکادی قسەکەی بەنیووەچڵی هێشتەوە.حەزی دەکرد بگری.بەلاّم پێی باشبوو لە بەرامبەر ئەو هاوڕێ یەی کە هەر هەستێك بەگاڵتە پێکردن وەردەگرێ ئەو کارە نەکات.

(١٨)

بـەیانی کاتێـك کـە ئاناسـرگیۆنا بۆچایخواردنەوە هات،دەمێـك بـوو بـازارۆف بەسـەر فنجانەکەیـدا شـۆڕببووەوەو قسـەی لەگـەڵ کـەس نەدەکرد.بـەلاّم هـەر لەگـەڵ هاتنـەژووری ئاناسرگیۆنا سەری هەڵێناو تەماشای کرد...ئاناسـرگیۆنا کـە دەتگـوت لـە نیگـای بـازارۆف تێکڕابـووە سـەیرێکی کرد.بـازارۆف هەسـتیکرد رووخسـاری ئاناسـرگیۆنا لەشـەوی ڕابـردوو پەڕیوترە.

ئاناسـرگیۆنا دوای ماوەیـەك چـووە ژوورەکـەی خـۆی و تـا کـاتی نـانخواردنی ناشـتا نەهاتەدەر.هەوای بارانی ڕێگای گەڕانی نەدەداو بەهەمان هۆوە هـەموان بەناچـاری لـە ژووری پێشوازیدا کۆببوونەوە.ئارکادی دوا ژمارەی ڕۆژنامەی دەخوێندەوە.پووریّ گیانیش کە دەتگوت ئارکادی تووشی تاوانێك بـووە سـەرەتا بـە سەرسـووڕمانەوە لێـی ڕوانـی و پاشـانیش نیگـا ڕقاویەکانی لێوەبڕی.

بەلاّم ئارکادی بێ گوێدان خەریکی کاری خۆی بوو.ئاناسرگیۆنا بە هێمنی بانگی بـازارۆفی کرد:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ وەرە بابچینە ژوور...دەمویست شتێکت لیّ بپرسم...شەوی ڕابردوو باسی کتێبێکت کرد کە...

پاشـان لەشـوێنی خـۆی هەسـتاو وەدەرکـەوت.پووریّ گیـان سـەیرێکی دەوروو بـەری خۆیکرد.دەتگـوت دەڵـێ: (سـەیرکەن چ کارێـك دەکـەن.) بـەلاّم دووبـارە لـە ئارکادیەوەڕاما.ئارکادی سـەیرێکی کاتیـای کـرد کـە تێیـەوەڕامابوو دووبـارە دەسـتی کـرد بەخوێندنەوە.

* * *

ئاناسـرگیۆنا بـە هـەنگاوی خێـرا چـووە ژوورەکەی.لـە دواشـییەوە بـازارۆف کـە سـەری بەردابۆوە،دەڕۆیشـت و گـوێی لـە خشەخشـی ئەوجلکانـە ڕادەگـرت کـە لەپێشـیەوە دەڕۆیشت.هەرکە گەیشتە ژوور ئاناسرگیۆنا خۆی هەڵدایە سەر ئەوکورسییەی کـە دویّ شـەو

لەسەری دانیشتبوو.بازارۆفیش لەسەر جێگای شەوی ڕابردووی دانیشتەوە.دوای کەمێك بێدەنگی،ئادینسۆڤا وەقسەهات:

- باشە،ئەو کتێبەی گوتت ناوی چی بوو؟

- (کولییات...) ئەگەرچی باشترە لەپێشدا (نامەی پێشەکی فیزیا) نووسینی (گانۆ))بخوێنیتەوە.ئەو کتێبە بەوێنەوەیەو...

ئادینسۆڤا دەستی درێژکردو گوتی:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ من لەبەر کتێب بانگم نەکردووی بۆ ئێرە بەڵکو حەزدەکەم گفتوگۆی دوێ شەو درێژە پێبدەین.تۆ هێندە بەپڕتاو دەرپەڕی...خۆنیگەران نابی؟

- ئاناسرگیۆنا،من لەخزمەتدام...بەلاّم شەوی ڕابردوو لە بارەی چییەوە قسەمان دەکرد؟

ئاناسرگیۆنا بەنیو نیگایەك سەیرێکی بازارۆفی کردو گوتی:

- دەربارەی خۆشبەختی قسەمان دەکردو منیش باسی خۆمم بۆ دەکردی.ئێستاش کە باس لەخۆشبەختی دەکرێ دەمەوێ بپرسم بۆچی هەندێ کاتی ئێمە بۆنموونە لە شەوێکی جوان یان گوێگرتن لە مۆسیقایەکی خۆش یان دانیشتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کەخۆشمان دەوێن چێژ وەردەگرین و هەست بەخۆشبەختی دەکەین...بەلاّم هیچ یەکێك لەوانە خۆشبەختی ڕاستەقینەنین،بۆچی؟ هەرچەندە ڕەنگە تۆ هەستێکی وات نەبێ؟

- ئەوپەندەت بیستووە کە دەڵێ: (خۆشبەختی لەوجێگایەیە کە ئێمەلەوێ نین.) جگەلەوەش شەوی ڕابردوو تۆ وات نیشاندەدا کە لەژیانت ناڕازی ...بەلاّم لەبارەی منەوە،ڕێك قسەی تۆیە.چوونکە ئەوجۆرە فکرانە هیچ کات لە مێشکی منداجێیان نابێتەوە.

- حەتمەن گاڵتەت بەوجۆرە بیرکردنەوانەدێ؟

- نا،بەهیچ شێوەیەك نایەنە مێشکی منەوە.

- بۆ؟ ڕاستیت دەوێ زۆرم پێخۆشە بزانم کە تۆ زیاتر بیر لەچی دەکەیتەوە؟

- بەڕوونی لە مەبەستەکەت نەگەیشتم.

- باش گوێ بگرە...دەمێك بوو دەمویست قسەت لەگەڵدابکەم.پێویست بەگوتن ناکا کە تۆ لەوخەڵکە ئاساییە جیاوازی.تۆ هێشتا گەنجی و دواڕۆژێکی پڕشنگدارت لەپێشە.پرسیاری من ئەوەیە بۆ ئایندەچ بەرنامەیەکت هەیە؟ دەتەوێ چی بکەی؟ ئامانجت چییە؟ دەتەوێ بگەیەکوێ؟ بە کورتی تۆکێی و چی؟

- من سەرسامم بەتۆ.بۆخۆت دەزانی کە من لەڕشتەی زانستی سرووشتیدا کاردەکەم.بەڵام ئەوەی کەمن کێم...

- بەڵێ،تۆکێی؟

- پێشتریش پێمگوتبووی کە لەداهاتوو لە یەکێك لەشارەکان کاری پزیشکی دەکەم.

ئاناسرگیۆنا عەجولانە گوتی:

- من ناتوانم ئەوقسەیەت لێ وەربگرم.بۆخۆت بڕوات بەشتێك نییە کە هەرئێستا گوتت...ئەگەر ئارکادی ئەوقسەیەی کردبا تا ڕادەیەك دەکرا باوەڕی پێبکەی.بەڵام بەتۆ نا.

- بۆچی ئارکادی...

- خۆت مەدزەوە،چۆن تۆ دەتوانی بە کارێکی وا دواکەوتوانە ڕازی بی؟ چەندان جار نەتگوتووە کە زانستی پزیشکی لەلای تۆ هیچ گرنگیەکی نییە؟ ئێستا چۆنە بەو لەخۆباییەوە دەتەوێ لە یەکێك لە شارەکان کاری پزیشکی بکەی؟ من بەڵگەی شێوازی وەڵامدانەوەکەت دەزانم.تۆ ئەو وەڵامە دەدەیتەوە چوونکە دەتەوێ لەکۆڵ خۆتم کەیەوە.تۆ بڕوات بەمن نییە.بەڵام یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ بزانە کەمن و تۆ دەتوانین تێك بگەین.ئاخرمنیش ڕۆژگارێك وەك تۆ هەژارو لەخۆبایی بووم.منیش ئەو قۆناغەسەختانەی تۆم تێپەڕاندوون.

- ئەوانە ئەزموونی باش و بەنرخن...بەڵام ئاناسرگیۆنا داوای لێبووردن دەکەم کە ناتوانم لەبارەی خۆمەوە قسەبکەم.من هیچ کات ئەوخووەم نەبووە.سەرەڕای ئەوەش مەودایەك لەنێوان من و تۆدا هەیە...

- چ نێوانێك؟ ڕەنگە بڵێی من بەشێك لەچینی خانەدانانم.یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ تکات لێدەکەم ئەو وشەیە دووبارە مەکەوە.دەڵێی تاپێت بسەلمێنم کە...

بازارۆف نەیهێشت قسەکەی تەواوبکات:

- جگە لەوەش،ئەوە چ کارێکە مرۆڤ دابنیشێ و بڕیار لە ئایندەی بدات؟ ئەویش ئایندەیەك کە هێندە لەدەستەڵاتی خۆماندا نەبێت.ئەگەر توانیت کاربکەی چ باشترو ئەگەر نەشتتوانی ئیدی نیگەران نی کە دانیشتووی و قسەی حەلالەق مەللەق لەدوای یەك ڕیزدەکەی.

- تۆ هەمیشە گفتوگۆی دۆستانە بەقسەی بێ سەرەوبەر لێکدەدەیەوە؟ یان لەبەر ئەوەی ژنم گفتوگۆ لەگەڵ مندا بەوشێوەیە لێك دەدەیەوە؟ یان ئەوەیە تۆ هەموومان بەسووك دەزانی؟

- ئاناسرگیۆنا،باش دەزانی کە من نییەتی سووکایەتیم نییە بەرامبەر بەتۆ.

- نا،من هیچ شتێك نازانم...زۆرباشە،دەمزانی تۆ ناتەوێ هیچ لە ڕابردووی خۆت بڵێی.بەڵام گۆڕانکاریەکانت...

- گۆڕانکاریەکان؟...بەشێوەیەك قسەدەکەی کە دەڵێی من حکومەتێکم یان وڵاتێکم!بەهەرحاڵ ئەوەش ناتوانێ بابەتێکی سەرنجڕاکێش بێ.سەرەڕای ئەوەش بۆچما مرۆڤ دەتوانێ بە دەنگی بەرز بڵێ کە لەچ دۆخێکدایە.؟

- من تێناگەم کەچۆن مرۆڤێك نەتوانێ ڕازی دڵی خۆی بڵێ.

- تۆ دەتوانی ئەوەبکەی؟

ئانا دوای کەمێك بێدەنگی وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ،دەتوانم.

بازارۆف سەری نەویکردوو گوتی:

- کەوایە تۆ زۆر لەمن خۆشبەختتری.

ئاناسرگیۆنا نیگا پرلەپرسیارەکەی لێبڕی و گوتی:

- چۆنت پێخۆشە.بەڵام شتێکم پێدەڵێی کە ئێمەبێ هۆ لێك نزیك نەبووینەوەو لە ئایندەشدا دەتوانین دووهاوڕێی باشبین بۆ یەکتری. دڵنیام کە سەرەنجام ئەو کەللەڕەقی و کینەیەت لەناو دەچێ.

- تۆ چ کەللەڕەقییەکت لەمندا دیووە...چیدیکەشت گوت؟..کینە؟

- بەڵێ.

بازارۆف لەشوێنی خۆی هەستاو چووە بەرپەنجەرە.

- تۆ زۆرت پێخۆشە هۆکاری ئەو کینەو ئاڵوگۆڕە دەروونیانەی من بزانی؟

ئادینسۆڤا بەترسێکی لە ڕادەبەدەر گوتی:

- بەڵێ.

- تووڕەش نابی؟

- نەخێر.

بازارۆف هەروا کەپشتی تێکردبوو گوتی:

- نا،ئێستا کە بۆخۆت حەزدەکەی هەمووشتێکت پێدەڵێم...هۆکارەکەی ئەوەیە کەوەك شێتان خۆشمدەوێی...ئەویش هەمان ئەو ڕازەیە کە تۆ هێندەحەز بەبیستنی دەکەی...

ئادینسۆڤا دەستی بۆلای درێژکرد بەلاّم بازارۆف سەری وەشووشەی پەنجەرەکە کردبوو.هەناسە برِکەی بوو.تەواوی لەشی دەلەرزی.ئەو لەرزینە لە ئەنجامی کەم رِوویی یان شیرینی یەك ئیعتیراف نەبوو.ئەولەرزینە لەئەنجامی هەوەسێکی بەهێزەوەبوو.شەهوەتێك کەوەك توورِەیی نەدەچوو رِەنگە لێشی نزیکبووبێ.

ئادینسۆڤا هەم ترساو هەم دڵێشی بە بازارۆف سووتا:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ.

دەنگی پرِبوو لەخۆشەویستی.بازارۆف وەرسوورِا.نیگا پرِلە هەوەسەکانی خۆی تێگرت.دەستەکانی ئاناسرگیۆنای گرتن و لەئامێزی گرت.ئادینسۆڤا خۆی لەئامێزی نەکێشایەوە بەلاّم دوای ماوەیەك لە گۆشەیەك وەستاو لە بازارۆفەوە رِاما.بازارۆف دووبارە بەرەولای رِۆیشتەوە...ئادینسۆڤا بەسەرسامییەوە گوتی:

- تۆ لەمەبەستی من نەگەیشتووی؟

وا دەهاتەبەرچاو کە ئەگەر بازارۆف هەنگاوێکی دیکەچووباپێش ئاناسرگیۆنا دەیقیژاند...بازارۆف لێوی خۆی گەزت و چووە دەرەوە.دوای نیوکاتژمێر خزمەتکارەکە نووسراوێکی بازارۆفی دایە دەستی ئاناسرگیۆنا کە لێی نووسرابوو: (هەرئەمرِۆبرِۆم یان دەتوانم تاسبەی لێرەوەمێنم؟)

ئاناسرگیۆنا وەلاّمی دایەوە: (بۆچما چی رِوویداوە کە دەتەوێ برِۆی.من نەمتوانی لەمەستی تۆ تێبگەم و تۆش نەتتوانی لەمەبەستی من بگەی.)

لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- من لەمەستی خۆیشم تێناگەم.

تا کاتی نانخواردنی نیوەرِۆ ئادینسۆڤا لە ژوورەکەی نەهاتەدەر.دەستی لەپشتەوە گرێدابوون و لە ژوورەکەدا پیاسەی دەکرد.هەندێجار لەبەرپەنجەرە رِادەوەستاو هەندێجاریش لە بەرامبەر ئاوێنەکەدا لەخۆی رِادەما دەسماڵەکەی بەگەردنی و ئەوشوێنانەدا دێنا کە دەزوورانەوە،لەخۆی پرسی:

- چ شتێك وای لێکردم تا رِازی ئەو بزانم.بۆ مەگەر ئەوەم نەدەزانی.خەتاباری سەرەکی خۆمم.دەبوایە پێشتر پێشبینی هەمووشتێکم کردبا.

بیرکردنەوەکانی لێکدەدانەوە کاتێك رووخساری شێتانەی بازارۆفی لەکاتی شالاّو هێنانیـدا هاتەوەیاد،ڕەنگی سوورهەڵگەڕاو لەناکاو هاواریکرد:

- ڕەنگە...

دووبارە لەبەر ئاوێنە ڕاوەستاو بەسەر ڕاوەشاندن پرچەکانی هەڵدانەوە.لە ئاوێنەکەدا لەخۆی ڕاما.دەتگوت لینگەوقوچ بووە و خەندەکەی شتێکی پێدەگوت کەخۆیشی لەبیستنی شـەرمی دەکرد.

سەرەنجام لەبەرخۆیەوە گوتی:

- نا،خوا باشتردەزانێ کە ئەوجۆرە کارانە دەشێ لـە کۆتاییـدا بـەکوێ بگـەن.نابێ گەمـە لەگەڵ ئەوجۆرە کارانەدا بکرێ.لە دنیادا هیچ شتێك لەدان بەخۆداگرتن باشترنییە.

هەر هێمن بوو.بەلاّم خەمگین بوو تەنانەت جارێك بێ ئەوەی بۆخۆشی هۆکارەکـەی بزانـێ چـەند دڵـۆپ فرمێسـك لەچـاوەکانییەوە ڕژان.فرمێسـکی نـەدەهات چـوونکە بـێ ڕێـزی پێکرابوو،بۆیە خۆی بەسووکایەتی پێکراو نەدەهاتەبەرچاو.فرمێسکی دەڕشـت چـوونکە خـۆی بەخەتابار دەزانی کە نەیتوانیبوو هەستێکی نادیار لەدەروونی خۆیـدا کپبکاتەوە.دەیـدیت کـە شتگەلێکی تازە لە ژیانیدا بەڕێوەن و هەست کـردن بـەو ژیانـە زووتێپـەڕەو دەبـێ کـەڵکیان لێوەربگرێ،کەناخی داگرتووە.لە ژێرکاریگەری ئەو بیرکردنەوەی خۆیدا گەیشتبووە قۆنـاغێکی هەستیارو پڕلە نهێنی،کە سەیری دەرەنجامەکەی دەکرد شتێکی بێجگە لە بۆشایی...ناشـرینی و پەستی و...نەدەدیت.

(١٩)

هەرچەندە ئادینسۆڤا بەسەرخۆیدا زاڵببو، لەگەڵ ئەوەی کە هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی نەبوو سەرەڕای ئەوانەش لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا نیگەران دەهاتەبەرچاو،نانخواردن بێ هیچ کێشەیەك پێپەڕی.پلاتۆنیچ گەیشتبۆوەو چەند نووکتەیەکی خۆشی گێڕانەوە.ئەو کە تازە لەشار گەڕابۆوە،ئەوباس و خواسانەی دەگێڕانەوە گوتی قایمقام فەرمانی بە پشکێنەرە تایبەتەکانی خۆیداوە کە هەرکاتێك بەسواری بەفەرمانێك دەردەچن حەتمەن دەبێ مامزەش ببەستن.ئارکادی بەهێمنی لەگەڵ کاتیا دەدواو بەتەوسەوە بەتیلە نیگایەك سەیرێکی پوورەخاتوونی کرد.بازارۆف کەوتبووە بێدەنگیەکی قوڵەوە.ئادینسۆڤا دووجار ڕاستەو ڕاست لەرووخساری تووڕەو تۆسنییەوە ڕاما.لەقیافەیدا سووکایەتی دەخوێندەوەو لەبەرخۆیەوە گوتی:

- نا،نا،نا...

دوای نیوەڕۆ ئادینسۆڤا وێڕای ئەوانیدیکە چووە ناو باخەکەو کاتێك دیتی بازارۆف نیازی قسەکردنی هەیە،چەند هەنگاوێك کشایەوەو ڕاوەستا.بازارۆف بێ ئەوەی سەرهەڵبڕێ لێی نزیك کەوتەوەو گوتی:

- ئاناسرگیۆنا من زۆر بەداخەوەم.تۆ بەڕاستی لێم ڕەنجاوی.

ئانا وەلآمی دایەوە:

- نەخێر،یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ،من دڵم لێت نەڕەنجاوە،بەڵکو منیش بەداخەوەم.

- ئیدی خراپتر.پێموایە بەئەندازەی پێویست تەمبێ بووم.حەتمەن قبوڵتە ئەوکارەی من کردم زۆر گەمژانەبوو.تۆ نووسیوتە کە بۆچی بڕۆی؟! من ئیتر ناتوانم لێرەوەمێنم.سبەی دەڕۆم.

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ،بۆچی تۆ...

- دەڵێی بۆچی دەمەوێ بڕۆم؟

- نا،نیازم نەبوو وا بڵێم.

- ئاناسرگیۆنا،تیر کەلەکەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە...بەهەرحاڵ ئەوشتانە ڕوودەدەن و منیش دەبێ بڕۆم.تەنیا لەحاڵێکدا دەمتوانی لێرەوەمێنم.منت لەبەر ڕووقایمیەکە مەوە دەبەخشی.تۆمنت خۆشناوێ.؟

تیشکێك لەچاوەکانی بازارۆفەوە هەڵبوو.ئاناسرگیۆنا بێ وەڵامدانەوە ئەوەی بەمێشکدا هات:

- من لەوپیاوە دەترسم.

بازارۆف دەتگوت بیری ئەوی خوێندۆتەوە.ماڵئاوایی لێکردو گەڕایەوە ماڵێ.ئادینسۆڤا چەند هەنگاوێك وەدوای کەوت و پاشان بانگی کاتیای کرد.قۆڵی لە قۆڵی ڕاکردو تا گە یشتنەوە ماڵێ لێی جیانەبۆوە.لە ماڵێش دەستی لەوەرەقەی یاری نەدا.لە هەمووکاتێك زیاتر پێدەکەنی.پێکەنینێك کە لەگەڵ رووخساری ڕەنگ پەڕیوی نەدەهاتەوە.ئارکادی وەدوای دەکەوت و بەردەوام لەخۆی دەپرسی:

- یانی چی؟ بۆچی ئەوکارانە دەکات؟

بازارۆف چووە ژوورەکەی و تا کاتی چایخواردنەوە لەژووری خۆی زیندانی کرد.ئاناسرگیۆنا مەبەستی بوو قسەی خۆشی لەگەڵدابکات بەلام نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکات...سەرەنجام شتێکی چاوەڕوان نەکراو لەو کەڵکەڵەیەی ڕزگارکرد.خزمەتکارەکە هاتنی سیتنیکۆفی ڕاگەیاند.سەختە بتوانی ڕەفتارو غاردان و هاتنەژوورەوەی باسبکەی کە بەچ چووست و چالاکیەك خۆی بەژووریداکرد.بەپێی ئەوهەوالانەی بلاوببوونەوە زانیبووی کە هاوڕێکانی میوانی ئاناسرگیۆنان و هەربۆیە ئەو گەنجە پێشکەوتووخوازە بڕیاری دابوو خۆی بگەیەنێتە گوندی ئەو ژنەی کە نەزۆرباش دەیناسی و نە بانگهێشتیشی کردبوو.بۆیە هەرکە گەیشت نیگەران دیاربوو.پێشترچەند ڕستەیەکی لێبووردنی ئامادەکردبوون بەلام هەموویانی لەبیرچووبوونەوە تەنیا چەند ڕستەیەکی بێ سەروبەری دەکردن لەوانە (یۆدۆ کسیا ناردوویەتی تا لەهەواڵی ئاناسرگیۆنا ئاگاداربێ) یان (ئارکادی نیکۆلایۆڤیچ بۆی باسکردبوو کە...) بەلام کەوتە پرتەپرت و هێندە دەستەپاچەببوو تا لەسەر کلاوەکەی خۆی دانیشت.بەپێچەوانەی ئەوەی بیری لێدەکردەوە کەس ڕووی لێوەرنەگێڕاو هەتا ئاناسرگیۆنا بەکاتیاو پووریشی ناساند.زۆر زوو سیتنیکۆف حاڵەتی ئاسایی خۆی وەرگرتەوەو چەنەی لێدا.سەرهەڵدانی شتی بێ بەهاو خۆبەکەم زانین لەژیانی مرۆڤدا،هەندێجار نەك زیان بەخش نییە بەڵکو دەتوانێ

ســوودمەندبێ.دەتوانێ مێشــکی نیگــەران و مانــدوو هێوربکاتــەوەو دەشــتوانێ هەســتی لەدەستدانی متمانەش دووبارە بگێڕێتەوە.یانی تێدەگەین کەخۆبەکەم زانین و خۆپەرستی یەك ڕیشەیان هەیە.لەگەڵ گەیشتنی سیتنیکۆف دەتگوت ڕق و کینــەکان نــەماون و هەمووشــتێك گەڕاوەتەوە دۆخی ئاسایی خۆی.هەتا هەموان زیاد لەپێویست نانیانخواردو نیوکاتژمێر درەنگتر لە هەموو شەوان بۆ نووستن چوونە ژوورەکانیان.کاتی نووستن ئارکادی بە بــازارۆفی گــوت کــە خەریکی جل دانان بوو:

- ئێستا دەتوانم ئەوقسەیەی ڕۆژێك پێتگوتم بەخۆتی بڵێمەوە: (بۆهێنــدە خــەمگینی،ناکا کەتنێکت کردبێ؟)

ماوەیەکبوو ئەو دووهاوڕێیە تانەوپلاریان لێکدەدا کە نیشاندەری نێوان ناخۆشییان بوو.

بازارۆف گوتی:

- بەیانی دەچمەوە لای باوکم.

ئارکادی ئانیشکی دادا.هەم پێی سەیربوو هەم نەشیدەزانی بۆچی خۆشحاڵە.

- هۆکاری خەمگینی تۆ ئەوەیە؟

بازارۆف باوێشکێکی داوگوتی:

- چ پێویست دەکا هەمووشتێك بزانی؟مرۆڤ کاتێك زۆری زانی زووپیردەبێ.

- ئاناسرگیۆنا چ لێدەکەی؟

- تێناگەم دەڵێی چی؟

- مەبەستم ئەوەیە لێدەگەڕێ بڕۆی؟

- من کرێکارو بەندەی هیچ کەس نیم.

ئارکادی کەوتە بیرکردنەوەو بازارۆفیش پشتی تێکردو ڕووی لەدیوارەکە کردو درێژبوو.چەند دەقیقەیەك بێدەنگ مانەوە ئارکادی لەناکاو بەدەنگی بەرزگوتی:

- یۆگینی!

- بەڵێ؟

- منیش سبەی لەگەڵت دێم.

بازارۆف قسەی نەکرد.

- بەلاّم من دەچمەوە مالّیّ.تاگوندی....بە یەکەوە دەبین.لەویّ تۆ ئەو ئەسپانەی پیّویستتن لە (فیدۆت) یان وەردەگری.زۆرم حەزدەکرد مالّەوەتان ببینم.بەلاّم دەترسم تۆش و ئەوانیش نارەحەت بکەم...تۆ دووبارە دیّیەوەلامان.

بازارۆف بیّ ئەوەی ڕووی وەرگیّڕیّ،وەلاّمی دایەوە:

- کەلوپەلەکانم لەمالّی ئیّوەن.

ئارکادی لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

- بۆچی ناپرسیّ کە منیش دەڕۆم...ڕاستی بۆچی دەڕۆم...بۆچی ئەودەڕوات؟...

ئارکادی وەلاّمیّکی بۆپرسیارەکەی خۆی نەدیتەوە.دلّی توند دەبوو.هەستی دەکرد ناتوانیّ لەو ژیانەی تائەو ڕادەیەی خووی پیّوە گرتووە لیّی جیابیّتەوە.بەلاّم مانەوەشی بەتەنیّ بەکاریّکی سەیردەزانی.

لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- چ شتیّك لەنیّوان ئەوانەدا ڕوویداوە؟ بۆ دەبیّ دوای ڕۆیشتنی بازارۆف،وەکو دڕوویەك بچمەچاوی ئادینسۆڤاوە؟ حەتمەن ئەگەر بازارۆف لیّرەنەمیّنیّ حەوسەلەی منی نامیّنیّ و ئەوەش بەمانای نەمانی دوائومیّدیە.

لەوکاتەدا ڕووخساری جوانی ئاناسرگیۆنای لەبەرچاوان دەرکەوت.ئارکادی دەمی خستەسەرسەرینەکە کە چەند لۆپە فرمیّسکیّکی لەسەر رژابوون بەورتەوە گوتی:

- حەیف بۆکاتیا.

پاشان سەری بەرزکردەوەو بەدەنگیّکی بەرزگوتی:

- ئەو سیتنیکۆفە گەمژەیەیە بۆتەشریفی نامووبارەکی هیّناوەتە ئیّرە؟

بازارۆف لەسەرجیّگا خۆی وەرسووڕاندو گوتی:

- دەبینم هیّشتاش گەمژەی.بوونی نموونەی وەکوسیتنیکۆف بۆ ئیّمە پیّویستن.ئەوەم لیّوەربگرە.خۆناکریّ خوداکان بەکاری قوڕەکاریەوە خەریکبن.ئیّمەپیّویستی زۆرمان بەوبیّ میّشکانە هەیە.

ئارکادی لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

- ئاوا!...من و تۆش لەوخودایانەین.یانی تۆخودای و منیش حەتمەن حەیوانیّکم!

بۆ یەکەمجار لەخۆبایی و خۆپەرستی بازارۆفی هێنایە بەرچاوی خۆی.بازارۆف بە توورەییەوە دووبارەی کردەوە:

- بەڵێ،تۆهێشتاش زۆرگەمژەی.

بۆ بەیانی ئارکادی بەخاوەن ماڵی گوت کە ئەویش لەگەڵ بازارۆفدا دەڕوات،ئاناسرگیۆنا هیچ پێی سەیرنەبوو تەنیا ماندوو و پەرێشان دەهاتەبەرچاو.

کاتیا تەنیا نیگایەکی بێدەنگ بەڵام پڕمانای لێکردو پوورەخاتوون لە ژێرجلکەکانییەوە کە کەس ئاگای لێنەبێ نیشانەی خاچی کێشا بەڵام ئارکادی ئاگای لێبوو.سیتنیکۆف شێواو پەرێشان بوو.جلکێکی نوێی بۆیەکەمجار لەبەر کردبوو بۆنانخواردنی قاوەڵتی هاتبوو،بۆ ڕۆژی دوای هاتنی هاوڕێکانی نیازی ڕۆیشتنیان هەبوو،لە کاتێکدا ئەو هێندەی جلك و بەرگ هێنابوون کە شەوی پێشێ خزمەتکارەکە لەو هەموو جلك و بەرگە سەری سووڕمابوو.چەند هەنگاوێك چووەپێش.وەکو نێچیرێك کە ڕاوچی لەبەرامبەر خۆیدا دیبێ شڵەژاو گوتی منیش دەڕۆم.ئادینسۆڤاش داوای نەکرد وەمێنێ.گەنجەبێ بەدبەختەکە گەڕایەوەلای ئارکادی و گوتی:

- گالیسکەکەی من زۆرباش و فراوانە.تۆ دەتوانی لەگەڵ من بێی یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچیش بە گالیسکەکەی تۆبێت.ڕەنگە واباشتربێ.

- لوتفت هەیە.بەڵام ڕێگای من لەگەڵ ڕێگای تۆ یەك ناگرێتەوە.ئەوشوێنەی من بۆیدەچم بۆ ئەو شوێنەی تۆ بۆیدەچی نێواانیان یەکجار زۆرە.

- هیچ گرنگ نییە.من کاتم زۆرە.جگەلەوەش لەو دەورووبەرانە کارم هەیە دەبێ هەربچم.

بازارۆف بەئاشکرا سووکایەتی پێکرد:

- بێگومان ئەوکارانەی پەیوەندیان بەملکانەوەهەیە؟

بەڵام سیتنیکۆف هێندە سەرقاڵبوو کە بەپێچەوانە بزەی نەهاتێ و دووبارە داوایکردەوە:

- دڵنیاتان دەکەم کە گالیسکەکەم زۆرباش و ئاسوودەیەو جێگای تەواوی هەیە.

ئادینسۆڤا گوتی:

- باش نییە سیتنیکۆف بڕەنجێنن.

ئارکادی گەڕایەوەو ئیکلامێکی کێشا.میوانەکان دوای چایخواردنەوە وەڕێکەوتن.ئادینسۆڤا لە حاڵێکدا دەستی ماڵئاوایی بۆلای بازارۆف درێژ دەکرد گوتی:

- ئێمە دووبارە یەکتر دەبینینەوە،وانییە؟

- هەرچۆنێك تۆپێت باشبێ.
- کەوایە دووبارە یەکتر دەبینینەوە.

ئارکــادی لــەپێش هەموانــەوە دەڕۆیشــت و لــە گالیســکەکەی ســیتنیکۆفدا دانیشــت.خزمەتکارەکە بەوپــەڕی ڕێــزەوە یارمەتیــدا تــا دابنیشــێ بــەڵام ئــەو لەبەرامبەرداحەزیدەکرد زللەیەکی قـایم لـە قـەپۆزی خزمەتکارەکـە سـرەوێنێ یـان هۆڕهـۆر بگریت.بـازارۆف لـە گالیسـکەکەی دیکەسـواربوو.کاتێك گەیشـتنە گونـدێك...ئارکادی چاوەڕوانبوو تا فدۆت ئەسپەکان بگۆڕێ و پاشان چووەلای ئەو گالیسکەیەی کە بازارۆف تێیـدا دانیشتبوو بە هاوڕێکەی گوت:

- یۆگینی لەگەڵ خۆتم بەرە.دەمەوێ بێمەماڵی ئێوە.

بازارۆف لەسەرخۆگوتی:

- سەرکەوە.

سیتنیکۆف کە فیتووی لێدەداو بەدەوری گالیسکە جوانەکەیـدا هەڵدەسـووڕا لـە بیسـتنی ئەوقسە یە سەری سووڕما.ئارکادی بەوپەڕی ئارامییەوە ئەسپەکانی خۆی لە گالیسکەکەی ئەو بـۆ گالیســکەکەی دیکــە گواســتنەوەو بەوپــەڕی ڕێــزەوە بــۆ هــاو ســەفەرەکەی دەســتی بەسنگیەوەنا.پاشان لەلای بازارۆف دانیشت و گوتی:

- بڕۆ.

گالیسکەکەی ئەوان وەڕێکەوت و بەزوویی لە بەر چاوان ونبوو.سـیتنیکۆف کـە بەتـەواوی دەستەپاچەببوو سەیرێکی گالیسکەچییەکەی کرد.گالیسکەچـی قامچـی ڕاوەشـاندە ئەسـپی تازەنەفەس.سـیتنیکۆف سـەیرێکی نـاو گالیسـکەکەی کـرد ئـەودوو ڕەعیەتـەی کـە لـەوێ ڕاوەستابوون جنێوێکی داوهاواریکرد:

- گەمژەینە کلاوەکانتان لەسەرنێنەوە.

چوونەوەشار.زۆر درەنگ گەیشتنەوە ماڵێ لەپێشدا چوو بۆ ماڵی کوکشـیناو لـەلای ئـەو، دووهاورێ بێ ڕەوشتەکەی وەبەرجنێواندا.

ئارکادی هەرکە لە تەنیشت بازارۆف دانیشت،دەستی گوشـی و قسـەی نـەکرد.بازارۆفیش دەتگـوت مانـای ئەودەسـت گوشینەدەزانێ.شـەوی پێشـێ نەخـەوتبوو نەجگەرەیەکیشـی کێشـابوو.جگەلەوەش لـەو چـەند ڕۆژەی دواییـدا ئیشـتیای خـواردنی نەمابوو.لەلاڕاولـەبن

کلاّوەکەیەوە ڕەزاگران و کز دەهاتە بەرچاو.دوای ماوەیەکی زۆربێدەنگی،سەرەنجام بازارۆف وەقسەهات و گوتی:

- زۆرباشە هاوڕێ،جگەرەیەکم بدەیە...جوان سەیرکە بزانە زمانم زەردنەبووە؟

- بەڵێ،زەردبووە.

- بەڵێ...لەخۆڕانییە کەجگەرەتامێ نادا.دەڵێی نەخۆشم.

- تۆ لەو دواییانەدا زۆرگۆڕاوی.

- گرنگ نییە.باش دەبم.تەنیا شتێك نیگەرانی کردووم ئەویش دڵناسکی دایکمە.ئەگەر ڕۆژێ چەند جارنانی نەخواردبا تا ئێستا مردبوو.بەلاّم هێندە نیگەرانی باوکم نیم.ئەو پیاوێکی بەئەزموونە تاڵ و سوێری زۆری چێشتوون.

پاشان درێژەیدایە:

- نا،جگەرەش بەکەڵك نایە.

ئەوەی گوت و فڕێیدایە ناو تەپوتۆزی جادەکەوە.

ئارکادی پرسی:

- تا گوندەکەی ئێوە بیست و پێنج کیلۆمەتر نابێ؟

بازارۆف بەسەر لەقاندن رووی لە گالیسکەچییەکە کرد کە کرێکاری فدۆڤ بوو گوتی:

- بیست و پێنج کیلۆمەتر؟ لەوفەیلەسووفەی بپرسە.

بەلاّم کابرای فەیلەسووف بە ڕاوێژێکی پچڕپچڕەوە گوتی:

- خودا باشتردەزانێ.کیلۆمەترەکانی ئێرە ئەندازەی درووست و ڕێکوپێکیان نییە.

دە ئەسپەکانی ڕاخوڕی کە بۆ لەخۆڕا مل بەرز دەکەنەوە.

بازارۆف لە ناکاو گوتی:

- بەڵێ،هاوڕێی ئازیز.با ئەوە بۆتۆ دەرسێکی گەورەبێ...هەرکەسەو بە سەرەداوێکەوە هەڵواسراوە، هەر لەحزەیەك مومکینە لێیبێتەوە.بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدەدا خۆشییەکی تازە لەخۆیدا وەبینێ و ئەوەی کەهەیە خراپتری بکات.

ئارکادی گوتی:

- لە مەبەستت تێناگەم.

- مەبەستێکی دیاری کراوم نیە.جگە لەوەی دەمەوێ بڵێم ڕەفتاری من و تـۆ زۆرگەمژانـە بووە...بەڵێ لەو بارەیەوە گومانم نییە.بەڵام من لەدەرمانخانە دیتوومە ئەوانەی کە لەنەخۆشی خۆیان تووڕەن حەتمەن چاك دەبنەوە.

- دووبارە لە مەبەستت تێناگەم. ئیدی قەرارنەبوو تۆ گلەیی و گازندەت هەبێ.

- ئێستا ڕاشکاوانەتر پێتدەڵێم.بە بڕوای من باشترە مرۆڤ لەشاخی بەردان هەڵکەنێ بەڵام ڕێگە نەدا ژنێك هەتا بە ئەندازەی دەرزییەك بەسەریدا زاڵبێ.هەمووئەوقسانە...

بازارۆف دەویست وشەی ڕۆمانسی بەکاربێنێ بەڵام پەشیمان بۆوەو لە جیاتیان گوتی:

- گاڵتەجاڕیە.ڕەنگە تۆ قسەکانی منت قبووڵ نـەبن بـەڵام پێتـدەڵێم کـە ئێمـە لـەکۆڕی ژناندابووین و خۆشمان بۆگوزەرا.بەڵام وازهێنان لەوجۆرەجێگایانە ڕێـك وەك ئەوەوایـە ئـاوێکی ساردت پێداکەن لە ڕۆژێکـی زۆرگەرمـدا.پیاو نـابێ هـەرگیز خـۆی بەوجۆەشـتانەوە سـەرقاڵ بکا.وتەیەکی بەناوبانگی بێگانەهەیە دەڵێ: (پیاونابێ دەستەمۆبێ.)

پاشان رووی لە گالیسکە چییەکە کردو گوتی:

- تۆ فەیلەسوفێکی،بزانم ژنت هەیە.؟

کابرای دێهاتی رووخسارە پانوچاوە خڕەکانی بۆلای دووهاوڕێکە وەرگێڕاو گوتی:

- ژن،بەڵێ هەمە.چۆندەکرێ نەمبێ؟

- دارکاری دەکەی؟

- هەرکاتێك پێویست بکات.بەڵام لەخۆڕا لێی نادەم.

- کارێکی باش دەکەی،بزانین ئەویش لەتۆ دەدات.

کابرای لادێیی هەوساری ڕاکێشاو گوتی:

- قسەی سەیردەکەی ئاغا،دەڵێی پێم ڕادەبوێری...

وادەهاتەبەرچاو کابرای دێهاتی نیگەران بووبێ.بازارۆف دووبارە گوتی:

- گوێت لێیە ئارکادی نیکۆلاێۆڤیچ...بەڵام ئەوان لە ئێمەیانداو ئەوەش دەرەنجامەکەی.

ئارکـادی بەزۆرپێکەنی.بـەڵام بـازارۆف رووی وەرگێـڕاو لـە تـەواوی ڕێگـادا قسـەیەکی نەکرد.بیست و پێنج کیلۆمەتر بەلای ئارکادییەوە پەنجا کیلۆمەتربوو.بەرەبەرە لەسەرەو ژێـری گردێکەوە سەروکەللەی گوندی باوکی بازارۆف دەرکەوت.لە ناوبێشـەلانێکی قـەراخ گوندەکـە

باڵەخانەیەك بەسەربانی گڵەوە دەركەوت.لە بەرامبەر یەكەم كۆڵێتدا دوو دێهاتی ڕاوەستابوون و هەرایان بوو.

- تۆ بەرازێكی گەورەی بەڵام لەبێچوە بەرازێك پیستری.

ئەوەی دیكەشیان وەڵامی دایەوە:

- ژنەكەی تۆش جادووگەرە.

بازارۆف بە ئاركادی گوت:

- ئازادی گوتاریان ئەوە نیشاندەدا كە ڕەعیەتەكانی باوكم هێندە پابەندی بەندوباونین...سەیركە،ئەوەش باوكمە لەماڵ دێتەدەر.دیارە گوێی لە دەنگی زەنگەكە بووە.بەڵێ،خۆیەتی،ناسیمەوە.بەڵام بۆ هێندە مووەكانی سپی بوونە!.

(٢٠)

بـازارۆف سـەری لـە گالیسـکەکە هێنـادەرو ئارکـادیش لـەدوای هاوڕێکـەی ملـی هێنادەر،لـەپێش ماڵێك،پیـاوێکی باڵابـەرزی کـزی قژسـپی و تێـك ئاڵقـاو و لـووت درێـژ کەچاکەتێکی کـۆنی سـەربازی لـە بـەردابوو،لینگی لـێ ئـاوالاکردبوون و ڕاوەسـتابوو.پیاوە سەبیلەی دەکێشاو بۆ ئەوەی بـەر بەتیشـکی خـۆر بگـرێ چـاوەکانی نووقاندبوون.ئەسـپەکان ڕاوەستان.باوکی بازارۆف کە هێشتاپەنجەی بە ناو سەبیلەکەدا دێنا بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

- ئاخرەکەی هات.زووتر وەرەخوارێ تا یەکتر ماچ بکەین.

هەرکە باوك و کوڕ یەکتریان لە ئامێزگرتبوو،دەنگی ناسکی ژنێکیش هاتە بەرگوێ:

- نیۆشا...نیۆشا...

دوای ئەوە دەرگا کرایەوەو پیرەژنێکی کورتەباڵاو قەڵەو کە کراسێکی گوڵداری لەبەر دابوو کلاوێکی تەنکی سپی لەسەربوو هاتەدەر.پیرەژن قیژەیـەکی کـرد.زۆری نـەمابوو بکـەوێ کـە بازارۆف گرتییەوە.دەستەخەپەتۆڵەکانی پیرەژن لەملی بازارۆف هاڵان و سەری بەسنگی تاقانـە کوڕەکەیەوەنا.دەنگە دەنگـەکان لـە ناکـاو نـەمان تـەنیا دەنگـی هەنسـکی گریـانی دایکـە دەبیسترا.بازارۆفی پیر ناوچەوانی تێکناو گوتی:

- ئاریشا لێوەبڕە.

پاشان سەیرێکی ئارکادی کرد کە هەروا بە بێدەنگی لە تەنیشت گالیسـکەکە ڕاوەسـتابوو سەیری دەکردن (گالیسکەچییەکەش رووی خۆی وەرگێڕابوو) دووبارەی کردەوە:

- ئاریشا تکات لێدەکەم بەسە.

پیرەژن وەڵامی دایەوە:

- چۆن وازبێنم ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ.دوای تەمەنێك کوڕەکەم دیتۆتەوەو...

بێ ئەوەی دەست لە ملـی بـازارۆف بکێشێتەوە،رووخسـارەپڕلە گـنج و لۆچەکـەی خـۆی کێشایەوەو بەشەوق و زەوقەوە لە ڕووخساری کوڕەکەیەوە ڕاماو دووبارە لە باوەشیگرتەوە.

بازارۆفی پیر بەهێمنی گوتی:

- هەقی خۆتە بەڵام واباشترە بچیەژووری.سەیرکە یۆگینی بەتەنێ نییە.میوانی هەیە.

پاشان بەرەولای ئارکادی ڕۆیشت و بەنیشانەی ڕێزپێڵاوەکانی جووتکردن و گوتی:

- بمانبوورە.تۆ دەزانی ژن بیّ غیرەتن،دڵی دایکیش...

لێووبرۆو چـەناگەی پیرەمێـرد دەلەرزین،بـەڵام هەوڵیـدەدا بەسـەرخۆیدا زاڵبێ.ئارکـادیش دەستی بۆ بەسنگیەوەنا.سەرەنجام بازارۆفی گەنج گوتی:

- بەڵێ،دایەگیان ئیدی بەسە...

دایکی لەگەڵ خۆی بردەوەژووریّ و لەسەر کورسییەکی داناو دووبارە چۆوەلای باوکی و لـە باوەشیگرتەوە،ئارکادی پێناساند.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ گوتی:

- لە دیتنتان زۆرخۆشحاڵم.هیوادارم بمانبووری.ئارینافلاسۆنا تکات لێدەکەم وازبێنە.بوویە مایەی نیگەرانی میوانەکەمان.

پیرەژن بە گریانەوە گوتی:

- تکایە دەتوانم ناوو ناوبانگتان بپرسم؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بە دەنگێکی ڕەوان ناساندی:

- ئارکادی نیکۆلایۆڤیچ.

پیرەژن گەرووی پاککردەوەو پاشان چاوەکانی سڕینەوەو گوتی:

- هیوادارم بە هۆی گەمژەییمەوە بمبووری...پێموابوو ئیدی بەر لەوەی کوڕەکەم بگەڕێتەوە دەمرم و هیچ کات نایبینمەوە...

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ نەیهێشت قسەکەی تەواوبکات گوتی:

- بەڵام ئاخیرەکەی بەئاواتی خۆت گەیشتی.

کیژۆڵەیەکی سێزدەساڵەی پێخواس کە کراسێکی گوڵداری لەبەردابوو لەپشت دەرگاکەوە بە هەراسانی دەیڕوانی پێیگوت:

- تانیا پەرداخێك ئاو بۆخاتوون بێنە.لەسەرسینی دابنیّ و بیهێنە.تێگەیشتی؟

پاشان بە گاڵتەوە گوتی:

- ئێوەش بەرێزان،واباشە بێنەژووری کۆنە سەربازێك؟

ئارینافلاسۆنا بە نارەزاییەوە گوتی:

- نیۆشای ئازیزم...ڕاوەستەباجارێکی دیکەش ماچت کەم.

بازارۆف داهاتەوە.پیرەژن گوتی:

- چەندەجوان بووی.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ گوتی:

- جوان یـان ناشـیرین،بەهەرحاڵ بۆخـۆی بۆتەپیاوێك.ئارینافلاسـۆنا،هیوادارم لـە فکـری هەستی دایکانەی خۆتدانەبی و ئـەوەت لەبیرنەچـێ کـە میوانـەکانمان تـازە گەیشـتوونەجێ و برسیانە.

پیرەژن گوتی:

- ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ،هەرئێستا سفرەڕادەخەم.دەچمەچێشتخانەو پێیان دەڵێم سەماوەرەکەی هەڵکـــەن.کارەکان ڕێکدەخەم...ئاخرســـێ ســـاڵە کوڕەکـــەمم نـــەدیووە و هیچیشـــم بۆنەکردووە...بۆچما کارێکی ئاسانە.؟

- زۆرباشـــە،خواردنێکی باشمـــان بۆســـازکە.بەڕێزان ئێـــوەش واباشـــە لەگـــەڵ مـــن بێن.یۆگینی،تیمۆڤیچیش هاتووە بەخێرهاتنتان بکات.دیـارە ئـەویش لـە هاتنتـان خۆشـحاڵ بووە...وانییە پیرەپیاوی بێ زەین...؟باشە،بابڕۆین.

ڤاســیلی ئیڤـانۆڤیچ لەگـەڵ ڕۆیشـتنی هەرایـەکی سـازکردبوو.پێڵاوە کـۆن و دڕاوەکـانی وێکدەکەوتن و دەنگیان دەهات.

*　　　*　　　*

تەواوی ماڵی بازارۆف لەشـەش ژوور پێکهاتبوو.ئـەو ژوورەی دوو گەنجەکـە چـوونە نـاوی ژووری کاری خاوەن ماڵ بوو.لە نێوان دووپەنجەرەدا مێزێکی گەورەی پایەئەستوور دانرابوو کـە سەرەکەی پڕبوو لە کاغەزی لوول دراو ئەوەش نیشانەی ئەوەبوو کە ئەوکاغەزانە ماوەیەکە بـێ کەڵك لەوێ هەڵدراونـەوە. تفـەنگی تورکی،قامچی،شمشێر،دوونەخشـەی جوگرافیـاو هەنـدێك وێنەی شیکاری و وێنەیەکی(هۆفلاند-فیزی زانی ئەڵمانی) و نازنـاوی بنەماڵـە کـە بـەخوری چنرابوو، بڕوانامەی دیبلۆم (ئەودوانەی ئاخیری لە چوارچێوە گیرابوون) بە دیـواری ژوورەکـەوە هەڵواسرابوون.لە ما بەینی دووگەنجینـەی گـەورەدا کـە لـەدار درووسـتکرابوون کورسـییەکی چەرمی لێ دانرابوو کە هەندێ شوێنی دڕابوون.لەسەر گەنجینەکان و لەسەر ڕەفتەکان کتێـب و قووتوو باڵندەی وشککراوەو شووشەی بەتاڵ بەسەلیقەیەکی تایبەت ڕیزکرابوون.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بە داوای لێبووردنەوە گوتی:
- پێشتریش پێمگوتبوون کە ئێرە ژووری کۆنە سەربازێکە.
بازارۆفی گەنج چووە ناوقسەکانی باوکی و گوتی:
- وازبێنە باوکە.بۆ هێندە ڕوومان لێدەنێی؟ کیرسانۆف بۆخۆی باش دەزانێ کە ئێمە تەنیاسەری خۆمان پێڕادەگیرێ و چاوەڕوانی ئەوەش ناکا بۆپێشوازی کۆشکێکی بۆدرووست بکەی.
- کوڕی خۆم ئەوە چ قسەیەکە دەیکەی؟ ئێمە لێرە ژووری زۆر باشترمان هەیە کەپێموایە ئەویان زۆر باشتربێ.
- ئاوا،کەوایە ژوورێکی تازەت درووستکردووە؟
تیمۆڤیچ نەیتوانی خۆیڕابگرێ گوتی:
- بەڵێ،لەشوێنی حەمامەکە.
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەپەلە گوتی:
- بێگومان لە تەنیشت حەمامەکە.ئێستا هاوینە...تیمۆڤیچ واباشە ئەسپی ئەو بەڕێزانەت هێنابان...منیش هەر ئێستا دەچم دەستوور دەدەم ژوورەکەیان بۆ ئامادەبکەن.یۆگینی،دەزانی ژوورەکەی خۆم دەدەم بەتۆ.
لەگەڵ چوونەدەرەوە ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچی کوڕ گوتی:
- ئەوەش باوکم.فەقیرە پیرەمێردێکی زۆرباشە.لە زۆر ڕووەوە وەك باوکی تۆ دەچێ بەلاّم عەیبی گەورەی ئەوەیە زۆر قسان دەکات.
ئارکادی گوتی:
- دایکیشت ژنێکی زۆرباش و بێوێنەیە.
- بەڵێ،مرۆڤێکی باش و سادەیە.ئێستا بزانەچ نیوەڕۆ خوانێکمان بۆ سازدەکا.
تیمۆڤیچ کە جانتاکەی بازارۆفی دەبردە ژووری گوتی:
- ئەورۆ چاوەڕوانی تۆ نەبوون بۆیە گۆشتیان نەکڕیووە.
- بەبێ گۆشتیش دەتوانین بژین.هەژاری تاوان نییە.
ئارکادی لەپڕدا گوتی:
- ڕەعیەتەکانی باوکت چەند کەسن.؟

- ئەو زەویە ئی باوکم نییە.ئەوەی هەیە ئی دایکمەو دەڵێن پازدە کەسێك دەبن.

تیمۆڤیچ لەخۆباییانە قسەکەی بازارۆفی ڕاستکردەوەو گوتی:

- بیست و دوو ڕەعیەتن.

دەنگی شڵپەشڵپێك هات دوای ئەوە ئیڤانۆڤیچ بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

- تاچەند دەقیقەیەکی دیکە ژوورەکە ئامادە دەکرێ بەڕێز ئارکادی... نیکۆلاێۆڤیچ.ئەگەر بەهەڵەنەچووبم ناوی بەڕێزتان ئەوەیە.ئەوەش خزمەتکاری تایبەتی تۆ.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کوڕیژگەیەکی نیشاندا.کوڕیژگەکە پرچ کورت و جلو بەرگێکی سوورمەیی لەبەر دابوو جووتەپێڵاوێکی کۆنی لەپێدابوون.

- ناوی(فەدکا) یە.هەرچەندە کوڕەکەم دژی ئەو کارەیە بەڵام ئەو کوڕە باشترین کەسە کە بتوانێ کارە کانتان بۆ ڕاپەڕێنێ.سەبیلەش باش دادەگرێ.جگەرەکێشن؟

ئارکادی وەڵامی دایەوە:

- زۆرجگەرە دەکێشم.

- کارێکی زۆرباش دەکەی.ئەگەر ڕاستیت دەوێ منیش تامی جگەرەم پێخۆشە بەڵام بەداخەوە جگەرە لێرە زۆرکەم پەیدادەبێ...

دووبارە یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ قسەکانی باوکی بڕین و گوتی:

- شیوەن ئیدی تەواو.واباشە هەرلێرە لەسەر ئەو کورسییە دابنیشی باتێر تەماشات بکەم.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ پێکەنی و لەسەر کورسییەکە دانیشت.رووخساری وەك ڕووخساری بابی وابوو تەنیا ئەوەندە جیابوو کە ناوچەوانی باوکی کورتترو دەمی کەمێك گەورەتربوو.بەردەوام تێکڕادەبوو شانەکانی هەڵدەتەکاند،دەتگوت کراسەکەی بەری تەنگەو چاوی دەتروکاند.هەمیشە دەکۆخی و پەنجەی دەجولاند.لە کاتێکدا کوڕەکەی بەئارامی دانیشتبوو سەیری دەکرد.

- شیوەن؟ یۆگینی پێتوانەبێ من بۆیە وادەکەم تا میوانەکەمان دڵی پێمان بسووتێ و وابزانێ لەچ جێگایەکی دوورو تەریکدا دەژین.ڕێك بەپێچەوانە،من بڕوام وایە کە هیچ شوێنێکی دوورە دەست بۆ کەسێك کەخاوەنی ئەندێشەو بیربێت بوونی نییە.من هەمیشە لەو هەوڵەدام کە لە ڕووی فکرەوە دانەڕزێم و لەدەورانی خۆم داوانەکەوم.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ ئەو دەسماڵە زەردەی کە لـەژووری ئارکـادی لەگـەڵ خـۆی هێنـابوو لـە گیرفانی دەرهێناو لە کاتێکدا ڕایدەوەشاند گوتی:

- من لەو فیداکاریانەی کردوومن بۆنموونە ڕەعیەتەکانم کردوونە کرێچی و تەنانەت بە نیوە قیمەت زەویم بە هەندێکیان فرۆشتووەو قسەش ناکەم.چوونکە بڕوام وایە ئەو کارە ئەرکی خۆم بووە لە کاتێکدا زۆرلەخاوەن مڵکەکان هەرگیز شتی وایان نەکردووە.من مەبەسـتێکی دیکـەم هەیە.مەبەستی من لێکۆڵینەوەی زانستییە.

بازارۆف گوتی:

- بەڵێ،گۆڤاری ((هاوڕێی تەندرووستی)) چاپی ساڵی١٨٥٥لێرە دەبینم.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەپەلە گوتی:

- یەکێك لە هاوڕێ کۆنەکانم بۆم دەنێرێ.جگەلەوەش زانیاریم دەربارەی کاسەسەر ناسی و شتی تریش هەیە.

لە کاتێکدا کە زۆرتر ڕووی قسـەکانی لـەئارکادی بـوو کەللەسـەرێکی بچـوکی لـە گـەچ درووستکراوی نیشاندا کەلەسەر گەنجینەکە دانرابوو گوتی:

- ئێمە هەتا (شەنلین) و (ڕادماهر) یش مان لەبیر نەکردوون.

بازارۆف پرسی:

- بۆمەگەرلێرە...خەڵك هێشتاش بڕوایان بە ڕادماهر هەیە؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ گەرووی پاککردەوەو گوتی:

- بێگومان بۆخۆت باشتر دەزانی کە ئیمەلێرە نـاتوانین بـە ئەنـدازەی پێویسـت دەسـتمان بەسەرچاوەی زانستی ڕابگا...لە زەمانی ئێمەشدا گاڵتەیان بە(هۆمۆرالیسم هافمەن) و (بڕاون) و (ڤیتالیسم) دەکرد،لە کاتێکـدا ئەوانـە لـەزەمانی خۆیانـدا زۆر بـەناوبانگ بوون.ئێسـتاش کەسێکی دیکە جێگەی ڕاماهری گرتۆتەوەو ڕەنگە بیست ساڵی دیکـەش نووسـەرێکی دیکـە جێگای ئەو نووسەرە بگرێتەوەو خەڵکانی دوایی بەو کەسانەی کە تۆ حاڵی حازر زۆر بەجدی بە بیروبڕوایان پابەندی پێبکەنن.

بازارۆف بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- دەبێ بزانی کە ئێمەلەحاڵی حازردا گاڵتەمان بە تەواوی زانسـتی پزیشـکی دێ و هـیچ هێزێکیش نییە بتوانێ لەبەرامبەر ئێمەداخۆی ڕابگرێ.

- چۆن شتێکی وادەکرێ؟...بۆ چما تۆ نیازت نییە ببیتەپزیشك؟
- نیازی ئەو کارەم هەیە،بەڵام پێکەنین بە زانستی پزیشکی، شتێکی دیکەیە.
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ پەنجەگەورەی لە سەبیلەکەدا بادا.هێشتا سووتووی سەبیلەکە هەرگەرم بوو.
- باشە،ڕەنگە وابێ.بۆچما من چەندە سەرم لەکاری پزیشکی دەردەچێ.من تەنیا دکتۆرێکی خانەنشینی سووپام کە ئێستاش خەریکی کاری کشتووکاڵیم.
پاشان ڕووی لە ئارکادی کردوگوتی:
- من لە تیپێکدا خزمەتم دەکرد کە باپیرەگەورەی تۆ فەرماندەی بوو.بەڵێ،بەڵێ،منیش لە ڕۆژگاری خۆمدا زۆرشتم دیتوون.لەگەڵ چ کەسانێك هەڵنەستاوم و دانەنیشتووم.لەچ کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا بەشداریم نەکردووە.بەڵێ،من،یانی هەمان کەسی کە بەرامبەرتان دانیشتووە،شارەزایی زۆرم لە ورەوغیرەتی شازادەکان هەبوو.تەواوی ئەوانەی کە لەساڵی١٨١٤لە لەشکری باشوورخزمەتیان دەکرد.لە هەمان زەمان ڕاپەڕینی دیسامبەریەکان،تێگەیشتی؟
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بە شێوەیەکی مانادار لێوەکانی هەڵچنین و گوتی:
- ئەوانەم زۆرباش دەناسین.دیارە کارەکەشم هێندە گرنگ نەبوو.من تەنیاپێویست بوو خۆم بناسم...بەڵام باپیرت پیاوێکی زۆر بەڕێزبوو.ئەو سەربازێکی ڕاستەقینەبوو.
بازارۆف بەهێمنی گوتی:
- بڵێ ئەو تا چ ڕادەیەك گەمژەبووە.
- ئاخ،یۆگینی،ئەوەچ قسەیەکە دەیکەی؟...بێگومان ژەنەڕاڵ کیرسانۆف لەو دەستە ژەنەڕالانە نەبووکە...
بازارۆف دووبارە قسەکەی پێ بڕی:
- با وازلەو قسانە بێنین.کاتێك دەهاتینەئێرە باخچەسپیدارە کەتم دیت زۆرم پێخۆشبوو.باش گەورەبوون.
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەو تاریف کردنە خۆشحاڵ بوو گوتی:
- کەوایە تا ئێستا باخچەکەت نەدیووە.دارەکان هەرهەموو بۆخۆم ناشتوومن.هەم دارە میووەکان و هەم گیاکانی پزیشکی.تۆ هەرچی پێتخۆشە بیڵێ بەڵام (پاراتسیلی) قسەیەکی

جوانی گوتووه.دەڵێ : (بەڕوەك و وشەو خوێ...) تۆ دەزانی من دەمێکە دەستم لە چارەسەرکردنی خەڵکی هەڵگرتووە.ناچارم هەفتەی دووجار کاری ڕابردووم بکەمەوە.بەشێکی زۆر سەردانی ئێرە دەکەن ناشکرێ ئەوانە بێ ئوومێد بکەی.هەندێجار هەژاران بە مەبەستی یارمەتیدان دێنەئێرە...ئێرە پزیشکی لێ نییە.بیری لێبکەوە یەکێك لە دراوسێکانمان کە سەرگوردێکی خانەنشین کراوە دەستیکردووە بەچارەسەرکردنی خەڵك.ڕۆژێك لێم پرسی کە لەو بوارەدا هیچی خوێندووە؟ گوتی نا بەڵام تەنیا لەڕووی خێرخوازییەوە ئەوکارە دەکا.بەڕاستی گاڵتەجاڕیە...لەڕووی خێرخوازییەوە...تۆ دەڵێی چی؟

بازارۆف بە تووڕەییەوە گوتی:

- فەدکا،سەبیلەکەم بۆ داگرە،

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بە نائومێدیەوە گوتی:

-ڕۆژێك داوایان لە پزیشکێك کرد بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشێك بێتە ئێرە.کاتێك پزیشکەکە گەیشتە ئێرە نەخۆشەکە مردبوو.خزمەتکاری ماڵەکەش ڕێگای نەدا بێتەژوورەوەو پێیگوت کە (ئیدی پێویست بەتۆناکات)پزیشکەکەش کەچاوەڕوانی شتیکی وای نەدەکرد پرسی: (دەمەوێ بزانم ئاغات بەرلە مردنی نزگەرەی هاتێ) (بەڵێ) (نزگەرەی زۆربوو) (بەڵێ) (ئەوە زۆرباشە) دوای ئەوە پزیشکەکە گەڕایەوە.

پیرەمێردپێکەنی،ئارکادیش پێکەنی بازارۆف کەمەربەندەکەی توندکردەوە.کاتژمێرێك بەو شێوەیە تێپەڕی.دوای ئەوە دەرفەتێك هاتەپێش تا ئارکادی سەرێك لە ژوورەکەی بدات.ژوورەکە پێشتر شوێنی خۆگۆڕینی حەمام بوو گەورەوخاوێن دەهاتە بەرچاو.سەرەنجام وەختی نانخواردن هات و ڕایان گەیاند خواردن ئامادەیە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەپێش هەمواندا هەستاو گوتی:

- فەرموون بەڕێزان.هیوادارم بەقسە حەللەق مەللەقەکانم سەرم نە ئێشاندبن.ڕەنگە خێزانم لەمن باشتربتوانێ پێشوازیتان لێبکات.

* * *

لەگەڵ ئەوەی لە ئامادەکرنی نانی نیوەڕۆدا پەلەو هەڵپەیەکی زۆرکرابوو واش خواردنێکی زۆرباش ئامادەکرابوو تەنیا شەرابەکە باش نەبوو.شەرابی ئیسپانی کە تیمۆڤیچ لەشارو لە

بازرگانێکی ئاشنای کڕیبوو تـامی زۆرخـۆش نەبوو.مێشەڕەشـەش وازیـان نەدەهێنا.لـەکاتی نانخواردندا یەکێك لە خزمەتکارە منداڵەکان بە لکەدارێك مێشەکانی دەردەکردن بەلاّم لەترسی ڕەخنەی دوو میوانە گەنجەکە،خزمەتکارەکەیان بەدوای کـارێکی دیکـەدا نارد.لـەو ماوەیـەدا ئاریناڤلاسۆنا دەرفەتێکی پەیداکردبوو تـا کـەمێك بـەخۆی ڕابگـات.کلاّوێکی تـۆڕی جـوانی پەراوێز ئاوریشمی لەسەر نابوو دەسمـاڵێکی شـینی بەسەرشـانی دادابوو.هـەر لەگـەڵ دیتنـی یۆگینی،دووبارە چاوی پڕبوونەوە لەفرمێسك.بەلاّم پـێش ئـەوەی مێردەکـەی قسـەیەك بکـات فرمێسکەکانی سڕینەوە تا نەکا دەسماڵەکەی تەڕبێ.

تەنیا دوومیوانە گەنجەکان دەستیانکرد بەنانخواردن،چوونکە دانیشتوانی ماڵێ دەمێك بـوو نانیان خواردبوو.فەدکا سەرگەرمی کاری خۆی بوو.دیاربوو پێلاّوەکـانی ئازاریـان دەدا.یەکـەم جاربوو ئەوپێلاّوانەی لەپێ دەکردن.ژنێکیش کە ناوی (ئانفیس) بوو یارمەتی دەدا.ئانفیس کـە ڕووخسـارێکی جـدی و خـواری هـەبوو خەزێنـەدارو جلشـۆریش بوو.لـە تـەواوی کـاتی نانخواردندا،ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لە ژوورەکەدا پیاسەی کردو نیگەرانیەکانی خـۆی سـەبارەت بـە سیاسـەتی نـاپلیۆنی سـێیەم و کێشـەی ئیتالیـا دەربڕی.ئاریناڤلاسـۆناش هـیچ لـەبیری ئارکادیدانەبوو ڕووی نەدەدایە.دەستی خستبووە ژێرچەناگەو لێوەگۆشتن و ئاڵوباڵوەکانی.گۆنـاو ناوچەوانی پڕبوون لە وردەخاڵ کە حاڵـەتێکی میهرەبانیـان پـێ بەخشـیبوو.پیرەژن هـەتا بـۆ چرکەیەکیش چاوی لەسـەر کوڕەکـەی هەڵنەدەگرت.لێکـدا لێکـدا ئـاخی هەڵدەکێشا.زۆری حـەزدەکرد بزانـێ یـۆگینی تاچـەند لێـرە دەمێنێتـەوە بـەلاّم لـە بیسـتنی وەلاّمەکـەی دەترسا.لەبەرخۆیەوە بیری دەکردەوەو دەیگـوت نـەکا بـۆ یـەك دووڕۆژان هاتبێتـەوە ئـەوکات خەریك دەبوو دڵی ڕاوەستێ.

...دوای کەباب خواردن،بۆ ماوەیەکی کەم ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لە ژوورەکە هاتەدەرو هەرکە گەڕایەوە شووشە شامپانیانیەکی بەدەستەوەبوو.

- فەرموون.ئەگەرچی ئێمە لەلادێ دەژین لەگەڵ ئەوەشدا لـەکاتی شـادی و خۆشـییەکاندا شتێکمان هەیە کە خۆمانی پێ دڵخۆش بکەین.

پاشان سێ پەرداخ و ئیستیکانێکی پڕکردن لە شامپانی و پەرداخەکەی خۆی بەسـەلامەتی میوانەخۆشەویسـتەکانی هەڵـداو پیرەژنیشـی ناچـارکرد تـا دواچـۆڕی ئیسـتیکانەکە بخواتەوە.لەکاتی خواردنی مرەببادا،لەگەڵ ئەوەی ئارکادی نێوانێکی ئـەوتۆی لەگـەڵ شـیرینی

نەبوو واش بۆ ڕێزگرتن لەو دابوڕەسمە لەهەر چوار مرەبباکەی خوارد.لە کاتێکدا بازارۆف لێوی لــە مرەببـا نــەداو هەرجگــەرەی کێشــا.دوای ئــەوە نــۆرەی چــای و قــەیماغ و کــەرەو کولیرەچەورەهات.پاشان ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بردنیەباخەکە تا لەجوانییــەکانی شــەو سەرمەســت بن.کاتێك بەپەنا یەکێك لە نیوتەختەکان تێدەپەڕین،پیرەمێرد بەگوێی ئارکادیدا چرپاند:

- کاتێك لێرەم تەنیا دەمەوێ خۆرئاوابوون ببینم و ڕاوێچکان بکەم.ئەوکارە بۆ مرۆڤێکــی گۆشەگیری وەك من زۆر لەبارە.کەمێك لەولاتر درەختی خۆشەویستی هۆراسی شاعیری ڕۆمــیم چاندوون.

بازارۆف کە گوێی لەقسەکانی باوکی ڕاگرتبوو پرسی:

- چ دارێك؟

- ئەقاقیا.

بازارۆف باوێشکێکی دا.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ گوتی:

- پێموایە کاتی ئەوەهاتووە میوانەکانمان بخەون و...

دووبارە بازارۆف قسەکانی باوکی بڕین و گوتی:

- یانی مەبەستتان ئەوەیە کاتی خەوە.بەڕاستی قسەیەکی باشتکرد.

پێش نووستن بازارۆف ناوچەوانی دایکی ماچ کردو دایکیشی بێ ئەوەی ئەو ئاگای لێبێ لە دوایەوە سێ جار خاچی کێشا.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ ئارکادی تا بەردەرگای ژوورەکەی بردوو گوتی:

- هیوادارم وابخەوی کەمن لە ڕۆژانی پڕلەحەزی گەنجێتیمدا دەنووستم.

ئارکادی بەئاسوودەیی لێی نووست.ژوورەکەپڕبوو لەبۆنی نەعنا دووسیسرکە بە نۆرە دەیــان خوێند،کە مرۆڤیان هاندەدا بۆنووســتن.ئیڤانۆڤیچ پاشــان چــووە ژوورەکــەی خــۆی و لــە خــوار کوڕەکەی لە سەر کورسییەك دانیشت و نیازی بوو قسە لەگەڵ بازارۆف بکات.بەڵام بە بیانووی ئەوەی کە زۆرماندوویــە و دەیــەوێت بنوێــت لــەخۆی دوورخســتەوە،واش تاســپێدە نەنووســت بیرەوەریەکانی دەورانی منداڵی هێندەشیرن و سەرنجڕاکێش نەبوون و هێشتاش نەیتوانیبوو خۆی لەو یادە تاڵەی چەند ڕۆژی ڕابردوو ڕزگاربکات.بازارۆف بەرقەوە چاوی لەتاریکی شەو بڕیبوو.

ئاریناڤلاسۆنا پێش نووستن دوعای خوێند.پاشان ماوەیەك لەگەڵ ئانفیس کەوتە قســەکردن کە بە سەرسامییەوە سەیری دەکرد.ئانفیس بەدەنگە سیحراویەکەی بیروباوەڕەکــانی دەربــارەی

هەڵس و کەوتی یـۆگینی ڤاسـیلیۆڤیچ دەردەبڕی.بـەهۆی خواردنـەوەی شـامپانیاو دووکـەڵی جگەرەوە پیرەژن سەری دەگێژەوە دەچوو.مێردەکەی نیازی بوو قسەی لەگەڵدابکات بەڵام پیرەژن بە ئاماژەی دەست تێیگەیاند تاقەتی نییە.

ئاریناڤلاسۆنا یەکێك لە خانەدانـە کۆنـەکان بـوو کـە زۆر پابەنـدی داب و نـەریتی کـۆن بوو.ڕەنگە باشتربا کە دووسەد ساڵ پێش یانی لەزەمانی حکومەتی مۆسکۆی کۆندا ژیابـا.زۆر لەخواترس بوو بڕوای زۆری بەدووعاو جنۆکەو تەلیسم و...هـەبوو.بڕوای وابـوو ئەگـەر شـەوی جێژنی پاك مۆمەکانی کلێسا نەکوژێنەوە،بڕوای وابوو بەرووبوومی جۆکێویلە ئەوساڵە زۆرباش دەبێ.بڕوای تەواوی وابوو کە بەوزوانە دنیاخرادەبێ.پێشی وابوو ئەگەر بنیادەم چـاوی بـەکارگ بکەوێ ئەوا ئەو کارگە لە گەشەکردن دەوەستێ.شەیتان تەنیا دەتوانێ بچێتەئەو جێگایەی کـە ئـــاوی لێبێ.لەســـەر ســـینەی هـــەر تێکۆشـــەرێك کەللەیـــەکی پڕخـــوێن هەیە.مشك،بۆق،زێروو،چۆلەکە،هەورەبرووســـکە،ئاوی سارد،با،ئەســـپ،بزن،مرۆڤی ژیـــرو پشیلەڕەشە هەموویان هەراسانیان دەکرد.سەگ و سیسرکەی بەشووم دەزانین.لەخواردنی گۆشتی گوێرەکـەو گۆشـتی کـۆترو قـرژاڵ و گوڵـەزەرو پەتاتـەو ترشـی و گۆشـتی کەروێشـك خـۆی دەپاراســت.ئەگەر کوشتباشــت شــووتی نــەدەخوارد چــوونکە شــووتی ســەری یــەحیای دێناوەبیر.لەکاتی قسەکردندا ئەو سەدەفانەی بەخۆوەی کردبـوون دەلەرانەوە.چێشـت خـواردنی زۆرپێخۆشــبوو هەمیشــەش ڕۆژووی خــۆی دەگرت.لــە شــەوورۆژدا دە کاتــژمێری بۆخــەوتن دانابوو.بەڵام ئەگەر ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چووکترین نەخۆشی هەبا خەو نەدەچووە چاوەکانی.جگە لەدوو کتێبی دیاری کراوی ئاینی هیچی دیکەی نەدەخوێندەوەو ساڵێش لە دوونامـە زیـاتر ی نەیدەنووســی.،بەڵام دەربــارەی کاروبــاری مــاڵێ لــە دروســتکردنی مرەببــاو شــەربەت و وشککردنەوەی سەوزەومیوە زۆر لێهاتووبوو ئەگەرچی بۆخۆی کەمتر ئەو کارانەی دەکـرد ئـەو تەنیا فەرمانی دەدا.

ئاریناڤلاسۆنا مرۆڤێکی دڵپاك بوو بە بڕوای خۆی کەسێکی ژیربوو.ئـەو بابەتـەی زۆربـاش دەزانی کە هەندێك کەس بۆفـەرمان کـردن و هەنـدێکیش بـۆ فـەرمان بـەڕێوەبردن درووسـت کراون.هەر بۆیە لـە نوانـدنی فـەرمان کردنـدا چـێژی وەردەگـرت و لەگـەڵ ئەوەشـدا لەگـەڵ خزمــەتکارەکانی زۆر میهرەبــان بــوو.هیچ کاتێــك گەدایــەکی بەنائومێــدی لــە ماڵەکــەی بەڕێنەدەکرد.خراپەی کەسی نەدەویست بەڵام غەیبەت کردنیشی پێخۆشبوو.بەگەنجی کچێکی

جوان بوو،تا ڕادەیەکیش لەژەنینی پیانۆ شارەزابوو دەشی توانی مەبەستی خۆی بەزمانی فەرەنسی بگەیەنێ.بەلاّم بەدرێژایی ئەوسالاّنەی کە لە دەربەدەری بوو لەگەلّ ئەو مێردەی بەزۆری ببووە هاوسەری بەرەبەرە قەلّەو ببوو مۆسیقاو فەرەنسییەکەی بە تەواوی لەبیر چووبۆوە.کوڕەکەی دەپەرست و لەهەمان کاتیشدا لێی دەترسا.

بەڕێوەبردنی ملّکەکانی خۆی بە ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ سپاردبوو بۆخۆی هەرگیز خۆی تێهەلّنەدە قورتاند.هەر کاتێکیش مێردەپیرەکەی ئەو بەرنامەی کە نیازی وابوولە ئایندەدا پیادەیان بکات و قسەی لەگەلّ دەکرد پیرەژن هەناسەیەکی هەلّدەکێشاو دەنووزایەوە.دەسمالّەکەی ڕادەوەشاندو بڕۆی هەلّدەکێشان.بەردەوام لەخەیالّ پلاّواندا دەتلایەوە.هەر لەحزە لە چاوەڕوانی بەدبەختییەکی گەورەدابوو کە بێت.ئەوەندە بەسبوو شتێکی خەمگین وەبیرخۆی بێنێتەوە تا فرمێسکەکانی هەلّڕژێن.

...ئێستا لەوجۆرە ژنانە کەمترپەیدا دەبن.هەرخوا باشتردەزانێ کە لەنەبوونی ئەوانەدا دەبێ خۆشحالّ بین یان خەمگین.

(٢١)

که له جێگاکەی هاتەدەر،ئارکادی چووه بەرپەنجەرەو کردیەوە یەکەم شت کە چاوی پێکەوت ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بوو.پیرەمێرد کە جلکێکی ڕستراوی بووخارای لەبەردابوو دەسماڵێکی لەپشتی بەستبوو لە ناوباخچەکە بەپێمەڕە زەویەکەی وەرد دەدایەوە.ئەویش ئارکادی دیت لە کاتێکدا خۆی هاویشتبووە سەرپێمەڕەکەی هاواریکرد:

- بەیانیت باش.هیوادارم باش بی.باش نووستی؟

- زۆرباش.

- هەوەك دەبینی منیش خەریکی شێلمانم.ئێستا ئیدی زەمانە گۆڕاوە...هەرکەس دەبێ کاری خۆی بۆخۆی بکات.نابێ چاوت لە دەستی خەڵکی بێ.هەرکەس دەبێ بۆخۆی قوڵانی لێهەڵماڵێ.دەڵێی هەقی ژان ژاك ڕۆسۆیە.برای بەڕێز ئەگەر نیو کاتژمێر پێشترمنت دیبا لە دۆخێکی دیکەدابووم...ژنێك کە تووشی زگ چوون ببوو...چۆن بڵێم...تریاکم دایە.ددانی ژنێکی دیکەشم کێشا.ویستم بێهۆشی بکەم بەڵام ڕازی نەبوو.تەواوی ئەو کارانەم بەخۆڕایی کردوون.بە کورتی منیش بەشێکم لەوخەڵکە.من وەك خێزانم لەدەستەی خانەدانەکان نیم...ئەگەرپێت خۆشبێ دەتوانی بێیە ئێرەو لەژێر ئەو سێبەرە پێش نانخواردنی ناشتا کەمێك هەوای پاك هەڵمژی.

ئارکادی لەژووری هاتەدەرو بەرەولای پیرەمێرد ڕۆیشت.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەشێوەی سەربازان دەستی خستەسەر کلاوە چڵکنەکەی و گوتی:

- دووبارە بەخێربێی.هەرچەندە دەزانم تۆ بەژیانی ئاسوودەو پڕلە نازونیعمەت ڕاهاتووی بەڵام پێموانییە گەوران کەمێك مانەوەیان لە کەوێڵی هەژاراندا هەست بەشەرمەزاری بکەن.

ئارکادی بەناڕەزاییەوە گوتی:

- لە کەیەوە من بوومەتە بەشێك لە گەورەپیاوان؟کێ بەتۆی گوتوە من بەژیانی ئاسوودەو پڕ لە نازونیعمەت ڕاهاتووم.؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەخۆشەویستییەوە گوتی:

- ئیجازه بفەرموون.ئیجازه بفەرموون.ڕاستە کەمن دوور کەوتەم،منیش لەو دنیایەدا ژیاوم و باڵندەکان لەڕووی فڕینیانەوە دەناسم پێشم وایە تا ڕادەیەك قیافەناسبم.ڕەنگە بەجورئەتەوە بڵێم ئەگەر ئەو تایبەتمەندیانەم نەبان تا ئێستا لەمێژبوو لەناو چووبووم.زۆران ڕێگا بە کەسانی لەخوارەوەی وەکومن نادەن کە ژیانێکی ئارامیان هەبێ.ڕاست و ڕەوان و بێ لەڕوودامان دەڵێم هاوڕێیەتی تۆو کوڕەکەم بۆمن مایەی خۆشحاڵییە.چەند دەقیقەیەك لەمەوبەربوو کەدیتم.وەك خووی هەمیشەیی بەیانیان زوولەخەو هەڵدەستێ و سەیرێکی دەورووبەردەکات.لەوەی زۆرخۆ تێهەڵدە قورتێنم داوای لێبووردن دەکەم.ئەرێ تۆو یۆگێنی لەمێژە یەکتری دەناسن؟

- لە زستانی پارەوە.

- باشە.دەمەوێ پرسیارێکی بکەم...باشترنییە دانیشین و قسەکانمان بکەین.هەست و سۆزی باوکانەیە وادەکا ئەوپرسیارانەت لێ بکەم ڕات چۆنەبەرامبەر یۆگێنی؟

ئارکادی بەشەوقەوە گوتی:

- کوڕی تۆ یەکێکە لە گەورەترین ئەو کەسانەی کە بەدرێژایی تەمەنی خۆم ناسیومن.

چاوەکانی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ خڕبوونەوەو ڕووخساری سوورهەڵگەڕاو پێمەڕەکەی لەدەست کەوتەخوارێ.

- بەوپێیەی تۆ بیردەکەیەوە کە...

ئارکادی قسەکانی پێ بڕین و گوتی:

- من دڵنیام کوڕەکەی تۆ ئایندەیەکی پڕشنگداری لەپێشە.دەبێتەهۆی سەربەرزی و شانازی ئێوە.من هەر لەیەکەم دیداردا دەرکم بەوەکرد.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بە زەحمەت توانی ئەوشتەی مەبەستی بوو بیڵێ:

- سەیرە...چۆن بووە؟؟...

- حەزدەکەی داستانی یەکەم دیتنمانت بۆ بگێڕمەوە؟

- بەڵێ...هەمووشتێك.

ئارکادی بە تامەزرۆییەوە دەربارەی بازارۆف دوا هێندە ڕۆیشت تەنانەت ئەو شەوەی کەبەمیوانی لای ئادینسۆڤا بوون هێندەی تاریف نەکردبوو.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ سەرتاپا ببووە گوێ.بێ ئاگا چڵمی هەڵدەلووشی و دەسماڵەکەی لەناو دەستانیدا ڕێکدەگوشی.کەوتە کۆخین و

پرچەکانی ئالۆزان و سەرەنجام لەوە زیاتر توانای نەما.داهاتەوەو شانەکانی ئارکادی ماچ کـردن لە کاتێکدا هێشتا بزەی لەسەرلێوان بوو گوتی:

- تـۆ سـەرتاپا نـووقمی خۆشـحاڵیت کردم...واباشـە ئـەوەت پێبڵـێم کە...کوڕەکـەم دەپەرستم.هیچ بەژنەکەم نـاڵێم چـوونکە بۆخـۆت پیرەژنـەکان باشـتر دەناسـی و دەزانـی کـە دایکەکان چ جـۆرە بوونەوەرێکن.بـەڵام مـن لەبەرامبەرئـەودا توانـای دەربڕینـی هەسـتەکانم نییە.ئەو، ئەو کارانەی پێخۆش نـین دژی هـەرجۆرە دەربڕینێکـی خۆشەویستییە.زۆرکەسـیش لەبەر ئەو ڕەفتارەی لۆمەی دەکەن و ئەوەی بەلوت بەرزی و خۆهەڵکێشان لێك دەدەنەوە.بـەڵام هەڵسەنگاندنی ئەوجۆرە مرۆڤانە لەگەڵ خەڵکانی دیکە کارێکی هەڵەیە.وانییە؟بۆنموونە ئەگەر کەسێکی دیکە لەجێگای ئەو بایە تا ئەوجێگایەی دەیتوانی بەردەوام پارەی لـەدایك و بـاوکی وەردەگرت،تەنانەت دینارێکیشی لە ئێمە وەرنەگرتووە.بەخوا بەڕاستمە.

- مرۆڤێکی پاك و ڕاستە.

- بەڵێ،بەڕاستی بنیادەمێکی پاکە.هەربۆیە نەك تەنیا دەیپەرستم بەڵکو شانازیشی پێـوە دەکەم...ئەگەر ئەوە خۆهەڵکێشان نەبێ تەنیا ئارەزووی من ئەوەیە کـە لـەژیان نامـە کەیـدا بنووسن (ئەو کوڕی پزیشکێکی سادەی سووپابوو کە زۆرزوو پەی بەئایندەی خـۆی بـردوو لـە پەروەردەکردنی خۆیدا لە هیچ هەوڵ و کۆششێك وازی نەهێنا.)

زنجیرەی قسەکانی پیرەمێرد پچڕا.ئارکادی دەستەکانی دەنێودەستی خۆی گرتن و گوشینی.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دوای کەمێك بێدەنگی گوتی:

- تۆ ڕات چییە؟ئایا لەپزیشکیدا ئەوپلەیەی لەبەرچاوت گرتووە پێیدەگات؟

- لەدنیای پزیشکیدا نەخێر.هەرچەندە لەو ڕشتەیەشدا دەبێتە فەیلەسووفێکی گەورە.

- کەوایە لەچ بەشێکدا بەناوبانگ دەبێ.

- ئێستا دژوارە وەڵامی ئەوپرسیارەت بدەمەوە.بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە دەبێتـە پیـاوێکی گەورە.

- پیاوی گەورە؟!

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دوای دەربڕینی ئەوڕستەیە لەفکرەوەچوو.ئانفیس بەسـینیەکی گـەورەی پڕلە شاتوو بە تەنیشتیاندا تێپەڕی و گوتی:

- ئاریناڤلاسۆنا فەرموویان پێتان بڵێم چای حازرە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ هەستا سەرپێ و پرسیاریکرد:
- قەیماغی ساردمان بە شاتووە دەوێت؟
- بەڵێ ئاغا.
- وریابە حەتمەن دەبێ ساردبێ.ئارکادی نیکۆلاێۆڤیچ بۆچـی ڕاوەسـتاوی و لـەو شـاتووانە ناخۆی؟بۆچی یۆگینی نایەت؟
بازارۆف لە ژوورەکەی ئارکادیەوە بانگی کرد:
- من لێرەم.
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ خێرا ڕووی وەرگێڕاو گوتی:
- ئاوا،نیازت بوو سەرێك لە هاوڕێکەت بدەی بەلاّم دەڵێی وەدرەنگ کەوتووی.ئێمەپێکەوە زۆرمان قسەکردو ئێستاش دەچین چای دەخۆینەوە.دایکت بانگ مـان دەکات.پێشـم خۆشـبوو قسەم لەگەڵ کردبای...
- دەربارەی چی؟
- ئێرە پیرەپیاوێکی لێیە تووشی زەردوویی بووە.
- زەردوویی؟
- بەڵێ،زەردوویی.ئەویش زەردووییەکی سەخت.چەند گیایەکی پزیشکیم دایـەو پێمگـوت کە دەبێ گیزەرو سۆدەش بخوات...بەلاّم ئەوانە تـەنیا هێورکردنـەوەن.دەبێ ڕێگایـەکی دیکـە وەبینین.هەرچەندە تۆپێکەنینت بەزانستی پزیشکی دێـت بـەلاّم دڵنیـام دەتـوانی یارمـەتیمان بدەی...لەو بارەیەوە پاشان بە دووروو درێژی قسەدەکەین.ئێستا واباشە بچین و چای بخۆینەوە.
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەسەر نیوتەختەکە هەستاو بەخۆشحاڵییەوە دەستی کردبەخوێندنەوە:
(وەرە وێکڕایاسایەك دابنێین
کەپێی بە شادی و بەخۆشی بژین)
بازارۆف لە کاتێکدا لەبەرپەنجەرەکە دوور دەکەوتەوە لەبەرخۆیەوە گوتی:
- چەندەپیرەمێردێکی سەیرو زیندوویە.

* * *

نیوەڕۆ خۆر وەکو مسێکی سوورەوەبوو لەپشت هەورە کانەوە بەسەر هەمووشتێکدا بلاو دەبۆوە.بێدەنگی باڵی بەسەر هەمووشتێکدا کێشابوو تەنیا دەنگی قووقەی کەڵەشێرەکانی ئاوایی دەبیستران،کە بەقوقەی خۆیان وەلامی پرسیارەکانی یەکتریان دەدایەوەو هەرکەسێك گوێی لێبان هەستی بەخەمناکی و خەوبردنەوە دەکرد.دەنگێکی دیکە نەدەبیسترا لەچڵەپۆپەی درەختێکەوە چریکەی باڵندەیەکی بچوك دەهات.

ئارکادی و بازارۆف لەژێرسێبەری قۆریە گیایەك پاڵکەوتبوون و هەریەکەیان یەك دوو مەڵۆ گیایان خستبووە بن ئانیشکیان.بازارۆف گفتوگۆی دامەزراند:

- ئەو درەختەی لەوێیە ڕۆژانی منداڵیم وەبیر دێنێتەوە.ئەوکات پێموابوو ئەو درەختەو ئەوگالێشە تەلیسم دورووستدەکەن.چوونکە هەرکاتێك لەلایان دادەنیشتم هەرگیزهەستم بەخەم و پەژارە نەدەکرد.ئەوکات نەمدەزانی چونکە منداڵ بووم و هەستم بەخەم نەدەکرد بەلام ئێستا کە گەورەبووم ئیدی ئەو سیحروجادووە هەرگیز لەمندا شوێنەواریان نەماوە.

- هەمووی چەند لێرەبووی؟

- دووساڵی تەواو پاشانیش ماوەماوە سەری ئێرەم دەدا.ژیانم وەك ژیانی قەرەجان وابوو.بەردەوام لە شارێکەوە بۆشارێك دەچووم.

- واپێدەچێ ئەو خانووە زۆرکۆن بێ؟

- بەڵێ،زۆرکۆنە.باپیرم یانی باوکی دایکم ئەو خانووەی درووستکردووە.

- باپیرت چۆن بنیادەمێك بوو.؟

- خوداباشتردەزانێ.ئەو بەپلەی سەرهەنگی دووەم لەلیوای (سۆرۆف) خزمەتی دەکردو هەمیشەباسی لە لەشکرکێشی کێوەکانی ئالی دەکرد...ڕەنگە لەوبارەیەوە زۆریشی خۆهەڵکێشابێ.

- کەوایە هەربۆیە وێنەی سۆرۆف لەژووری میوانیتان هەڵواسراوە.من زۆرماڵی گەرموگوڕی وەك ماڵی ئێوەم پێخۆشە.لەو ماڵانەداهەست بە بۆنێکی تایبەت دەکەی.

بازارۆف بە باوێشکدانەوە گوتی:

- بۆنی تایبەت،بۆنی چرای ئەوپایانەیە...چەندەی مێش لێن.لەو ماڵە ناسك وکۆنانە...

بازارۆف بێدەنگ بوو ئارکادیش ماوەیەك هیچی نەگوت پاشان لێی پرسی:

- دەمویست بزانم دایك و باوکت لە دەورانی منداڵیتدا زۆرت لەگەڵ تووندبوون؟

- تۆ ئەوانە دەبینی.ئەوانە هیچ کاتێك تووندنەبوون.
- یۆگێنی،ئایابەڕاستی ئەوانت خۆشدەوێن؟
- بەڵێ،ئارکادی.بەڕاستی خۆشمدەوێن.
- ئەوان وەك شێتان خۆشیان دەوێی.
بازارۆف بێدەنگ بوو.دوای ئەوەی دەستی وەبن سەریدا گوتی:
- دەزانی بیرلەچی دەکەمەوە؟
- نا،نازانم.
- بیرلەوە دەکەمەوە کە دایك و باوکم ژیانێکی خـۆش و باشـیان هـەبووەو هەیانـە.باوکم لەتەمەنی شەستساڵیدا هێشتا لەبیری خانوو درووستکردندایە،بەچارەسەری خەڵکی ڕادەگـاو لەگەڵ ڕەعیەتەکان بەمیهرەبانی دەجولێتەوە.بەکورتی ژیانێکی خۆشی هەیە.دایکیشم ژیانێکی باشی هەیە.ڕۆژێ هێندە سەرقاڵی کاری ماڵێیە کە کاتی بیرکردنەوەی نییە.بەڵام من...
- بەڵام تۆ؟
- بەڵام من...منێك کە لەژێر ئەو قۆریەگیایە درێژبووم ڕۆژگارێکی لەبن نەهاتووم لەپێشە کە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بەمنەوەنییە.یان بەشێکی زۆر کەمی هی منە.ئەو بەشەی مـن هێندەبچوکە کەلانی کەم هەرهیچ نییە....ئـەوکاتیش لـەو گەردیلەیە،لەوخاڵـەی ماتماتیکـە کەمێك خوێن دێت و دەچـێت و دەچـێ و ئـاواتی زۆرن...چـەندە گاڵتەجاڕیە!هـەموو ئەوانـە پووچوو بێهوودەن.
- با ئەوەشت وەبـیر بێنمـەوە کـە ئەوانـەی دەیـان لێـی پەیوەنـدی بەهـەموو بوونـەوەرە زیندوەکانەوەهەیە.
- بەڵێ،ڕاستە.دەمویست ئەوەبڵێم کە ئەوانە یانی دایك و باوکم زۆرسـەرقاڵی کاروبـاری خۆیانن هیچ بیرلەحاڵ و باڵی خۆیان ناکەنەوەو لەو بارەیەوە هەست بەنیگەرانی ناکەن....بەڵام من...جگەلەخەم و پەژارەو کینە هیچ هەستێکی دیکەم نییە.
- کینە؟بۆچی کینە؟
- بۆچی؟بۆ مەگەرلەبیرت چۆتەوە؟
- نـــا،من هیچـــم لەبیرنەچـــووەو لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ڕێگـــات نـــادەم دووچـــاری ڕق ببیتەوە.بەڵێ،قبووڵمە تۆ بنیادەمێکی بەدبەختی بەڵام...

- ڕاستە.ئارکادی نیکۆلاێۆڤیچ دەبینم تۆش دەربارەی عەشق هەستێکی وەك هەستی هەرزەکارانت هەیە.ئەوانە تەقریبەن بەتەواوی وجودیانەوە بەدوای مەعشوقەکەیان ڕادەکەن بەلاّم کاتێك مەعشوقە کەیان ڕووی تێکردن بەپەلەپەل ڕادەکەن.بەلاّم من وەك ئەوانەنیم...با وازلەوەبێنین.باسکردنی شتێك کە دەرمانی نەبێ بێهوودەیە.

پاشان پالّیدایەوەو درێژەی دایە:

- ئەو مێروە بچووکەی ببینە کەچۆن ئەومێشە نیوەگیانەی ڕادەکێشێ.هەولّبدە برالە.ڕایکێشەو بیبە.لەوەی کە هەولّدەدا.نائومێێد مەبە.لە هیچ شتێك هەست بە نیگەرانی مەکە.تۆ گیانلەبەری و وەك ئێمەی مرۆڤ هێزێکی بەناوی ویژدانت نییە کە بتهاڕێ.

- یۆگینی،دەتوانی پێم بلّێی تۆ کەی خۆت هاڕیووە؟

بازارۆف سەری هەلّێناو گوتی:

- ئەوە تەنیا بابەتێکە کە شانازی پێوەدەکەم.ئێستا من خۆم تێکنەشکاندووە هیچ کاتێك ژنێك ناتوانێ من تێکبشکێنێ.هەرئەوەندەو بەس.پێویستەواز لەوەبێنین.

هەردووکیان بێدەنگ بوون تا ئەوەی دووبارە بازارۆف دەستیپێکردوە:

- بەلّێ،مرۆڤ بوونەوەرێکی سەیروغەریبە.ئەگەر دووراودوور سەیری ژیانی باوکەکانمان بکەین دەبینین چ ژیانێکی ئاسوودەو باشیان هەیەو چ شتێك لەوەی باشتر؟بنووبخۆو دلّنیابە کە باشترین ژیانت هەیە...بەلاّم نا.بەو دۆخەوە خەم و پەژارە بەسەرژیانی مرۆڤدا زالّدەبێ.مرۆڤ حەزدەکا لەگەلّ خەلّك تێکەلّبێ...ئەگەر بەجنێویش بێ ، بەلاّم حەتمەن دەبێ لەگەلّیان تێکەلّ بێ.

ئارکادی بیرمەندانە گوتی:

- دەبێ وابژی کە هەر لەحزەیەك گرنگی خۆی هەبێ.

- ئەوەچ قسەیە دەیکەی؟ ئەوەی بەلای تۆوە گرنگە ئەگەرچی دەکرێ شیرین و دلّگیریش بێ بەلاّم دەکرێ تێکەلاّو بەدرۆو ڕیاش بێ.لەگەلّ ئەوانەشدا دەکرێ لەگەلّی ڕابێی...بەلاّم بەداخەوە ژیان جگە لەپرتەو بۆلّەی گەورەوبچوك لەسەر بابەتی دواکەوتوو لاوەکی هیچ شتێکی دیکەنییە.

- ئەگەرمرۆڤ بۆ خۆی نەیەوێ هیچ کاتێك کێشەی بۆ درووست نابێ.

- ئاها...بەلاّم ئەو قسەیەی تۆ کردت پێچەوانەی داب و نەریتە.

- چۆن؟مەبەستت چییە؟

- مەبەستم ئەوەیە بۆنموونە ئەگەر بڵێی کلتوور شتێکی بەکەڵکە ئەوە بڕیاردانێکی گشتییە کە نەریتیش قبووڵی دەکا. بەڵام ئەگەر بڵێی کلتوور زیان بەخشە ئەو کاتە نەریت قبووڵی ناکا.ئەودوو دەربڕینە تەنیا وشەکانیان بەیەکەوە لێك جیان بەڵام لەڕاستیدایەکن.

- ئەدی ڕاستی لەکام لایە؟

- لەکام لا؟ وەڵامی من لە دەنگدانەوەی دەنگی تۆدایە.کام لا؟

- یۆگینی، دەڵێی ئەمڕۆ لەکەللەی داوی؟

- پێموایە هەقی تۆیە.هەتاوی ئەمڕۆ زۆر بەتینە...سەرەڕای ئەوەش خواردنی تووتڕکیش زیاد لەپێویست زیان بارە.

- کەوایە باشتروایە بخەوین.

- بەڵێ،دەبێ وابکەین.بەڵام تکادەکەم لەکاتی نووستندا سەیرم مەکە.چوونکە ڕووخساری مرۆڤێك کە نووستووە حاڵەتێکی گەمژانەی هەیە.

- بۆمەگەر ئەو بابەتە بەلاتەوە گرنگە کە خەڵکی لەبارەی تۆوە چۆن بیردەکەنەوە؟

- نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە.مرۆڤی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە هەرگیز ئەو شتانەی بەلاوە گرنگ نەبن.مرۆڤی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە یاندەبێ پەیڕەوی لێبکا یان دژی بێت.

ئارکادی بیری کردەوەو گوتی:

- زۆرسەیرە.من ڕقم لەکەس نابێتەوە.

- بەڵام من لەزۆران. تۆ زۆر میهرەبان و دڵسافی ڕێك وەك...چۆن دەتوانی هەستی ڕق لێبوونەوەت هەبێ لەکاتێکدا بڕوا بەخۆبوونی پێویستت نییە.

ئارکادی قسەکانی پێبڕین و پرسی:

- تۆ ئەو بڕوابەخۆبوونەت هەیە؟ تۆ بڕوات بەخۆت هەیە؟

بازارۆف کەمێك بێدەنگ بوو پاشان بەپێداگرتن لەسەر هەروشەیەك گوتی:

- هەر کاتێك لەگەڵ کەسێك ڕووبەڕوو دەبم ئەگەر کەسەکە گوێڕایەڵم نەبێ ئەو کاتەبیرورِام پێچەوانە دەکەمەوە.بێزاربوون،بەڵێ،بێزاری،بۆنموونە ئەمڕۆ بەلای خانووی فیلیپ کوێخای ئاواییدا تێپەڕیم،تۆ گوتت: (خانوویەکی چەندەسپییە! ڕووسیا ئەو کاتە بەختەوەردەبێ کە هەژارترین گوندنشینەکانی خانوویەکی ئاوایان هەبێ.ئەوەش ئەرکی ئێمەیە کە لەورێگایەدا

تێبکۆشین...) بەلاّم من لەهەولّ و تێکۆشان بۆ ئەو فلیپانەو هەتا نەبیستنی سوپاسێکیش، بێزارم...جگە لەوانەش بەکەڵکی چی دێ؟ گریمان کە ئەویش لەخانوویەکی سپیدا ژیاو لە سەر گۆڕی منیش گیابڕوێ،باشە،ئەدی پاشان چی؟

- وازبێە یۆگینی.ئەگەر ئەمڕۆ کەسێك گوێی لەقسەکانی ئێمەبووبێ دەڵێ ئێمەمرۆڤێکین بڕوامان بە هیچ شتێك نییە؟

- تۆش وەك مامت قسەدەکەی.هەرگیز بنەمایەك بوونی نییە کە ئێمە بڕوامان پێی بێ.چۆنە تا ئێستا نەتتوانیوە ئەوە تێبگەی.لە دنیادا هەمووشتێك بەدەوری هەستدا دەخولێتەوە.

- چۆن؟

- زۆر ئاسانە.بۆنموونە من. گرفتاری هەستی ڕەش بینی بووم . حەزدەکەم هەموو شتێك ڕەت کەمەوە. مێشکی من ئاوا کار دەکات . بۆچی من حەزم لە کیمیایە ؟ بۆچی تۆ حەزت لە سێوە ؟ هەستەکان و هەموو شتێکیش هەر ئاوایە ... مرۆڤ هیچ کاتێك لەوە باشتر بیرناکاتەوە هیچ کەسێکیش ئەو بابەتەت پێ ناڵێ باوەڕکە منیش جارێکی دیکە ئەو بابەتەت لەگەڵ باس ناکەمەوە.

- بەوپێیەبێ ڕەسەنایەتیش شتێك نییە جگە لەهەست.؟

ئارکادی بەڕاوێژێکی خەمناکەوە گوتی:

- یۆگینی...

بازارۆف قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- دەتەوێ بڵێی چی؟ دیارە ئەوبابەتەت پێخۆش نییە؟نا برالە.ئێستا کە نیازی دروونەوەی هەمووشتێکت هەیە دەبێ داس لەپێی خۆشت بدەی.ئێمەزۆر دم بەدمەمان کرد.پۆشکین دەڵێت: (سرووشت بێدەنگی خەو فراوان دەکات)

ئارکادی دژی وەستایەوە:

- پۆشکین هیچ کات شتی وای نەگوتووە؟

- نەیگوتووە؟! بەلاّم ئەو شاعیرەو دەبوایە وەکو شاعیر شتێکی وابڵێ.هەرچەندە پۆشکینیش کەسێکی سووپایی بووە؟

- پۆشکین هیچ کاتێك کەسێکی سەربازی نەبووە.

- کەواتە بۆچی لەهەرلاپەڕەی کتێبێکیدا دەڵێت: (خەبات لەپێناوی ڕووسیا)
- ئەوانە بۆخۆت دروستتکردوون.
- لەخۆمەوە هێناومن؟ هیچ گرنگ نییە؟ بزانە چۆن دەتەوێ بمترسێنی.هەر تۆمەتێك هەتا زۆریش گەورەبێ بیدەیەپاڵ هەر کەسێك ئەگەر باش لێی وردبیەوە دەبینی شایانی لەوەش خراپترە.
ئارکادی بە دڵگرانییەوە گوتی:
- کەوایە ئیزن بفەرموون تا سەرخەوێکی بشکێنم.
- فەرمووفەرموو.
بەڵام هیچ کامێکیان نەنووستن.جۆرە هەستێکی شەڕانی ناخی هەردووکیانی پڕکردبوو.دوای چەند دەقیقەیەك چاویان هەڵێناو بێدەنگ لە یەکترەوە ڕامان.
ئارکادی لە ناکاو گوتی:
- گەڵای داری ئیفرا هەڵدەوەرن.جوڵانەوەی ئەو گەڵایە لەکاتی کەوتنەخوارەوەدا وەکو فڕینی پەپوولەوایە.ئەوە سەیرنییە کە مردووترین شت تا ئەو ڕادەیە بەزیندووترینی ئەوانەبچن؟
بازارۆف بەگاڵتەپێکردنەوە گوتی:
- هاوڕێی ئازیز،تەنیا داوا کایەکی کەهەمە ئەوەیە وشەی جوان ڕیزمەکە.
- چۆن ئاسوودەبم واقسەدەکەم...ئەوەش جۆرێکە لەسەرەڕۆیی....شتێك بەمێشکم داهاتووە بۆچی دەری نەبڕم؟
- ڕاستە،شتێك بەمێشکم دا هاتووەو دەری دەبڕم.ئەگەر ڕای منت بوێ شیرین زمانی کارێکی باش نییە.
- چ شتێك جوانە؟ جنێودان؟
- بەه بەه! تۆش ڕێك بوویتەمامت.ئەو گەمژەیە چەندەخۆشحاڵ دەبێ ئەگەر ئاوابتبینێ.
- تۆچۆن لە پاڤێڵ پترۆڤیچ گەیشتووی؟
- هەروەك ئەوەی کەهەیە...گەمژە.
ئارکادی هاواری کرد:
- ئەوەم پێ قبووڵ ناکرێ.
بازارۆف زۆرلەسەرخۆ گوتی:

- دووباره هەستی خزمایەتیت سەری هەڵدایەوە.من تێگەیشتووم کە ئەو هەستە لەناخی مرۆڤە کاندا تاچ ڕادەیەك ڕەگی داکوتاوە.مرۆڤ ئامادەیە ئینکاری زۆرلە پیرۆزیەکانی بکا بەلاّم ئامادەنییە ئەوەی قبوولّ بیّ بۆنموونە براکەی دەسماڵێکی دزیووە.ئەوە لەسەرووی تەحەمولی ئەوە.بەڵێ، چۆن دەکرێ کە هاوڕێکەی من نابغەیەك نەبێ؟! شتێکی ئاوا چۆن دەکرێ وانەبێ؟

ئارکادی بەتووڕەییەوە گوتی:

- لەناخی مندا هەستی دادپەروەریە کە وەئاگا هاتۆتەوە نەك هەستی خزمایەتی.هەرچەندە تۆ ئەو هەستەش ناناسی و هەقی قسەلەسەر کردنیشت نییە.

- یانی مەبەستی تۆ ئارکادی کیرسانۆف ئەوەیە، کەشعووری من دەرك بەوشتانە ناکا.کەوایە قبوولّمەو پەیڕەوی دەکەم.

- یۆگینی،تکادەکەم وازبێنە.دەترسم تووشی دلّ ئێشان بین.

- ئارکادی وەرەوچاکەیەکم لەگەڵ بکە.کارێکی وابکە یەکتری دارکاری بکەین.

- لەوەی دەترسم کارەکە قۆڕبێ...

- باقۆڕبێ.بۆچ عەیبێکی هەیە؟ لێرەو لەوشوێنە دوورە دەست و دوور لەچاوی خەلّکی لەسەر ئەوکایە بۆخراپە؟ من هەرئێستا ملت بادەدەم.بەلاّم دەرۆستم نایەی...

بازارۆف پەنجە درێژەکانی لێککردنەوە.

ئارکادی وەرسووڕاو هەولّیدا بەگالّتە پارێزگاری لەخۆی بکا.بەلاّم ڕووخساری هاوڕێکەی هێندە زالّمانەبوو کە ئارکادی ترسا.

لەناکاو دەنگی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ هات کە دەیگوت:

- تەماشا، لەکوێ خۆیان شاردۆتەوە؟

پزیشکی سووپا بەچاکەتێکی کەتان و کلاّوێکی حەسیرییەوە دەرکەوت و گوتی:

- بەدوای ئێوەدا دەگەڕام بەلاّم ئێوە شوێنێکی باشتان بۆخۆشاردنەوە هەڵبژاردووە....لەسەرزەوی درێژبوون و سەیری ئاسمان دەکەن.خۆزگە منیش لەجێگای ئێوەبام.

بازارۆف بەمنگەمنگەوە گوتی:

- ئێمە تەنیا لەکاتی پژمیندا سەیری ئاسمان دەکەین.

پاشان ڕووی لە ئاسمان کردو گوتی:

- له كاتێكی خراپدا هاتی.

ئاركادی لەسەرەخۆ گوتی:

- ئیدی كۆتایی پێبێنە.

بەدزیەوە دەستی هاوڕێكەی گوشی.

بەلاّم هیچ دۆستایەتیەك ناتوانێ تاقەتی ئـەوجۆرە ڕووداوانـەی هەبێ.ڤاسـیلی ئیڤـانۆڤیچ خۆی هاویشتبووە سەر ئەوگۆچـانە سـەیرەی،كەخۆی درووسـتیكردبوو لـەجێگای دەسـكەكەی پەیكەرێكی لێ قایم كردبوو له كاتێكدا سەری ڕاوەشاند گوتی:

- سەیری دووهاوڕێ گەنجەكەم دەكەم...سەیرتان دەكەم و چێژ وەردەگرم....له ئێوەدا هێزی گەنجی و توانای بەڕادەی پێویست هەیە.ڕێك وەك (كاستۆرو پۆلۆكس)[1]

بازارۆف گوتی:

- چۆن بوو یەكسەر كەوتییە بیری ئەفسانەكانی یۆنان و ڕۆمی كـۆن؟ بەئاسـانی دەتـوانی تێبگەی كە لەكاتی خوێندن لەكاری ئەفسانەدا زۆرپێشكەوتووی.دەڵێی گوتووتـە كـە بـەهۆی نووسینی داڕشتنەوە مەدالیای زیوت وەرگرتووە،وانییە؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ تەنیا گوتی:

- دیۆسكۆری دیۆسكۆری[2]

- بابەگیان لەوە زیاتر پێیان هەڵمەڵێ.

پیرەمێرد لەبن لێوانەوە گوتی:

- ساڵی جارێك خراپ نییە.بەلاّم كـە بەدواتانـدا دەگـەڕام مەبەسـتێكی دیكـەم هـەبوو، دەمویست بڵێم نانی نیوەڕۆ ئامادەیە.دووەمیش دەمەوێ بەیۆگینی بڵـێم كـە...تۆ گـەنجێكی تێگەیشتووی.زۆرباش ژنان دەناسی و ...دایكت نیازی وایـە بـەهۆی پێوقـەدەمی هاتنـەوەت كۆڕێكی دووعا خوێندن سازبكا. پێویست ناكا توورەبی.تۆ ناچانی بەشـداربی چـوونكە كـاری دووعاخوێندن تەواوبووە بەلاّم باوكە ئالەكسی...

- قەشەكەی دەڵێی؟

١- كوڕانی زیئۆس.

٢- نازناوی كاستۆر و پۆلۆكسە.

- بەڵێ قەشە.قەرارە نانمان لەگەڵدابخوات.من چاوەڕوانی شتێکی لەو بارەم نەبوو پێشم خۆشنەبووکە...بەلاّم کارلەکار ترازاوە...ئەو لەمەبەستم تێنەگەیشت...جگە لەوەش ئاریناڤلا سۆنا...با ئەوەش بڵێم کە ئەوکابرایە پیاوێکی باش و تێگەیشتوویە.

بازارۆف پرسی:

- خۆبەشی ئێمەناخوات.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەپێکەنینەوە گوتی:

- ئەوەچ قسەیەکەی دەیکەی؟

- منیش ناڕازی نیم و هەرکەسێك بێ لەگەڵی دادەنیشم.

- دڵنیام کە تۆ لەهەموو دەمارگیریەك بەدووری و کاتێکیش سەیری خۆم دەکەم لەگەڵ ئەوەی تەمەنم شەست و دووساڵە پابەندی هیچ جۆرە دەمارگیرییەك نیم. (ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەوەی کە دەیەوێ بەشداری کوڕی دووعاخوێندن بێ شەرمی دەکرد.) باوکی ڕووحانی زۆرحەزدەکا بتناسێ. تۆش حەتمەن پێت خۆشدەبێ. یاری وەرەق کردنیشی پێ ناخۆش نییەو هەتا...با ئەوە لەنێو خۆمان دا وەمێنێ سەبیلەش دەکێشێ.

- ئاوا! دوای نیوەڕۆ دەستێك یاری لەگەڵدادەکەم و لێی دەبەمەوە.

- هێندەش دڵنیا مەبە.

بازارۆف گوتی:

- ڕەنگە تۆش کەوتبیتە بیری دەورانی گەنجێتیت؟

ڕوومەتەکانی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ سوورهەڵگەڕان و گوتی:

- شەرمێ بکە یۆگینی...ئەوەی ڕابرد ڕابرد.بەڵێ، پێی لێدەنێم کە لەگەنجیدا هەوای ئەو کارانە لەکەللەی داوم و زەرەرەکەشیم دیوە...ئەرێ هەواکەی زۆر گەرمە.ڕێگام بدەن لەلای ئێوە دانیشم.خۆکاتم نەگرتوون.؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دوای ئەوەی دانیشت گوتی:

- ئەوشوێنەی ئێوە لێی دانیشتوون دەمباتەوە دەورانی بیابان و سەربازی و مەرکەزی برین پێچی ... ئەگەر کا شمان دەست کەوتبا شوکرانەی خوامان دەکرد.

پیرەمێرد هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو درێژەی دایە:

- له ژیانمدا تووشی زۆرشتان هاتووم.بۆنموونـه ئەگـەرپێتان خـۆش بـێ چـیرۆکی کـۆلێرای بسارابیتان بۆدەگێڕمەوە کە هەر ئێستا وەبیرم هاتەوە...

بازارۆف دەستبەجێ قسەکەی پێبڕی و گوتی:

- هەمان بەسەرهاتی کە تۆتێیدا مەدالیات وەرگرت...ئەوەم پێشـتریش بیسـتووە...ئەرێ بەڕاستی بۆچی مەدالیاکان بەسنگتەوە ناخەی؟

- پێم گوتبووی کە گرنگی بەوجۆرە شتانەنادەم. (هەردوێنێ بوو کە ڤاسـیلی ئیڤـانۆڤیچ دەستووری دابوو تا نیشانەسوورەکەی سەرپاڵتۆکەی لێبکەنەوە.)

پیرەمێرد پاشان ڕووداوەکەی کۆلێرای گێڕایەوەو لە کۆتاییدا سەری هێنابن گوێی ئارکـادی و گوتی:

- خەوی لێکەوتووە.

پاشان بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- یۆگینی هەستە بابڕۆین نانی نیوەڕۆبخۆین.

بـاوکی ڕووحـانی پیرەمێردێکـی ڕووخـۆش و لەبـەردڵان بوو.پرچـی پڕووخورمـایی بـوون و بەسەرجلکە ئاوریشمیەکانیدا هاتبوونەخوار کەمەر بەندێکی چنراویشی بەستبوو.پیاوێکی زیرەکو تێگەیشتووبوو.بێ هـیچ کێشـەیەك تێگەیشـتبوو کـە نـە یـۆگینی و نـە ئارکـادی پێویسـتیان بـەدووعای ئەونییە.دەسـت بـەجێ هـەنگاوی هـەڵێناو دەسـتی ئـەوانی گوشی.لەسـەریەك هەڵسوکەوتی خۆمانەبوو.نەخەڵکی ئازاردەداو نـە خۆیشـی نیگـەران دەکرد.هەنـدێجار گاڵتـەی بەدەرسی لاتینی دەکردو هەندێجاریش بە توندی پشـتیوانی لەبەرپرسـەکەی خـۆی دەکـرد.دوای خواردنەوەی دووپێك شەراب،لەخواردنەوەی پێکی سێیەم خۆی بواردو لە بەرامبـەردا پێشـنیاری جگەرەیەکی ئارکادی قبوڵ کرد بەلاَم بەبیانووی ئەوەی دەیباتەوە ماڵێ نەیکێشـا.ئەوەی جێگـای سەرنج بوو ڕاوەشاندنی دەستەکانی بوو کە مێشەکانی دەڕەواندنەوە یان دەیگرتن.هەنـدێجار لـەو بەربەرەکانییە سەردەکەوت و چەند دانەیەکی دەپڵیشاندنەوە.دوای ئـەوە لەپشـت مێـزی قومـار دانیشت و لەکۆتاییدا دوو ڕۆبڵ و پەنجاکوپەك ئەسکیناسی لە یۆگینی بردەوە.

لەماڵی ئاریناڤلاسۆنا کەس بـیری لـەپارەی زیـو نەدەکردەوە.ئاریناڤلاسـۆنا لـە تەنیشـت کوڕەکەی دانیشتبوو. ئەو یاری نەدەکرد تەنیا وەکو هەمیشە دەستی خستبووە ژێرچـەناگەی و تەنیا کاتێك کە فەرمانیدەدا خواردن و خواردنەوەبێنن لەشوێنی خۆی هەڵدەستا.

لەلا واندنەوەی بازارۆف دەترسا بـازارۆفیش ئـەوەی دەویست.سـەرەڕای ئـەوەش ڤاسـیلی ئیڤانۆڤیچ وەبن گوێی هەڵێنابوو کە یۆگینی بێزارنەکا چونکە گەنجەکان ئەوەیان پێخۆش نییە.

ڕەنگەپێویست نەکا لـەبارەی ئامادەکـاری نیوەڕۆخـواردن زۆر بدوێین.گۆشـتەکە تیمـۆڤیچ لەشوێنێکی زۆر دوور هێنابووی.کوێخا خۆی بەدوای پەیـداکردنی ماسـی و قرژاڵـدا گـەڕابوو ژنانی ئاوایش بەدوای دەستکەوتنی کارگ چل و دوو کوپەکی سپیان دەستکەوتبوو...

لە چاوەکانی ئارینافلاسۆنادا کە بەردەوام لە بازارۆفی دەڕوانـی نـەك تـەنیا خۆشەویسـتی دەبینرا بەڵکوجۆرە خەمێکیش بەترسـەوە دەبینرا.بـەلاّم بـازارۆف خـەمی ئـەوەی نـەبوو کـە لەچاوەکانی دایکیدا چ خەمێك شاردراوەتەوە.بەدەگمەن قسەی لەگەڵ دایکی دەکـردو هـەموو قسەکانیشیان لەچەند پرسیارو وەلاّمێکی کورت تێنەدەپەڕی.تەنیا جارێك داوای لەدایکی کرد کە وەکوبەخت وەرەقەکانی بۆڕاکێشێ.دایکی بەهێمنی دەستە بچوکو نەرمەکانی لەناو دەسـتە پان و پتەوەکانی ئەوناو پرسی:

- یارمەتیت ناوێ؟

بازارۆف بەتەوسەوە گوتی:

- خراپتربوو.

ئالکسی دەستی بەڕیشیداهێناو گوتی:

- ئەو بێبوار لەڕووباری دەدا.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ تەکەکەی خۆی لە زەویداو گوتی:

- ئەوە یاسای ناپلیۆنە.

قەشەگوتی:

- هەر بەویاسایەبوو کە بۆسانت هلن دوورخرایەوە.

ئارینافلاسۆنا پرسی:

- حەزت لەشەربەتی مێوژنییە؟

بازارۆف لەوەلاّمدا شانی هەڵتەکاند.

*　　*　　*

ڕۆژی دوایی بازارۆف بە ئارکادی گوت:

- نا،من بەیانی لێرەدەڕۆم.لێرە بێتاقەت دەبم.حەزدەکەم کار بکەم و لێرەش هیچم پێ ناکرێ.حەزدەکەم بێمەوە گوندەکەی ئێوە.هەمووکەل و پەلەکانی ئیش کردنم لەوێ داناون.لەماڵی ئێوە لانیکەم ئەوەم بۆدەکرێ دەرگا لەسەرخۆم پێوەدەم بەلاّم لێرە بابم دەڵێ ژوورەکەی خۆمت دەدەمێ و بۆخۆشی هەنگاوێکم لێ دوور ناکەوێتەوە منیش لەوەنیگەرانم و دەمەوێ بەتەنێ بم...لەودیو دیوارەکەوە گوێم لەدەنگی ئاخ و ئۆفی دایکمەو کاتێکیش دەچمەلای قسەیەکمان نییە پێکەوە بیکەین.

- دایك و باوکت زۆرخەمبار دەبن.

- دووبارە دێمەوەلایان.

- چ کاتێك؟

- لەکاتی گەڕانەوەم بۆ پترۆس بۆرگ.

- دڵم بەدایکت دەسووتێ.

- دەڵێی بەمیوە سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشاوی؟

ئارکادی سەری نەوی کردوو گوتی:

- تۆ هەرگیز دایکت ناناسی.ئەو نەك تەنیا ژنێکی میهرەبانە،بەڵکو ژنێکی وریاشە.ئەمڕۆنیو کاتژمێر پێکەوەقسەمان کرد.

- حەتمەن هەمووقسەکانتان دەربارەی من بووە.

- باسەکەمان بە تەنیا تۆنەبووی.

- ڕەنگە تۆ کە لەدەرەوەی باشترببینی.ئەگەر ژنێك نیوکاتژمێر بتوانێ لەگەڵ کەسێك قسەبکا ئەوە نیشانەیەکی زۆر باشە.بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەردەڕۆم.

- بەلای تۆوە گرنگ نییە کە هەواڵی ڕۆیشتنتی بدەیەی؟ ئەوانە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا بۆ دووهەفتە کە لێرە دەمێنینەوە چ بەرنامەیەکیان داناوە.

- قسەی تۆیە،بەلاّم دەڵێی ئەمڕۆشەیتان چۆتە ناو کەوڵم کە سەرم خستەسەر باوکم.ماوەیەك لەمەوبەر باوکم فەرمانیدابوو تا یەکێك لە ڕەعیەتەکانی دارکاری بکاو کارێکی باشیشی کرد کە ئەو فەرمانەیدا،بەڵێ،کارێکی باشیکردو پێویست ناکا ئاواسەیرم بکەی.کارێکی زۆرباشیکرد چونکە ئەوپیاوە هەم دزبوو هەم مەیخۆرەوەیەکی بێ تام.تەنیاشت

ئەوەبوو کە باوکم نەیدەزانی من ئەوشتانەم زانیوە کاتێك پێی زانی زۆرنیگەران بوو...ئێستاش ناچارم بەڕۆیشتنم باوکم لە ڕادەبەدەر نیگەران بکەم.هەرچەندە زووش لەبیری دەکات.

ئەگەرچی بازارۆف گوتبووی کە ئەومەسەلەیە هێندەگرنگ نییە بەلاّم یەك ڕۆژی تەواوی پێچوو تا توانی باوکی لەو بڕیارەی خۆی ئاگاداربکاتەوە.سەرەنجام لە ژوورەکەی باوکی بە باوێشکدانەوە گوتی:

- بەڕاست خەریکبوو لەبیرم بچێتەوە.فەرمانبدە تا ئەسپەکانمان بەرنەلای فەدۆت تا بۆڕۆیشتن ئامادەیان بکات.

- بۆچما بەڕێز کیرسانۆف نیازی ڕۆیشتنیان هەیە؟

- بەڵێ، منیش لەگەڵی دەچم.

- تۆش دەڕۆی؟

- بەڵێ،ناچارم بڕۆم...تکات لێدەکەم فەرمانبدە ئەسپەکان ئامادەبکەن.

پیرەمێرد بەزمان گیرانەوە گوتی:

- زۆرباشە...بۆڕۆیشتن...ئامادەیان دەکەم...بەلاّم...بەلاّم...ئاخر...

- ناچارم بۆ ماوەیەکی کەم بچمەلای و پاشان دەگەڕێمەوە.

- بۆماوەیەکی کەم...زۆرباشە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دەسرەکەی لەگیرفان دەرهێنا داهاتەوە تا قوڕگی پێ پاك بکاتەوە.

- دەتوانم چی بکەم...هەمووشتێك ئامادە دەبێ بەلاّم...پێموابوو کەتۆ...زۆرترلەلامان دەمێنییەوە...ئاخردوای سێ ساڵان،سێ ڕۆژ زۆر کەمە.

- پێمگوتی زوو دەگەڕێمەوە پێمگوتی ناچارم دەبێ بڕۆم.

- ناچاری؟...گرنگ نییە...ئەرك لە هەمووشتێك لەپێشترە...دەڵێی ئەسپەکان بنێرم؟...

هەرچەندە من و ئارینا بەهیچ شێوەیەك چاوەڕوانی شتێکی وامان نەدەکرد...تازە لەماڵە دراوسێکەمان هەندێك گوڵی هێنابوو تاژوورەکەت بڕازێنێتەوە.(ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ سەبارەت بەو بابەتە شتێکی نەگوت کە ڕۆژانە بەپێخواسی ڕاوێژ بەتیمۆڤیچ دەکات و بە دەستە لەرزۆکەکانی پارە دڕاوەکانی دەمستێ داوێ تابچێت شەراب و خواردن و ئەوشتانەبێنێ کە دووگەنجەکە حەزیان لێیبوو.) دیارە ئازادی لەهەمووشتەکان گرنگترە...ئەوە گەورەترین تێزە کەمن بڕوام پێی هەیە...بەڵێ،من بەزۆر کار بەسەرکەسدا نا سەپێنم.

لەناکاو بێدەنگ بوو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت.

- بەڵاّم باوەڕم پێبکە باوکە بەزوویی یەکتردەبینینەوە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ،تەنانەت ئاوڕیشی نەدایەوە تەنیا دەستی ڕاوەشاندو چوّدەرێ.کاتێك گەیشتە ژووری نووستنەکەی خۆی ئارینا ڤلاسۆنای دیت کە خەوی لێکەوتبوو.لەبن لێوانەوە دووعای شەوی خوێندوو هەوڵیدا هاوسەرەکەی وەخەبەرنەیەنێ لەگەڵ ئەوەشدا ئاریناڤلاسۆنا وەخەبەرهات و گوتی:

- ئەوە تۆی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ؟

- بەڵێ،خۆمم.

- لەژووری نیۆشا دێیتەوە؟ دەتزانی...دەترسم شوێنی نووستنەکەی باش نەبێ.بە ئانفیسیام گوتووە تا سەرین و دۆشەکەکەی تۆ بباتە ژوورەکەی ئەو.ویستم دۆشەکە تووکەکەی خۆمانی بدەمێ بەڵاّم وەبیرم هاتەوە کەئەوحەزی لەشوێنی نەرم نییە.

- گرنگ نییە.ئازیزەکەم.گوێ مەدەیە.

پاشان دەستیکردەوە بەدووعاخوێندن و گوتی:

- خودایە لە گوناهەکانمان خۆشبە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دڵی بەحاڵی خۆی و هاوسەرەکەی سووتا بەڵاّم نەیویست بەو نیوەشەوە ئەوخەبەرە ناخۆشەی بداتێ.بۆ سبەینێ ئارکادی و بازارۆف ڕۆیشتن.هەر لەوکاتەدا بێدەنگی باڵی بەسەر ئەوماڵەدا کێشا.چەند دەفرێك لەدەستی ئانفیسا کەوتن و شکان.تەنانەت فەدکاش پێی سەیربوو کەچ شتێك بۆتە هۆکاری ڕۆیشتنی میوانەکان،هەچەندی بیریدەکردەوەو لێکی دەدایەوە بیری بەهیچ شتێك نەدەگەیشت سەرەنجام لەبیرکردنەوە ماندووبوو پێلاّوەکانی داکەندن.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لە هەموان زیاتر شڵەژابوو.هەوڵیدەدا خۆی ئارام نیشان بدا.بەدەنگی بەرزقسەی دەکردو هەنگاوی هەڵدێنان.بەڵاّم دەم وچاوە باریك و کزەکەی بەردەوام بەدوای بازارۆفدا دەگەڕا.

ئاریناڤلاسۆنا بێدەنگ فرمێسکی دەڕشت.ئەگەر مێردەکەی بەیانی دووسێ کاتژمێر دڵی نەدابایەوەو ئامۆژگاری نەکردبا حەتمەن وەزگی دەدا.

کاتێك بازارۆف دوای دووپاتکردنەوەی ئەو بەڵێنەی کە مانگێکی دیکە دەگەڕێتەوە،خۆی لەباوەشی باوکی دەرهێناو لەناو گالیسکەکە دانیشت.کاتێك ئەسپەکان جولاّن و زەنگوڵەکانیان زرنگاندنەوە تایەی گالیسکەکەش کەوتنەسووڕان.

وەختێك لەبەرچاوان ونبوون و تەنیا تەپوتۆز دەبینرا،تیمۆڤیچ بەلەش و لاری چەماوەو لەر زۆکەوە گەڕایەوەماڵێ.کاتێك دایك و باوکی پیر لەماڵێکدا کە دەتگوت لەپڕێکدا پیروپەککەوتەبوون بەتەنێ مانەوە.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کە ماوەیەك لەمەوبەر قیت و قنج لەپەنا دەرگا ڕاوەستابوو وەك گەنجان دەسرۆکەی هەڵدەسووڕاند لەسەر کورسیەکە کرووشم هەلاّتبوو.سەری بەردابۆوەو ورتەورتی دەکرد:

- بەجێی هێشتین.بەڵێ،بەجێی هێشتین.لێمان وەڕەزبوو.ئێستا بەتەنێ ماینەوە ڕێك وەك پەنجەی دەستێك.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کاتێك ئەو قسەیەی دەکرد پەنجەی گەورەی جیاکردەوەو تێیەوەڕاما.

ئاریناڤلاسۆنا هاتەلای.سەری وەسەری مێردەکەی کردو گوتی:

- دەتوانین چی بکەین ڤاسیا؟ کوڕ وەك باڵندەیەکی ڕاوکەرە.وەك شەهێنە.هەر کاتێك حەزی لێبێ دێت و هەر کاتێکیش پێی خۆشبێ دەڕوات.بەلاّم من و تۆ وەك مووروەدارێك واین کە ناتوانین بێین و بڕۆین.ئێمە هەمیشەپێکەوە دەبین.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دەستی لە دەموچاوی کردەوەو هاوسەرو هاوڕێی چەندساڵەی وا لەباوەشگرت کە تەنانەت لەدەورانی گەنجیشدا ئاوای لەباوەش نەگرتبوو.

ئارینا مەرهەمێکی لەسەردڵە بریندارەکەی دانابوو.

(٢٢)

هەردووکیان بەدرێژایی ئەوڕێگایە یەك دوو قسەنەبێ بەیەکەوەیان نەکرد.بازارۆف ئەو کارەی کە کردبووی لێی ڕازی نەبوو ئارکادیش هێندەی خۆشنەدەویست.بازارۆف خەم و پەژارەیەك دایگرتبوو کە تەنیاگەنجان دووچاری دەبن.

گالیسکەچی ئەسپەکانی گۆڕین و هەرکە لەجێی خۆی دانیشتەوە پرسی:

- بەلای ڕاستدابڕۆم یان بەلای چەپدا؟

ئارکادی لەشوێنی خۆی تەکانێکی دا. ڕاستەڕێیەکە بەرەولای شارو ماڵی خۆیان دەڕۆیشت و ڕێگای دەستی چەپیش بەرەولای ماڵی ئادینسۆڤا.

ئارکادی چاوی لە بازارۆفەوە بڕی و پرسی:

- یۆگینی،بەرەولای چەپ؟

بازارۆف ڕووی وەرگێڕاو لەبن لێوانەوە بەپرتەپرت گوتی:

- ئەوەچ کارێکی گەمژانەیە.؟

- دەزانم کارێکی گەمژانەیە.بەڵام چی تێدایە؟بۆ چما ئەوە یەکەم جارە؟...

بازارۆف کڵاوەکەی هێنا سەر ناوچەوانی و گوتی:

- چۆنت پێخۆشە باوابێ.

ئارکادی هاواریکرد:

- بەرەولای چەپ!

گالیسکە بەرەولای نیکلسکۆی وەڕێکەوت.دوای ئەو کارە گەمژانەیە هەردووك هاوڕێ بێدەنگ بوون.تەنانەت تووڕەش دەهاتنەبەرچاو.

* * *

هەرلەو پێشوازیەی کە خزمەتکارەکەی ئادینسۆڤا لێیکردن تێگەیشتن کارەکەیان چەندە گێلانەبووە.تێگەیشتن کە عەقڵ خستنە ژێر ڕکێفی دڵ چەندە کارێکی شێتانەیە.هیچ کەس لە چاوەڕوانی هاتنیاندا نەبوو.ناچاربوون بەقیافەی گێلانەیان تا کاتی هاتنی ئادینسۆڤا لە ژووری

پێشوازیدا بمێننەوە.ئانا هەرچەندە بەمیهرەبانی هەمیشەیی خۆیەوە پێشوازی لێکردن بەڵام دەرکەوت کە لە هاتنیان سەری سوورماوە.تا ئەوجێگایەی لە هەڵسوکەوتی بەپەلەپەلی دەخوێندرایەوە هەرگیز لە هاتنیان خۆشحاڵ نییە.دووهاوڕێ گەنجەکە بەشڵەژانەوە گوتیان پێیان باشبوو لە گەڕانەوەیاندا سەرێکیان لێبدەن و لەچەند کاتژمێرێك زیاتر نامێننەوە.ئادینسۆڤاش تەنیا بەنیشاندانی سەرسووڕمانی لێگەڕاو پاشان بە ئارکادی گوت سڵاوی بە باوکی بگەیەنێ و بەدوای پووریدا نارد.شازادەخانم بەدەم و چاوی خەواڵو و پڕلە گنج و لۆچەوە کە ئەوی لەجاران توورەتر نیشاندەدا دەرکەوت.کاتیا نەخۆشبوو لە ژوورەکەی نەهاتەدەر.

ئارکادی تێگەیشت کەمەیلی دیداری کاتیا بۆوی هیچ کەمترنییە لە دیداری ئاناسرگیۆنا.چوار کاتژمێری تەواویان بەباسی بابەتی دواکەوتوویی تێپەڕاند.ئاناسرگیۆنا بێ ئەوەی بزەیەکی بێتێ هەم قسەی دەکرد هەم گوێی لەقسەی میوانەکانی ڕادەگرت.تەنیا کاتی ماڵئاوایی هەمان سۆزی پێشووی تێدا دەرکەوت و گوتی:

- من ئێستا کەمێك خەمبارم.هیوادارم لێم دڵگیر نەبووبن.تکاتان لێدەکەم کە توانیتان دووبارە سەرمان لێبدەنەوە.

لەبەرامبەردا ئارکادی و بازارۆف ئیکلامێکیان کێشاو چوونەوە ناو گالیسکەکەیان.بێ ڕاوەستان بەرەوشوێنی مەبەست وەڕێکەوتن و شەوی دواتر گەیشتنەجێ.بە درێژایی ڕێگا هیچیان باسی ئادینسۆڤایان نەکرد.بازارۆف تەقریبەن هیچ قسەیەکی نەکردو بەدرێژایی ڕێگاکە لەجادەکەوە ڕاما.

کاتێك گەیشتنەجێ هەموو لە دیتنیان زۆرخۆشحاڵ بوون.ونبوونی لە ڕادەبەدەری ئارکادی،ببووەهۆی خەم و پەژارەی نیکۆلای پترۆڤیچ.هەرکە فنیچکا بەچاوە گەورەکانییەوە هاتەژوورو هاتنی میوانەکانی ڕاگەیاند،نیکۆلای پترۆڤیچ لەخۆشیان هاواریکردو پێی ڕاوەشاندن.هەتا پاڤێل پترۆڤیچیش لەهاتنیان خۆشحاڵ بوو و دەستی گوشین.دەرگای گفتوگۆ لە هەمولایەك کرایەوە.ئارکادی لەهەموان زیاتر قسەی دەکردو ئەو گفتوگۆیە تانیوەشەو درێژەی کێشا.

نیکۆلای پترۆڤیچ بەخۆشی کوڕەکەی، ئەو بتڵەشەرابانەی کە لەمۆسکۆوە هێنابوونی کردنیەوەو بۆخۆشی هێندەی خواردەوە کە کولمەکانی سوورهەڵگەڕابوون.بەردەوام پێدەکەنی.پێکەنینێکی بە تەواوی وجودی و لەناخی دڵیەوە.خۆشحاڵیەکەی کاری لەخزمەتکارەکانیشی کردبوو.

دوونیا بەردەوام دەهات و دەچوو دەرگاکانی دەکردنەوەو پێوەی دەدان.پیووتەریش هەوڵیدەدا بەگیتارەکەی ئاوازێك بژەنێ.کە پەنجەی بەگیتارەکەدا دێنا ئاوازێکی دڵگیروخەمناك بە هەوادا بلاو دەبۆوە بەلاّم زۆر زوو دەنگی کیتارەکە کپ دەبوو.پیووتەر زۆرهەوڵیدا تا ڤاڵسی بژەنێ بەلاّم هیچ کات لە پێشەکیەکە زیاتر نەدەڕۆیشت.سرووشت توانای مۆسیقای وەك هەموو تواناکانی دیکەی لێوەرگرتبۆوە.

*　　*　　*

سەرەڕای ئەوانەش،ژیان لە مارینۆ هێندەساناو ئاسان نەبوو.نیکۆلاّی پترۆڤیچی بێچارە لە هەموولایەکڕا کێشەوگرفتی بۆ درووست دەبوو.کوێرەوەری زەوی و زارو کاری کێڵگە هیچ کات تەواو نەدەبوو لەهەمووش خراپتر حاڵی کرێکارانی کێڵگەبوو.قەت نەیدەتوانی لەگەڵیان بسازێ.هەندێکیان داوای کرێی زیادیان دەکرد دەنا کارەکەیان بەجێ دەهێشت و دەڕۆیشتن.هەندێکیش هەرکە پێشەکی پارەکەیان وەردەگرت لێیاندەداو دەڕۆیشتن و هەرگیز نەدەگەڕانەوە.ئەسپەکان نەخۆش و سەکەت ببوون.زین و لغاوی ئەسپەکان لەکۆنیان ڕزیبوون.لەبەڕێوەبردنی کارەکاندا هیچ پێشکەوتنێك نەدەبینرا.

نیکۆلاّی پترۆڤیچ داوای کڕینی خەرمان کوتێکی کردبوو بەلاّم هەرکە ئامرازەکەهات،تێگەیشت بەهۆی قورسی لەڕادەبەدەری کەڵکی لێوەرناگیرێ.نیوەی ئاغەڵەکەی بەوهۆیەوە سووتابوو کە یەکێك لەڕەعیەتەکان کە پیرەژنێکی کوێربوو بەمەبەستی ئالیکدانی مانگاکەی بە مەشخەڵێکەوە هاتبووە ناوئاغەڵەکەوە....بەلاّم پیرەژن پێداگری دەکرد کە هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێداگریەکانی ئاغا لە درووستکردنی پەنیر بەشێوەی تازە.

سەرکارەکەشی دووچاری تەمبەڵی و سستی ببوو.ئەوە تایبەتمەندی هەرکەسێکی ڕووسییە کە دەستی گەیشتە نانی مفتە دەستبەجێ قەڵەودەبێ.سەرکاریش هەموو ڕۆژێ قەڵەو تردەبوو.هەرکە نیکۆلاّی پترۆڤیچی دەدی بۆئەوەی بیسەلمێنێ کە بەردەوام خەریکی کارەکانییەتی پەلەدارێکی تاو دەدایەو دەیهاویشتە بەرازێك یان تانەو تەشەری لە مێرمنداڵێك دەدا.بەلاّم ڕاستیەکەی ئەوەبوو کە زۆربەی کاتەکانی بەخەو بەسەردەبرد.

ڕەعیەتەکان لەپێدانی بەشی ئاغا خۆیان دەبواردو لە دارستانەکەی داریان دەدزی.بەردەوام هەمووشەوێك پاسەوانی دارستان هەندێ کەسی دەستگیر دەکردو هەندێجاریش دوای بگرەو بەردەیەکی زۆر ئەسپی دزەکانیان بەغەنیمەت دەگرت و دەیان هێنان.سەرەتا نیکۆلای پترۆڤیچ بڕیاریدا بۆئەوەی تەمبێ یان بکا، بۆماوەیەك ئەسپەکان لەلای خۆی بگێڕێتەوە بەلاَم ئەنجامی کارەکەی هیچ نەبوو جگەلەوەی چەند ڕۆژان ئەسپەکان وێنجەی مفت بخۆن.

لەهەمووی خراپتر ئەوەبوو کە هەندێجار لەنێو ڕەعیەتە کانیشدا شەڕوهەرا درووستدەبوو.بۆنموونە دووبرا کەماوەیەکی زۆر بەیەکەوە ژیابوون لەبەر ئەوەی ژنەکانیان پێکەوە دانوویان نەدەکولاَ کەوتنە گیانی یەکتری و دوای ئەوەی باش یەکتریان دارکاریکرد بەسەروسەکوتی شین هەڵگەڕاوەوە هرووژمیان بردە دەفتەری ئاغا، تا داوەریان بکا.وەك هەمیشە سەرەنجامی هەر دەمەقاڵەیەك داوەریەکەی دەدرایە نیکۆلای پترۆڤیچ.دادوهاوارو گریانی ژنەکان تێکەڵ دەبوون.نیکۆلای پترۆڤیچیش ناچاربوو گوێ لەقسەی هەردوولا ڕابگرێ لەگەڵ ئەوەی دەیزانی کە ڕێگا چارەیەك بۆ کێشەکە نادۆزێتەوە،هێندە هات و هاواری دەکرد تا دەنگی دەنووسا.

وەختێك کاتی دروێنەهات دروێنەکەرنەبوون.لەگەڵ ئەوەی ڕەعیەتە هاوسێکەی بەڵێنی پێدابوو کە لەکاتی خۆیدا دروێنەکەرەکان دەگەن و بۆ دروونەوەی هەرپەڵەیەك دووڕۆبڵیان دەداتێ تەنیا درۆی دەکردو ئامانجی تەنیا کلاَو لەسەرنانبوو.ژنانی ئاوایش بۆ دروێنەکردن داوای هەقدەستێکی زۆریان دەکردو گوڵەگە نمەکانیش لەحاڵی وەریندابوون.ئەنجومەنی گوندیش پێیان دەکەوشێ نابوو کە دەبێ نیکۆلای پترۆڤیچ سووی ئەوپارانەی کەوەری گرتوون دەبێ بیاندا.

چەندانجار نیکۆلای پترۆڤیچ لەو پەڕی نائومێدیدا هاواریکردبوو گوتبووی:

- ئیدی جاڕس بووم،بۆخۆشم ناتوانم لەگەڵیان دەستەو یەخەبم.لەلایەکی دیکەشەوە پێمواییە کە هێنانی پۆلیسیش پێچەوانەی مرۆڤایەتییە،هەرچەندە ئەوانە ئەگەر بە ترس و تەمبێ کردن نەبێ هیچ کارێك ناکەن.

پاڤێل پترۆڤیچ بەزمانی فەرەنسی وەلاَمی دایەوە:

- لەسەرخۆبە. لەسەرخۆ.

بەلاَم بۆخۆشی نەیدەتوانی هێمن بیَ.لەبن لێوانەوە جنێوی دەدا،لە نیگـەرانیان سمێڵـەکانی دەجوین.بازارۆفیش خۆی لەو گفتوگۆیانە دەپاراست.سەرەڕای ئەوەی ئەو میوان بوو پێی بـاش نەبوو خۆی لە کارێك هەڵقورتێنیَ کە پەیوەندی بەوەوە نەبیَ.هەر لەگـەڵ گەیشـتنی خـەریکی بۆقەکان و کولاَندنی پێکهاتە کیمیاییەکان بوو.

ئارکادی بە ئەرکی خۆیدەزانی کە ئەگەر نەشتوانیَ یارمەتی باوکی بـدات وانیشـانبدا کـە لەهیچ خزمەتێك خۆ نەبوێریَ.بەسـەرنجەوە گـوێی بـۆ قسـەکانی بـاوکی ڕاگرتبـوو تەنانـەت جارێکیش بـۆ چارەسـەری کێشـەکان چەندپێشـنیارێکی کرد.دیـارە چـاوەڕوانی ئـەوە نـەبوو پێشنیارەکانی لەبەرچاو بگرن، تەنیا مەبەسـتی ئـەوەبوو بیسـەلمێنیَ کـە کێشـەکانی بـاوکی هەمووو وەك یەك نین.ئەو کاروباری کشتوکاڵی پیَ ناخۆش نەوبوو،حەزی لێبوو ئەگـەر بتـوانیَ کاری کشتوکاڵی بکا هەرچـەندە ئێسـتا هـۆش و بـیری لـە جێگایـەکی دیکەبوو.نەیـدەزانی بۆچی،بەلاَم زۆربەی کاتەکان هەر لەبیری نیکلسکۆی دابوو.ئەگەر جاران یەکێك پێیگوتبا بـیَ تاقەت نابی هێندە لەگەڵ بازارۆفدا دەژی ئەویش لەماڵی بابتدا ئـەوا لـەوەلاَمی ئەوقسـە بـیَ مانایەدا شانەکانی هەڵدەتەکاند.بەلاَم ئێستا بەڕاستی هەستی بەدڵتەنگی دەکردو پێی وابـوو گرفتاربووە.بیری لەوە دەکردەوە کە بەگەڕان و پیاسەکردن خەمەکانی دوورخاتەوە بەلاَم ئەوەش دەردی دەمان نەدەکرد.ڕۆژێك لە کاتی گفتوگۆکردندا لەگەڵ باوکی زانی کە نیکۆلاَی پترۆڤـیچ ئەو نامانەی کە دایکی ئادینسۆڤا بۆ دایکی ئارکادی ناردوون لەلای خۆی هەڵی گرتوون.بۆیـە هێندەی پێداگری کرد تا سەرەنجام پیرەمێرد سندووقی نامەکانی هەڵڕشت و نامـەکانی دایکـی ئادینسـۆڤای هێنانـە دەرو ویێدان.هەرکـە نامـە کـۆن و گچـلاَوەکان کەوتنـە دەسـتی ئارکادی،هەستی بەئارامی کرد.دەتگوت کەسێکی ونبووی دۆزیوەتەوە.لەبن لێوانەوە قسەکەی ئادینسۆڤای دووبارە دەکردەوە:

- داوا لەهەردووکتان دەکەم....

سەرەنجام بڕیاریدا:

- دەڕۆم،حەتمەن دەڕۆم.

بەلاَم دوا ڕووبە ڕوو بوونەوەی لەگەڵ ئادینسۆڤا هێنایـەوە بیرخـۆی و ترسا.بۆیە بڕیاریـدا ئەوجارە بەتـەنیَ و بـەبیَ یارمـەتی هـیچ کەسـێك ئـەوکارەی بـە تـەمای بـوو جـیَ بـەجێی بکات.هێشـتا لـە هاتنـەوەی بۆگونـدی مـارینۆ دە ڕۆژی تێپـەڕ نـەکردبوو کـە بـەبیانووی

خوێندنەوەی ڕێنوێنی (قوتابخانـەی گەورەسـالاْن) چـوو بۆشـارو لـەوێوە ڕێگـای نیکلسـکۆی گرتەبەر.

لەڕێگادا بەردەوام گالسکە چییەکەی هاندەدا توندتر بڕوات.بەو ئەفسەرە گەنجانە دەچوو کە دەچنە مەیدانی جەنگەوە.لەلایەك دەترساو لەلایەکی تریش تامەزرۆی گەیشتن بوو.بۆ ئـەوەی دڵی خۆی بداتەوە بەخۆی دەگوت هەرگیز نابێ بیر لەوشتانە بکەیتەوە.

لە بەدبەختی خۆی گرفتاری گالیسکە چییەکی بەدفەڕببوو.تووشی هـەر مەیخانەیـەك بـان ئەسپەکانی ڕادەگرت ن و دەیپرسی:

- بخۆینەوە یان نەخۆینەوە.

بەلاْم ئەگەر کەمێك سەری گەرم بووبا ئەسپەکانی لینگدەدان.سەرەنجام سەربانی خـانووی ئادینسۆڤا دەرکەوت.ئارکادی لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە:

- ئەوەچ کارێك بووکردم؟

دەستبەجێ لێی زیادکرد:

- تازە کار لەکارترازاوە.

ئەسپەکان بەچوارناڵە دەڕۆیشتن.گالیسکەچـی فیتـووی لێـدەداو هاوایـدەکرد.دەنگی سمـی ئەسـپەکان لەسـەرپردە دارەکـە دەبیسـتراو شـەقامە ڕازاوە بـەدار کاجـەکان نزیـك کەوتنەوە...کراسێکی سووری ژنانە لەوسەری شیناوەردەکە دیاربوو ڕووخساری گەنجێك لـەژێر چەترێکی هاوینە دەرکەوت.

ئارکادی داوای لەگالیسکەچی کرد ئەسپەکان ڕاگرێ لـە گالیسـکەکە دابـەزی و چـووەلای کاتیا.

کاتیا کەچاوی پێکەوت سوورهەڵگەڕاو گوتی:

- ئەرێ،ئەوەتۆی؟ وەرە باپچینەلای خوشکم.لەناو باخەکەیە.بێگومان لە دیتنت خۆشـحاڵ دەبێ.

ئارکـادی کـە ئـەو هەڵسـوکەوتەی بەشانسـێکی بـاش لێکـدابۆوە لەگـەڵ کاتیـا چـووە باخەکە.پێی وانەبوو، لەدیتنی کاتیا هێندەخۆشحاڵ دەبێ تازە هەمووشتێك هەروەکو ئارەزووی دەکـرد هاتـەپێش نەخزمـەتکارێك و نەتەشـریفاتێك و....لـە پێچاوپێچـی کـۆلاْنێکی باخەکە،ئارکادی ئاناسرگیۆنای دیت کە پشتی لەوان بوو ڕاوەستابوو هەرکـە گـوێی لـەدەنگی

پێیەکان بوو ڕووی وەرگێڕا.ئارکادی زۆری نەمابوو نیگەران بێ بەڵام هەمان وشەی ئاناسرگیۆنا هێوری کردوە. ئانا لە کاتێکدا بەرەولایان دەهات بزەیەکی هاتێ بۆ ئەوەی ڕووی لە باو خۆرنەبێ ئەوانی لەپێش خۆی گرتن و بەمیهرەبانییەوە گوتی:

- سلاو کاکی ڕاکردوو.کاتیا،لەکوێ دۆزیتەوە؟

ئارکادی گوتی:

- ئاناسرگیۆنا،شتێکم بۆ هێناوی کە هەگیز نەتدەتوانی بیریشی لێ بکەیتەوە.

- تۆ،بۆخۆت هاتووی لەهەموو شتێك باشترە.

(٢٣)

بازارۆف دوای ئەوەی ئارکادی بەخەم و گاڵتەپێکردنەوە بەڕێکردو تێیگەیاند کە دەزانێ بەچ مەبەستێك دەڕوات و دەچێتەکوێ،گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی.حەزو ئارەزوویەکی شێتانەی بۆ کارکردن هەبوو.ئیدی لەنێوان ئەوو پاڤێل پترۆڤیچدا تێککگیران ڕووینەدەدا.بە تایبەتیش ئەو کاتانەی کە پیرەمێرد لە بەرامبەریدا خانەدانانە سنگی ڕەپێش دەخست و بیروڕای خۆی بەپەلەپەل و لەبن لێوانەوە دەگوتن و دیارنەبوو کە دەڵێ چی.پاڤێل پترۆڤیچ لەو بەینەدا جارێك لەگەڵ ئەونیهلیستە گەنجە کەوتە گفتوگۆ ئەویش دەربارەی مافی خانەدانەکانی دەریای باڵتیك کە پاڤێل پترۆڤیچیش بەیەکێك لەوان دادەنرا بەرگری دەکرد بەلاّم لەپڕێکدا قسەکانی بەنیوەچڵی هێشتنەوەو گوتی:

- هەرچەندە ئەوقسانە بێ فایدەن،چونکە ئێمە زمانی یەکتر نازانین.یان باشتروایە بڵێم من شیاوی تێگەیشتنی قسەکانی تۆنیم.

بازارۆف بەسەر سووڕمانەوەگوتی:

- ئەوەچ قسەیەکەی دەیکەی؟ هەرمرۆڤێك دەتوانێ هەمووشتێك لەجووڵەی هەواوە بگرە تا ئەو گۆڕانکایانەی کە لەخۆردا ڕوودەدەن هەموان بزانێ.ئێستا تۆ چۆن دەتوانی بڵێی کە مرۆڤێك لوتی بەجۆرێك بگرێ،لە مەبەستی تێناگەی؟

پاڤێل پترۆڤیچ بە حەپەساوی گوتی:

- چۆن؟ نووکتە دەگێڕیەوە؟!

لەوێ ڕۆیشت.لەگەڵ ئەوەشدا جارجار پاڤێل پترۆڤیچ لەکاتی تاقیکردنەوەکانی بازارۆفدا دەردەکەوت هەتا جارێك کە دەم و چاوی بە سابوونێکی بۆنخۆش شووشتبوو لە میکرۆسکۆبەکە نزیك کەوتەوە تا ببینێ کە ئەوشلە ڕوونە چۆن ڕەنگە سەوزەکە هەڵدەمژێ و نایهێڵێ.

نیکۆلاّی پترۆڤیچ زیاتر لە براکەی سەری لە بازارۆف دەدا ئەگەر گیروگرفتی کێڵگە نەبوایە خۆی گوتەنی هەمووڕۆژێ جارێك دەهاتەلای تا شتێك فێرببێ.ئامادەبوونی ئەو هیچ کات

نەدەبووە هۆی نیگەرانی و کات گرتنی.لە گۆشەیەك دادەنیشت و تەماشای دەکرد.زۆر بەکەمی و ئەویش بەپارێزەوە،پرسیاری دەکرد.لەکاتی نانخواردندا هەولێدەدا بابەتی وتوویژ لە چوارچێوەی فیزیاو کیمیاو زەوی ناسیدا بێت چونکە بۆی هەبوو بابەت گەلی دیکەی وەك سیاسەت و کشتوکاڵی کارەکە بگەیەنێتە دڵ یەشان و تووڕەبوون.نیکۆلای پترۆڤیچ دڵنیابوو کە ڕقوکینەی براکەی بەرامبەر بازارۆف کپ نەبووە.ئەگەر وازمان لەو بەڵگەو هۆکارانەش هێنابا بچوکترین پێشهات دەیسەلماند کە ڕاست دەکات.نەخۆشی کۆلێرا لەگوندەکانی دەوروبەری مارینۆ دەرکەوتبوو تەنانەت دووکەسی ئەو گوندەش تووشی ئەو نەخۆشییەببوون.شەوێك پاڤێل پترۆڤیچ تایەکی زۆری هاتێ تا بەیانی ناڵاندی بەڵام حازر نەبوو لەو بارەیەوە زانیاری لە بازارۆف وەربگرێ.دوای دوو ڕۆژان کە بازارۆف بە مەسەلەکەی زانی گلەیی کرد کە بۆچی لەڕوویان نەداوە،پاڤێل پترۆڤیچ بەڕەنگ و ڕووی بزرکاوەوە گوتی:

- تا ئەوجێیەی لەبیرم مابێ گوتبووت کە قەت باوەڕت بەکاری پزیشکی نییە.

بەوشێوەیە ڕۆژان تێدەپەڕین و بازارۆفیش بەجدی خەریکی کارەکەی بوو.ئەوەمان لەبیر نەچێ لە ماڵەکەی نیکۆلای پترۆڤیچ کەسێك هەبوو کە بازارۆف ئەگەرچی دەردە دڵیشی لەگەڵ نەدەکرد بەڵام بەتامەزرۆییەوە لەگەڵی دادەنیشت و دەدوا.ئەوکەسەش کێ بوو فنیچکا.

بەردەوام هەموو بەیانییەکی زوو،بازارۆف،فنیچکای لە ناوباخ یان لە حەوشە دەدیت.هەرگیز نەدەچووە ژوورەکەی.فنیچکاش تەنیا جارێك،ئەویش بۆ ئەوەی لێی بپرسێ منداڵەکەی بشوا یان نا،چووە ژوورەکەی.فنیچکا نەك لە بازارۆف نەدەترسا بەڵکو لەبەرامبەریدا هەستی بەئارامی دەکرد کە ئەو ئارامییەی لەبەرامبەر کەسانیدیکەداو هەتا لەبەرامبەر نیکۆلای پترۆڤیچیشدا هەست پێنەدەکرد.هۆکاری ئەو بابەتە بۆخۆشی بەچاکی نەیدەزانی.ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بووبێ کە فنیچکا بێ ئەوەی بۆخۆشی ئاگای لێبێ لەبازارۆفدا ئەوخانەدانییەی کە هەمیشە لێیدەترسا بەدی نەدەکرد.

بەبڕوای ئەو بازارۆف هەم بنیادەمێکی باش و هەم پزیشکێکی دەست ڕەنگین بوو.بێ ئەوەی لەلای بازارۆف بێتاقەت بێ یاری لەگەڵ منداڵەکەی دەکرد.تەنانەت ڕۆژێکیش کە لە ناکاو دووچاری سەرەگێژە هاتبوو کەوچکی دەرمانی بەدەستی بازارۆف خواردبوو.لەبەرچاوی نیکۆلای پترۆڤیچ وەك بێگانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بازارۆف دەکرد.دیارە ئەو کارەشی وەکو مەکروحیلە نەدەکرد،هۆکارەکەی ئەوەبوو کە ئەوجۆرە ڕەفتارانەی بەشتێك لە ئینسانییەت و

ڕێز لەقەڵەم دەدا.لە هەمووکاتێك زیاتر لە پاڤێڵ پترۆڤیچ دەترسا.لەبەر ئەوەی ماوەیەك بوو شووبراکەی وەکو سێبەر چاودێری دەکرد.بۆ هەرجێگایەك چووبا پاڤێڵ پترۆڤیچی بەوجلو بەرگە شینە ئینگلیزیە بەدوای خۆیەوە دەبینی.فنیچکا زۆرجاران لەلای دوونیاش دەردەدڵی دەکرد:

- کەلەو حاڵەتانەدا دەیبینم خەریکە دەبمەتنۆکە ئاوێك.

بەڵام دوونیاشا لەوەڵامدا تەنیا ئاخێکی هەڵدەکێشاو بیری لەو کەسە بێ هەستە دەکردەوە کە لەوماڵەیە.بازارۆف بێ ئەوەی بزانێ ببووە مایەی ئازاری ڕووحی دوونیاشا.بەو ڕادەیەی کە فنیچکا بازارۆفی خۆشدەویست،بازارۆفیش لەدیداری ئەو خۆشحاڵ دەبوو.تەنانەت بازارۆف لەکاتی قسەکردن لەگەڵ فنیچکا ڕووخساری دەگۆڕاو گەش دەهاتە بەرچاو.فنیچکا ڕۆژ بەڕۆژ جوانتردەبوو.لە تەمەنێکدابوو کە ژنان وەکو گوڵی هاوینە لەناکاو دەپشکوون و دەکرێنەوە.کاتێك جلی سپی لەبەر دەکرد هەستیدەکرد سپی تروووسووکترە...خۆی لەهەتاو دەپاراست بەڵام نەیدەتوانی خۆی لەگەرما بپارێزێ.گەرما گۆناکانی سوورهەڵدەگێڕان و سست و خاوبوونەوەیەکی چێژ بەخشی پێدەبەخشی.کاتێکیش ئەوخاوبوونەوەیە چاوە جوانەکانی دادەگرت،ئیدی نەیدەتوانی هیچ بکات،دەستی لەسەر ئەژنۆیان دادەناو بەقورسی دەجوڵاو بەناڵەوە گلەیی لەوحاڵەی خۆیدەکرد.

نیکۆلای پترۆڤیچ دەستووری دابوو تا چادرێك بەدەوری مەلەوانگەکەدا بکێشن تا بۆ خۆشتن کەڵکی لێوەربگرن.

- تۆدەبێ زیاترخۆت بشۆی.

- ئای،نیکۆلای پترۆڤیچ.بنیادەم تا دەچێتە مەلەوانگەکەو دەگەڕێتەوە لەپەلەپۆ دەکەوێ.تۆزە سێبەرێك لەو باخەیدا پەیدانابێ.

نیکۆلای پترۆڤیچیش ناوچەوانی تێکدەناو دەیگوت:

- بەڵێ،سێبەرێك لەو باخەیدا پەیدانابێ.

ڕۆژێك دەورووبەری کاتژمێرحەوت کاتێك بازارۆف لە پیاسەکردن دەگەڕایەوە فنیچکای لە ژێر کەپرەکە بینی.ئەو یاسانەی کە کەپرەکەیان داپۆشیبوو هەرچەندە ماوەیەك بەسەر گوڵ کردنیان تێپەڕیبوو بەڵام هێشتا هەرگەش و جوان بوون،فنیچکا لەسەر نیوتەختێك دانیشتبوو وەك هەمیشە دەسماڵێکی سپی بەسەر سەری دادابوو.لەپەناشی کۆمایەك گوڵی سپی و سووری لێبوون کە هەندێکیان شەونمیان هەر لەسەربوو.

بازارۆف سلاوی کرد.فنیچکا بەهێمنی گوتی:

- ئای،یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ ئەوە تۆی؟

هەر کەدەستی بۆ دەسماڵەکەی سەری برد تا باشتر بازارۆف ببینێ،دەستی تا ئانیشکی بەڕووتی دەرکەوتن.بازارۆف لەکاتێکدا لەسەر نیوتەختەکەی تەنیشتی دادەنیشت گوتی:

- لێرەخەریکی دروستکردنی چەپکەگوڵانی؟

- بەڵێ،نیکۆلای پترۆڤیچ زۆرحەزی لەچەپکەگوڵە لەسەر مێزی نانخواردنی بەیانی.

- ئێستا زۆرمان ماوە بۆ قاوەڵتی.زۆرت چنیون.

- هەر ئێستا چنیومن دەنا ئەگەر هەواگەرم بێ لەبەر هەتاودا ناتوانم لێیان بکەمەوە.زۆر لەگەرما بێزارم دەترسم لەپەلوپۆم بخا.

- چ قسەیەکە دەیکەی!بالێدانی دەستت بگرم.

بازارۆف دەستی گرت و دوای ئەوەی دەماری لێدانی دڵی دیتەوە بێ ئەوەی بیانژمێرێ گوتی:

- تۆ سەدساڵی دیکەش دەژی.

دەستی بەردا،فنیچکا هاواریکرد:

- خوانەکا!

- بۆ؟چماحەزناکەی سەرد ساڵ بژی؟

- سەدساڵ! نەنکم تەنیا هەشتاوپێنج ساڵ ژیا.پشتی چەمابۆوەو بەردەوام دەکۆکی.تەنانەت بۆخۆشی ببووە مایەی ئازار.ئەو جۆرە ژیانە بەکەڵکی چی دێ؟

- واباشە مرۆڤ هەمیشە بەگەنجی بمێنێتەوە.

- بێگومان.

- سوودی گەنج مانەوەچییە؟ دەکرێ پێم بڵێی؟

- چۆن سوودی چییە؟! بۆنموونەمن ئێستا گەنجم.دەتوانم کاربکەم،بەڕێگادا بڕۆم،شت هەڵبگرم،دانیشم،هەستم و هەموو کارێك بکەم.پێویستیش ناکا داوا لەکەس بکەم کارێکم بۆبکا...سوود لەوەی باشتر؟!

- بەڵام بۆمن فەرق ناکا کەپیربم یان گەنج.

- قسەی سەیرسەیر دەکەی،شتی وانابێ.

- فدۆسیانکلاێۆنا،بۆخۆت داوەربە.ئەو گەنجیە بۆمن چ نرخێکی هەیە؟من کە بەتەنیاو ئاوارەو سەرگەردان....

- ئەوە لەدەست خۆتدایە.

- نا،بەدەست خۆم نییە.لانی کەم دەبێ کەسێك هەبێ دڵی بەحاڵی من بسووتێ.

فنیچکا بەتیلە نیگایەك لەبازارۆفەوە ڕاماو هیچی نەگوت.دوای ماوەیەك باسەکەی گۆڕی و پرسی:

- ئەوکتێبە چییە؟

- ئەوە؟ کتێبێکی زانستی بەگرێوگۆڵە.

- تۆ لەو هەموو وانەخوێندنە ماندوونابێ؟ پێموایە تۆ هەمووشتێك دەزانی.

- پێناچێ وابێ.ئەو کتێبەی بگرەو بیخوێنەوە.

- من هیچ لێی تێناگەم.

کتێبەکەی بە هەردووك دەستان گرت.

- چەندەقورسە! ئەوکتێبە ڕووسیە؟

- بەڵێ.

- جیاوازی نییە.چونکەمن هیچی لێ نازانم.

- منیش نامەوێ تێیبگەی.تەنیا دەمەوێ سەیری کتێب خوێندنەوەت بکەم.چونکە کاتێك شتێك دەخوێنییەوە لوتەناسکەکەت بەشێوەیەکی جوان دەجوڵێ.

فنیچکا کەخەریکبوو بەحنجە وشەکانی دەخوێندەوە کتێبەکەی وەلانا...کتێبەکە لەسەر نیوتەختەکە خزی و کەوتەخوارێ.

بازارۆف گوتی:

- هەتا چێژ لە پێکەنینەکەشت وەردەگرم.

- ئای تکات لێدەکەم وازبێنە.

- لە بیستنی قسەکانیشت چێژ وەردەگرم.کاتێك قسە دەکەی دەڵێی کانیاوێك هەڵدەقوڵێ.

فنیچکا ڕووی وەرگێڕا.دەستی بەسەر گوڵەکاندا هێناو گوتی:

- چ قسەیەکە دەیکەی؟ تۆ لەگەڵ زۆرخاتوونی خوێندەوار دانیشتووی...گوێکرتن لە قسەکانی من چ سوودێکی هەیە بۆتۆ.

- ئاخ،فدۆسیا نیکلایۆنا! تاڵە موویەکی تۆ هەمووخاتوونە خوێندەوارەکان دێنێ.
فنیچکا دەستەکانی گوشین و گوتی:
- چ درۆیەکی سەیروسەمەرە دەکەی.
بازارۆف کتێبەکەی هەڵگرتەوەو گوتی:
- ئەوە کتێبێکی پزیشکییە بۆوەلای دەنێی؟
فنیچکا دووبارەی کردەوە:
- پزیشکی!
پاشان گەڕایەوەلای بازارۆف و گوتی:
- بەڕاستی لەو ڕۆژەی ئەو دەرمانەی داوتە میتیا زۆر ئاسوودە دەنوێ.نازانم چۆن سوپاست بکەم.زۆرباش و میهرەبانی.
بازارۆف بزەیەکی هاتێ و گوتی:
- بێگومان دەبێ پاداشتی پزیشکان بدرێتەوە.بۆ خۆشت دەزانی خواستی پزیشکان زۆرە.
فنیچکا چاوەکانی کە ئێستا ڕەشتر دەردەکەوتن لە بازارۆفەوە بڕین.نەیدەتوانی تێبگا گاڵتەی لەگەڵ دەکا یان بە ڕاستییەتی.
- ئەگەر پێت باشە،بەوپەڕی تواناوە...دەبێ لە نیکۆلای پترۆڤیچ بپرسم...
- مەبەستی من پارەنییە.داوای پارەت لێناکەم.
- ئەدی چتدەوێ؟
- بۆخۆت لێکی بدەوە.
- من و لێکدانەوە!
- زۆرباشە،بۆخۆم دەیڵێم...من یەکێك لەو گوڵانەم دەوێ.
فنیچکا دووبارە پێکەنی.ئەو داوایەی بازارۆفی هێندەپێ منداڵانەبوو کە پێدەکەنی و دەستی لێکدەدان.بازارۆف لێی ڕامابوو.سەرەنجام فنیچکا گوتی:
- چ ڕەنگێکت پێ جوانە،سپی یان سوور؟
- سوور،بەڵام بازۆر گەورە نەبێ.
فنیچکا هەستاو گوتی:
- فەرموو،بیگرە.

بەلاّم دەستبەجێ دەستی کێشایەوەو لێوی خوارەوەی بەددان کەست.چاوی لە دەرگای کەپرەکە بڕیبوو.بازارۆف پرسی:

- چی بووە؟نیکۆلاّی پترۆڤیچ بوو؟

- نا...ئەوچۆتەدەرێ...جگە لەوەش من لەوی ناترسم.تەنیا لە پاڤێل پترۆڤیچ...پێموابووکە...

- کەچی؟

- پێموابوو ئەو بێرەدا دەڕوا...نا کەس نەبوو...فەرموو.

فنیچکا گوڵەکانی دایە بازارۆف.

- بۆلە پاڤێل پترۆڤیچ دەترسی؟

- ئەو هەمیشە دەبێتە مایەی ترس بۆمن.هیچ قسەناکا بەلاّم زۆر سەیر دەڕوانێ.تۆش ئەوت خۆش ناوێ.پێشتر هەمیشە تێکدەگیران.من هیچ لە قسەکانی تۆو ئەو نەدەگەیشتم.بەلاّم هەر تۆ ئەوت ڕێکدەگوشی و...

فنیچکا بە دەستەکانی نیشانیدا کە بازارۆف چۆن پاڤێل پترۆڤیچی ڕێکدەگوشی.بازارۆف بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- ئەگەر ئەو سەرکەوتبا چی؟تۆ پشتیوانیت لەمن دەکرد؟

- من لەکوێ،تۆ لەکوێ؟ چۆن دەمتوانی پشتیوانیت لێبکەم؟پێموایە کەس ناتوانێ تۆ ببەزێنێ.

- بەلاّم دەستێك دەناسم ئەگەرحەزی لێبێ دەتوانێ وردووخاشم بکا.

- چ دەستێك؟

- تۆنازانی؟ ئەو گوڵەی بگرەو بۆنی بکە.بزانەبۆنی چەندە خۆشە.

فنیچکا گەردنی درێژکرد تا بۆن بەگوڵەکەوەبکا.دەسماڵەکەی لە سەر سەری خزی و پرچەنەرم و ڕەشەکەی کە کەمێك ئاڵۆزببوو وەدەرکەوتن.بازارۆف گوتی:

- ڕاوەستە با بەیەکەوە بۆن بەو گوڵەوە بکەین.

داهاتەوەو ماچێکی گەرمی لە لێوەکانی کرد.فنیچکا تێکرابوو پاڵێکی پێوەناو لە خۆی دوورخستەوە بەلاّم ئەوپاڵە هێندە هێواشبوو کە بازارۆف توانی ماچەکەی درێژتربکاتەوە.

دەنگی کۆکەیەکی نزم بیسترا.فنیچکا دەستبەجێ خۆی بەلای نیوتەختەکەوەدا.پاڤێل پترۆڤیچ دەرکەوت و دوای ئیکلام کێشانێکی کورت بەڕاوێژێکی ڕق ئەستوورانەوە گوتی:

- ئێوەلێرەن؟

لەوێ دوور کەوتەوە.فنیچکا دەستبەجێ گوڵەکانی کۆکردنەوەو لە کەپرەکە چۆدەرەوە.کاتی ڕۆیشتنی بەئارامی و ڕاوێژێکی سەرکۆنانەوە گوتی:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ،تاوان لەتۆبوو.

بازارۆف دیمەنێکی دیکەی هێنایەوە بەرچاوی خۆی و شەرمەزاربوو.بەلاّم دەستبەجێ سەری ڕاوەشاندو لەوەی کە وەك هەرزەکارێك دەرکەوتووە پیرۆزبایی لەخۆی کردو چووە ژوورەکەی.

پاڤێل پترۆڤیچ لە باخەکەوەچووە دارستان و ماوەیەکی زۆر لەوێ مایەوە.کاتێك بۆ نانخواردنی بەیانی گەڕایەوە زۆر تێکچووبوو کە نیکۆلای پترۆڤیچ لێی ترساو پرسی:

- حاڵت باشنییە؟

-دەزانی هەندێجار زەرداوی منیش تێکدەچێ.

(٢٤)

دووکاتژمێر دواتر پاڤێڵ پترۆڤیچ لە دەرگای ژووری بازارۆفیداو گوتی:
- لەوەی کە کاتی خوێندنەوەی زانستی جەنابت دەگرم داوای لێبووردن دەکەم.
لە کاتێکدا خۆی بەگۆچانەکەیەوە گرتبوو لەسەر کورسییەکە دانیشت.(زۆر بەدەگمەن بۆ ڕۆیشتن گۆچانی هەڵدەگرت.)
- بە ناچاری داوا لە بەڕێزتدەکەم پێنج دەقیقە کاتم بدەنێ.پێنج دەقیقە.
بازارۆف کە لەهاتنی نیگەران ببوو گوتی:
- تەواوی کاتم لەخزمەت جەنابتدایە.
- نا،پێنج دەقیقەبەسە.دەمویست پرسیارێکت لێبکەم.
- چ پرسیارێك؟
- تکایە گوێبگرە.هەر لەیەکەم ڕۆژی هاتنت شانازی ئەوەم پێبڕا دەربارەی زۆربابەت پێکەوە گفتوگۆ بەکەین،بەلاّم نایەتەوەبیرم کە دەربارەی (دوئێل)[1] پێکەوە شتێکمان گوتبێ.دەمەوێ ڕای ئێوە لەو بارەیەوە بزانم.
بازارۆف کە لەشوێنی خۆی هەستابوو بەپێشوازی پاڤێڵ پترۆڤیچەوەچوو دەستی لێك گرێدان و لە گۆشەیەك دانیشت و وەلاّمی دایەوە:
- پێموایە لەڕوانگەی زانستییەوە،دووئێل کارێکی قێزەونایە بەلاّم لەڕوانگەی پراکتیکی یەوە ئەگەرسەیری بکەین...ئەوەقسەیەکی ترە.
- ئەگەر بەهەڵە نەچووبم مەبەستی تۆ ئەوەیە کە هەرچی زانست بیەوێ دەربارەی دووئێل بیڵێی لەحاڵی حازردا گرنگ ترینیانە بەلاّم لەڕوانگەی پراکتیکی یەوە ئەگەر کەسێك بیەوێ سووکایەتیت پێ بکا ئامادەنی بەکردەوە وەلاّمی بدەیەوە.
- تۆ زۆرباش مەبەستی منت وەلاّم دایەوە.

١- دوئێل: شەڕی گێڕانەوەی ئابڕوو، کە لە ئەورووپای کۆندا زۆر باو بوو.

- زۆرباشە،لەوەی کەچ جۆرە ڕایەکت هەیە زۆرخۆشحالم.قسەکانت منی لە دوودڵی و گومان نەجاتدا.

- مەبەستت لە بڕیارنەدانە؟

- چ جیاوازیەکی هەیە قوربان.مەبەستی من لە گفتوگۆکردن ئەوەیە کە مەبەستی خۆم دەربڕم دەنا هێندە شێرو ڕێویان ناهێنمەوە.قسەکانی تۆ منیان لە گومان و دوودڵیەکی گەورە نەجاتدا.من دەمەوێ لەگەڵ تۆدا دووئێل بکەم.

بازارۆف چاوی پێ دەپەڕین:

- لەگەڵ من؟

- بەڵێ،لەگەڵ تۆ.

- بەخودا سوێندت دەدەم،بۆ دەتەوێ ئەو کارەبکەی؟

- دەتوانم هۆکارەکەت پێبڵێم بەلام پێم باشترەلێی گەڕێم.پێموایە بوونی تۆ لێرە زیادەیە.بوونی تۆم پێ تەحەموول ناکرێ.نەفرەت لەتۆ.ئایا ئەوەندە بەس نییە.

پاڤێل پترۆڤیچ چاوەکانی بریسکەیاندا.لە چاوەکانی بازارۆفیشدا تیشکێك دەرکەوت.سەرەنجام بازارۆف بە هێمنی گوتی:

- زۆرباشە،تۆ بڕیارتداوە پیاوەتی و گەورەیت بەسەرمندا تاقی بکەیتەوە.هەرچەندە دەتوانم دژی ئەو داوایەی تۆبم،بەلام ئەوەی دەبێ بلابێ.

- سوپاسی لوتفی بەڕێزتان دەکەم کە داواکەی منت بۆ دووئێل قبوولّ کرد بێ ئەوەی ناچارت بکەم.

بازارۆف لەسەرخۆ گوتی:

- مەبەستت ئەوەیە کە تۆ بەگۆچان ناچارت نەکردووم؟ نا پێویست بە کەڵك وەرگرتن لەو لەتکە دارەناکا...بەهەرحاڵ جەنابت دەتوانی بەهەمان حاڵەتی جوامێریتەوە داوەتەکەت پێشنیاربکەی و منیش بەهەمان حاڵەتەوە داوەتەکەت قبوڵ دەکەم.

پاڤێل پترۆڤیچ لە شوێنی خۆی هەستاو گۆچانەکەی لەگۆشەیەك داناو گوتی:

- ئێستا دەبێ دەربارەی شەرتی دووئێل چەندقسەیەك بکەین...لەبیرم چوو لێت بپرسم پێتخۆشە بەر لە دووئێل دم بەدمەیەکی کورت بکەین تا پێشینەی دووئێل بڕەخسێنین یان نا؟

- نا، پێویست بەو پێشینەیە ناکا.

- منیش لەگەڵ تۆ هاوڕام.ئێمە لەیەکتر بێزارین و ئەوەندەش بۆ دووئێل بەسە.
بازارۆف بەتوانجەوە گوتی:
- بەڵێ، ئەوەندە بەسە.
- ئەدی دەربارەی شەرتی دووئێل.ئێمە پێویستمان بە شـایەدێك نابێ.چـونکە پەیـداکردنی شایەد کارێکی ئەستەمە.
- بەڵێ،هیچ پێویستمان بەشایەد نییە.
- کەوایە شانازیە بۆمن کە پێشنیار بە جەنابتان بکەم بەیانی زوو، بۆنموونە کاتژمێر شەش لە پشت باخچە،بە دەمانچەوە،بە ئەندازەی دەپێ...
- بۆدەپێ؟ چما ئێمە بەڕادەی دەپێ یەکدی دەبووغزێنین؟
- ڕەنگە هەشت پێ باشتربێ؟
- ڕەنگە.
- هەریەکەو دووگوللان داوێین و واباشە بۆ ئایندە هەر یەکەو کاغەزێك لە گیرفانمانـدابێ و مەرگی خۆمان لە ئەستۆی خۆمان بگرین.
- نا، دژی ئەوەیانم.چونکە وەك چیرۆکە ڕۆمانسییە فەرەنسییەکان دەچێ کە لە ڕاستییەوە دوورە.
- لەوانەیە هەقی تۆبێ.بەلاّم ئەوەش بزانە کە هەرکەسێك خـەتای مـەرگی خـۆی باوێتـە ئەستۆی خۆی،کارێکی ڕاست نییە.
- قبوڵمە...بەلاّم ڕێگا چارەیەکی دیکەم بەخەیاڵ دادێ کـە کارەکـە بەشـێوەیەکی باشـتر بەڕێوەبچێ...بۆنموونە دەتوانین شایەدێك مان هەبێ.
- دەتوانم بپرسم بۆ شاهید چ کەسێکت پێ باشە؟
- بۆنموونە پیووتەر.
- کام پیووتەر؟
- خزمەتکارە تایبەتەکەی براکەت.کە سێکی داب و دەستوورناسەو دەتوانێ ڕۆڵـی خـۆی بەباشی ببینێ.
- گاڵتەدەکەی!

- هەرگیز ئەگەر کەمێك لە پێشنیارەکەم وردبیتەوە بەشتێکی باشی دەزانی.دیزە بەدەر خۆنەکردنی ئەوکارە شتێکی مەحالە بەلاّم من پیووتەر بۆ ئەوکارە ئامادەدەکەم.

پاڤێلّ پترۆڤیچ لەشوێنی خۆی هەستاو گوتی:

- ئێستاش دلّنیام گالّتەدەکەی.دووبارە بەهۆی ئەوەی داوەتەکەی منت قبولّ کردوە سوپاست دەکەم و هیچی دیکەم نییە...ئەریّ دەمانچەت هەیە؟

- پاڤێلّ پترۆڤیچ بۆ دەبیّ دەمانچەم هەبیّ؟ بۆچما من کەسێکی سوپاییم؟

- کەوایە من دەمانچەکەی خۆمت دەدەمیّ،دلّنیابە پێنج سالّە بەکارم نەهێناوە.

- هەوالێکی زۆرخۆشە.

پاڤێلّ پترۆڤیچ خۆی بەسەرگۆچانەکەیدا شۆڕکردەوەو ویستی بڕوات.

- ئێستا من هیچ کارێکم لێرەنەماوە دووبارە سوپاست دەکەم و بوومەهۆی ئەوەی لەکاتی خوێندنەوەت بگرم.ئێستا بەیارمەتی جەنابتان من دەڕۆم.

بازارۆف پاڤێلّ پترۆڤیچ بەڕێکردو گوتی:

- خودائاگادارت بیّ، ئاغای بەڕێز.

دوای ڕۆیشتنی پاڤێلّ پترۆڤیچ،بازارۆف لەبەر دەرگا ڕاوەستاو گوتی:

- شەیتان بەلەعنەت بیّ...چەندە جوان و گێلانەبوو! چ گالّتەجاڕیەکی بێوێنەیە! سەگە ڕاهێنراوەکانیش ئاوا لەسەر چنگان ڕادەوەستن و کلکەسووتەی دەکەن...بەلاّم نەشدەکرا خۆ لەوپێشنیارەی وەدزی.ئەگەر وام کردبا حەتمەن بەو گۆچانەی دام دەگژایە...(بازارۆف بە هێنانەبەرچاوی ئەو دیمەنە تێکچوو) ئەوکات ناچاردەبووم وەکو بێچوەپشیلەیەك بیخنکێنم.

پاشان گەڕایەوە ژوورەکەی و چووەلای میکرۆسکۆبەکەی بەلاّم پەرێشان بوو.لەگژفکران ڕاچوو:

- ئەورۆ دیتمی...بەلاّم ئایا بەڕاستی نیازی وی پارێزگاری لە ئابڕووی براکەیەتی؟ باشە ماچێك چ گرنگیەکی هەیە؟ حەتمەن هۆکارەکەی شتێکی دیکەیە.ڕەنگە ئەویش عاشق بیّ؟ بێگومان عاشقە.ئەو مەسەلەیە وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە...دۆخێکی زۆر نالەبارە. هەرچۆنێکی لێکی بدەیەوە نالەبارە.سەرەتا دەبیّ ناوچەوانت بەگوللەوە بنێی و ئەگەر تەمەنیش باقی بوو دەبیّ ئێرەجێبێلّی.ئەدی ئارکادی و ئەو کەسەبیّ خەتایە،نیکۆلاّی پترۆڤیچیش لەویّ...دۆخێکی زۆردژوارە.

باقی ڕۆژەکە بەوپەڕی ئـارامی تێپـەڕی.دەتگوت هـیچ فنیچـکایەك لەگۆڕێـدا نییە.ئـەو لەژوورەکەی خۆی دانیشتبوو دەرگای لەسەرخۆی پێوەدابوو.نیکـۆلاّی پترۆڤـیچ گێرەوکێشـەی زۆربوون.وابلاّوببۆوە کە ئەوگەنمانەی ئەو زۆری پێ باشبوون کرم لێیداوە.

پاڤێلّ پترۆڤیچ تەواوی دانیشتوانی ماڵێ تەنانـەت پراکفیۆڤیچـیش کـەپیاوێکی سـاردوو بێدەنگ بوو وەزاڵەهێنابوو.

بازارۆف دەستیکرد بەنووسینی نامەیەك بۆ باوکی بەلاّم بە نیوەچڵی وازی لێهێناو دڕانـدی و لەبەرخۆیەوە گوتی:

- دوای مردنم هەمووشتێك دەزانێ...بەلاّم من نامرم و دووبارە ئازاری زۆر دەکێشم.

پاشان بە پیووتەری گوت سبەی بەیانی زووبێتە ژوورەکەی.پیوتەر پێیوابـوو لەگـەڵ خـۆی دەیباتــە پــترۆس بۆرگ.بـازارۆف زۆر درەنـگ چووەسـەرجێگا تـەواوی ئـەو شـەوە خـەونی سەیرسەیری دەدیت.ئادینسۆڤا لەبەرچاوی قوتدەبۆوە.دەتگوت ئەویش ڕۆڵـی دایکـی بـازارۆف دەگێڕێ.دوای ئەویش بێچوەپشـیلەیەکی سمێـڵ ڕەش دەرکـەوت ئەوپشـیلەش کەسـێك نـەبوو جگەلە فنیچکا...لەبەرچاوی پاڤێلّ پترۆڤـیچ بـە دارسـتانێك دەچـوو واش ناچـاربوو لەگـەڵی بەشەڕبێ.

کاتژمێر چوار پیوتەر وەخەبەری هێنا.دەستبەجێ خـۆی گـۆڕی و لەگـەڵ خزمەتکارەکـەی نیکۆلاّی پترۆڤیچ وەدەرکەوت.

* * *

بەیانییـەکی دڵگیربوو.هـەورە بچـوکەکان بـە کۆمەڵەمـەڕێك دەچـوون کـە بەئاسمانـەوە لکابن.گوڵەکان شەونمیان لەسەرکەوتبوو بەسەر تەونی جاڵجاڵۆکە کانەوە دەتگوت دەنکـەزێون کــەوتوون.زەوی ڕەش و تــەڕبوو دەتگــوت هێشــتا ســوورایی خۆرنشــینی بەســەرەوە ماوە.لەهەرلایەك چـریکەی مـەلان دەهات.بـازارۆف کاتێـك گەیشـتە بیشـەلاّنەکەو لەسـەر مووڕەدارێـك دانیشـت، دەپیووتـەری گەیانـد کـە بۆچـی بـۆ ئێـرەی هێنـاوەو چ کـارێکی پێیە.خزمەتکاری تەربیەت دراو خەریکبوو لەترسان زراوی بچێ.بەلاّم بازارۆف دڵنیای کـردەوە کە ئەو هیچ ناکات تەنیا ڕادەوەستێ و تەماشا دەکاو هیچ پەیوەندی بەو ڕووداوانەوە نییە کـە ڕوودەدەن لە کۆتاییدا بۆ ئەوەی ورەی وەبەرنێ گوتی:

- بزانەچ ئەرکێکی گەورەیان پێ سپاردووی.

پیووتــەر دەســتەکانی ڕێکگوشــین.پاڵی وەدار ســپیدارێکداو لــە زەویەکــەوە ڕامــا.ڕەنگی بەڕوانەوە نەمابوو.جادەی مارینۆ بەپەنا بێشەکەدا تێدەپەڕی.هێشتا شوێنەواری تایەیــەك یــان پێی بنیادەمێك بەسەرجادەکەوە دیارنەبوو.بازارۆف لەخۆڕا چاوی لەجادەکــەوە بڕیبوو.پنچــکە گیایەکی هەڵپساندو بەددانی گرتی و لەبەرخۆیەوە گوتی:

- چ گەمژەییەکە!

شنەی بەیانی چەندجارێك تەزووی بەلەشدا هێنا، پیووتەر بە ئەفسووسەوە لێی ڕاما بــەڵام لەبەرامبەردا بزەیەکی وەرگرتەوە.بازارۆف هەرگیز نەدەترسا.دەنگی نــاڵی ئەســپێك لــەجادەوە بیسترا.ڕەعیەتێك لەپشت درەختێکەوە دەرکەوت کە دووئەسپی وەپێش خۆی دابوو.هەوســاری ئەسپەکان لێك گرێدرابوون.کابرای دێهاتی کاتێك بــە پــێش بازارۆفــدا تێدەپــەڕی بــەجۆرێکی سەیرتەماشای کردو کڵاوەکەی هەڵنەگرت.پیووتەر ئەوەی بە بەدبەختی لەقەڵەمــداو نیگــەران بوو.پیووتەر لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

- ئەو ڕەعیەتەش بەیانی زوو لەخەو هەستاوە.ئەو دەچــێ کارێــك ڕاپــەڕێنێ لــە کاتێکــدا ئێمەش...

پیووتەر لەسەرخۆ گوتی:

- واخەریکە دێت.

بازارۆف سەری هەڵێناو پاڤێل پترۆڤیچی دیت.هاو تاکەی لەکاتێکدا چــاکەتێکی دامــەیی تەنك و شەرواڵێکی سپی لەبــەردابوو بەپەلــە دەهات.ســندۆقەیەکی لــەبن هــەنگڵ نــابوو کــە پارچەماهوتێکی سەوزی تێوەپێچابوو.پاڤێل پترۆڤیچ سەرەتا بۆ بازارۆف و دواتر بۆ پیووتەر کە ئێستا پلەی شاهیدێکی فەرمی وەرگرتبوو ئیکلامێکی کێشاو گوتی:

- دەڵێی چاوەڕوانم بوون.هیوادارم بمبوورن...نەمدەویست خزمەتکارەکە هەستێنم.

بازارۆف گوتی:

- گرنگ نییە، ئێمەش ئێستا گەیشتووین.

پاڤێل پترۆڤیچ سەیرێکی دەوروو بەری کردو گوتی:

- زۆرباشــە، کەســێك لــەو دەورووبەرانــە نییــە تــا نارەحــەتمان بکــات...دەتوانین دەســت پێبکەین؟

- بەڵێ.

- پێموایە پێویست ناکا هیچی دیکەبڵێین؟
- نا پێویست ناکا.
پاڤێڵ پترۆڤیچ دەمانچەکانی لە سندۆقەکە دەرهێنان و گوتی:
- بۆخۆت فیشەك لە چەکەکە باوێ؟
- نەخێر، جەنابت ئەو ئەزیەتە بکێشە.من مەودایەکە دەپێوم.
بازارۆف دواتر بەگاڵتە پێکردنەوە درێژەیدایە:
- هەنگاوەکانی من درێژترن.یەك دوو سێ...
پیووتەر کە لەترسان دەلەرزی بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی:
- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ تۆ چ دەکەی بیکە، من دەکشێمەوە.
- چوار...پێنج...بەڵێ کاکە، تۆ بکشێوە.خۆت لەپشت دارێکدا حەشاردەو تەنانەت ئەگەر حەزت لێبوو گوێیە کانیشت بئاخنە.بەڵام چاوت لەقوچ مەنێ و ئەگەر یەکێك کەوت یارمەتی بدە.شەش...حەوت...هەشت...
بازارۆف ڕاوەستاو بە پاڤێڵ پترۆڤیچی گوت:
- بەسە یان دووهەنگاوی دیکەش زیادکەم؟
پاڤێڵ پترۆڤیچ کە گوللەی دووەمی لە دەمانچەکە داویشت گوتی:
- بۆخۆت چۆنت پێباشە باوابێ.
- کەوایە دووهەنگاوی دیکەش زیاد دەکەم.
بازارۆف بەنووکی پێی نیشانەیەکی کێشاو گوتی:
- ئەوەش سەری خەت...بەڕاستی ئێمەدەبێ چەند هەنگاوێك لێك دووربین؟ ئەوە بابەتێکی زۆرگرنگە.دوێنێ لەو بارەیەوە قسەمان نەکرد.
پاڤێڵ پترۆڤیچ دەمانچەکانی بەرەولای بازارۆف ڕاداشت و گوتی:
- پێموایە دەهەنگاو.تکایە هەرکامێکت دەوێ هەڵیبگرە.
- یەکێکیان کەم کەوە...بەڵام پاڤێڵ پترۆڤیچ قبوڵت بێ کە کارێکی گەمژانە ئەنجام دەدەین...لانیکەم سەیرێکی ڕووخساری شاهیدەکەمان بکە.
- تۆ هەمیشە گاڵتە کردنت پێخۆشە...ڕەنگە کارەکەمان بەڕاستی خەندە ئامێزو گەمژابێ بەڵام ئەوەش بزانە کە من بەجدی نیازی دووئێلم هەیە لەگەڵ تۆدا.

- بەڵێ گومانی تێدانییە کە ئێمە قەستی کوشتنی یەکدیمان هەیە بەلاّم بۆچی ئەو کارە بەخۆشی و شادی ئەنجام نەدەین.

پاڤێڵ پترۆڤیچ ئەو قسانەی بەزمانی فەرەنسی گوتن و بازارۆفیش وەلاّمەکەی بەزمانی لاتینی دایەوە.

- تۆ بەزمانی فەرەنسی قسەدەکەی و منیش بەلاتینی وەلاّمت دەدەمەوە.

پاڤێڵ پترۆڤیچ لەکاتێکدا بەرەولای شوێنی وەستانی خۆی دەڕۆیشت گوتی:

- من بەجدی لەگەڵت بەشەڕدێم.

بازارۆفیش دەهەنگاوی ژماردو ڕاوەستا.پاڤێڵ پترۆڤیچ پرسی:

- ئامادەی؟

- زۆرباش.

- کەوایە دەتوانین لێك نزیك ببینەوە.

بازارۆف بە هێواشی هەنگاوی هەڵێناو هاتەپێش.پاڤێڵ پترۆڤیچیش لە کاتێکدا دەستی چەپی لەگیرفانی نابوو دەمانچەکەی هەڵکێشاو هاتەپێش..بازارۆف لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە:

- ئەو لوتی منی کردۆتەئامانج.سەیرکە چ سەرنجێکی بۆ نیشانە گرتن گرتووە.سەیروگاڵتە جاڕیە...منیش سێرە لە بەندی کاتژمێرە گیرفانییەکەی دەگرم.

شتێك بەویزەویز بە بنگوێی بازارۆفدا تێپەڕی و پاشان دەنگی گوللەیەك هات.بازارۆف بیریکردەوە:

- گوێم لە دەنگی گوللەبوو، بەلاّم بەخێر گوزەرا.

پاشان هەنگاوێکی هەڵێناو تەقاندی.پاڤێڵ پترۆڤیچ بە دەستی ڕانی گرت.خەتێکی باریکی خوێن شەرواڵەکەی سوورکرد.بازارۆف چووەلای و گوتی:

- تۆ برینداربووی؟

پاڤێڵ پترۆڤیچ گوتی:

- برینەکەم هیچ نییە.ئێمە قەراربوو دووگوللان باوێین.

بازارۆف گوتی:

- نا، تا ئێرەبەسە.ئەوەی دی دەمێنێتەوە بۆ دوایی.

داهاتەوەو پاڤێڵ پترۆڤیچی ڕەنگ پەڕیوی لە باوەشگرت و گوتی:

- لەوە بەدوا من دکتۆرم نەك جەنگاوەر.دەبێ برینەکەت سارێژبکەم.پیووتەر لەکوێ خۆت شاردۆتەوە؟

پاڤێڵ پترۆڤیچ بە هێمنی گوتی:

- هیچ نییە...پێویستم بەیارمەتی دانی تۆنییە...دەبێ...باقی دووئێلەکە...

ویستی دەستێك بە سمێڵەکانیدا بێنێ بەلاّم دەستی سست بوو و کەوت.پاڤێڵ پترۆڤیچ بێهۆش بوو.

بازارۆف دەسماڵەکەی دەرهێناو خوێنی دەورووبەری برینەکەی پاککردەوەو کەوتە چارەسەرکردن و لەبن لێوانەوە گوتی:

- برینەکە سەخت نییە.ئێسقانی نەگرتووە، تەنیا دەمارێکی برینداربووە.برینەکە هێندەسەخت نییە.دوای دوو سێ ڕۆژان دەتوانێ هەستێتە سەرپێ...بەلاّم لەهۆش چوونی...ئامان لەدەست ئەو کەسە تووڕەو تۆسنە.پێستێکی زۆرناسکی هەیە.

بازارۆف لە دواوەڕا گوێی لەدەنگی پیووتەر بوو:

- کوژراوە؟

بازارۆف ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

- بڕۆ کەمێك ئاوبێنە.ئەو زۆر لە من و لەتۆ زیاتر دەژی.

بەلاّم دەتگوت پیووتەر گوێی لەدەنگی ئەونەبووە لە جێی خۆی نەدەبزووت.پاڤێڵ پترۆڤیچ بە ئارامی چاوی هەڵێنان.پیووتەر خاچێکی کێشاو لەبن لێوانەوە گوتی:

- خەریکە دەمری؟

جەنگاوەری بریندار بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- قسەی تۆیە.چ قەدوقیافەیەکی گەمژانەیە!

بازارۆف هاواریکرد:

- بڕۆ ئاوبێنە.

- پێویست ناکا...سەرگێژەیەکی لە ناکاوبوو.یارمەتیم بدەن با دانیشم...دەکرێ ئەوبرینە سەرچیخەی ببەستی...بۆخۆم دەتوانم بچمەوە ماڵێ...ڕەنگە باشتربێ گالیسکەیەکم بۆ

بنێرن...ئەگەر پێت باش بێ دووئێلەکەمان دووبارە ناکەینەوە...ئەمڕۆ ڕەفتارەکەت زۆر پیانەبوو...

- بیر لە ڕابردووکردنەوە سوودی نییە.ئایندەش ئەو بەهایەی نییە کەلە پێناویدا خۆمان نیگەران بکەین.لەبەر ئەوەی بە زوویی لێرە دەڕۆم.ئێستاش ڕێگابدە برینی لاقت ببەستم.برینەکەت خەتەر نییە بەلاّم دەبێ خوێنەکەی ببەسترێ.بەلاّم پێش هەمووشتێك ئەوەی وەهۆش بێنینەوە.

بازارۆف یەخەی پیووتەری ڕاوەشاند تا وەهۆش هاتەوەو بەدوای گالیسکەیدا نارد.پاڤێل پترۆڤیچ پێیگوت:

- وریابە براکەم نەترسێنی.نەکا قسەیەکی پێبلێی.

پیووتەر بە پڕتاو بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشت.دوو دوژمن بە تەنیشت یەکەوەو بەبێ دەنگی دانیشتن.پاڤێل پترۆڤیچ هەولێدەدا بازارۆف نەبینێ.قەتیش حەزی نەدەکرد لەگەلّی ئاشت بێتەوە.لەلایەك لەو هەرایەی نابوویەوە شەرمی دەکرد هەرچەندە پێشی وابوو کە ئەو بەزمە بەسەلامەت تێپەڕی.لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

- لانیکەم لەمەودوا نا بینە ملۆزمی یەکدی و ئەوەش لە هەمووشتێك باشترە.

بێدەنگییەکی ناخۆش کە هەردووکیانی ئازاردەدا هەروا درێژەی هەبوو.هەردووك لەوەنیگەران بوون کە یەکدیان زۆرباش دەناسی.ئەو دۆخە لەنێوان دووهاوڕێدا دەکرێ پەسەند بێ بەلاّم لەنێوان دوو دوژمندا پەسەندنییە.بەتایبەت ئەگەر ڕێگایەك بۆ چارەسەری گرفتەکان یان لێك جیابوونەوە لەگۆڕێدا نەبێ.سەرەنجام بازارۆف گوتی:

- خۆ برینەکەم توووند نەبەستووە؟

پاڤێل پترۆڤیچ گوتی:

- نا. توووندنییە.

دوای کەمێك گوتی:

- ناتوانم براکەم فریوبدەم.پێیدەلێم کێشەمان لەسەر بابەتی سیاسی بووە.

زۆرباشە.دەتوانی پێیبلێی من سووکایەتیم بە عاشقانی شێوازی ژیانی ئینگلیزەکان کردوە.

- هەروای پێدەلێم.

دوای ئەوە پاڤێڵ پترۆڤیچ هەمان کابرای دێهاتی نیشاندا کە بەرلە دووئێلەکە بەلای بازارۆفدا تێپەڕیبوو.کابرای ڕەعیەت کە ئاغای دیت کلاوەکەی لەسەر هەڵگرت.پاڤێڵ پترۆڤیچ پرسی:

- پێتوایە ئەو کابرایە چۆن بیر لە ئێمە دەکاتەوە؟

- خواباشتر دەزانێ...ڕەنگە هەربیریش نەکاتەوە.جوتیاری ڕووسی کەسێکە کە هیچ کەس شتێکی ئەوتۆی دەربارە نازانێ.ئەو بوونەوەرێکی پڕلەنهێنی و نەناسراوە،کێ دەتوانێ بڵێ جوتیاری ڕووسی بە تەواوی ناسیوە؟ تەنانەت خۆشیان خۆیان ناناسن.

- ئاوا.بیروڕای تۆ دەربارەی دێهاتییەکان ئاوایە...

پاڤێڵ پترۆڤیچ لەناکاو هاواریکرد:

- تەماشاکە ئەو پیووتەرە شێتەی تۆ چی کردووە.براکەمی هێناوە.

بازارۆف وەرسووڕاو ڕووخساری هەڵبزرکاوی نیکۆلای پترۆڤیچی بینی،کە لە گالیسکە دانیشت بوو.هەرکە گالیسکەکە وەستا.نیکۆلای پترۆڤیچ بازیداو بەرەولای براکەی ڕۆیشت و بە نیگەرانیەوە پرسی:

- چی بووە؟ یۆکینی ڤاسیلیۆڤیچ توخوا ئەوەچ کارێکە؟

پاڤێڵ پترۆڤیچ وەڵامی دایەوە:

- شتێکی وانییە.لەخۆڕا تۆیان نیگەران کردووە.من و جەنابی بازارۆف کەمێك شەڕمان بوو.خەتاباری سەرەکیش من بووم.

- بەڵام بۆ ئەوە ڕوویدا؟

- زۆر بە باشی نازانم...جەنابی بازارۆف سووکایەتی بە کەسایەتییەکی ناوداری ئینگلیزی کردو منیش نیگەران بووم.پێمگوتی کە خەتاباری سەرەکی منم و بازارۆف خەتای نییە...ئەوە من بووم کە ئەوم بۆ دووئێل بانگهێشت کرد.

- ئەی خوایە گیان تۆبریندار...

- بۆ پێتوابوو دەمارەکانی من ئاویان تێدایە؟ ئەگەر ڕاستیت دەوێ ئەو خوێنڕشتنە بۆمن بەسوودە...وانییە جەنابی دکتۆر؟ تکایە یارمەتیم بدەن لەناو گالیسکە دانیشم...بۆ بەیانی باش دەبم.پێویست ناکا خەم بخۆی...زۆرباشە گالیسکەچی وەڕێکەوە.

نیکـۆلاّی پترۆڤـیچ بـەدوای گالیسـکە کـەدا وەڕێکـەوت بـەلاّم بـازارۆف لـەجێی خـۆی مایەوە.نیکۆلاّی پترۆڤیچ ڕووی تێکردو گوتی:

- داوا لەجەنابت دەکەم تا دکتۆر لە شارەوە دێنین ئاگات لەبراکەم بێ.

بازارۆف قسەی نەکردو تەنیا بە نیشانەی ڕازیبوون سەری نـەویکرد.پاڤێل پترۆڤـیچ دوای کاتژمێرێك بەلاقی پێچراوەوە لەناوجێدا لێی درێژبوو.دڵەخورتەو نیگەرانی باڵی بەسەر تەواوی ماڵێدا کێشابوو.فنیچکا تێکچووبوو.لە گۆشەگیریان نیکۆلاّی پترۆڤیچ زۆری نەمابوو لەخەم و خەفەتان سەرو دەستی خۆی بشکێنێ.بەلاّم پاڤێل پترۆڤـیچ قسـەی خۆشـی لەگـەڵ بـازارۆف دەکردو پێدەکەنی.

کراسێکی تەنك و چاکەتێکی جوانی لەبەر دابوو کلاّوێکیشـی لەسـەر نـابوو نەیدەهێشـت پەردەکان دابدەنەوە لەوەی کەچەند خواردنێکیان لێ قەدەغە کردبوو گلەیی دەکرد.بەلاّم شەوێ تای هاتێ و سەرئێشە گرتی.سەرەنجام دکتۆر گەیشت.(نیکۆلاّی پترۆڤـیچ گـوێی بـە قسـەی براکەی نەداو کەسێکی ناردبوو بەدوای دکتۆردا.سەرەڕای ئەوە بازارۆف یـان نەیـدەتوانی یـان نەیدەویست تەواوی ڕۆژێ بەسەر سـەری نەخۆشـەکەوە دانیشـێ و بەهـەمان هـۆ گەڕایـەوە ژوورەکەی خۆی و بەرەنگ بزرکاوی لەوێ دانیشت.چەند جارێك لەگەڵ فنیچکا تێك هەڵنگوت بەلاّم ئەو لە بازارۆف دەسڵەمیەوە.)

پزیشك وێڕای سەلماندنی قسەکانی بازارۆف کە خەتەرێك لەگۆڕێ نیە ڕایسپارد بۆ ئـەوەی تایەکەی دابەزێ هەندێك خواردنەوەی ساردی بدەنێ.نیکۆلاّی پترۆڤیچ بە دکتـۆری گـوت کـە براکەی بەڕێکەوت برینداربووە.دکتۆریش لەوەلاّمدا تەنیا همێکی گوتبوو بەلاّم هەرکە بیست و پێنج ڕۆبلەکەی وەرگرت گوتی:

- بەڵێ،ئەوجۆرە ڕووداوانە هەمیشە ڕوودەدەن.

ئەو شەوە کەس چاوی لێك نەنا.تەنانەت کەس نەچووە سـەرجێوبانی نووسـتنیش.نیکۆلاّی پترۆڤیچ هەر ناوەناوە بەبێ هەستی تا پشت ئەو دەرگایە دەچوو کە براکەی لەودیوی نوستبوو، بەبێ هەستیش دەگەڕایەوە.پاڤێل پترۆڤیچ هەندێجار بێهۆش دەبوو، هەندێك نالـەی دەکـردو بەزمانی فەرەنسی داوای لەبراکەی دەکرد کە بڕوا بنـوێ و پاشـان داوای ئـاوی کرد.نیکـۆلاّی پترۆڤیچ داوای لە فنیچکا کرد کەمێك ئاوی لیمۆی بداتێ.پاڤێل پترۆڤیچ سەیرێکی فنیچـکای کـردو پەرداخەکـەی هەڵقوڕانـد.لای بـەیانی تایەکـەی زیـادی کـردو نـەخۆش کەوتـە

وڕێنەکردن.سەرەتا پاڤێل پترۆڤیچ قسەی هەڵیت و پەڵیتی دەگوت بەڵام هەرکەچاوی هەڵێنا براکەی دیت لێی پرسی:

- پێتوانییە فنیچکا شێوەی لە(نیلی) دەکا؟

- کام نیلی؟

- چ پرسیارێکی گێلانە...وەك شازادە خانم نیلی...بەتایبەتی بەشی سەرەوەی ڕووخساری.

پاشان بەفەرەنسی گوتی:

- فنیچکاش لەهەمان بنەماڵەیە.

نیکۆلای پترۆڤیچ وەڵامێکی نەدایەوە بەڵام لە زیندوو مانەوەی بیرەوەری لەمێشکی مرۆڤەکاندا سەری سووڕماو لەبەر خۆیەوە گوتی:

- تازە دەستی پێکردووە.

پاڤێل پترۆڤیچ دەستی وەبن سەریداو بەناڵینەوە گوتی:

- ئای کەچەندە حەزی ئەو بوونەوەرە مێشکی پڕکردووم.

پاش کەمێك بێدەنگی درێژەیدایە:

- ڕێگا نادەم دەستی هیچ بێ ئابڕوویەك یان توانای...

نیکۆلای پترۆڤیچ هەناسەیەکی هەڵکێشا بەڵام نەیزانی کە براکەی باسی چیدەکات.بۆ سبەی بەیانی بازارۆف کە بۆقەکان و جرۆجانەوەرو باڵندەکانی ئازاد کردن چووەلای نیکۆلای پترۆڤیچ.خانەخوێ بەپیریەوە هات و پرسی:

- بۆ ماڵئاواییکردن هاتووی؟

- بەڵێ وایە.

- من هەستت پێدەکەم.هەرچەندە براکەم خەتابارە بەڵام بەهەرحاڵ ئەو هەقی خۆی وەرگرتووە.پێگوتم ئەو ناچاری کردووی تۆش هەرچەندە دژی ئەو کارەبووی بەڵام هیچ ڕێگا چارەیەکت بۆ نەمابۆوە.(نیکۆلای پترۆڤیچ بەڕەوانی نەیدەتوانی وشەکان دەربڕێ.) دەزانی براکەم لە خەڵکە کۆنەکانە..بنیادەمێکی کەللەڕەق و تووڕەیە...دووبارە جێگای دڵخۆشیە کە بابەتەکە بەو شێوەیە کۆتای هات...هەوڵی پێویستمداوە بۆ پەردەپۆشی ئەو ڕووداوە.

بازارۆف بێگرنگیدان گوتی:

- من ناونیشانی خۆمتان بۆ بەجێدێڵم ئەگەر شتێك ڕوویدا بمدۆزنەوە.

- یۆگینی ڤاسلییۆڤیچ هیوادارم هیچ ڕووداوێکی دیکەی نەخوازراو ڕوو نەداتەوە...لـەوەی مانەوەی تۆ لە ماڵەکەم بەو شێوەیە کۆتایی هات زۆر بەداخەوەم..زۆریش بەداخەوەم لـەوەی کە ئارکادی...

بازارۆف کە لە هەرجۆرە هەستێکی دڵسۆزانە بێزاربوو قسەکانی نیکۆلای پترۆڤیچی بڕی و گوتی:

- بەگریمانەی زۆر ئارکادی دەبینم.بەڵام ئەگەر نەشم توانی بیبینم سلاوی منی پێبگەیەنن.

لەوەلامدا نیکۆلای پترۆڤیچ ئیکلامێکی کێشاو گوتی:

- منیش تکادەکەم کە...

بەڵام بازارۆف چاوەڕوانی باقی قسەکەی نـەکردوو لـە ژوورەکـەی هاتـەدەر.کاتێك پاڤێـل پترۆڤیچ بیستی کە بازارۆف نیازی ڕۆیشـتنی هەیـە، داوی کـرد بیبینـێ و کـاتێکیش هاتـە ژوورەکەی توند دەستی گوشی هەرچەندە بازارۆف هەروا ساردوو بێ موبالات بوو.ئەو دەیزانی کە پاڤێل پترۆڤیچ دەیەوێ لەبەرامبەریدا پیاوەتی خۆی بنوێنێ.

بازارۆف نەیتوانی ماڵئاوایی لە فنیچکا بکات تەنیا بـۆ چرکەسـاتێك لەپشـت پەنجـەرەوە دیتی.فنیچکا خەمگین دەهاتە بەرچاو.بازارۆف لەبەرخۆیەوە گوتی:

- ئەوخەمەش کۆتایی دێ...هەرچۆنێك بێ بە سەریدا زاڵدەبێ.

بەپێچەوانە پیووتەر لە کاتێکدا ئەو دەڕۆیشت سەری خستە سەرشانی و دەستیکرد بەگریان تا سەرەنجام بازارۆف هێوری کردەوەو پرسی:

- بۆ مەگەر فرمێسکەکانت لە قوڵتدا شاردبوونەوە؟

دوونیا بۆ ئەوەی کەس هەست بەخەمی دەروونـی نـەکا چـووە نـاو بێشەلانەکە.سـەرەنجام هۆکاری سەرەکی کێشەکان سواری گالیسـکەبوو.جگەرەیەکی داگیرسـاندو دوای بڕینـی چـوار فرسەخ ڕێگا کـە گەیشـتنە گەوەکـە، تێگەیشـت کـە بـۆ دواجـارە شـوێنی کیرسـانۆفەکان دەبینێ،تفێکی ڕۆکردوو لەبن لێوانەوە گوتی:

- خانەدانە نەفرەتیەکان!

پاشان خۆی لەجلیقەکەیەوە پێچا.

* * *

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پاڤێل پترۆڤیچ باشتر دەبوو بەلاّم ناچارکرا تا یەك هەفتە لـە جێدابێ.ئـەو دەورانی زیندانیەی بەخۆشی تێپەڕاند، تەنیا کاری ئارایشـی زۆر درێـژەی دەکێشـاو بـەردەوام دەستووری دەدا لە ژوورەکەیدا بخوری بۆنخۆش داگیرسـێنن.نیکۆلاّی پترۆڤـیچ ڕۆژنامـەی بـۆ دەخوێندەوەو فنیچـکاش خزمـەتی دەکرد.سـووپ و ئـاولیمۆو هێلکـەی کـولاّو و چـای بـۆ دێنا.لەگەلّ ئەوەشدا هەرکاتێك پێیدێنا ژوورترسێك سەر تاپای دادەگرت.ئەو کارەی کە پاڤێل پترۆڤیچ ئەنجامی دابوو ببوە مایـەی تـرس و دلّەڕاوکـەی تـەواوی دانیشـتوانی مـالّێ تـەنیا پراکیفۆڤیچ بوو کە وەسەرخۆی نەدێناو بەهێمنی دەیگوت:

- لەزەمانی منیشدا ئاغای زۆر دەگژیەك ڕادەچـوون بـەلاّم ئـەو کـارە تـەنیا خانـەدان و ئاغاکان لەنێوخۆیاندا ئەنجامیان دەدا نموونەی وەك ئەو سوالّکەرە برسیانەش دەسـتووریان دەدا تا لەتەویلەدا لەژێر قامچیاندا ڕایان بێخن.

فنیچکا ویژدانی ئازاری نەدەدا بەلاّم هەرکاتێك دەیویست لە هۆکاری سەرەکی دووئێلەکـە تێبگا نیگەران دەبوو.بێجگە لەوە پاڤێل پترۆڤیچ بەشـێوەیەکی وا سـەیری دەکـرد کـە هـەتا جاری وابوو کە پشتیشی لە پاڤێـلّ پترۆڤـیچ بـوو قورسـایی نیگاکـانی هەسـت پێدەکرد.ئـەو دلّەڕاوکێیە بووە هۆکاری ئەوەی فنیچکا کزولاوازبێ هەرچەندە ئەو کزولاوازیە ئەوی جـوانتر دەکرد.

بەیانییەك پاڤێلّ پترۆڤیچ هەستیکرد باشـترە، بۆیـە لـە جێوبانەکـەی هاتـەدەرو لەسـەر کورسییەك دانیشت.نیکۆلاّی پترۆڤیچ دوای ئەوەی سەردانیکرد چووەلای خەرمانەکەی.فنیچکا فنجانێك چای هێناو لە سەرمێزەکەی داناو نیازی وابوو بڕوات بەلاّم پاڤێلّ پترۆڤیچ نەیهێشت و گوتی:

- فدۆسیا نیکلاێونا بۆ وا بەپەلەی؟...مەگەر کاری زۆرگرنگت هەیە؟

- نەخێر...تەنیا دەمەوێ بچم چای بێنم.

- دوونیا لەجیاتی تۆ ئەو کـارەی دەکا.واباشـترە کـەمێك لای نـەخۆش دانیشـی.دەمەوێ قسەت لەگەلّ بکەم.

فنیچکا بە هێمنی لەسەر کورسیەك دانیشت.پاڤێلّ پترۆڤیچ دەستێکی بەسمێلاّنـدا هێنـاو گوتی:

- باش سەرنجبدە، دەمێك بوو دەمویست پرسیارێکت لێبکەم...دەلّێی لێم دەترسی؟

- من؟

- بەڵێ، تۆ. تۆ هیچ کات سەیرم ناکەی...دەڵێی ویژدانت لە شتێك ئازارت دەدا.

فنیچکا ڕەنگی تێکچوو لەگەڵ ئەوەش لە پاڤێڵ پترۆڤیچەوە ڕاما.قەلاڤـەتی سـەیر هاتـە بەرچاو هەرئەوە دڵی فنیچکای لەرزاند.

پاڤڵ پترۆڤیچ دووبارەی کردەوە:

- دەڵێی ویژدانت ئازارت دەد،وانییە؟

فنبچکا بە هێمنی وەڵامی دایەوە:

- بەچ هۆیەك دەبێ ویژدانم ئازارم بدا؟

- زورباش نازانم...بەڵام دەبێ بەڵگەی زۆرهەبن بۆنمونە تـۆ لەبەرامبـەر کەسـێکدا خـۆت بەخەتابار دەزانی.چ کەسێك؟ من؟پێموا نیەوابێ.لەبەرامبەر تێکڕای ئەندامانی خێـزان ئـەدی چی؟ ئەوانە لەگەڵ عەقڵ ناگونجێن.ڕەنگە لەبەرامبەر براکەم؟ بەڵام تۆ کە عاشـقی ئـەوی، وانییە؟

- بەڵێ، خۆشمدەوێ.

- بەتەواوی وجودتەوە؟

- بەڵێ، من نیکۆلای پترۆڤیچم بە تەواوی وجودمەوە خۆشدەوێ.

- بەڕاستی؟ فنیچکا سەیرم کە.(ئەوە یەکەم جاربوو کە پاڤێڵ پترۆڤـیچ خۆمانـە قسـەی لەگەڵ فنیچکادا دەکرد) تۆخۆت زۆرباش دەزانی درۆکردن گەورەترین گوناهە.

- درۆناکەم پاڤێڵ پترۆڤیچ.ئەگەر نیکۆلای پترۆڤیچم خۆشنەوێ ئیدی بۆچی باشم و بژیم؟

- هیچ کەسێکت پێ لەو باشتر نییە؟

- بۆنمونە کێم پێ لەوی باشتربێ؟

- زۆرکەس؟ بۆنمونە هەمان کابرای کە ماوەیەك لەمەوپێش...

فنیچکا لەشوێنی خۆی هەستاو گوتی:

- خوایەگیان...پاڤێڵ پترۆڤیچ تۆ بۆچی هێندەت پێخۆشە ئـازارم بـدەی؟ مەگـەر مـن چ خراپەیەکم لەگەڵ کردووی؟ چۆن دەتوانی ئەو قسانەبکەی؟

ڕاوێژی پاڤێڵ پترۆڤیچ خەمناك بوو:

- ئاخر هەمووشتێکم دیت، فنیچکا.

- تۆ چیت دیت؟
- لەوێ...لەژێرکەپرەکە.
فنیچکا سوور هەڵگەڕاو بە دژواریەوە گوتی:
- خەتای من چی بوو؟
- من تەنیا نیکۆلای پترۆڤیچم خۆشدەوێ و هەتا هەتایە هەر ئەویشم خۆشدەوێ.
فنیچکا کاتێك ئەو قسەیەی کرد دەنگی دلێرانەبوو بەڵام پاش کەمێك ڕقێك گەرووی گرت:
- بەڵام ئەوەی کە تۆ دیتت...لە ڕۆژی ئاخیریشدا دەڵێم کە گوناهێکم نەکردووە.پێمخۆشە بمرم بەڵام گومانێکی وا لەمن نەکەی.من لەبەرامبەر ڕۆژی دەرەکەم نیکۆلای پترۆڤیچ...
فنیچکا قسەکەی تەواو نەکرد. هەستیکرد پاڤێل پترۆڤیچ دەستی لەناو دەستی خۆی گرتووەو دەیگوشێ...فنیچکا بەسەر سوورمانەوە سەیریکرد.پاڤێل پترۆڤیچ ڕەنگی بەڕوانەوە نەمابوو.تیشکێك لە چاوەکانیدا دەبینراو لە هەمووشی سەیرتر ئەوەبوو دڵۆپە فرمێسکێك بە ڕووخساریدا هاتەخوار.
پاڤێل پترۆڤیچ بە دەنگێکی دڵگیرەوە گوتی:
- فنیچکا، هەمیشە براکەمت خۆشبوێ.مرۆڤێکی باش و دڵپاکە.بەخاتری هیچ شتێك و بەخاتری هیچ کەسێك خیانەتی پێ مەکەو نەکەی هیچ کەسێك بەقسەکانی فریوت بدات.بیرکەوە خۆشەویستی یەك لایەنە چەندە ئازار بەخشە...هەرگیز نیکۆلای بێچارەم جێ مەهێڵە.
سەرسوورمانی فنیچکا بە ڕادەیەك بوو کە لەگریان وەستاو ترسەکەی نەما.بەڵام کاتێك پاڤێل پترۆڤیچ دەستی گرت و لە لێوەکانی نزیك جستەوە فنیچکا زۆری نەمابوو بێهۆش بێ.لەبەر خۆیەوە بیریکردەوە:
- خوایەگیان سەکتە لێینەدابێ؟
ئەو دەمە بیرەوەریەکی لەدڵی پاڤێل پترۆڤیچدا زیندوو کردەوە.دەنگی پێیەك لەپیلیکانە دارەکە هاتەبەرگوێ.پاڤێل پترۆڤیچ چووەسەرجێگاکەی.دەرگا کرایەوەو نیکۆلای پترۆڤیچ بە ڕووخۆشی هاتە ژووری میتیا لەباوەشی باوکیدابوو پەلە قاژەی دەکرد.فنیچکاش بە ڕووخۆشییەوە بەرەولای نیکۆلای پترۆڤیچ ڕۆیشت و میتیای لێوەرگرت و سەری خستە

سەرشانی مێردەکەی.نیکۆلای پترۆڤیچ پێی سەیربوو.تا ئێستا نەیدیتبوو فنیچکا بەو هەموو شەرم و شکۆیەوە، نازوعیشوە بکا.نیکۆلای پترۆڤیچ میتیای وەدایکی داو پرسی:

- چی بووە فنیچکا؟

پاشان بەرەولای براکەی ڕۆیشت و ئەحوالپرسی لێکرد:

- خۆ خراپتر نەبووی؟

نەخۆش کە دەم و چاوی لەناو بالیفەکەدا دەشاردەوە گوتی:

- نەخێر...بەپێچەوانە حالم لەهەموو کاتێك باشترە.

- تۆ نابێ وازوو لەنێو جێوبانەکەت بێیتەدەرێ.

نیکۆلای پترۆڤیچ پاشان بەرەولای فنیچکا وەرسووڕاو پرسی:

- بۆ کوێ دەچی؟

بەلام فنیچکا ڕۆیشت و دەرگای لەگەل خۆی پێوەدا.نیکۆلای پترۆڤیچ پرسی:

- هاتبووم پالەوانەکەمت پێنیشان بدەم ئاخر زۆر بیری مامی کردبوو بەلام نازانم بۆ فنیچکا لەگەل خۆی بردی؟...دەلێی تۆ شتێکت هەیە؟ ئایا شتێك ڕوویداوە؟

پاڤێل پترۆڤیچ بە ڕووخۆشییەوە گوتی:

- برا بەلێنم پێدەدەی کە داوای شتێکت لێبکەم درێغی لێ ناکەی؟

- چ شتێك؟

- تکایەکی زۆر گرنگ پێموایە کە ئەو داوایە بنەمای ژیانی تۆ بنیات دەنێ.لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەمیشە بیرم دەکردەوە چۆن ئەو بابەتەت لەگەلدا باسبکەم...براگیان هەولبدە ئەو ئەرکەت زۆر بەباشی ئەنجام بدەی.شەیتانی بە لەعنەت کە تا تووشی وەس وەسە نەبی.

- پاڤێل، لەمەبەستت تێناگەم؟

- لەگەل فنیچکادا زەماوەند بکە...ئەو دایکی کوڕەکەتە.زۆریشی خۆشدەوێی.

نیکۆلای پترۆڤیچ هەنگاوێك بۆ دواوە گەڕایەوەو چەپلەی لێدا.

- پاڤێل ئەوە تۆ ی ئەو قسانەدەکەی؟ تۆ بەردەوام دژی ئەو زەماوەندەبووی.بۆچما نازانی تەنیا لەبەرخاتری تۆ تا ئێستا ئەوکارەم نەکردووە.

پاڤێل پترۆڤیچ بزەیەکی خەمناکی هاتێ و گوتی:

- پێویست نەبوو لەو بارەیەوە ڕێز لەمن بگری.بەرەبەرە بەو نەتیجە دەگەم کە هەندێك لە قسەکانی بازارۆف دەربارەی من ڕاستن.نا، براله. داب و دەستووری کۆن ئیدی بەسە.وەرەو ئەو کارەی کە حەزت لێیە ئەنجامی بدە بێگوێدانە ڕێوڕەسم.ڕەنگە خۆشبەختی ڕاستەقینەش هەرئەوەبێ.

نیکۆلای پترۆڤیچ براکەی لە باوەشگرت و گوتی:

- پاڤێل، تۆ چاوەکانت کردمەوە.لەخۆڕانییە کە دەڵێم براکەم ژیرترین و داناترین پیاوی دنیایە.ئێستاش کە سەیردەکەم بە هەمان ڕادە گەورەیی دەنوێنی و بەخەمی.

پاڤێل پترۆڤیچ گوتی:

- هەندێك لەسەرخۆبە کاکە.پێویست ناکا پێی براپەنجاساڵەکەت کە لە دووئێلدا بریندداربووە بشکێنی...کەوایە قبوڵدەکەی فنیچکا بەڕەسمی ببێتە هاوسەرت.

ئەگەرچی ئەو هێندە بڕوای بە هاوسەرگیری نەبوو بەڵام هەستی یەکسانخوازانەی بۆئەو کارە خۆشحاڵی کرد.

- ئەدی ئارکادی دەڵێ چی؟

- ئەو حەتمەن شاگەشکەدەبێ...لەڕاستیدا لەسەدەی نۆزدەهەمدا کەس هەقی نییە خەڵك بەسەرچینی جۆراوجۆردا دابەش بکا.

دووبرا باوەشیان لێکدا.پاڤێل پترۆڤیچ گوتی:

- ئەرێ باشترنییە هەر ئێستا ئەو باسە بە فنیچکا بڵێی؟

- بۆ وا بەپەلە؟ بۆچما پێشتر ئێوە قسەیەکتان کردووە؟

- ئەوە باسی چی دەکەی؟ گفتوگۆ لەنێوان ئێمە؟!

- واباشە تا تۆ چاك دەبیەوە ڕاوەستین و دوای ئەوەش هەموان لەو بابەتە ئاگادار دەکەینەوە دەبێ تەواوی لایەنەکان لەبەرچاو بگرین.

- بەڵام تۆ بڕیاری کۆتایت داوە؟

- بێگومان و بەوپەڕی دڵنیاییەوە زۆر سوپاسی تۆش دەکەم...واباشە بەتەنیا جێت بێڵم تا کەمێك بحەسێیتەوە.هەژان و هەڵچوون بۆتۆ باش نییە...ئێمە دووبارە لەو بارەیەوە قسەدەکەین.واباشە ئێستا بڕۆی بخەوی.خودای گەورە هەرچی زووتر چاکت کاتەوە.

دوای ڕۆیشتنی نیکۆلای پترۆڤیچ، پاڤێل کەوتە دەریای بیرکردنەوە:

- ئـــەو هـــەموو سوپاســـە بۆچـــی؟ دەڵێـــی ئـــەو کـــارە تـــەنیا بـــە ڕەزامەنـــدی منـــەوە بەستراوەتەوە...دوای زەماوەندی ئەوان بۆ شوێنێکی دوور، بۆ دەرسیدن یان فلـۆرانس دەڕۆم و باقی تەمەنی خۆم لەوێ بەسەردەبەم.

پاڤێڵ پترۆڤیچ عەتری لەناو چەوانیداو چـاوی لێـك نان.ڕووخسـاری جـوان و کـزی لـەژێر تیشکی خۆردا وەکـو سـەری کابرایـەکی مـردوو کـەوتبووە سـەر سـەرینەکە...لە ڕاسـتیدا لەوەبەدوا مردبوو.

(٢٥)

کاتیاو ئارکادی لەسەر نیوتەختێکی باخی نیکلسکۆی، دانیشتبوون.سەگەکەی ماڵێ لەژێر پێی ئەواندا چەمۆڵەی دادابوو.هەم کاتیاو هەم ئارکادی بە بێدەنگی دانیشتبوون.ئارکادی کتێبێکی بە دەستەوەبوو کاتیاش بەرچنەیەکی بە دەستەوەبوو کە وردەنانی تێدابوو دەریدێناو لە پێش ئەو چۆلەکە بەهەڵمەتانەی ڕادەگرت کە وەدوای توێشوو کەوتبوون.شنەبایەك لە تلۆفکی دەرەختەکانی دەدا تیشکی خۆر لەو دوانەی نەدەدا تەنیا جارجار تیشکێکی زێڕین لە لاجانگی کاتیای دەدا.

هەردووکیان بێدەنگ بوون بەلاّم هەمان بێدەنگی و لە پەنایەك دانیشتن، نیشانەی ئەوەبوو کە لە نێوانیاندا لێکگەیشتن و بڕوا بوونێکی تەواوهەیە.ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا هیچیان لە بیری یەکتر دانەبوون بەلاّم لە ناخدا هەریەکەیان ئەو لەکن یەکبوونەیان بە دەستکەوتێك دەزانی.ڕواڵەتی ڕووخسارەکان هەروەك جاران بوون، کە ئەو جیاوازیەی ئارکادی کەمێك ئارامتر دەهاتە بەرچاو و کاتیاش کەمێك جەسووتربوو.

ئارکادی پرسی:

- ئەرێ بەڕای تۆ ناوی درەختی بناو بەڕووسی (بامسما)[1] نییە.

کاتیا سەیرێکی ئاسمانی کردو گوتی:

- بەڵێ.

ئارکادی لەبەر خۆیەوە گوتی:

- ئەرێ ئەوەش ئەگەر وشەیەکی جوان بڵێم گاڵتەم پێ ناکا؟

کاتیا سەیرێکی ئەو کتێبەی کرد کە بەدەست ئارکادیە وەبوو گوتی:

- من (هانیە)[2]م لەکاتی گریان، یان لەکاتی پێکەنین دا خۆشناوێ.لەکاتێکدا لە ئەندێشەدایە هۆگری دەبم.

١- بەڕووسی بەو درەختە دەڵێن (یاسن)، کە بەمانای ڕووناکی دێت.

٢- شاعیرێکی ئەڵمانیە.

ئارکادی گوتی:

- بەلاّم ئەو هەر کاتێك پێبکەنێ خۆشمدەوێ.

- ئەوەش بەهەمان هۆکارەوەیە کە هێشتاش لە ناخی تۆدا هەمان حالّەتی گالّتەپێکردن و پێکەنینی ڕابردوو هەرماوە.(ئارکادی لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە: هەلّسوکەوتی ڕابردوو.ئەگەر بازارۆف گوێی لەوەدەبوو.) ئێمە بەتەواوی تۆ دەگۆڕین.

- کێ ئەو کارەی دەکا؟ تۆ؟

- من و خوشکم کە ئیدی دم بەدمەی لەگەلّدا ناکەی و پووریشم کە سێیەم ڕۆژ تا کلێسا بەڕێت کرد.

- ئەوەی ئاخری نەمدەتوانی ئەنجامی نەدەم.بەلاّم دەربارەی خوشکت دەبێ بلّێم ئەگەر لەبیریان مابێ لەزۆر بابەتدا هاوڕای یۆگینی ڤاسلیۆڤیچ بوون.

- خوشکیشم لەو کاتەدا وەکو تۆ کەوتبووە ژێرکاریگریەوە.

- وەکو من؟ بۆچما نابینی کەمن، خۆم لە کۆت و بەندی ئەو نەجاتداوە؟

کاتیا وەلاّمێکی نەدایەوە.ئارکادی گوتی:

- دەزانم تۆ خۆشتناوێ.

- دەربارەی ئەو هیچ نالّێم.

- کاترینا سرگیۆنا، ئەگەر ڕاستست دەوێ ناتوانم ئەو قسەیەت لێوەربگرم...چۆن دەکرێ کەسێك هەبێ و نەتوانێ لە بارەی ئەو ڕایەك دەربڕێ؟ ئەوە قبولّ ناکرێ.

- کەوایە ڕای خۆم دەلّێم...من ناخۆشم ناوێ تەنیا پێموایە من و ئەو زۆرلێك دوورین.تەنانەت تۆش لێی دووری.

- بۆچی من؟

- چۆن پێت بلّێم...لەبەر ئەوەی ئەو سەرکێشەو تۆ دەستەمۆی.

- منیش دەستەمۆم؟

کاتیا سەری نەویکرد.ئارکادی گوێی خوراند:

- کاترینا سرگیۆنا، باش سەرنجبدە...بەڕای تۆ ئەو دەربڕینەی دەستەمۆیە سووکایەتی پێکردن نییە.

- تۆ حەزدەکەی سەرکێش بی؟

- سەرکێش نەخێر بەڵام بەهێزو توانا بەڵێ.

- ناکرێ ئارەزووت ئەوەبێ...بۆنموونە هاوڕێکەت ئەوەی نەدەویست بەڵام لە ناخیدا هەبوو.

- ئاوا؟ کەوایە بڕوات وایە کە خوشکەکەت کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەو؟

- بەڵێ، بەڵام هیچ کەس ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

- چۆن دەزانی؟

- چونکە ئەو زۆرلەخۆباییی و غرووره...نەمدەویست ئەو قسەیە بکەم...لەلای ئەو هیچ شتێك بەڕادەی ئازادی و سەربەخۆیی گرنگ نییە.

ئارکادی پرسی:

- کێ گرنگی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دانانی؟

لەخۆی پرسی:

- چ کەڵکێکی هەیە؟

هەمان بیر بەمێشکی کاتیاشدا تێپەڕی.ئەوانەی لێك نزیکن وەکویەك بیردەکەنەوە.

ئارکادی بزەیەکی هاتێ و لە کاتیا نزیك کەوتەوەو بە ئارامی پرسی:

- پێتوانییە کەمێك لێی دەترسی؟

- لە چ کەسێك؟

- لە خوشکت.

- ئەدی تۆ؟ تۆش لێی ناترسی؟

- منیش دەترسم.باش سەنجبدە کە گوتم: منیش.

کاتیا بەپەنجەڕاوەشاندنەوە گوتی:

- شتێك کە مایەی سەرسووڕمانی منە ئەوەیە کە خوشکم لەهەموو کاتێك زیاتر جێگای سەنجی ئەوی تەنانەت زۆر لەو کاتەش کە بۆیەکەم جار هاتییە ئێرە.

- سەیرە.

- تۆ هەستت پێنەکردووە؟ ئایا پێخۆشحاڵ نی؟

ئارکادی دوای کەمێك بیرکردنەوە، وەڵامی دایەوە:

- تا ئەوجێگایەی وەبیرم بێ خزمەتێکی واگەورەم پێنەکردووە کە شایانی خۆشەویستی ئەوبم...ڕەنگە دەربڕینی خۆشەویستی خوشکت بۆ ئەوەبێ کە نامەکانی دایکتم بۆ هێناوەتەوە.

- ئەوە تەنیا بەڵگەیەکە.بەڵگەی دیکەش هەن کە پێتی نالێم.

- بۆچی؟

- پێتنالێم.

- ئاخ، دەزانم چەندە کەللەڕەقی.

- کەللەڕەق؟

- خۆپارێزیش.هەمووشتێکیش باش دەبینی.

کاتیا بەتیلە نیگایەك لە ئارکادیەوە ڕاماو گوتی:

- ڕەنگە تۆ ئەو تایبەت مەندیانەت بەدڵ نەبن؟ وانییە؟ بیرلەچی دەکەیەوە؟

- بیر دەکەمەوە کەئەو خۆ پارێزیە چۆن لەتۆدا پەیدابووەو بۆچی متمانە بەهیچ کەسێك ناکەی...

- چونکە زۆر بەتەنیا ژیاوم ئاساییە بنیادەمێك لە تەنیاییدا بکەوێتە بیرکردنەوە.بەلاّم بەرامبەر بە هەمووکەسێك بێ متمانەنیم.

ئارکادی بە ئەمەگدارییەوە سەیرێکی کاتیای کردو گوتی:

- ئەو تایبەت مەندیە زۆریش خراپ نیە.بەلاّم ئەو کەسانەی لەپێگەی تۆدان، یانی ئەو کەسانەی کە بەڕادەی تۆ دەوڵەمەندن کەمتر بەخشندەن.ئەوانە بەزەحمەت ڕاستی دەسەلمێنن هەروەکو پاشاکان ئامادەنین حەقیقەت بسەلمێنن.

- بەلاّم من دەوڵەمەند نیم.

ئارکادی پێی سەیربوو نەیتوانی لەمەبەستی کاتیا تێبگا.لەبەرخۆیەوە بیری کردەوە کە ڕەنگە ئەو هەموو ملّکە ئی خوشکەکەی بێ.ئەو بیرکردنەوە ئازاریدا.بە هێمنی گوتی:

- زۆرباش قسەی خۆت کرد؟

- چۆن؟

- زۆر بەئاسانی قسەی خۆت کرد.نەشەرمت کردو نەخۆشت نواند.پێموایە ئەگەر کەسێك بڵێ من هەژارم ئەوا دەیەوێ بەخۆی هەڵبڵێ.

- من لەژێر سایەی خوشکمدا تا ئێستا هەژاری و دەست کورتیم نەدیوەو ئێستاش کە ئەوباسە هاتەگۆڕێ بۆیە باسیدەکەم.

- بەڵێ، ڕاستە.بەڵام ئەوەش بسەلمێنە کە لە تۆشدا ئەو لە خۆڕازیبوونە هەیە کە باسمانکرد.

- بۆنموونە؟

- بۆنموونەکە...لەوشتەی کە دەپرسم داوالی لێبووردن دەکەم: تۆش حەتمەن لەگەڵ پیاوێکی دەوڵەمەند زەماوەند دەکەی.وانییە؟

- ئەگەر ئەوم لەڕادەبەدەوریش خۆشبوێ...تەنانەت ئەو کاتیش زەماوەندی لەگەڵ ناکەم.

- دیتت چیم گوت؟

پاشان ئارکادی پرسیاریکردەوە:

- بۆچی زەماوندی لەگەڵ ناکەی؟

- لەبەر ئەوەی هاوشانی یەك نین.

- ڕەنگە بتەوێ بەسەریدا زاڵبی یان...

- نا، هەرگیز شتی وانییە.چی لە بالادەست بوون بکەم؟ بەپێچەوانە ئامادەم گوێ ڕایەڵ بم ئەو بەرابەریەش ئازاردەرە.من پیموایە مرۆڤ هەم دەتوانێ گوێ ڕایەڵبێ و هەم بەرێزبێ.بەڵام ژێر دەستە بوون...ئەوەیان ئیدی قبوڵ ناکرێ.هەرچەندە تا ئێستاش بووە ئیدی بەسە.

ئارکادی دووبارەی کردەوە:

- ئەوەی تا ئێستا بووە بەسە...بەڕاستی تۆ خوشکی ئاناسرگیۆنای.تۆش تەنیا بەلاتەوە ئازادی و سەربەخۆیی گرنگە بەڵام تۆ لە بەردلان تری.دڵنیام تۆ هەستەکانت هەرچەندە پاك و پیرۆزیش بن سەرەتا دەریان ناخەی...

- بۆچما لەوە زیاتریش دەکرێ؟

- تۆش وەکو خوشکت زیرەکی.ئاکارو ڕەوشت لەتۆدا ئەگەر لەوی زیاترنەبێ کەمترنییە.

کاتیا قسەکەی پێ بڕی:

- تکات لێدەکەم پێکەوە بەراوردمان مەکە.من شایانی ئەوەنیم لەگەڵ ئەودا بەراورد بکرێم.دەڵێی لەبیرت چۆتەوە کە خوشکم هەم جوانەو هەم پارەدارەو هەم ژیرو...بەتایبەت لەڕوانگەی تۆوە.بەو پێودانگە ناکرێ بەراوردێکی لەوجۆرە بکەی.

- مەبەستت لەو دەربڕینەی (بەتایبەت لەڕوانگەی تۆ) چی یە؟ و بۆچی وابیر دەکەیەوە کەمن گاڵتەت لەگەڵ دەکەم؟

- چونکە گاڵتەدەکەی.

- بەڕاستی؟ بەلاّم ئەگەر بەجدی قسەم کردبێ و تەنیا عەیبم ئەوەبێ کە مەبەستەکەم باش نەگەیاندبێ، ئەو کات دەڵێی چی؟

- لەمەبەستت تێناگەم.

- بەڕاست وادەڵێی؟ دەڵێی کاتێك گوتم تۆ هەمووشتێك زۆرباش دەبینی کەمێك بەهەڵە چووم.

- چۆن؟

ئارکادی بێ ئەوەی وەلاّمێك بداتەوە ڕووی خۆی وەرگێڕا.کاتیا دووبارە لە بەرچنەکەی لەتکە نانی بەرەولای چۆلەکەکان هەڵدا بەلاّم جوڵەی دەستی هێندە خێرابوو کە چۆلەکەکان هەڵفڕین.سەرەنجام ئارکادی بێدەنگی شکاندو گوتی:

- کاترینا سرگیۆنا، هەرچەندە دەزانم بەلاتەوە گرنگ نییە بەلاّم دەمویست ئەوە بزانی کەمن نەك بەتەنیا بەخوشکت بەڵکو بەهیچ کەسێك لەدنیادا ناتگۆڕمەوە.

دەتگوت لەو دانپێدانانەی تووشی سەرسامی بووە لەشوێنی خۆی هەستاو بە پرتاو بۆی دەچوو.بەلاّم کاتیا هەروا لەپەنا بەرچنەکەی و دەستی لەسەر ئەژنۆیان دانابوو.ماوەیەك لە دوور کەوتنەوەی ئارکادیەوە ڕاما.ڕەنگی تێکچوو بەلاّم بزەیەك نەکەوتە سەرلێوەکانی.لەقولاّیی چاوەکانیدا هەستێکی تایبەت و خەمێك دەخوێندرایەوە بەلاّم نەیدەتوانی بۆ ئەو هەستەی خۆی ناوێك وەبینێ.گوێی لە دەنگی ئاناسرگیۆنا بوو:

- لێرە بەتەنێی؟ بۆچما ئارکادی لەگەڵ تۆ نەبوو؟

کاتیا بە ئارامی ڕووی وەرگێڕا (ئانا بەناسکی و جوانییەکی تایبەتەوە جلو بەرگی پۆشیبوو لە ناوەڕاستی ڕێگاکە ڕاوەستابوو) بە هێمنی گوتی:

- بەڵێ، بەتەنیام.

خوشکەکەی بە بزەیەکەوە وەلاّمی دایەوە:

- دەبینم بەتەنێی.ڕەنگە چووبێتە ژوورەکەی خۆی؟

- بەڵێ.

- پێکەوە کتێبتان دەخوێندەوە؟
- بەڵێ.
ئانا پەنجەیەکی بۆ چەناگەی کاتیا بردوو سەیرێکی چاوەکانی کرد.
- هیوادارم هەراتان نەبووبێ.
کاتیا بە ئارامی دەستی خوشکەکەی لاداو گوتی:
- نەخێر...
- چەندە کورت و پووخت وەڵام دەدەیتەوە! دەڵێم بەڵکو لێرە بیبینمەوەو پیاسەیەك بکەین.ئەو هەمیشە داوای ئەوەی لەمن دەکرد.جوتێك پێڵاویان لەشار بۆهێناوی، واباشە بچی تاقیان بکەیتەوە.دوێنێ تێگەیشتم کە پێڵاوەکانت بەکەڵك نەماون.قاچەکانت جوانن و دەستە کانیشت هەرجوانن...بەڵام کەمێك گەورەن.بۆیە دەبێ ئەستووری دەستەکانت بە ناسکی قاچەکانت تێهەڵێنیەوە.لە کاتێکدا دەبینم تۆ هیچ لەفکری ئەو شتانەدانی و گوێی نادەیەی.
ئاناسرگیۆنا لەوێ دوورکەوتەوە.خشەخشی جلکەکانیشی نەما.کاتیاش کتێبەکەی وێکناو لەسەر نیوتەختەکە هەستاو ڕۆیشت، بەڵام نەك بۆ تاقیکردنەوەی پێڵاوەکانی.
کاتیا کاتێك بەهێواشی لە پلیکانەکان سەردەکەوت لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:
- قاچی جوان...قاچی جوان...ئەو، ئەوپێیانە ماچ دەکات.
بەڵام لەو بیرکردنەوەیە شەرمی کردو تیژ تێپەڕی.ئارکادی بەپەلە بەرەو ژوورەکەی دەڕۆیشت کە خزمەتکارەکە وەدوای کەوت و پێی ڕاگەیاند کە جەنابی بازارۆف لە ژوورەکەی ئەودا چاوەڕوانی دەکات.ئارکادی بە سەر سووڕمانەوە گوتی:
- یۆگینی؟!...لەمێژە هاتۆتەوە؟
- نەخێر، هەرئێستا گەیشتۆوەو پێیگوتم کە دەربارەی هاتنی هیچ بە ئاناسرگیۆنا نەڵێم و پێیگوتم ڕاستەڕێ بیبەمە ژوورەکەی تۆ.
ئارکادی بیریکردەوە:
- دەبێ ڕووداوێکی خراپ ڕوویدابێ؟
بەپەلە لە پلیکانەکان سەرکەوت و یەك جێ دەرگای کردەوە.ڕووخسارە بەڕواڵەت ئارامەکەی بازارۆف هێوری کردەوە.بەڵام چاوی تیژبینی هەر کەسێك کە هاتبا ژووری دەیتوانی دڵەڕوکێ و شڵەژانی ناخی ئەو میوانە وەخوێنێ.بازارۆف وەك هەمیشە پڕجوڵەو کەمێك

شێواو بوو.تەنانەت کاتێك ئارکادی باوەشی پێداکرد لە شوێنی خۆی هەڵنەستا.ئارکادی پەرێشان هەوڵیدەدا تا خۆی لەهاتنی بازارۆفدا خۆشحاڵ نیشان بدا.بەردەوام لە ژوورەکەدا دەهات و دەچوو دەیگوت:

- هەرگیز چاوەڕوانت نەبووم! پێش هاتێکی سەیرە! هیوادارم لە ماڵێ هیچ شتێك ڕووینەدابێ.

بازارۆف بە هێمنی گوتی:

- بارودۆخی ماڵێ زۆر باشەو هەموویان ساغن.هێندە قسەمەکەو پێیان بڵێ خواردنەوەم بۆبێنن.بۆخۆشت لێرە دانیشەو گوێ بگرە.دەمەوێ زۆر بە ڕاشکاوی قسەت لەگەڵ بکەم و هیوادارم بتوانم مەبەستەکەم بگەیەنم.

ئارکادی ئارام بۆوە.بازارۆف بەسەرهاتی دووئێلی خۆی لەگەڵ پاڤێل پترۆڤیچدا گێڕایەوە.ئارکادی خەمگین بوو بەڵام پێی باشبوو ئەو هەستەی خۆی دەر نەبڕێ.تەنیا بەوەندە لێگەڕا، کە بپرسێ حاڵی مامی چۆنە کاتێك بازارۆف پێیگوت کە باش برینداربووە بەڵام نەك لەڕووی پزیشکییەوە، ئارکادی بەزۆر بزەیەکی هاتێ.هەستی بەسام و خەجاڵەتی دەکرد.بازارۆف کە هەستی بە حاڵی ئەو کردبوو گوتی:

- بەڵێ براله، ئەوەیە دەرەنجامی ژیان لەپاڵ دەرەبەگەکاندا! مرۆڤ بێ ئەوەی دەرکی پێبکا دەبینێ بۆتە دەرەبەگێك و بەشداری لە شمشێرە هەڵکێشراوە کانیاندا دەکات.

لە کۆتایدا گوتی:

- لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆماڵێ، لامدائێرە هاتم تا ئەوەی کە...ئەگەر ئەو درۆیەم بە گرنگ نەزانیبا نەمدەگێڕایەوە...بەڵام خودا باشتردەزانێ کەمن بۆچی هاتوومە ئێرە.ئەگەر ڕاستیت دەوێ خراپ نییە کە مرۆڤ وەکو تورر خۆی لەزەوی بێنێتەدەروو دۆستانە خۆی نیشان بدا. هەروەك ئەو کارەی کە ئێستاکردم.بەڵام حەزم کرد جارێکی دیکەش ئەوشتەی کە لێی جیابوومەوەو ئەو مەڵبەندەی کەلێی گەورەبووم، سەیرێکی بکەمەوە.

ئارکادی بە شڵەژانەوە گوتی:

- هیوادارم مانای ئەوقسانە ئەوە نەبن کە بۆهەمیشە لێم جیادەبیەوە.

بازارۆف نیگای تیژوو کاریگەری خۆی تێگرت:

- بۆ مەگەر لەو بارەیەوە خەمباردەبی؟ من پێموایە دەمێکە من و تۆ لێك جیاین.تۆ ڕێك وەك گوڵەمروارییەك پاك و گەشی...ڕەنگە کارەکانیشت لەگەڵ ئاناسرگیۆنا دا لەوپەڕی خۆشەویستی دابن.

- چ کارێك؟

- بچکۆلە، بۆمەگەر لەبەرخاتری ئەو نەهاتوویە ئێرە؟ دەتەوێ بڵێی کە عاشقی ئەونی؟ یان ئەوەی کە شەرم و حەیا ڕێگای دەربڕینت پێنادا؟

- یۆگینی تۆ دەزانی کە هەمیشە لەگەڵت ڕاستگۆ بووم.دڵنیات دەکەم بەهەڵەچووی.

- بەڕاست! تا ئێستا ئەوەم نەزانیبوو.بەڵام پێویست ناکا نیگەران بی.ئێستا ئیدی ئەو بابەتە بەلای منەوە گرنگ نییە.ئەگەرمنیش کەسێکی هەست ناسك بام پێمدەگوتی کە هەستدەکەم کەلێن کەوتۆتە نێوان ئێمەوە بەلاّم دەڵێم ئێمە بەتەواوی لێك وەڕەزو بێزارین.

- یۆگینی...

- تازە ئەوە شتێك نییە.لەدنیادا شتگەلی زۆرهەن کە مرۆڤەکان لێك بێزارو وەڕەز دەکەن.ئێستا واباشە ماڵئاوایی لەیەك بکەین.ئەوچەند چرکەساتەش کەلێرەم هەست بەنیگەرانی دەکەم.وەك ئەوە وایە کە نامەیەکی گۆگۆل دەخوێنمەوە.جگەلەوەش پێمگوتون ئەسپەکان نەکەنەوە.

- چۆن؟ شتی وانابێ.

- بۆچی؟

- ئێستا لەمن گەڕێ.بەڵام ئاناسرگیۆنا ئەوەی بزانێ نیگەران دەبێ زۆرحەزدەکات بتبینێ و ئەو کردارەشت شتێکی نەشیاوە.

- بەهەڵەچوو وی.

- نا، بەهەڵەنەچووم.ئێستا تۆ بۆخۆت نەبان دەکەی؟ جگە لەوەش تۆ لەبەرخاتری ئەو نەهاتوویەئێرە؟

- ڕەنگە قسەی تۆبێ...بەڵام بەهەرحاڵ تۆ هەڵەی.

بەڵام قسەی ئارکادی بوو.ئاناسرگیۆنا دەیویست بازارۆف ببینێ.خزمەتکارەکەی بەدوادا نارد.بازارۆف پێش ڕۆیشتن جلکەکانی گۆڕین.وادەهاتە بەرچاو کەپێشتر جلکەکانی ئامادەکردبن.ئادینسۆڤا لە ژووری پێشوازیدا چاوی پێکەوت بەوپەڕی میهرەبانییەوە دەستی بۆ

درێژکرد.بەڵام ڕووخساری دەریدەخست کە لەدەروونیدا ڕای دژبەیەك هەن.بازارۆف دەستی خۆی پێشخست و گوتی:

- ئاناسرگیۆنا، منی بێ کەڵك دڵنیات دەکەم کە کارەگەمژەکانی ڕابردووم دووبارە ناکەمەوەو هیوادارم تۆش ئەوانەت لەبیر کردبن.من لێرەدەڕۆم و ئیتر گەڕانەوەیەك لەگۆڕێدانییە.ئەگەرچی من مرۆڤێکی هەستیارو دڵناسك نیم سەرەڕای ئەوەش نەمدەتوانی لێرەبڕۆم کە هێشتا نەفرەت کردن لەڕابردوو لە ناخی تۆدا هەرمابێ.

ئاناسرگیۆنا وەکو شاخەوانێك کە دوای هەوڵێکی زۆر توانیبی بگاتە سەر لوتکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا.ڕووخساری کرایەوەو دووبارە دەستی بۆلای بازارۆف ڕاداشت و گوتی:

- دەبێ چاوی ئەو کەسەی کە ڕابردوو وەبیرخۆی دێنێتەوە لەکالانەی بێنیەدەرێ.ئەگەر لەوەش بگوزەرێین دەبێ بڵێم کە منیش هێندە بێ گوناە نەبووم.ڕەنگە بەنازو عیشوەوە هاتبم.قسەیەکی دیکەش دەکەم...وەرە با ڕابردوو لەبیربکەین و ببینە دووهاوڕێی باش.ڕابردوو دەبێتەخەون، وانییە؟ کێ گرنگی بە خەون و خەیاڵدەدا؟

- کێ گرنگی پێدەدات؟ جگە لەوە عەشقیش هەستێکی دروستکراوە.

- بەڕاست؟ ئەوقسەیە خۆشحاڵم دەکات.

لەو گفتوگۆیەدا بازارۆف و ئاناسرگیۆنا خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی و هەردووکیان پێیان وابوو ڕاست دەکەن.بەڵام ئایا حەقیقەت وابوو؟ خوداباشتر دەزانێ! بۆخۆیان نەیاندەزانی.بەهەرحاڵ وتووێژی ئەوانە نیشاندەری نێوان خۆشیان بوو.لەنێو قسەکاندا ئاناسرگیۆنا لە بازارۆفی پرسی لە ماڵی کیرسانۆفەکان چی دەکرد؟ زۆری نەمابوو بازارۆف تەواوی ڕووداوەکە وەگێڕێ بەڵام بیری کردەوە کە لەوانەیە ئاناسرگیۆنا پێیوابێ لە گێڕانەوەی ئەوبابەتەدا مەبەستی خۆهەڵکێشان بێ.هەربۆیە تەنیا وەڵامی دایەوە کە تەواوی ئەو ماوەیە خەریکی کاری خۆی بووە.ئاناسرگیۆنا گوتی:

- سەرەتا زۆر دڵتەنگ بووم هەتا نیازم وابوو بچمە دەرەوە،بیری لێبکەوە...پاشان ئەو ڕووداوە تێپەڕی و هاوڕێکەت ئارکادی نیکۆلای پترۆڤیچ هاتەئێرەو دووبارە دۆخەکە گەڕایەوە باری ئاسایی خۆی و منیش ئەرکی خۆم دەست پێکردەوە.

- ئیزن دەدەن پرسیارێك بکەم چ ئەرکێك؟

- ئەرکی پوورێك، مامۆستایەك، دایك یان هەرشتێکی دیکە کەوای دانێی.لە ڕاستیدا هاوڕێکەت ئارکادی نەمدەتوانی باش لێی حاڵی بم.ئەو دۆستایەتیەم بەتەواوی بەبێ مانا دەزانی بەڵام ئێستا ئەوم باشترناسیوە.بە بڕوای من گەنجێکی تێگەیشتوویە...لەهەمووشی گەنگتر ئەوەیە کەگەنجە...زۆرگەنج نەك وەك من و تۆ...

بازارۆف پرسی:

- ئێستاش کە دەتبینێ دەستەپاچەدەبێ و دەترسێ؟

ئاناسرگیۆنا پرسی:

- ئیدی...

کەمێك ڕاوەستاو پاشان درێژەیدایە:

- ئێستا ئەو بە دڵنیاییەکی زیاترەوە قسەدەکا.پێشتر لە قسەکردن لەگەڵ مندا ڕایدەکرد.ئەگەرچی من هێندە گوێم نەدەدایە.ئێستا لەگەڵ کاتیا بوونەتە دووهاوڕێی باش.

بازارۆف کەمێك نیگەران ببوو لەبەرخۆیەوە گوتی:

- مەکروحیلەی ژنان قەت تەواونابن.

پاشان بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- گوتت ئارکادی لە دیتنی تۆ ڕادەکا بەڵام لەبیرت نەچێ کە ڕۆژێك عاشقت بووە؟

ئاناسرگیۆنا لە شوێنی خۆی دەپەڕی و بەسەر سووڕمانەوە پرسی:

- چۆن؟ ئارکادیش!

بازارۆف ئیکلامێکی کێشاو گوتی:

- ئارکادیش! دەتەوێ بڵێی بەر لەوەی باسی بکەم لەو بارەیەوە هیچت نەدەزانی؟

ئاناسرگیۆنا سەری بەردایەوەو گوتی:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ تۆ بەهەڵەچووی.

- پێموایە ئەگەرچی دەشکرا.ڕەنگە باشتروابوایە هیچم نەگوتبا.

پاشان لەبەر خۆیەوە گوتی:

- لەوەزیاتر درۆمەکە خانمی بەڕێز.

- بۆچی باشتروابوو کە هیچ نەڵێی؟ پێموایە تۆش لە گەورەکردنی هەندێك لە شتەبچووکەکان کەیفت پێدێ.

- ئاناسرگیۆنا واباشتره واز لەوباسە بێنین.
ئاناسرگیۆنا گوتی:
- بۆچی؟
بەلاّم دوای ئەوە بۆخۆی باسەکەی گۆڕی.لەگەڵ ئەوەی کەهەم بازارۆف گوتبووی دەبێ ڕابردوو لەبیرکەین و هەم خۆیشی بەشتێکی لەوجۆرە ڕازیببوو سەرەڕای ئەوانەش هەستی بە نیگەرانی دەکرد.هەرچەندە وتووێژە کەیان ئاسایی و هەندێجار گاڵتەشی تێدەکەوت لەگەڵ ئەوانەشدا ئاناسرگیۆنا لەناخی خۆیدا هەستی بە دڵەخورپە دەکرد.ڕێك وەك ئەو کەسانەی کە لەکەشتی دانیشتوون و بەهەمان ئاسوودەیی ژیانی وشکانی دەدوێن و پێدەکەنن بەلاّم هەرکە کەشتییەکە ڕاوەستا هەموو دووچاری ترس دەبن.
گفتوگۆی ئاناسرگیۆناو بازارۆف زۆری نەکێشاو بەرەبەرە خاوەن ماڵ دەگژفکران ڕاچوو.ئەوپرسیارانەی کە دەکران وەلاّمی سەرپێی دەدایەوە سەرەنجام داوای لە بازارۆف کرد لەگەڵی بێتەساڵۆن.پووری و کاتیا لەوێ بوون.ئاناسرگیۆنا پرسی:
- ئەدی ئارکادی نیکۆلاێۆڤیچ لەکوێیە؟
کاتێك زانی نزیکەی کاتژمێرێکە کەس خەبەری لێ نییە، بەدوایدا نارد.دیتیانەوە.چووبوە گۆشەیەکی باخەکە.دەستی خستبووە ژێر چەناگەی و لەفکرەوەچووبوو.بیرێکی گەورەی لە مێشکیدابوو بەلاّم ئەوبیرانە خەمناك نەبوون.هەرچەندە دەیزانی کە بازارۆف و ئاناسرگیۆنا بەتەنێ دانیشتوون بەلاّم حەسوودی پێیان نەدەهات و بەپێچەوانە ڕووخساری دەکرایەوە.وادەهاتە بەرچاو کە هەم پێی سەیرەو هەم خۆشحاڵیشە.بەهەرحاڵ ئەو بڕیاری خۆیدابوو.

(٢٦)

ئادینسۆڤای کۆچکردوو هیچ کات حەزی لە تازەگـەری و نوێبوونـەوە نـەبوو بـەلاّم تـەنیا جارێك دەستی دابووە کارێکی تازە هەربۆیە لەسەردەمی ژیانیدا دەستوویدابوو لە باخەکەیـداو لە نێوان گوڵخانەکەو مەلەوانگەکەدا، باڵەخانەیەك بە بیناسازی یۆنانی بەلاّم بەنەخشەی ڕوسی دروستبکەن.لە دیـواری کۆتـایی ئـەو باڵەخانەیـە شـەش تاقچـە درووسـتکرابوون کـە ئـەو پەیکەرانـەی لـە دەرەوە بـۆی دەهــاتن لـەوێی دادەنان.پەیکـەرەکان بەشـێوەیەکی ئاسـایی سەمبولەکان یان خودای گۆشەگیری ، بێدەنگی، خەم، بوون.کاتێك پەیکەری خودای بێدەنگیان بۆ هەڵواسین هێنابوو، هەر ئەوێ ڕۆژێ منداڵە ڕەعیەتەکان لـوتی ئەوپەیکـەرەی کـە پەنجـەی خستبووە سـەرلێوی، شـکاندیان.لەگەڵ ئـەوەی وەسـتا گەچـکارەکەی هاوسـێیان قەولیـدابوو ئەوپەیکەرە بە شێوەیەکی واچاکبکاتەوە کە لە ڕۆژی هەوەڵێ باشتربێ، ئادینسـۆڤا فەرمانیـدا لە گۆشەیەکی عەمبارەکەی دانێن.هەمان پەیکەر ساڵەهای ساڵ لەوێدا مایەوەو ببووە مایـەی ترس و دڵەڕاوکێی ژنە ڕەعیەتەکان.بەشی پێشـەوەی باڵەخانەکـە دەوەن و گیـا تـەنیبوویان، بەشێوەیەك کە تەنیا سەری ئەستووندە کەکان لەناو ئەو گژوگیایـەدا دەبینرا.نـاو باڵەخانەکـە تەنانەت لەڕۆژیشدا فێنك بوو.لەو ڕۆژەی کە ئاناسرگیۆنا چاوی بەمارێکی بچوك کەوت ئیـدی ڕووی لە وێ نەکردەوە بەلاّم کاتیا زۆرجار دەهاتە ئـەوێ و لەسـەر نیوتـەختێك دادەنیشـت.لەو بێدەنگیە ڕەهایەدا، کاتیا یان دەیخوێندەوە یان کارێکی دیکەی دەکرد زۆرجاریش سەرتاپا خۆی دەدایە دەست بێدەنگی و هەمان هەستی ناسك و ئارام بەخشی دەست دەکەوت کە زۆرکەس لە حاڵەتێکی لەوچەشنەدا دەستیان دەکەوێت.هەمان خۆشی دەست دەکەوت کە هـەرمرۆڤێك لـە دنیای بێدەنگی و چاوەڕوانیدا پێیدەگات ئەویش هەمان هەستە کە بەزەحمەت هەسـتیپێدەکرێ و دەناسرێ.بەیانی ئەو ڕۆژەی بازارۆف هات، دووبارە کاتیا لە سەر نیوتەختە خۆشەویستەکەی دانیشتبوو وەك دوێنێ ئارکادیش لەپەنای دانیشـتبوو.ئارکادی داوای لێکردبـوو تـا بیهێنێتـە ئەوێ لەبەر ئەوەی هێشتا زۆری مابوو بۆ نانخواردنی قاوەڵتی.ئێسـتا هـەوای فێنکـی بـەیانی

دەڕۆیی تا شوێنی خۆی بداتە هەوای گەرمی ڕۆژێ.حاڵەتی ڕووخساری ئارکادی وەکو دوێنێ وابوو بەلاّم کاتیا وادەهاتە بەرچاو لەبیرکردنەوە دابێ.

ئاناسرگیۆنا دوای چای خواردنەوە بردیە ژوورەکەی خۆی و دوای دڵدانەوە هەمیشەییەکەی،ئاگاداری کردوە دەربارەی هەڵسوکەوت لەگەڵ ئارکادی و چوونە شوێنی چۆڵ بەیەکەوە کە ئەوانی دیکەو بەتایبەتیش پووری هەستیان پێکردبوو، داوایلێکرد خۆی لەو کارانە بپارێزێ.جگەلەوەش لە شەوی ڕابردووەوە تا ئێستا ئاناسرگیۆنا کەمێك تووڕە دەهاتە بەرچاو کاتیاش دەتگوت خەتایەکی گەورەی کردووە نیگران بوو.کاتێك کاتیاش داواکەی ئارکادی قبوڵ کرد، بەڵێنی بەخۆیدابوو کە ئەوە دواجارە.

دەنگی دڵنشینی ئارکادی لە گوێیدا زرنگایەوە:

- کاترینا سرگیۆنا، لەو کاتەی خۆشبەختی ژیانم لە ماڵی ئێوەدا پێبڕاوە لەبارەی زۆرشتەوە قسەم لەگەڵ کردووی، بەلاّم هێشتا بابەتێك ماوە.بابەتێك کە لەبارەیەوە هیچم باس نەکردووە.تۆ گوتت من لێرە گۆڕاوم.

ئارکادی هەم سەیری نیگا سەر سووڕمانەکانی کاتیای دەکردو هەم ڕاشیدەکرد.

- بەڵێ من گۆڕانی زۆرم بەسەردا هاتووەو هەمووشی بە ئی تۆ دەزانم.

- من؟...قەرداری من؟

ئارکادی درێژەی بەقسەکانی خۆیدا:

- من ئەو کوڕە لەخۆباییەنیم کە ڕۆژی هەوەڵێ دیتتم.بیست و سێ ساڵ لە تەمەنم تێدەپەڕێ.هێشتاش دەمەوێ سوودمەندبم.دەمەوێ هەموو وجودم تەرخانی لێکۆڵینەوە بکەم.بەلاّم ئێستا ڕێگاکەم گۆڕیوە.ئێستا ئامانجەکەم نزیکتر دەبینمەوە...تا ئێستا نەمدەزانی کێم و کێشەم بۆخۆم درووستدەکرد کە چارەسەرکردنی ئەوانیشم بەلاوە ئەستەم بوو...دەزانم کە ناتوانم مەبەستەکەم باش دەربڕبم بەلاّم هیوادارم تێیان بگەی.

کاتیا قسەیەکی نەکرد.سەیری ئارکادیشی نەکرد.سەیرە باڵسوورێك لەسەر سپیدارێك دەیخوێند.دەنگی ئارکادی ئاڵۆزتر بوو:

- پێموایە...ئەرکی هەرمرۆڤێکی پاك ئەوەیە لەگەڵ کەسانی...لەگەڵ خەڵکانی...بەکورتی لەگەڵ نزیکەکانی خۆی ڕاستگۆبێ و بەهەمان هۆکاریشەوە من...بڕیارمداوە...

بەڵام ئارکادی نەیتوانی لەوە زیاتر هیچ بڵێ و بێدەنگ بوو.کاتیا هەرواسەری بەردابۆوە.دەتگوت هیچ لەمەبەستی ئارکادی تێنە گەیشتووەو چاوەڕوانی ئەوەیە بەبێ پێچ و پەنا مەبەستی خۆی دەربڕێ.

ئارکادی تەواوی هێزی خۆی کۆکردەوەو گوتی:

- پێموانییە ئەو قسەیەی کە دەمەوێ بیکەم ببێتە هۆی سەرسامی تۆ.بە تایبەتی ئەو قسەیەی کە هەستی من تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندی...پەیوەندی بەتۆوە هەیە.لەبیرمە دوێنێ لەبەر خاتری جدی نەبوونم سەرزەنشتت کردم.(ئارکادی وەکو ئەو کەسەدەچوو کە ڕۆچووبێتە زەلێکەوە کە هەر هەنگاوێکی دەیهاوێ زیاتر ڕۆدەچێ بەڵام بەئومێدی ڕزگاربوون هەر دەچێتەپێش.) ئەو سەرزەنشتە دووچاری زۆربەی گەنجەکان دەبێ تەنانەت ئەگەر بەڕاستی شیاوی ئەوەش نەبن.ئەگەر من زیاتر بڕوام بەخۆم بایە(ئارکادی چاوەڕوانی یارمەتی کاتیای دەکرد بەڵام ئەو هەروا بە بێدەنگی سەری نەویکردبوو) ئەگەر دەمتوانی هیوایەکم هەبێ...

گوێی لەدەنگی ئاناسرگیۆنا بوو:

- ئەگەر دەمتوانی باوەڕبکەم کە لەقسەکانتدا ڕاستگۆی...

کاتیا ڕەنگی پەڕی.ئارکادیش بێدەنگ بوو.ئاناسرگیۆنا و بازارۆف بەسەرجادەکەو بەلای دەوەنەکاندا تێدەپەڕین.ئارکادی و کاتیا ئەوانیان نەدەدیت بەڵام تەواوی قسەکان و هەتا خشەخشی جلکەکانیشیان دەبیست.ئاناسرگیۆناو بازارۆف ڕێك لەبەردەم باڵەخانەکە ڕاوەستان.ئاناسرگیۆنا گوتی:

- دیتت هەردووکمان بەهەڵەچووین.ئیدی تەمەنی ئێمە تێپەڕیوە، بەتایبەتی من.ئێمە ژیانی خۆمان کردوو ماندووبووین.پێویستیش بەوە ناکا بەڵام دەبێ بڵێین ئێمە ژیرترین.سەرەتا ئێمە بۆلای یەك کێشراین چونکە کونجکاوی هانی دەداین، بەڵام دواتر...

بازارف بەپەلە گوتی:

- منیش کۆن بووم.

- بۆخۆت باشدەزانی کە هۆکاری جیابوونەوەمان ئەوە نەبووە.هۆکاری سەرەکی ئێمە ئەوەبوو کە ئیدی پێویستیمان بە یەکترنییە.ئێمە، چۆن بڵێم...وەکو یەك دەچووین و لەکاتی خۆیدا نەمانتوانی دەرك بەو بابەتەبکەین.ڕێك بەپێچەوانەی ئارکادی...

بازارۆف پرسی:

- تۆ پێویستیت بە ئەوهەیە؟

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ کۆتایی پێبێنە.تۆ دەڵێی کە سەرنجێکی تایبەتی بەرامبەرمن هەبووە...ئەگەر ڕاستیت دەوێ منیش پێموابوو کە خۆشیدەوێم.دەزانم من لەجێگای پووری ئەوم بەڵام چت لێوەشێرم لەو دواییانەدا بیرم زیاتر لەلای ئەوە.لەو گەنجەدا هەستی لاوەتی و نەرم و نیانییەکی تایبەت...

بازارۆف بە دەنگێکی ئارام و لە هەمان کاتدا زبر قسەکانی پێبڕی و گوتی:

- لەکاتێکی وادا دەبێ دەستەواژەی هەڵخەڵەتێنەر بەکار بێنی...ئارکادی دوێ شەو نەباسێکی تۆ و نەباسی خوشکەکەتی نە هێناگۆڕێ ئەوەش نیشانەیەکی گرنگە.

- ئەو و کاتیا پەیوەندیەکی خوشك و برایانەیان هەیە ئەوەش هەمان شتە کە لەودا پەسەندی دەکەم.ئەگەرچی دەبوایە ڕێگام بەوان نەدابا هێندە لێك نزیك ببنەوە.

بازارۆف کەمێك وەستاو گوتی:

- ئەوە هەستی خوشکانەی تۆیە وادەڵێ.

- بێگومان...بەڵام ئێمە بۆ لێرە وەستاوین؟ واباشە بڕۆین.باسی چ شتێکی سەیردەکەین؟ قەت بیرت لەوە دەکردەوە ئەو جۆرە قسانە بکەین؟ بۆخۆت ئەوە باشتردەزانی من لەتۆ دەترسم...لەهەمان کاتیشدا بڕوام بەتۆیە چونکە تۆ کەسێکی زۆر میهرەبانی.

- یەکەم من هەرگیز میهرەبان نیم دووەمیش ئەوەیە کە هیچ گرنگیەکم بۆتۆ نییە...ئەو میهرەبانیەی تۆ دەیلێی وەك ئەوە وایە تا جەگوڵێك بخەیتە سەری مردوویەك.

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ ئێمە هێزی ئەوەمان نییە کە...

بەڵام وژەوژی باو خشەخشی گەڵاکان نەیهێشت لەیەك بگەن.دوای کەمێك دەنگی بازارف هات کە دەیگوت:

- تۆ بە تەواوی ئازادی.

دوای ئەوە هیچی دیکە نەبیسترا.هەنگاوەکان دوور کەوتنەوەو دووبارە بێدەنگی باڵی کێشا.

ئارکادی گەڕایەوە لای کاتیاو کاتیاش سەری نەویکردبوو.ئارکادی دەستەکانی ڕێکگوشین و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

- کاترینا سرگیۆنا، مـن تـا هەتایـە تـەنیا تـۆم خۆشدەوێ.دەمویسـت ئـەوەت پێبلێـیم، وەلاٌمەکەت ببیستم و خوازبێنیـت بکـەم.هیچ سـامانێکم نییـە بـەلاٌم ئامـادەم بـۆ هـەموو فیداکاریەك.جوابم نا دەیتەوە؟ براوام پێناکەی؟ پێتوایە قسەکانی مـن تـەنیا لـە ڕووی هـەواو هەوەسەوەیە؟ هەڵسوکوتی ئەوچەند ڕۆژەی من بێنەوە بەرچاوی خۆت.باوەڕبکـە ڕابـردووم بـە تەواوی لەیاد کردووە.تکات لێدەکەم سەیرم کەو وەلاٌمم بدەوە.خۆشمدەوێی، بەخودا خۆشمدەوێی باوەڕبکە...

کاتیا نیگایەکی پڕمانای لە ئارکادی کردوو گوتی:

- بەڵێ.

ئارکادی لەسەر نیوتەختەکە تەکانێکی داو هاواریکرد:

- کاترینا سرگیۆنا، گوتت بەڵێ.مانای ئەو قسـەیە چـییە؟...باوەڕ بـە قسـەکانم دەکـەی یان...یان...زۆر دەترسم قسەکەم تەواوبکەم.

کاتیا دووبارەی کردەوە:

- بەڵێ.

ئەو جار ئارکادی لە مانای ئەو وشەیە گەیشت.دەسـتە خەپەتۆڵـەو جوانـەکانی لەدەسـت گرتن.لەخۆشیان خەریکبوو بێهۆش بێ.دەستەکانی کاتیای لەسەردڵی خۆیداناو گوشی.ئارکادی بەزۆر خۆی بەپێوە ڕادەگرت و لێکدا لێکدا دەیگوت:

- کاتیا...کاتیا...

فرمێسکی ڕوون و پاك لە چاوەکانی کاتیاوە هەڵڕژان.تەنانەت بۆ خۆیشی پێکـەنینی بـەو گریانە دەهات.کەسێك ئەو فرمێسکانەی لە چـاوی خۆشەویسـتەکەیدا نـەدیبێ نـاتوانێ دەرك بەوە بکا کە تاچ ئەندازەیەك دووچاری شڵەژان دەبێ و تا چ ڕادەیـەك خـۆی بـە خۆشـبەخت دەزانێ.

*　　　*　　　*

بەیانیەکەی، ئاناسرگیۆنا فەرمانیدا تا بازارۆف بانگ بکەنە ژوورەکەی بە خەندەیەکی زۆر لەخۆکردن کاغەزێکی نووشتاوەی نیشاندا کە ئارکادی داوای خوازبێنی کاتیای کردبوو.بازارۆف بەپەلە کاغەزەکەی خوێندەوە بۆئەوەی ڕقەکەی بشارێتەوە گوتی:

- ئاوا! هەر دوێنێ دەتگوت ئەوانە وەك خوشك و بران.ئێستا دەتەوێ چی بکەی؟

ئاناسرگیۆنا کە هێشتا خەندەکەی لەسەرلێوان بوو گوتی:

- تۆ دەتوانی چ پێشنیارێك بکەی؟

بازارۆفیش خەندەیەکی وەك ئانای هاتێ و وەلاّمی دایەوە:

- پێموایە...بەڵێ، پێموایە دەبێ داخوازیەکەیان قبوڵ بکەی و پیرۆزباییان لێبکەی.ئەو هاوسەرگیریە لە هەرلایەك سەیری بکەی گونجاوە.کیرسانۆف دەوڵەمەندەو ئارکادیش تاقە کوڕیەتی.جگەلەوەش پیرەمێردیش دژی ئەو زەماوەندە نابێ.

- تۆ پێتوایە؟ منیش هیچ بەڵگەیەك بۆ دژایەتی ئەو کارە نابینمەوە.بۆ کاتیاش داوای سەرکەوتن و بەختەوەری دەکەم...هەروا بۆ ئارکادیش.بێگومان چاوەڕوانی وەلاّمی باوکی ئارکادی دەکەم.ئارکادیش دەنێرم وەلاّمەکەم بۆ بێنێتەوە.سەیرکە کاتێك دەڵێم ئێمە گەنج نین قسەی منە.چۆن شتێکی لەو جۆرەم نەدەدیت؟ پێم سەیرە.

ئاناسرگیۆنا پێکەنی بەلاّم دەستبەجێ ڕووی وەرگێڕا.بازارۆفیش بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- گەنجەکانی ئەمڕۆ زۆر فێڵبازن!

پاش وەستانێك درێژەیدایە:

- زۆرباشە، خوداحافیز. من دەڕۆم و لە دوورەوە هیوای بەختەوەریان بۆ دەخوازم.

ئادینسۆڤا بەپەلە وەلاّمی بازارۆفی دایەوەو گوتی:

- تۆ دەڕۆی؟ بۆچی...ئێستا حەزدەکەم وەمێنی...گفتوگۆکردن لەگەڵ تۆدا خۆشە...ڕێك وەك ئەوەی مرۆڤ لەپەنا هەڵدێرێکدا پیاسەبکا .سەرەتا دەترسێ بەلاّم بەرەبەرە بەغیرەت دەبێ.وەمێنە.

- ئاناسرگیۆنا سوپاسی داوەتەکەتان دەکەم.لەوەش کە منت بە شیاوی هاودەمی خۆت دەزانی دووبارە سوپاست دەکەم.بەلاّم پێموایە لە ژینگەیەکدا کە بۆم نامۆیە زۆر ماومەتەوە.ماسیەباڵدارەکان ئەگەرچی دەشفڕن بەلاّم ناچارن بۆ درێژەدان بەژیان بگەڕێنەوە ناو ئاو.ئیزن بفەرموون تا بگەڕێمەوە ژینگەی سروشتی خۆم.

ئادینسۆڤا سەیرێکی بازارۆفی کردو لە کاتێکدا بزەیەکی تاڵی هاتێ لەبەرخۆیەوە بیریکردەوە:

- ئەوەش منی خۆشدەویست.

دڵی بەحاڵی بازارۆف سووتا دەستی بۆلای درێژکرد.بەڵام بازارۆف نەیتوانی لە مەبەستی بگات.هەنگاوێك کشایەوەو گوتی:

- نا، من هەژارنیم کە سەدەقە قبوڵ بکەم.خودا ئاگادارت بێ و سەرکەوتووبی.

ئاناسرگیۆنا لەخۆڕا جوڵەیەکی کردو گوتی:

- بەڵام ئەوە بۆ دواجارنییە ئێمە یەکتری دەبینینەوە.

- لە دنیا زۆرشت ڕوودەدەن.

بازارۆف ئەو قسەی کرد، ئیکلامێکی کێشاو وەدەرکەوت.

* * *

هەمان ڕۆژ کە بازارۆف خەریکی بەستنی جانتاکەی بوو بە ئارکادی گوت:

- تۆ بڕیارتداوە ماڵێك پێکەوەنێی؟ نەك تەنیا خراپ نییە بەڵکو کارێکی زۆرباشە.بەڵام پێویستی بەو هەموو ڕۆڵ گێڕانە نەبوو.من چاوەڕوانیم لەتۆ هەبوو ڕەنگە تۆش سەرەتا فکرێکی وات نەبووبێ؟

- بەڵێ، کاتێك لەتۆ جیابوومەوە هیچ بیرم لەوشتانە نەدەکردەوە.بەڵام تۆش بۆچی ڕۆڵ دەگێڕی و دەڵێی کارێکی زۆرباشت کرد.بۆچما من بڕوای تۆ دەربارەی هاوسەرگیری نازانم؟

- ئەوەچ قسەیەکە دەیکەی ئەزیزم؟ سەیرکە چی دەکەم: لە جانتاکەمدا شوێنێکی بەتاڵی تێدابوو بە کا پڕمکردۆتەوە.هەتا جانتای مرۆڤیش دەبێ پڕبکرێتەوە تا بەتاڵایی تێدا نەمێنێتەوە.تکات لێدەکەم نیگەران مەبە.خۆت زۆر باشدەزانی ڕای من دەبارەی کاترینا سرگیۆنا چۆن بووە.زۆر لەکیژان تەنیا لەبەرخاتری بزەیەك کە لەسەر لێویانە بە زیرەکی بەناوبانگ دەبن.بەڵام ئەوەی تۆ بۆ دەست کەوتنی مافی خۆی ڕادەوەستێ و خەبات دەکات.وا ڕادەوەستێ کە دەتوانێ یارمەتی تۆش بدات.لەوەش زیاتر چاوەڕوانی لێ ناکرێ.

بازارۆف دوای داخستنی جانتاکەی لەجێی خۆی هەستاو درێژەیدایە:

- ئێستا ماڵئاوایی دەکەین...چ پێویست دەکا یەکتری فریوبدەین، چونکە بۆخۆشت دەزانی کە ئەوە دوا ماڵئاواییە.تۆ کارێکی ژیرانەتکرد.تۆ بۆ ژیانی تاڵ و خەمناك یانی ژیانی تەنیایی درووست نەکراوی.لە ناخی تۆدا نە ئەو شەهامەتەی پێویست هەیەو نە ئەو ڕقەش.لە تۆدا ئەگەر بوێریەك هەبێ بوێری گەنجێتییەو ئەوەش هیچ بەکەڵکی ئێمەنایە.ئێوەی خانەدانان پیاوانە تەسلیم دەبن و پیاوانەش وەکلۆکۆ دێن بەلام کارێکی هێندە گرنگ تان لەدەست نایە...ئەوەش بەهایەکی ئەوتۆی نییە.بۆنمونە تۆ لەشەڕکردن ڕادەکەی بەلام لەهەمان کاتدا هیچ کەسێك لەخۆت بە ئازاتر نازانی.بەلام بەپێچەوانە ویستمان شەڕبکەین.ڕەنگە بزانی و لەوە تێبگەی کە مانەوەت لەگەڵ ئێمە لە جەنگێکدا کە دەیکەین تەنیا چاوەکانی تۆ لە ئەنجامی تەپوتۆزەکەدا کوێر دەکا...لەنێوان ئێمەو تۆدا مەودایەکی زۆرهەیە.تۆ بێئەوەی بزانی خۆت خۆشدەوێ.تۆ لە جنێودان بەخۆت چێژوەردەگری بەلام ئێمە لەو کارە بێزارین.ئێمە پێویستمان بەکەسانی دیکەهەیە.کەسانێك کە بتوانن بشکێنن.تۆ توانای شکاندنت نییە.تۆ تەنیا مرۆڤێکی باشی،ئەوەندەوبەس.

ئارکادی بە ڕاوێژێکی خەمناك گوتی:

- تۆ بۆ هەتایە ماڵئاوایی دەکەی؟ئایا قسەیەکی دیکەت نییە پێم بڵێی؟

بازارۆف سەری خوراندو گوتی:

- قسەیەکم هەیە بەلام نایلێم.چونکە ئەویش قسەیەکی هەستیاریە...بەهەرحاڵ با لەوەگەڕێین.تۆ هەرچی زووترە ماڵەکەت پێکەوە بنێ و تا دەتوانی منداڵ دروستبکە.هەرچۆنێك بێ ئەوان باشترو ئاقڵتردەبن لە ئێمە چونکە لە دەورانێکی باشتردا دەژین...دەڵێی ئەسپەکان ئامادەن.دەبێ وەڕێکەوین.ماڵئاوایم لە هەموان کردووە...باشە،چۆنە یەکتری ماچ بکەین؟

ئارکادی دەستی لەملی هاوڕێ و مامۆستای پێشووی خۆی وەرێناو گریا.بازارۆف لەسەرخۆ گوتی:

- ئەوەش هەستێکی گەنجانەیە.بەلام ئومێدم بە کاترینا سرگیۆنایە ئەو دڵت دەداتەوە.ماڵئاوا براله.

بازارۆف ئەو قسەیەی کردو سواری گالیسکەکەی بوو.دوای ئەوە ئاماژەی بۆ ئەو دوو قەلەڕەشەیەکرد کە لەسەربانی تەویلەکە هەڵنستبوون و گوتی:

- لەوانە فێربە.

ئارکادی پرسی:

- مەبەستت چییە؟

- چۆن؟ بۆچما تۆ مێژووی سرووشتت نەخوێندۆتەوە یان لەبیرت چۆتەوە؟ بۆ مەگەر نازانی کە قەلەڕەشەکان نەجیب ترین و ڕەسەنترین خێزان درووستدەکەن.فێربە هاوڕێی ئازیز...ماڵئاوا..

گالیسکە دەنگێکی لێهات و ڕۆیشت.

*   *   *

بازارۆف هەقی بوو.شەوێ کاتێك ئارکادی قسەی لەگەڵ کاتیا دەکرد ئیدی بازارۆفی لەبیر چووبۆوە ئارکادی بەشێوەیەکی واهەڵسوکەوتی دەکرد کە کاتیا حەزی لێبوو کاتیاش ئەوەی دەزانی و پێی سەیرنەبوو.قەرار وابوو کە ئارکادی بەیانی بگەڕێتەوە گوندەکەی باوکی.

ئەگەرچی ئانا نیازی ئازاردانی ئەو دوو دەستگیرانەی نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا هەر بۆ ڕواڵەت ئەوانەی زیاد بەجێ نەدەهێشت.ئانا بەگەورەیی خۆی کە شازادەخانم لە بیستنی ئەو هەواڵە زۆر خەمگین و نیگەان ببوو لێی دوورخستبوونەوە.سەرەتا ئاناسرگیۆنا لەوە دەترسا کە لەبینینی خۆشبەختی و کامەرانی گەنجەکان نیگران بێ بەلاّم بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی،تەماشاکردنی ئەو دیمەنە نەك ئازاردەر نەبوو بەڵکو خۆشحاڵیشی کرد.ئاناسرگیۆنا هەم خەمگین بوو هەم دڵشاد.لەبەرخۆیەوە گوتی:

- بازارۆف هەقی بوو کە دەیگوت کونجکاوی و عەشق بە هێمنی و خۆپەرستی تەواوی وجودی منی پڕکردووە.

پاشان بەدەنگێکی بەرز پرسی:

- گەنجەکان بەڕای ئێوە عەشق سرووشتیە یان دەستکردە؟

نە ئارکادی و نە کاتیا، هیچیان لە مەبەستەکەی نەگەیشتن.ئەوان لە ئاناسرگیۆنا دەترسان و ئەو قسانەی لەویان دەبیست نەیاندەتوانی سەری لێدەربکەن.ئاناسرگیۆنا بەجێی هێشتن و ئەو کارەشی بەوپەڕی ئارەزووەوە ئەنجامدا.

(٢٧)

بازارۆفەپیرەکان لە هاتنەوەی گەنجەکەیان کە هیچ چاوەڕوانیان نەدەکرد لە ڕادەبەدەر خۆشحاڵ بوون.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ هاوسەرەپیرەکەی کە بەپەلە وا دەهات و وا دەچوو بە کەوی دەچواند لە ڕاستیشدا شاقەلی چاکەتە کورتەکەی پیرێژن ئەوی بەو باڵندەیە دەچواند.پیرەمێردیش تەنیا ئاخی هەڵدەکێشاو لێوی سەبیلە نەخشێنراوەکەی بە ددان گرتبوو بەپەنجەکانی گەردنی خۆی دەگرت و سەری ڕادەوەشاند.دەتگوت دەیەوێ بزانێ سەری هێشتا لەجێی خۆی ماوە یان نا.هەندێجاریش لەناکاو دەمی قژ دەکردو پێدەکەنی.

بازارۆف پێیگوت:

- ئاغا، من بۆ ماوەی شەش هەفتە هاتوومەوە ئێرەو نیازم وایە بەردەوام کاربکەم و تکام وایە سەرقاڵم نەکەی.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ خێرا دڵنیای کردەوە:

- کارێکی وادەکەم کە وابزانی هەرنیم.

پیرەمێرد قسەی خۆی بەجێ کەیاند.وەکوپێشوو ژوورەکەی خۆی بۆ کوڕەکەی بە جێهێشت و تا ئەوەندەی دەیتوانی نەدەچوە لای و داواشی لە پیرەژن کرد تاخۆی لە هەستەکانی بە دوور بگرێ و پاشان گوتی:

- لە سەفەری پێشوودا، کەمێك نارەحەتمان کرد ئێستا دەبێ زیاتر ئاگاداربین.

ئاریناڤلاسۆنا قسەکانی مێردەکەی قبوڵ کرد بەلاّم دیتنی جگەرگۆشە تەنیا لە سەرسفرە نیگەرانی دەکرد.هەندێجار کە حەزی دەکرد لەگەڵ کوڕەکەی قسەبکا بانگی دەکرد بەلاّم هەرکە بازارۆف ڕووی وەردەگێڕا، پیرەژن یاری بە ڕیشووی کیسەباخەڵەکەی دەکرو بە هەراسانییەوە دەیگوت:

- هیچ، هیچم نەدەویست.

هەر کاتێکیش لەگەڵ مێردەکەی بەتەنێ دەمانەوە وەقسە دەهات و دەیگوت:

- چۆن بزانم کە کوڕەکەم ئەوڕۆ بۆ نیوەڕۆیە حەزی لەچییە؟

- بۆ لەخۆیت نەپرسی؟

- ترسام نیگەرانی بکەم.

بازارۆف هەرزوو لەو گۆشەگیریە هاتەدەر. عەشقی کارکردن لە دڵی هاتەدەرو لە جێگای ئەو پەرێشانی دایگرت.هەموو جوڵەیەکی نیشانەی ماندوێتی بوو.تەنانەت هەنگاوە کانیشی ئازایانەوپتەو هەڵنەدە هێناوە.لەو گەڕانە دوورو درێژانەی بەتەنێ وازی هێنابوو لەگەڵ ئەم و ئەو دەکەوتە گفتوگۆکردن.چای ئێوارانی لە هۆڵی پێشوازیدا دەخواردەوەو لەگەڵ بابی دەچوە مەرەزە جاڕەکەو بە بێدەنگی سەبیلەی دەکێشاو تەنانەت جارێکیش لە ئەحواڵی قەشەی پرسی.

سەرەتا ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەو گۆڕانەی کوڕەکەی خۆشحاڵ بوو بەلاّم ئەو خۆشحاڵیە زۆر درێژەی نەکێشا.ڕۆژێك لەلای ژنەکەی ڕازی خۆی بەیان کرد:

- کوڕەکەم شێواو و پەرێشانە.ناڵێم تووڕەیە ئەگەروابا گرنگ نەبوو بەلاّم بەداخەوە نیگەرانە...زۆربەی کاتەکان بێدەنگە.خۆزگە جارێك لە جاران هەرایەکی لەگەڵ دەکردین...ئێستا ڕۆژ بە ڕۆژ کزتر دەبێ.ڕەنگی ڕووخساری زۆر تێکچووە.

پیرەژنیش گوتی:

- ڕەنگە واباشبێ دووعایەکی بەملیەوە هەڵواسین...بەلاّم ئەو ڕێگای ئەو شتانە نادا.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چەندجارێك ویستی لە کارەکەی بازارۆف و لە هاوڕێیەتی ئەو و ئارکادی و ...سەر لەشتێك دەربکا بەلاّم هەمووجارێ ڕووبەڕووی بێ مەیلی کوڕەکەی دەبۆوە تەنانەت جارێك کە لە مەبەستی باوکی تێگەیشت گوتی:

- بۆچی هێندە بەبێ هەستی بە دەورو بەری مندا دێی و دەچی؟ ئەوە لە هەڵسووکەوتی جارانت خراپترە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچی بێچارە دەستبەجێ خۆی کۆکردەوەو گوتی:

- ببوورە...لەوە بەدوا ئەزیەتت نادەم.

تەنانەت بۆچوونەکانی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ سەبارەت بە بابەتی سیاسی بەهەند وەرنەدەگیران.ڕۆژێك بەهیوای ڕاکێشانی سەرنج و هاوخەمی بازارۆف باسی ئازادی ڕەعیەتەکانی کرد،کوڕەکەشی بەوپەڕی بێ مووبالاتیەوە گوتی:

- دویَ شەو بەتەنیشت دیواری باخەکەدا تێدەپەڕیم گوێم لێبوو کوڕگەلی ئاوایی لەجیاتی خوێندنەوەی شیعری کۆن شیعری تـازە دەخوێننـەوە: (دەورو زەمـانێکی سـەیرە.دلّم هەسـت بەعەشق دەکات) ئەوەش پێشکەوتنێك کە تۆ دەتگوت؟

هەندێجار بازارۆف دەچووە ئاوایی و لەگەلّ جوتیارەکان دەدواو قسەی خۆشی دەکرد:

- باشـەبراله، تـۆ دەربـارەی ژیـان ڕات چـییە؟ دەلّـێن بنیـات نـەرانی ڕووسـیەی نـویَ جوتیارەکانن.تەواوی هێزی ئەو ولاّتەش ئێوەن.دەلّێن ئێوە بۆ ئێمە یاساو زمانێکی پاراو دێنن.

جوتیارەکان یان وەلاّمیان نەدەدایەوە یان بەوەندە لێدەگەڕان.

- بەلّیَ،...ئێمە لە تواناماندا هەیە ئەو کارەبکەین...ئایندەی جێگر...

بەلاّم بازارۆف قسەکانی پێدەبڕین و دەیگوت:

- تۆ بەڕاست پێمبلّیَ دنیا یانی چی؟...دنیا لەسەرچ شـتێك ڕاوەستاوە؟...لەسـەر پشـتی سیَ ماسی؟

کابرای جوتیار بەڕاوێژێکی باوکانەوە دەیگوت:

- بەلّیَ، کوڕم دنیا لەسەرپشتی سیَ ماسی ڕاوەستاوە بەلاّم لەسەرووی هەموو شـتێکەوە خودایە...تۆ لەجێگای باوکی ئێمەی...هەرچـەندە ئاغـا تونـدوو تیـژتربیَ ڕەعیـەت زیـاتر خۆشیدەوێت.

ڕۆژێك بازارۆف لە بیستنی ئەو قسانە هەستی بـە بێزاریکرد.شـانێکی هەلّتەکانـدو ڕووی وەرگێڕا.کابرای دێهاتیش بەڕێی خۆیداڕۆیشت.کابرایەکی دێهاتی کە ئاگاداری ئـەو گفتوگۆیـە بوو لە کابرای ڕەعیەتی پرسی:

- چییە سەرانەت دواکەوتووە؟نا، ئەو تەنیا شتێکی گوت تا بلّێن قسەی کردووە.ئاغاکـان هەروان.هیچ وەرناگرن.

کابرای دێهاتی پیر قسەکانی پەسەندکرد:

- بەلّیَ، ئاغاکان لەهیچ تێناگەن.

پاشان هەردووکیان کلاّوەکانیان ڕاوەشاند، پشتێنە کانیـان توونـدکردوو دەربـارەی بـاس و خواسی ڕۆژ دوان.ئەفسوس کە بازارۆف،هەرکە بە تووڕەیی شانی هەلّتەکانـد ئەگەرچـی خـۆی بڕوای وابوو کە لەگەلّ جوتیارەکاندا دەتوانیَ وتووێژبکا، بەلاّم لەڕوانگەی ئەوانەوە لە داوەلّێك زیاتر نەبوو بۆ خۆیشی ئەوەی نەدەزانی.

بەكورتی بازارۆف سەرگەرمییەكی بۆخۆی پەیداكردبوو.ڕۆژێك باوكی خەریكی تیماركردنی برینی پێی پیاوێك بوو بەلاّم دەستی دەلەرزین و نەیدەتوانی كارەكەی باش ئەنجام بدات بازارۆف یارمەتیداو لەهەمان ڕۆژەوە بووەهاوكاری.بەلاّم لەهەمان كاتدا هەم ئەو دەرمانانەی بۆخۆی دەیدانێ و هەم ئەو دەرمانانەی كە باوكی دەیدان بە نەخۆشەكان گاڵتەی پێدەكردن بەلاّم باوكی لەو گاڵتە پێكردنە نەدەڕەنجا.ڕەنگە ئەو پێكەنینەی كوڕەكەی تەسكینێك بووبێ بۆ باوكی.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەزۆری ئەو كاتانەی سەبیلەی دەكێشا بە شەوق و زەوقەوە گوێی لە قسەكانی بازارۆف ڕادەگرت.هەر كاتێك كوڕەكەی زیاتر بە تیروتوانج قسەی دەكرد باوكە زیاتر چێژی وەردەگرت و پێدەكەنی، وا پێدەكەنی كە تەواوی ددانە ڕەشەكانی دەردەكەوتن.لە هەرجێگایەك دادەنیشت تانەو تەشەرەكانی بازارۆفی دووپات دەكردنەوە بۆنمونە دەیگوت:

- ئەو كارە لەپلەی نۆیەم دایە.

ڕۆژێك كە باوكی دەچوو بۆنوێژ كوڕەكەی ئەو قسەیەی كردبوو.بازارۆفی پیر خۆشحاڵ لە تانەكانی كوڕەكەی بە گوێی هاوسەرەكەیدا دەچرپاند:

- هەزارجار شوكر بۆخوا كە لەوخەمۆكییەی پێشێ هاتۆتەدەر.ئەمڕۆ یارمەتییەكی گەورەی لەگەڵ كردم.

لەدەست كەوتنی یارمەتی دەرێكی وا خۆشحاڵ و غرووربوو.كاتێك ئاوی كانزایی كە لە قووتوویەكی سپیدابوو دەیدایە دەستی پیرەژنێك كە كۆنەچاكەتێكی مێردەكەی لەبەر دابوو گوتی:

- دەبێ شوكری خودای بكەی كە كوڕەكەم میوانمە.ئەو بەپێشكەوتووترین شێوازەكانی زانستی چارەسەرت دەكا.تەنانەت ناپلیۆن ئیمپراتۆری فەرەنسەش دكتۆرێكی واباشی نەبووە.

پیرەژن كە نەیدەتوانی وشەی مالاریا بەباشی دەربڕێ چەند جارێك ئیكلامی كێشاو هەوڵیدا تا پرێسكەكەی بن هەنگڵی دەربێنێ كە چەند دانەهێلكە مریشكی تێدابوون.

ڕۆژێك بازارۆف ددانی وردەواڵە فرۆشێكی كێشا لەگەڵ ئەوەی ئەو ددانەجیاوازی لەگەڵ ددانەكانی دیكەدا نەبوو ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ ئەوی وەكو یادگارێك هەڵگرت و نیشانی باوكی ئالكسی داو گوتی:

- ڕیشەی ئەو ددانەی دەبینی.یۆگینی بۆ هەڵكێشانی زۆری پێوە ماندووبوو.زۆرقایم بوو.وردەواڵە فرۆش دەرپەڕی...پێموایە كابرا ئەگەر كێویش با هەڵدەقەنا.

باوکی ئالکسی کە نەیدەزانی چۆن خۆی لەدەست ئەوپیرەمێردە سەرمەستە نەجاتبدا گوتی:
- هەی ئافەرین...بەڕاستی شایانی باسکردنە.

*　　*　　*

ڕۆژێك دێهاتییەکی گوندێکی نزیکیان براکەی کە نەخۆشی گرانـەتای بـوو هێنـای بـۆلای ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ.لەشـی نەخۆشـەکە پڕبـوو لەپەڵـەی ڕەش ماوەیـەك لەسـەر گیـا ڕاکشـاو چاوەڕوانی مردنی دەکرد.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەداخبوو کە بۆچی زووتر نەیان بردۆتە لای دکتۆرو ئێستاش کارلەکار ترازاوەو هیچ ئومێدێك نییە.ڕاستیدەکرد چونکە کابرای دێهـاتی نـەیتوانی براکەی بگەیەنێتەوە ماڵێ و نەخۆشەکە لە ڕێگامرد.دوای سێ ڕۆژان بازارۆف چووەلای بـاوکی و پرسی:
- دەرمانی نۆشاترت هەیە؟
- بەڵێ، هەمە بۆچیتە؟
- پێویستمە...برینێکی بچوکە دەبێ بیسووتێنم.
- برینی کێ؟
- برینی خۆم.
- خۆت؟ چ برینێك؟ کوا؟
- ئێرە.برینـی ئەنگوسـتم.ئەمڕۆ چـوومە گونـدێکی نزیکمـان.بۆ هـەمان شـوێنی کـە نەخۆشەکەیان بردێ.بەوپێیەی کە دەیانویست نەخۆشەکە توێکاری بکەن و منیش ماوەیـەکبوو تاقیکردنەوەم نەکردبوو.
- دەی؟
- ئەوکاتە داوام لە پزیشکەکەی ئەوان کرد ڕێگابدەن ئـەو کـارەمن ئـەنجامی بدەم...لـەو کاتەدا دەستی خۆم بڕی.
ڕووخساری ئیڤانۆڤیچ سـپی هەڵگەڕا.بـەپڕتاو بـەرەو ژووری کارەکـەی ڕۆیشت.نۆشـاتری هێنا.بازارۆف ویستی نۆشاترەکە وەربگرێ بەڵام باوکی گوتی:
- توخوا لێمگەڕێ بامن ئەو کارەبکەم.
بازارۆف بزەیەکی هاتێ و گوتی:

- دەڵێی سووتاندنی خەڵکت پێخۆشە.

- تکات لێدەکەم گاڵتەمەکە.پەنجەکەتم نیشانبدە.برینێکی زۆرنییە.دێشیٚ؟

- مەترسە.زیاتر ڕایگوشە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کەمێك خۆی گنخاندو پاشان گوتی:

- یۆگینی، بەڕای تۆ ئەگەر بەئاسن بیسووتێنین باشترنییە؟

- دەبوایە زووتر ئەو کارەم کردبایە.ئێستا ئەگەر ڕاستیت دەویٚ نۆشاتریش بەکەڵك نایە.ئەگەر تووش بووبم کارلەکارترازاوە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەزەحمەت دەیتوانی قسەبکا:

- چۆن؟...کارلەکار ترازاوە؟..

- لەو کاتەوە تا ئێستا چوار کاتژمێر تێپەڕیوە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ دووبارە برینەکەی داخکردوو پرسی:

- بۆچما پزیشکی ئەویٚ دەرمانی نۆشاتری پێنەبوو؟

- نا.

- خوایەگیان چۆندەکریٚ دکتۆربی و دەرمانی نۆشاترت پیٚ نەبیٚ.

بازارۆف گوتی:

- خۆزگە کەل و پەلی کارەکەت دەدی.

لەژووریٚ چۆدەرەوە.

ئەو ڕۆژەو ڕۆژانی دواتریش ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەبیانووی جۆراوجۆر دەهاتە ژووری کوڕەکەی هەرچەندە باسی برینەکەی نەدەکرد لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی واسەیری دەکردو بەجۆرێك چاودێری دەکرد کە سەرەنجام بازارۆف حەوسەلەی نەماو هەڕەشەی لێکرد ناهێڵیٚ بێتە ژوورەکەی.

لەلایەکی دیکەشەوە ئارینافلاسۆنا بەردەوام لەمێردەکەی دەپرسی کەبۆ نان ناخوات و بۆ ناخەویٚ.پیرەمێرد لەو بارەیەوە هیچی پێنەگوتبوو.دووڕۆژان پیرەمێرد دانی بەخۆیداگرت و هیچی لیٚ نەپرسی.هەرچەندە ڕووخساری بازارۆف ببووە مایەی خەم و پەژارەی...سەرەنجام ڕۆژی سێیەم پیرەمێرد توانای نەما.بازارۆف سەری بەردابۆوەو هیچی نەدەخوارد.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لە کاتێکدا هەولێدەداخۆی وانیشانبدا کە ئاساییە گوتی:

- یۆگینی، بۆ هیچ ناخۆی؟ دەڵێی خواردنەکە باش نەکولاوە؟
- ئیشتیام نییە؟
پاشان بەدەنگێکی لەرزۆك گوتی:
- سەریشت دێشێ؟
- بەڵێ، لەبەرچی وادەڵێی؟
ئاریناڤلاسۆنا خۆی ڕاستکردەوەو گوێ قولاخ بوو.پیرەمێرد گوتی:
- یۆگینی تکات لێدەکەم تووڕەمەبە.دەکرێ نەبزی دەستت بگرم؟
بازارۆف هەستاو گوتی:
- پێویست بە نەبزگرتن نییە.بێئەوە دەتوانم بڵێم تام لێیە.
- تا و لەرز؟
- بەڵێ، تا و لەرز.من دەڕۆم دەنووم.تۆش هەندێ گوڵی گاوزمانم بۆ بێنە.ڕەنگە سەرمام بووبێ.
دایکە سەری ڕاوەشاندو گوتی:
- لەخۆڕانەبوو کە دوێ شەو دەکۆکی.
- بەڵێ، حەتمەن سەرمام بووە.
بازارۆف دوای ئەو قسانە لە ژوور هاتە دەرەوە.ئاریناڤلاسۆنا خەریکی ئامادەکردنی گوڵی گاوزمان بوو بەلاّم ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چوەژوورێکی دیکەو سەری لەناو دەستەکانی گرت.بازارۆف ئەو ڕۆژە لەناو جێگاکەی نەهاتەدەرو هەرنووستبوو.بازارۆف کاتژمێر یەکی بەیانی بەدژواری چاوی هەڵێناو لە تاریك و بوولێڵدا باوکی بەسەر سەری خۆیەوەبینی.فەرمانی پێدا بڕواو پیرەمێردیش مل کەچ بوو.بەلاّم دوای ماوەیەك بەلاژەلاژ گەڕایەوەو لەودیو گەنجینەکەوە سەیری کوڕەکەی دەکرد.ئاریناڤلاسۆناش نەخەوتبوو ناوەناوە لەلای دەرگای مێردەکەیەوە دەیڕوانی و هەناسەکانی کوڕەکەی دەژمارد.نەیدەدیت کە مێردەکەی خەریکی چ کارێکە بەلاّم پشتەچەماوەکەی ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بۆوی نیشانەی سێبووری بوو.
بازارۆف بەیانی زوو لەخەوهەستاو هەوڵیدا لەناو جێگاکەی بێتەدەر بەلاّم سەری لە گێژەوەهات و خوێنی لوتی ڕاسا ناچاربوو دووبارە درێژبێتەوە.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چوکترین

سەروسەدای نەدەهات و چاودێری دەکرد.ئاریناڤلاسۆنا هاتە ژووری کوڕەکەی و ئەحواڵ پرسیکرد.بازارۆف بەکورتی گوتی:

- باشترم.

ڕووی بەرەو لای دیواری وەرگێڕا.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەدەست ئیشارەی بۆ ژنەکەی کردو ئاریناڤلاسۆناش لەحاڵێکدا لێوی دەکرۆشت تا دەنگی گریانەکەی نەبیستێ،چووەدەر.ماڵەکە کپ و بێدەنگ بوو.ڕووخسارەکان خەمناك بوون.بێدەنگی هەمووجێگایەکی داگرتبوو.تەنانەت ئەو کەڵەشێرەی کەدایم دەیخوێندو بەحەوشەکەدا دەگەڕا بردبوویانە ناودێ.کەڵەشێری بێچارە نەیدەزانی چ تاوانێکی کردووە.

بازارۆف هەروا ڕووی لەدیواربوو.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ پرسیاری جۆراوجۆری کرد بەڵام بازارۆف لەوپرسیارانە ماندووبوو.پیرەمێرد لەسەر کورسییەك دانیشت و تەنیا هەندێجار پەنجەکانی دەتەقاندن.چەند جارێك چووە ناوباخ و وەکو پەیکەرێك لەوێ ڕاوەستا.بەشێوەیەك کەپیرەژن نەیبینێ دەچووە ژووری کوڕەکەی.بەڵام سەرەنجام ئاریناڤلاسۆنا دەستیگرت و لێی پرسی:

- ئاخر کوڕەکەم چ نەخۆشییەکی هەیە؟

پیرەمێرد وەخۆهاتەوەو ناچاربوو وەڵامێکی بداتەوەو بزەیەکی بێتێ بەڵام یەکجێ وەئاگا هاتەوە کە لەجیاتی بزە، قاقاپێکەنی.

لە بەیانییەوە ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەدوای پزیشکیداناردبوو بە پێویستیشی دەزانی ئەو بابەتە لەگەڵ کوڕەکەی باسبکا تا نەکا پاشان نیگەران بێ.بازارۆف دوای کەمێك ماتڵ بوون بەرەولای باوکی وەرسووڕاو داوای ئاوی کرد ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ ئاوی دایەو دەستێکیشی بەناوچەوانیدا هێنا.بازارۆف تای زۆربوو.دوای کەمێك بازارۆف بەدەنگێکی نووساو گوتی:

- باوکە، حاڵم زۆرخراپە.من ئەو نەخۆشییەم گرتۆتەوە، چەند ڕۆژێکی دیکە بەخاکم دەسپێری.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کە دەتگوت تێکڕابووە هاتەوە سەرخۆو گوتی:

- یۆگینی، ئەوەچ قسەیەکە دەیکەی؟ تۆ تەنیا سەرمات بووە.

- وازبێنە.پزیشکێکی وەك تۆ نابێ درۆبکا.هەموو نیشانەکان دیارو ڕوونن.تۆ خۆت ئەوە باشتردەزانی.

- چ نیشانەیەك؟...یۆگینی گاڵتەمەکە.

بازارۆف قۆڵی هەڵکردو پەڵە سوورەکانی نیشانداو گوتی:

- ئەدی ئەوەچییە؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەرزی و گوتی:

- باوای دانیێن..باوای دانیێن...ئاوەدزکردن...

- پیسی خوێن.

- ڕەنگە نەخۆشی پەتایەك...

بازارۆف بەتووڕەییەوە قسەکەی باوکی بڕی و گوتی:

- خوێنی پیس.بۆچما ڕیشاڵەکانت لەبیر کردوون؟

- بەڵێ، هەرچی تۆ بیلێیی.بەڵام بەهەرحاڵ چارەسەردەکرێی.

- ئەوە قسەی پووچە.بەڵام نیگەرانی من لە شتێکی دیکەیە.چاوەڕوانم نەدەکرد وازوو بمرم.ڕاستی پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراوبوو.تۆو دایکم دەست لە دووعاکردن هەڵبگرن و داوای یارمەتی بکەن...باشترین کات بۆ تاقیکردنەوە ئەوەیە.

دوای ئەوەی هەندێك ئاوی خواردەوە گوتی:

- تا ئێستا عەقڵم کاردەکا دەمەوێ تکایەکت لێبکەم...تا یەك دوو ڕۆژی دیکە عەقڵم لەکار دەکەوێ.ئێستاش باش نازانم ڕێك و ڕەوان قسەدەکەم یان قسە دەبزرکێنم.کاتێك درێژببووم سەگەلی سوورم دەدیتن بەرەولام دەهاتن و تۆش ئاگاداریت دەکردم دەتگوت کەڵەشێری کێوی...وەك ئەوەی گێژبم...لە قسەکانم دەگەی؟

- یۆگینی دەتەوێ بلێی چی؟ لە قسەکانت دەگەم.

- گوتت بەدوای دکتۆرتدا ناردووە...ئەوە لەبەرخاتری دڵی خۆتە...ئێستاش لەبەر دڵی من پەیکێك بنێرە.

پیرەمێرد پرسی:

- بۆلای ئارکادی نیکۆلایێڤیچ.

بازارۆف بەتێڕامانەوە پرسی:

- ئارکادی نیکۆلایێڤیچ؟...نا کارم بەو کوڕیژگەیە نییە.ئەو ئێستا لەگەڵ مریشکان تێکەڵ بووە...نا، هێشتا دووچاری وڕێنەکردن نەبووم.کەسێك بۆلای ئادینسۆڤا

بنێرە...دەیناسی (بەئاماژەی سەر تێیگەیاند بەڵێ) بڵێ یۆگینی بازارۆف سڵاوی لێدەکردی و گوتوویوتی لە سەرەمەرگدایە.ئایا ئەو چاکەیەم لەگەڵ دەکەی؟

- بێگومان ئەو کارەت بۆدەکەم...بەڵام نابێ تۆ...بمری.یۆگینی ئەو کات من چی بکەم؟

- ئەوەیان نازانم...پەیکەکە بنێرە.

- هەرئێستا دەینێرم.نامەکەش بۆخۆم دەینووسم.

- نامـــــە پێویســـــت ناکا.تـــــەنیا بڵـــــێ ســـــڵاوی پێگەیانـــــدووی...دووبارە سەگەکان...زۆرسەیرە.دەمەوێ بیرم لەمەرگ چڕکەمەوە بەڵام تەنیا پەڵەیەك دەبینم.

بازارۆف دووبارە ڕووی لەدیوارکردەوە.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لـە ژوورەکـە دەرکـەوت و چـووە ژووری هاوسەرەکەی و لەبەرامبەر وێنەی پیرۆز بەچۆکداهات و گوتی:

- دووعابکە، ئارینا.کوڕەکەمان لەسەرەمەرگدایە.دووعابکە.

* * *

هەمان دکتۆری کە دەرمانی نۆشاتری پێنەبوو هات و گوتی ئێستا واباشە لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوەو گوتی هیوادارە نەخۆشەکە چاکبکاتەوە.

بازارۆف پرسی:

- ئایا تا ئێستا کەسێکت دیتووە لە حاڵی مندابووبێ و نەچووبێتە ئەودنیا؟

لەناکاو پێچکەی مێزێك کە لەتەنیشـت نیوتەختەکـەبوو بـە دەسـتییەوە گـرت و مێـزە قورسەکەی بەرزکردەوەو گوتی:

- هێزبیینە! تەواوی هێزلێرەدایە بەڵام مـەرگ چـاوەڕوانە...لانیکەم ئـەو پیرەمێـردە زۆر لەژیان ماندووببوو پاشان مردبوو، بەڵام ئەدی من؟...مردن لەبیر بەرەوە.بەڵام بەکەڵکی چـی دێ؟ مردن تۆ لەبیر ناباتەوە.

دوای کەمێك پرسی:

- دەنگی گریانی کێیە؟ دایکم؟ بێچارە ئێستا ئەوخواردنـە بەتامـە بداتـەکێ؟ بـەڵام تـۆ ڤاسـیلی ئیڤـانۆڤیچ، دەڵێـی خـەمباری؟ بـۆ ئاسـوودەبوونت باشـترە فەیلەسـووف بـی.وەك فەیلەسووفە ڕەواقییەکان بە.بۆچما تۆ بەخۆت نانازی کە فەیلەسووفی؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەناڵینەوە هاواریکرد:

- من چ فەیلەسووفێکم؟
فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتنەخوار.

*   *   *

سات لەدوای سات حاڵی بازارۆف خراپتردەبوو.نەخۆشییەکە بەخێرایی تەشەنەی دەکرد.بازارۆف هێشتا هۆشی لەسەرخۆی بوو دەیزانی دەورووبەری دەڵێن چی.هێشتا بەرەنگاری دەکرد...دەستەکانی خڕکردبوونەوەو لەبن لێوانەوە دەیگوت:
- نامەوێ وڕێنان بکەم، ئەوەچ قسەیەکی بێ مانایە.
دەستبەجێ لێی زیادکرد:
- دە لەهەشتان دەکاتە...
ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ وەك شێتان دەهات و دەچوو دەمنا دەمێك پێشنیارێکی تازەی بۆ چارەسەرکردنی دەکرد.لێکدا لێکدا قاچی کوڕەکەی دادەپۆشی و بەدژواریەوە فەرماتیدەدا:
- دەبێ لەمەلافەیەکی خاوی وەربگرین...دەبێ بچینەسەرێ...بای لەزگی کەن...خوێنی بگرن.
دکتۆریش کە بەتکا کانی پیرەمێردەوە تێمابوو قسەکانی پەسەنددەکرد.بۆ نەخۆشەکە داوای ئاولیمۆی دەکردو بۆخۆیشی هەندێجار سەبیلەو هەندێجاریش داوای ڤۆدکای دەکرد.
ئارینا ڤلاسۆنا لەسەر کورسییەکی بچوك لە پەنا دەرگا دانیشتبوو تەنیا جارجار بۆ دووعاکردن دەڕۆیشت و زۆر زووش دەگەڕایەوە. ڕۆژی پێشێ ئاوێنە لەدەستی بەربۆوەو شکا ئەوەشی وەکو هەمیشە بەنیشانەی بەدبەختی لێك دایەوەو کەسیش نەیتوانیبوو دڵی بداتەوە.تیمۆڤیچ یان نادربوو بۆ ماڵی ئادینسۆڤا.
بازارۆف شەوێکی سەخت و دژواری تێپەڕاند...تا یەکی زۆر ئازاری دەدا.بەیانی کەمێك باشترببوو داوای لە دایکی کرد سەری بۆ شانەبکات.دوای دەست ماچکردنی دووقوم چای خواردەوە.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کەمێك ورەی هاتەوەبەرو گوتی:
- خودایە هەزارجار شوکر، تەنگژەکە تێپەڕی.
بازارۆف بزەیەکی تاڵی هاتێ و گوتی:

- بنیادەم بوونەوەرێکی سەیرە.وشەیەك پەیدادەکاو دڵی خۆی پێخۆش دەکا.مرۆڤەکان چەندە گرنگی بە وشەدەدەن.ئەگەر بەکەسێك بڵێی گێل و لێشی نەدەی واش لێت نیگەران دەبێ.بەڵام ئەگەر بڵێی تۆ ئاقڵی و پارەشی نەدەیەی واش لێت مەمنوونە.

ئەو وتەکورتە، ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچی بەیادی تانەو تەشەرەکانی ڕابردوو هێنایەوەو خۆشحاڵی کرد لەکاتێکدا چەپڵەی لێدەدا هاواریکرد:

- ئافەرین! ئافەرین! هەربژی!

بازارۆف بزەیەکی خەمناکی هاتێ و پرسی:

- بەڕای تۆ تەنگژنکە تێپەڕیوە یان تازە دەستپێدەکات؟

- ئەوەی دەیبینم و مایەی خۆشحاڵیە، باشبوونی تۆیە.

- زۆرباشە، خۆشحاڵ بوون زیان بەکەس ناگەیەنێ.بەڵام بابزانم قاسیدت ناردووە یان نا؟

- دیارە کەناردوومە.؟

* * *

باشبوونی بازارۆف کاتی و کەم بوو.دووبارە نەخۆشییەکە تینی هێنایەوە.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لە خوارپێی کوڕەکەی دانیشت.ئازاری گیان کێشان پیرەمێردی ئازاردەدا.چەند جارێك ویستی قسە بکا بەڵام نەیتوانی، سەرەنجام گوتی:

- یۆگینی، کوڕم، ئازیزەکەم.

ئەو بانگ کردنە کاری خۆیانکرد...یۆگینی بەرەولای باوکی وەرسووڕا.وەك ئەوەی بیەوێ خۆی لەژێر پاڵەپەستۆیەکی گران ئاسوودە بکات:

- دەڵێ چی باوکە؟

- یۆگینی!...

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەسەر زەوی چۆکی دادا.بازارۆف چاوەکانی لێك نابوون و ئەوی نەدەدیت.

- کوڕەکەم، ئیشاڵلا حاڵت باشترە.تۆ چاك دەبیەوە.لەبەرخاتری دڵی من و دایکت وەرەو ئەرکی ئاینیت بەجێ بگەیەنە...خوایەگیان چۆن بتوانم قسەیەکی وابکەم..ترسناکە...بەڵام یۆگینی بۆ ئەودنیا...بیری لێبکەوە...

پیرەمێرد لە درێژەوی قسەکانی وەستا ڕووخساری بازارۆف ئەگەرچی تا ئێستا چاوی لێك نابوو، حاڵەتێکی سەیری بەخۆوەگرت و گوتی:

- ئەگەر ئەوە دڵخۆشت دەکا قسەیەکم نییە.بەلاّم هێشتا زوویە.بۆخۆت نەتگوت کە حاڵی من ڕوولەچاکبوونە.

- بەڵێ، یۆگینی.بەلاّم ئەو کارە بۆ ڕەزای خودایەو ئەگەر ئەرکەکەت ئەنجامبدەی...

بازارۆف هاتە ناو قسەکانی باوکی و گوتی:

- نا، چاوەڕوان دەکەم.ئەگەرچی دەشزانم تەنگژەکە تازە دەستی پێکردووە.ئەگەر من و تۆش بەهەڵەچووبین...بۆ بێهۆشەکان داوای لێخۆشبوون بکەین.

- یۆگینی، ئاخرشتی وا چۆندەکرێ؟

- من چاوەڕێ دەبم.ئێستاش دەمەوێ بنووم کاتم مەگرە.

دوای ئەوە ڕووی بەرەودیوار وەرگێڕا.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەسەر کورسییەکەی دانیشتەوە.دەستی خستە ژێرچەناگەی و دەستیکرد بەکرۆشتنی پەنجەکانی...لەناکاو لەو بێدەنگییەی ئاواییدا گوێی لەدەنگی چەرخی گالیسکەیەك بوو...ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ غاریدایە لای پەنجەرەکە.گالیسکەیەکی دووکەسی کە چوارئەسپ ڕایان دەکێشا گەیشتە بەردەرگا.پیرەمێرد بێئەوەی بزانێ چی دەکات بەخۆشحاڵییەوە دەرپەڕی.خزمەتکارێك بەجلو بەرگی تایبەتیەوە دەرگاکەی کردەوە.ژنێك کە پەچەیەکی ڕەشی بەردابۆوە و پاڵتۆیەکی تەنکی لەبەردابوو لە گالیسکەکە هاتەخوارو گوتی:

- من ئادینسۆڤام.یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ زیندوویە؟ تۆ باوکی ئەوی؟ دکتۆرێکم لەگەڵ خۆم هێناوە.

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ لەخۆڕا هاوریکرد:

- فرشتە...فریشتە!

دەستیگرت و لە کاتێکدا کە دەلەرزی ماچی کرد.لەو بەینەدا ئەو دکتۆرەی کە لەگەڵ ئاناسرگیۆنا هاتبوو بە هێواشی لە گالیسکەکە دابەزی.

- بەڵێ، یۆگینی هێشتا زیندوویەو ئێستا نەجاتی دەبێ.ئارینا، ئارینا، فریشتەیەك لە ئاسمانەوە هاتۆتە لای ئێمە...

پیرەژنیش غاریداو گوتی:

- چی بووە؟

بێئەوەی هیچ شتێك تێبگا لەبەرپێی ئاناسرگیۆنا چۆکی داداو دەستیکرد بە ماچکردنی کراسەکەی.ئاناسرگیۆنا بەپەلە گوتی:

- چیدەکەی؟ تکادەکەم هەستەوە...

بەڵام ئاریناڤلاسۆنا گوێی لەو قسانە نەبوو و ئیشی خۆیدەکرد ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچیش لێکدا لێکدا هاواریدەکرد:

- فریشتە...فریشتە.

سەرەنجام دکتۆری تازەهاتوو کە تووڕە دەهاتە بەرچاو سەرەتا بەئەڵمانی و پاشانیش بەڕووسییەکی شەق و شڕپرسی:

- نەخۆش لەکوێیە؟

ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ هاتەوەسەرخۆ و گوتی:

- لێرەیە، بەدوامداوەرە.

پاشان بەئەڵمانی لێی زیادکرد:

- لێرەیە هاوکاری خۆشەویست.

دکتۆری ئەڵمانی پێی سەیربوو بزەیەکی هاتێ.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بردیەلای نەخۆش و پاشان سەری بەگوێی بازارۆفەوەناو گوتی:

- ئاناسرگیۆناو دکتۆرەکەی لێرەن.

بازارۆف چاوی هەڵێنان و گوتی:

- لێرەیە...دەمەوێ بیبینم.

- یۆگینی، دەیبینی بەڵام باشتروایە پێشتر دکتۆر بتبینێ.باسی نەخۆشیەکەتم بۆ کردووە چونکە سیدرۆ سیدرۆڤیچ (دکتۆری خۆماڵی) ڕۆیشتووە.پاشان لەگەڵ ئەویش ڕاوێژدەکەم.

بازارۆف سەیرێکی دکتۆرە ئەڵمانەکەی کردو گوتی:

- زۆرباشە قسەی خۆت بکە بەڵام بەلاتینی نا، چونکە مانای خەریکەدەمرێ بەلاتینی تێدەگەم.

دکتۆر ڕووی لە ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ کردو بەئەڵمانی لێی پرسی:

- زمانی ئەڵمانیش دەزانێ؟...

پیرەمێرد هاتە ناو قسەکانی و سەرەتا بەئەڵمانی و پاشان بەڕووسی گوتی:

- واباشە بەڕووسی قسەبکەین.

دکتۆری ئەڵمانی کەمێك ماتڵ بوو دواتر بەڕووسیەکی شەق و شڕگوتی:

- ئاوا...زۆرباشە.

پرس و ڕاوێژی پزیشکی دەستیپێکرد.

* * *

نیو کاتژمێر دواتر ئاناسرگیۆنا لەگەڵ ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ هاتنە ژوور.دکتۆری ئەڵمانی لەسەرخۆ پێیگوت کە ئومێدێکی بە چاکبوونەوەی نەخۆشەکە نییە.ئانا سەیرێکی بازارۆفی کردو لەهەمان شوێن وشکبوو.ڕووخسارە نیوە گیانەکەی بازارۆف بەو چاوانەی کە لێیدەڕوانی هێزی جوڵەی لەئانا بریڕیبوو.ئانا بەسەر سامییەوە بیریکردەوە:

- ئەگەر بەڕاستی بازارۆفم خۆشویستبا حەتمەن ئێستا هەستێکی دیکەم دەبوو.

بازارۆف بەدژواریەوە گوتی:

- زۆرسوپاست دەکەم...هەرگیز چاوەڕوانی شتێکی وام لێنەدەکردی، کارێکی زۆرباشتکرد...ئەوەش قەول و قەرارەکەی کە پێکەوە دابوومان تا جارێکی دیکەش یەکتری وەبینین.

- ئاناسرگیۆنا میهرەبانەکە...

بازارۆف ڕێگەی نەدا باوکی قسەکەی تەواوبکا.

- بەجێمانبێڵە باوکە...ئاناسرگیۆنا ئیزن دەدەن؟ وەك ئەوەی کە....

ئاماژەیکی بۆ لەشە نیوەگیانەکەی خۆیکرد.کاتێك ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ چووەدەر،بازارۆف درێژەیدایە:

- زۆرلێت مەمنوونم...کارێکی شاهانەتکرد.بیستوومە شاکانیش دەچنەسەردانی ئەو نەخۆشانەی لەسەرەمەرگدان.

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ هیوادارم کە...

- ئاناسرگیۆنا، خولڤوخۆ وەلانێ و وەرە ڕەکوڕاست قسەبکەین.هەتاوی تەمەنی من لەسەرگوێی سوانەیەو هیواداربوون کەڵکێکی نییە...هەرچەندە مەرگ گەمەیەکی کۆنە بەڵام

بچێتەلای هەر کەسێك پێی تازەیە.تا ئێستا لێی نە ترساوم...دوای ئەوەش بێهۆشـی دێتـەلام و...دەمویست بڵێم...خۆشمدەویستی.هەرچەندە ئەو بابەتە لـەڕابردوودا بـێ مانابوو.ئێسـتاش هەگیز ناتوانێ مانایەکی هەبێ.عەشق دەبێ وێنەو لەشـێکی هەبێ..لەشـی منـیش لـەحاڵی توانەوەدایە.باشترە بڵێم...تۆ زۆرباشی.ئێستاش کە ڕاوەستاوی زۆرجوانی...

ئاناسرگیۆنا لەرزی.بازارۆف گوتی:

- نـا، خـۆت نیگـەران مەکە.لێرەدانیشـە...لێم نزیـك مەکەوە...نەخۆشـییەکەم دەگوازرێتەوە.ئاناسـرگیۆنا، لەسـەر کورسـییەك لـە تەنیشـت بـازارۆف دانیشـت.بازارۆف بەورتەورت گوتی:

- چـەندە گـەورەو بەخشندەی...چـەندە زووهاتی...بـەو هـەموو جوانییەوە...لـەو ژوورە نەفرەتییـە...خودا تەمـەن درێـژتان بکات...ئـەوە باشـترین نیعمەتـە...تا دەتـوانی بـژی و چێژوەربگرە...تەماشاکە ئەو کرمەپلیشاوە هێشتاش دەیـەوێ بژیت.ئـەویش ئـاواتی هـەبوون وەکومن بیری دەکردەوە کە ڕۆژێك ئیشی گەورەدەکات و هەرگیزمەرگیش بەدوایدا نایەت.بەلام ئێستا تـەواوی ئاواتـەکانی ئـەو پالەوانـە بـەمردن کۆتـایی دێت.ئەگەرچـی ئـەوە بابـەتێکی تایبەتییەو پەیوەندی بە کەسەوەنییە...لەگەڵ ئەوەشدا دادو پاڕانەوەناکەم.

بازارۆف بێدەنگ بوو دەسـتی بـەدوای پەرداخـە ئاوەکـەدا دەگێڕا.ئاناسـرگیۆنا بێئـەوەی دەستکێشەکەی لەدەست دەربێنێ،ئاوی دایە.بازارۆف درێژەیدایە:

- من لەبیر دەبەیتەوە...مردوو نـاتوانێ هـیچ هاوڕێیەتیـەك و دۆسـتایەتییەکی لەگـەڵ زیندوودا هەبێ.باوکم پێتدەڵێ ڕووسیا پیاوێکی گەورەی لەدەسـتداوە بـەلام ئەوانـە هـەمووی قسەی پووچن..بەلام پیرەمێرد با بە هەمان بڕوابمێنێتەوە...نابێ فرمێسکی پـێ بڕێـژی...دڵی دایکیشم بدەوە.مرۆڤی وا لەو دنیایە زۆرکەم دەستدەکەون...ڕووسـیا چ پێویسـتییەکی بـەمن هەیـە؟...نا هـەرگیز پێویسـتی بـەمن نییە...کەواتـە پێویسـتی بەکێیـە؟ بـە پـێلاو دروو، بەخەیات...بەقەســـاب...کە گۆشــــت دەفرۆشێ..قەســـاب...دەڵێی وڕێنــــان دەکەم...ئێرەدارستانە...

بازارۆف دەستی لەسەر ناوچەوانیدانا.ئاناسرگیۆنا شۆڕبۆوە سەری و گوتی:

- یۆگینی ڤاسیلیۆڤیچ.لێرەم.

بازارۆف دەستیگرت، کەمێك ڕاست بۆوەو هاوایکرد:

- خوداحافیز.

تیشکێك له چاوەكانیدا دەركەوت:

- خوداحافیز...ئەوجاره ماچم نەكردی...چرایەكە فولێبكه باوەكوژێ.

ئاناسرگیۆنا ناوچەوانی ماچ كرد.بازارۆف سەری خستەوە سەر سەرینەكەو گوتی:

- ئەوەندەم بەسە...ئێستاش تاریكی ئەنگوستەچاو...

ئاناسرگیۆنا بێ هەست و چرپە چووەدەر.ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ پرسی:

- حاڵی چۆنە؟

ئانا بە دژواریەوە گوتی:

- خەوت.

تەقدیر چۆن بوو كە ئیدی بازارۆف هەڵنەستێتەوە.شەوێ بە تەواوی بێهۆشبوو بەیانیش مرد.باوكە ئەلەكسی قەشەی ئاوایی ڕێوڕەسمی كفن و دفنی بەجێهێنا.كاتێك كە ڕۆنی پیرۆزیان بەسەرداكرد بازارۆف چاوێكی هەڵێناو دەتگوت لە دیتنی قەشەو ئەو مەشخەڵە پڕلە دووكەڵ و ئەومۆمانەی بەردەم وێنەكە، حاڵەتێكی نەفرەتی و بێزاری كەوتۆتە سەر ڕووخساری.

كاتێك بازارۆف مرد دەنگی شیوەن و ناڵەی دانیشتوانی ماڵێ بەرزبۆوە، ڤاسیلی ئیڤانۆڤیچ بەمشتەكۆڵەو ڕووخساری شێواو یەوە هاواریكرد:

- كفردەكەم...بەڵێ، كفردەكەم.

ئاریناڤلاسۆنا بەچاوی پڕلە فرمێسكەوە دەستی لەملی مێردەكەی كردوو هەردووكیان هاتنە سووجدە.دواتر ئانفیسیا بۆ خەڵكی گێڕایەوە كە:

- ئەوان لە ناوەڕاستی ژوورەكەو لەپەنایەك ڕاوەستان و وەكو مەڕان لەگەرمای نیوەڕۆدا، سەریان بەیەكەوە نابوو.

* * *

بەڵام گەرمای تاقەت پڕوكێنی نیوەڕۆ تێدەپەڕی و خۆر لە دوورەوە ئاوادەبێ و دواتریش شەودادێ كپ و بێدەنگ.ئەویش هەمان كاتە كە ئەوانەی ماندوون بخەون تا بەیانی ببێتەوە.

(٢٨)

شەش مانگ تێپەڕی:

زستانی سپی بە بێدەنگیەکی تەواو، هەمووشوێنێکی بە بەفرو هەوای ساردوە داگرتبوو.دارەکان توێژاڵێکی تەنکی بەفریان لەسەر کەوتبوو.لەسەر لولەسۆپاکان هەودای دووکەڵ دەبینرا.هالاوێکی گەرم لەو دەرگایانەی کە دەکرانەوە دەهاتنەدەر ئەسپەکان توونتر دەڕۆیشتن تاخۆیان گەرم کەنەوە.ئێوارەیەکی مانگی کانوونی دووەم کە هەواساردتر دەبوو زەردەی خۆر بەرەوئاوادەبوون دەچوو.لە پەنجەرەی ماڵەکانی مارینۆ ڕووناکاییەك دیاربوو.پراکفیچ جلێکی خۆڵەمێشی لەبەردابوو دەستکێشێکی سپی لە دەستکردبوو،مێزێکی حەوت کەسی دەڕازاندەوە.

هەفتەی ڕابردوو دوو زەماوەندی بێ هەڵلاو هەنگامە لەنێوان فنیچکاو نیگۆلای پترۆڤیچ لەلایەك و ئارکادی و کاتیا لەلایەکی دیکەوە لە کلێسایەکی بچووکی گوندەکەیان بەڕێوەچووبوو.ئەمڕۆش نیکۆلای پترۆڤیچ بەشانازی براکەیەوە پاڤێل کە دەچوو بۆ مۆسکۆ بۆ ئەنجامدانی هەندێك لە کارەکانی میوانییەکی کەم و پووختی ڕێکخست.ئاناسرگیۆناش دوای زەماوەندەکە،چەند دیاریەکی گرانبەهای دایە بوك و زاواو چووە مۆسکۆ.لە کاتژمێرسێدا هەموان لە دەوری مێزەکە کۆبوونەوە.میتیاشیان هێنابوو.ماوەیەکبوو پەرستارێکی تایبەتیان بۆگرتبوو کە دەسماڵێکی سپی لەسەردەنا.

پاڤێل پترۆڤیچ لەنێوان فنیچکاو کاتیا دانیشتبوو هەریەك لە هاوسەرە کانیش لەپەنایەك دانیشتبوون.دۆستە کانمان لەو بەینەدا زۆر گۆڕابوون.دەتگوت هەمووجوانترو گەنجتربوونەوە.لەو نێوەشدا تەنیا پاڤێل پترۆڤیچ بوو کە لەجاران کزولاوازتر دەهاتە بەرچاو کە ئەوەش حاڵەتێکی بەشان و شکۆی دەدایە.

...فنیچکاش گۆڕابوو...جلو بەرگێکی ئاوریشمی جوانی لەبەر کردبوو و تیتوە پەڕۆیەکی مەخمەری لە کەزیەکانی بەستبوو زنجیرێکی زێڕی لەملدابوو بەهەمان حاڵەت ئەو شکۆیەی کە

دەبێ خانمێکی وەکو ئەو هەیبێ تێیدا بەدیدەکرا.هەرئەوەش بینەری والێدەکرد تا لە بەرامبەریدا ڕێزبنوێنێ.خەندەکەی وابوو کە دەتگوت بە ئەدەبێکی تایبەتەوە داوای لێبووردن دەکات.نەك هەرئەو حازریانیش بەخەندەکانیان وایاندەگوت.ئەگەرچی خەمگین بوون بەلاَم خۆشبەختی و کامەرانیان بەتەواوی وجودەوە هەست پێدەکرد.هەر کەسەو لەبەرخۆیەوە خزمەتیدەکردو دەتگوت هەموو دەیانەوێ لەوشانۆیە بەباشی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن.کاتیا ئارامتر لە ئامادەبوان لە دەورووبەری خۆیدەڕوانی.نیکۆلاَی پترۆڤیچ لەو ماوە کورتەدا دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو تا بووکەکەی لە دڵەوەخۆشبوێ.دوای نیوەڕۆ، نیکۆلاَی پترۆڤیچ لەشوێنی خۆی هەستاو لە کاتێکدا پەرداخە شەرابەکەی بۆ پاڤێڵ پترۆڤیچ ڕادەداشت گوتی:

- برای بەڕێزم، تۆ بەجێماندێڵی...هیوادارم ئەوجیابوونەوەت زۆر درێژە نەکێشێ.بەلاَم نازانم لەو ساتەدا...عەیبەکە لەوەدایە کە ئێمە زۆر شارەزانین وتاربخوێنینەوە.ئارکادی تۆ شتێك بڵێ.

- باوکە، بمبوورە.من هیچم بۆ ناگوترێ.

- زۆرباشە، بۆخۆم دەیڵێم ،کاکەگیان، ئیزن بفەرموو لەباوەشت بگرم و لەناخی دڵەوە داوای سەرکەوتنت بۆبکەم.هیوادارم هەرچی زووترە بگەڕێتەوە.

پاڤێڵ پترۆڤیچ لەگەڵ هەموان تەنانەت لەگەڵ میتیاش یەکتریان ماچکرد.لەگەڵ فنیچکا جگەلەوەی ماچیکرد، دەستیشی لەناو دەستگرت و ماچیکردو لەحاڵێکدا پەرداخە شەرابەکەی لە لێوی نزیك دەکردەوە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو گوتی:

- بەخۆشی هەمووتان، هاوڕێیانی ئازیز.

بە هێمنی و بەشێوەیەك دەورووبەر گوێیان لێنەبێ بە ئینگلیزی گوتی:

- خوداحافیز.

هەموومات بوون.کاتیا بەگوێی هاوسەرەکەیدا چپاند:

- بە یادی بازارۆف.

پەرداخەکەی خۆی لەپەرداخەکەی ئەودا.ئارکادی لەوەلاَمی کاتیادا دەستەکانی لەناو دەستگرتن بەلاَم زاتی نەکرد ڕستەکەی ئەو بەدەنگی بەرز دووپات کاتەوە.

* * *

ئیدی بابـەتێکی گـرنگ نەماوەتەوە...بـەڵام ڕەنگـە خوێنـەرەکانمان بیانـەوێ بـزانن کـە چارەنووسی هەریەك لە پاڵەوانەکانی چیرۆکەکەمان چ کۆتاییـەکیان هەبوو.ئێمـە دەمانـەوێ هەسـتی وردبینـی ئـەوان ڕازی بکەین.ئاناسـرگیۆنا بـەو دووربینیـەی خـۆی لەگـەڵ یـەکێك لەوپیاوانەی کە لەئاییندەدا ڕۆڵێکی گرنگیان لە ڕووسیادا هـەبوو زەماوەنـدی کرد.مێردەکـەی یاساناسـێکی گـەورەبوو خـاوەنی ئەندێشـەیەکی قوڵبوو،ئیرادەیـەکی پتـەوو ڕاوێژخۆشبوو.مێردەکەی گەنج و جوان بوو کە لە ئارامی و هێمنیدا هیچـی لـە هاوسـەرەکەی کەمترنەبوو ئەوەش بووە هۆی ئـەوەی لـە کێشـەی ژیـانی هاوبەشـیاندا بگەنەشـتێك بـەناوی عەشق.

پووری ئاناسرگیۆنا یانی شازادەخانم...کۆچی دواییکردو هەر لە ڕۆژی مردنیشیدا تـەواوی ئەوانەی دەیانناسی، شازادەیان لەبیرچۆوە.کیرسانۆفەکانیش لە مارینۆ مانەوەو ئیش و کاریـان بەرەوپێش دەچوو.ئارکادی وەك ئاغایەکی گەورەو مڵکـدار دەرکـەوت و قـازانجێکی زۆری لـە زەویـەکانی دەکرد.نیکـۆلای پترۆڤیچـیش بـووە ئەنجوومـەنی گونـدو لـەوێ ئـەرکی خـۆی بەجێدەگەیاند.بەردەوام سەری لەشوێنەکان دەدا، هەرجوتیارێکی دەستکەوتبا بە درێژی قسەی لەگەڵ دەکرد، چونکە باوەڕی وابوو دەبێ جوتیارەکان حاڵی بکـرێن، یـانی ئـەو بابەتـە دەبـێ چەندینجار بۆیان باسبکەی تا باش وەریدەگرن.بـەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی هـیچ دەسـتە لـەو خانەدانانە چ ئەوانەی باوەڕیان بە ئـاڵوگۆڕو پێشـکەوتن هـەبوو و چ ئەوانـەش کـە باوەڕیـان بەسیستەمی ئێسـتا هـەبوو لێـی ناڕازیبوون.چـونکە لەڕوانگـەی هـەردوو دەسـتەوە لەگـەڵ جوتیارەکان زیاد لەپێویست نەرمی دەنوێنێ.

کاتیاش کوڕێکی بوو ناوی لێنا کولیا.میتیاش فێـرە ڕۆیشـتن و قسـەکردن ببوو.فنیچـکا دوای کوڕەکـەی و مێردەکـەی، هـیچ کەسـێکی بـە ئەنـدازەی بووکەکـەی خۆشنەدەویسـت و کاتێکیش کاتیا لە پشتی پیانۆ دادەنیشت، ئامادەبوو تەواوی ڕۆژ لەپەنای دانیشێ و بەچـرکە لێی جیانەبێتەوە.پیووتەریش: بەتەواوی خۆی لەبیرچووبۆوەو هەوڵیدەدا وەك خانەدانێك بـژی و وەك ئەوان قسەبکا بـەڵام هێنـدە لـەو کـارەدا سـەرکەوتوو نەبوو.ئـەویش زەماوەنـدی کـردو هاوسەرەکەی کە کچی کابرایەکی باخەوانی شاربوو باروبارخانەیەکی باشی بۆ ماڵەمێردەکـەی هێنا.ژنەکەی بەر لەشووکردنی بە پیووتـەر دووخـوازبێنی ڕەتکردبوونـەوە لەبەرئـەوەی ئـەوان

کاتژمێری دەستیان نەبوو.بەلاَم پیووتـەر سـەرەڕای سـەعاتی دەسـتی، پـێلاَوی بریقەداریشـی هەبوو.

لە سەیرانگای (تراس برۆڵ) یەکێك لە سەیرانگاکانی دەرسەدن، لـە نێـوان کاتـژمێر دوو تاچواری نیوەڕۆ، یانی لە باشترین کاتی گەڕان و سەیراندا، ئێوە بەردەوام تووشی پیرەمێردێکی قژسپی دەبن کەتووشی نەخۆشی دەردەشا (نقرس) بووە.ئـەو هێشـتا هەرجوانـەو هـەروا جلـو بەرگی جوان لەبـەر دەکا.ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتی لـەو کاتەشـدا خانـەدانی و گـەورەیی ئـەو دەنوێنێ.ئەو کەسەش کێیە پاڤێڵ پترۆڤیچ بەهۆی تووشبوونی بەو نەخۆشـیەوە ناچـاربوو لـە مۆشکۆوە بچێتەئەڵمانیاو لـەو شـارە نیشـتەجێبێت.هاودەمەکانی یـا هـاوولاَتی ڕووسـین یـا خەڵکانی ئینگلیز.هەرچەندە ئینگلیزەکـان لـە پاشـەملەدەڵێن ڕەفتارەکـانی بێزارکەرە،بـەلاَم هەموویێیان وایە جوامێرێکی ڕاستەقینەیە.هەڵسوکەوتی پاڤێڵ پترۆڤیچ لەگەڵ هاوولاَتییـە ڕووسەکان خۆمانەترە.هەتا هەندێجار قسـەی خۆشیشـیان لەگـەڵ دەکات.بـەلاَم تـەواوی ئـەو هەڵسوکەوتانەی بەنەرم و نیانی و شێوازی تایبەتی خۆیەوە دەیکات.لایەنگیری ئیسلاو فیلییـە وا دەردەخا کە: هەروا پابەندی داب و ڕەسمی خانەدانییەتی ڕووسیایە.لەکاتی خوێندنەوە هـیچ بابەتێك کە بەڕووسی نووسرابێ نایخوێنێتەوە .لەسەرمێزەکەی ژێرجگەرەیەکی زیوی لەشـێوەی پێلاَوی جوتیارێکی ڕوسی دانراوە.ئەوانەی لە ڕووسیاوە دێنە ئەوشارە، زۆر بـە دەورووبەریـدا دێن و دەچن.ماتۆی ئیلیچ کولیازین کە یەکێك لە نـەیارانی دەوڵـەتی ڕوسـیایە کـە گەیشـتە دەرسدن بەڕێزەوە سەردانیکرد.خەڵکی شاری لەگەڵ ئەوەی هاموو شۆیەکی ئـەو تۆیـان لەگـەڵ پاڤێڵ پترۆڤیچ نەبوو، ڕێزێکی تایبەتیان لێدەنا.لە شـاری کـەس نـاتوانێ بـە خێرایـی ڕێـزدار کیرسانۆف بلیتی شانۆی کلیسای دەربار وەربگرێ...تا ئەوجێگایەی بۆی دەلوێ لە خێروچـاکە خۆنابوێرێ.بەو تەمەنەوە هێشتاش سەربەگێچەڵە.لەخۆڕانییە کـە نازنـاوی (شـێری نێـر) یـان لێنابوو.بـەلاَم واش ژیـان هێنـدە بۆئـەو ئاسـان نـەبوو...ژیانی لـەوە سـەختتربوو کـە بـیری لێدەکردەوە...ئەو بابەتە کاتێك دەتتوانی بیزانی کە لـە گۆشـەی کلیسـایەکی ڕووسـی پـاڵی وەدیواریـداوەو لەگـژفکران ڕاچـووە.لەوحاڵەتەدا بـێ هەسـت و خووسـت دەبـوو لێـوی خـۆی دەکرۆشت.کاتێکیش وەخۆ دەهاتەوە نیشانەی خاچێکی لەسەرسینەی خۆی دەکێشا.

کوکشیناش لە هایدلبێرگەو زەمانێك کە دەیویست سرووشـت بخـوێنێ لـە حـاڵی حـازردا خەریکی خوێندنی بیناسازییەو وەکـو بۆخـۆی باسـیدەکا تـا ئێسـتا چـەند یاسـایەکی نـوێی

دۆزیوەتەوە.وەك هەمیشە لەگەڵ قوتابیانی زانكۆ ی ڕووس زۆر تێكەڵە.قوتابیانی زانكۆ لەوشارەدا كە ژمارەیان یەكجار زۆرەو ئەوان لە ڕۆژانی یەكەمی چوونیان بۆ پۆلەكان لەو ئامادەكاریەی كە هەیانە مامۆستا كانیان سەرسام دەكەن.بەلاّم دوای ماوەیەك هەمان مامۆستاكان لە بێ توانایی و سستیان لە دەرسەكانیان دووچاری واق وڕمان دەكەن.

سیتنیكۆفیش لەگەڵ دووسێ كەسی كیمیازان بۆتە هاودەم.كیمازانێكی وا كە ناتوانن ئۆكسیجن لە هایدرۆجین جیاكەنەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بەزانستی خۆیان زۆر دەنازن.ئەویش هیوادارە ڕۆژێك لە دەستەی زانایانی كیمایی حساب بكرێ.لە پترۆسبۆرگەو پێیوایە درێژەپێدەری ڕێگای بازارۆفە.دەڵێن چەند ڕۆژ لەمەوبەر لەگەڵ كەسێك بەشەڕ هاتووە، دواتر لە گۆڤارێكی بێناو لە وتارێكدا نوسیبووی بەرامبەرەكەی كەسێكی ترسنۆك بوو و ئەو ڕووداوەشی بە (یەك گەمە) ناو هێنابوو.باوكی هێشتاش بەسەریدا زاڵە هاوسەرەكەشی وەكوجاران بە گێل و ئەدیبی دەزانێ.

لە یەكێك لە ناوچە دوورە دەستەكانی ڕووسیە گۆڕستانێك هەیە كە جیاوازیەكی ئەوتۆی لەگەڵ باقی گۆڕستانەكانی دیكەدا نییە.قولكەكانی دەوروبەری گۆڕستانەخەمگینەكە زۆر لەمێژە بەگژوگیا پڕبوونەوە.خاچە دارینەكان ڕزیون و كلاوەكانی كە ڕۆژگارێك ڕەنگ و ڕوویەكیان هەبوو لارببوونەوە.تاتە بەردەكانی سەرگۆڕەكان هەموویان جولاّبوون.چەند دارێكی بێ گەلا سێبەرێكی كەمیان هەیە و مێگەلە مەڕەكانی ئەو دەوروبەرە كردوویانەتە لەوەڕگای خۆیان.

لە نێوئەو گۆڕانەدا گۆڕێك هەیە كە تا ئێستا وەكوخۆی ماوە.مێگەلەكان نای پەستنەوە تەنیا باڵندەكان لە سەری دەنیشنەوەو سپێدان لێی دەجریوێنن.نەردەیەكی ئاسن بەدەوری گۆڕەكەدا كێشراوەو دوو نەمامی سنەوبەریش لە پەنای چێنراون.لەو گوندەی كە لە دەوروبەری گۆڕستانەكەبوو جار ناجارێك، پیرەمێردێك و پیرەژنێكی پەككەوتە دێنەسەر ئەوگۆڕە.ژنەو مێردە پیرە لە حاڵێكدا دەستیان لە ناودەستی یەكتردایە تا نزیك نەردەكان دێن و لەوێ بەچۆكدادێن و فرمێسك هەڵدەوەرێنن و هەندێجار لەو بەردەوە ڕادەمێنن كە كوڕەكەیان لەژێرویدا ڕاكشاوە.دواتر چەند قسەیەك پێكەوەدەكەن، تەپوتۆزی سەرگۆڕەكە پاكدەكەنەوە، نەمامە سنەوبەرەكان ڕاستدەكەنەوەو دەستدەكەن بە دووعاخوێندن...دەڵێی ئەوانە توانای

جیابوونەوەیان لەو شوێنەدا نییە.ئـەرێ بەڕاسـتی ئەوهـەمـوو ئەشـك و ئەوهـەموو دووعایـە بەرهەمێکیان هەیە؟ یان عـەشق، عـەشقی پیرۆزو بەردەوام، هێزو وزەنین؟

نا، هەرچەندە کە دڵی شاردراوە لەژێرخاکدابن، ئەگـەر تاوانبـارو هەوەسـبازیش بـن واش گوڵی جوانیان لەسەر دەڕوێن بەنیگای خۆیان نەك تەنیا بۆ ئارامی سرووشت دەڕوانن قسەش لە خۆ بەدەستەوەدان و ئاشتی ئەبەدی و ژیانی بەردەوام دەکەن.